# هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

وەزارەتی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەیدان، قشلاق، شەقامی الجمهوریة،
بەغدا س.پ ١٤١٥ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

● پێنج شەممە ٨ی کانونی یەکەم ژمارە ٤٠١ ●


شۆڕش کە پەیمانی دروست کردنی ژیانێکی نوێی، سەربەستی، سەرفرازانەی دابوە ڕۆڵەکانی گەل، بەگوێرەی باشتر بوونی توانا کانیو بەگوێرەی پێشکەوتنی قۆناغەکانی بیناکاریو گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەخشی بەدوای بەخشندا پێشکەشی دەکرد.

سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر


● الخميس ٨ كانون الاول العدد ٤٠١ ●


### هاوڕێ طەه یاسین رمضان ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی وسەرۆکی وەفدی عیراق بۆکۆنگرەی طرابلس لەبارەی کشانەوەی وەفدی عیراق ئەدوێ

# هەموتوانایەکی سوپایی وئابوری عیراق لە خزمەت جەنگی رزگاریدایە

**هاوڕی طه یاسین رمضان ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش زیاتر هۆیەکانی کشانەوەی وەفدی عیراقی لە کۆنفرانسی بەرزی طرابلس ڕوون کردوە •**

**سەرۆکی وفدی عیراق لەدوانێکدا کە دوێنی شەو تەلەفزیۆنی بەغدابلاوی کردەوەدەستی بۆ ئەوەش کێشا کە چوونی وەفدی عیراق بۆکۆنفرانسی طرابلس بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵویستی عیراقو بەرامبەر ڕووداوەکانی ئەم دوایی یە دوای سەردانی خیانەتکارانەی سادات ، وە لەبەر ڕووناکی نامەکەی سەرۆك احمد حسن البکردا بۆ لێپرسراوانی عەرەبو ڕێکخراوی رزکاری فەلەستین بەرەی ڕەفز کە بنەڕەتی دامەزراندنی بەرەی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی تیا دیاری کرابوو بۆ ڕوو بەڕوو بوونی ئەو بارە ئاڵۆزەی لە ئەمڤۆناغەدا تووشی نەتەوەی عەرەب بوون •**

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی ووتی: وەفدەکە هەموو دەسەڵاتێکی سەرکردایەتی پێدرا بوو بۆ مۆرکردنی دانانی هەموو توانایێکی عەسکەری و ئابوری عیراق لە خزمەتی تێکۆشاندا بەبێ دیاری کردنی کاتەکانی عەسکەری یان دارایی بەرامبەر ڕێکەوتن لەسەر باوەڕو بنەڕەتی ستراتیجی ئاشکرا کە متمانە بەوە بکا واز لە هەموو ئەو ئوسلوبانە بهێنرێ کە هەندێ ڕژێم بەتایبەتی ڕژێمی سوریا کە متمانە بە بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشو کۆنفرانسی چنیفو بێ گەیشتوە ڕاستەو خۆ ئەکات •

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی

لە ڕاستیدا ئەمانەوێ لەم بێ گەیشتنە لەگەڵ هاوولاتیەکان بە شێوەیێکی وا ڕووبەڕووببین کە جیا بێ لە هەندێ دوانو قسەکردنی ئەوتۆ لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسیدا متمانە بێ ئەکرا ئەوەی بەلامانەوە گرنگە لەم بێ گەیشتنەدا ئاشکرا وڕوون لە گەڵ هەموو هاوولاتیەکانا قسە بکەین وە هەستی خۆمان دەربڕین بەرامبەر ئەو بارەی نەتەوەی عەرەبی پێدا ئەڕوا ، دوروشمی یەکێتیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز جێگای بایەخ پێدانی هەموو هاوولاتیەکان چونکە ئەوان مادەو ئەداتی ئەساسی بنیاتنانی ئەو بەرەیە هەر بەکەیان بەپێی خۆی دەوری خۆی لەم بەرەیەدا ئەبێتی کە چەندان ساڵە بۆی تێئەکوشی لەبەر ئەوە ئاگادارکردنی هاوولاتیەکان لە هەندێ درێژەی نالێن هەمووی لەو کاروبارانە ڕوویان داوە یان ئەو گۆرانانەی لە کۆنفرانسی طرابلسدا ڕوویاندا کە تیا ئامادە بووبوو لە دواکاتیا ولاتی عیراق کشایەوە وەئێمە ئەمانزانی ئاشکراکردنی خۆ کشانەوەمان چۆن ئەبێتە هۆی ئەو هێرشە گومان لێ کراوەی کە لە لایەن ڕۆژنامە گومان لێ کراوەکانی جیهانەوە ڕووبەڕوومان ئەبێ یان ئەو ڕۆژنامەی لە سەر ڕێڕەوی خۆ بەدەستەوەدانە ئەڕوون ، بەڵام هەڵسەنگاندنی ئەم بارە لە لای ئێمەوە بەپێی ئەرکی سەرشانمان وە بێ باوەڕمان بەوەی کە نەك تەنیا حزبی بەعس وەك ڕێکخراوو سەرکردە بەڵکو هەموو هاوولاتیانی گەلەکەمان بە بێ پەروەردەی نەتەوەیی چەن ساڵایان بە تەواوی تێق ئەکەنو تێگرا گەلی عیراقمان بەشێوەیەکی تایبەتی لە چوونیەتی دامەزراندنی بەرەی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز وە ئەو بنەڕەتو باوەڕانە تێئەگا کە ئەبێ متمانە بێبکری تا بتوانی دەوری خۆی لەو بارە ئاڵوزەدا ببینێ بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب لەم قۆناغەدا تووشبووە ئێمە لەو باوەڕدایین لەم بارە ئاڵوزەدا لووتکە هەیە ئەم ئاڵۆزاوی کە لە ماوەی دە ساڵی دواییا بەردەوامبووە •

لەبەر ئەوە ئەمانەوێ لەهەندێ لایەنی بدوێن کە هەندیکمان لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسیەدا ڕاگەیاندن کە لە طرابلس بەستمان بۆ ئەوەی ڕاستەگۆ ئاشکرا بین ئەلێن هەندێ لایەن هەیە ئێستا باسی ناکەین لەبەر چەند اعتباریکی دیار کە بەهەندێ لایەنی ترەوە بەستراوە کە وای ئەبینن سوودی ڕوونکردنەوەی ئەیە بەڵکو ئەمانەوێ لایەنە تێکرایەکان باس بکەین لەبەر هەندێ زیادەتر لەوەی لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەنوسیکەدا بڵاومان کردەوە تا وێنەکە لەبەردەم هاوولاتی عیراقو عەرەبدا ڕووناکتربێت دەربارەی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی طرابلس بۆ ئەنجامانەی بێ گەیشت وە هەڵسەنگاندنی ئێمە بەرامبەری وەك پێشکێك ئەلین چون کۆنفرانسی ریاض بەتێکرا ئامادەبوان کۆنفرانسیکی سەرکەوتوبو بەڵام لەبەرچاو هەموو هاوولاتیکی شەریف لە نیشتمانی عەرەبە لەوە زیاتر نەبوو کەبووبە پەردەیێك بۆ ڕزگارکردنی « اسد » لەو کەنداوەی بە هۆی پێلان گیرانی یەوە لە لوبنان تێکەوتبوو وەسیفەی شەرعیو تیکرای عەرەبی بێ درا بەرامبەر بەوەی لەلوبنان کردی هیزە داگیرکەرەکەی لە لوبنان بوو بە هیزی پاراستنی عەرەبی کە ئەمە ئەساسی دەنگی عیراق مایەوە ، ئێمە وای دانەنیش کۆنفرانسی طرابلس بەهەمان ئەنجام دەرچووە چەتریکی بۆ حافظ اسد دروستکرد تا لەسەر هەمان ڕێڕەوی خۆی بروا کە بە تەواوی ڕێڕەوەکە ساداتە وە لە کۆنفرانسی طرابلس دووپاتی کردەوە ئەگەر میژوو بکەریتەوە دواوە ساڵی ١٩٧٣ بکەریتەوە ئەوە لە سەر هەمان ئەسلوب ئەروا بۆ


بروانە ـ ل ٧


وای کرد زۆر دەنگی عەرەبو جیهان کپبکات چونکە بەر لە کۆنفرانسی ریاض دەنگو هاوار لەهەمو شوینی هەتا لە ڕۆژنامە کۆنەپەرەستەکانا لەناوچەی عەرەب داوا ئەکرا بەکشانەوەی هیزەکانی سوریا لە لوبنان بەڵام هەر لەگەڵ دەرچونی بریارەکانی ریاضو قاهیرە هەموو وەستانو بێدەنگبوون ئەنیا دەنگی هیزە پێشکەوتنخوازەکانو شۆڕشگیرە ڕاستەقینەکان وە بەشیوەییکی مەرکەزیو


بروانە ـ ل ٧


## هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دنیا جموجۆڵی سازاندن گوناهبار ئەکات

ڕۆژنامەی گەلی جەزائیری ئارەزایی بەرامبەر بە ڕژێمی میسر دەربڕی سەبارەت بە بڕینی بەیوەندی دیبلۆماسی حۆی لە گەڵ پێنج وڵاتی عەرەبدا ، لە وتارێکی دوێنێیدا وتی ، ئەو بڕیارە شتێکی کوتوپڕ نەبوو دوای ئەوەی کە ڕژێمی میسر لە کۆمەکی عەرەبی لای داو پشتی کردە بیرو باوەڕەکانی شۆڕشی (٢٣)ی یۆلیۆ •

هەروەها فێتنامو ئەڵمانیای دیمۆکراتیش بێزاریان بەرامبەر ئەو پیلانە زایۆنیو ئیمپریالیانە دەربڕی کە بە مەبەستی پەرت کردنی ریزەکانی گەلی عەرەب و لەدەستدانی مافەکانی گەلی عەرەبی فەلەستین •

هەردوو وڵات لە بەیاننامەیەکی هاوبەشیدا کە لە کۆتایی سەردانەکەی ئێریش هۆنیکەر سەرۆك ئەنجوومەنی دەولەتی ئەڵمانیای دیمۆکراتی دا لە هانۆی دەرچوو ، دووپاتیان کردەوە کە ناتوانرێ ئاشتی یەکی داد پەروەرو هەمیشەیی یانە لە ناوچەی عەرەبیدا بڕەخسێنرێ ، تاوەکو هێزە زایۆنی یەکان بە تەواوی لەخاکی داگیرکراوی عەرەب نەکشێنەوە •

لە لایەکی تریشەوە سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئاشتیو هاوکاری هیندستان داوای لە هەموو پارتە سیاسیەکانو ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی هیندستان کرد کە دەست بە هەڵمەت کاریی یەکی نیشتمانی یانە بکەن بۆ پشتگیری کردنی هەڵوێستی ئەو هێزە عەرەبی یانەی ڕەفزی نەخشەکانی خۆبەدەستەوەدان ئەکەن •

سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دوێنێ دەری کرد تەواوی هاوکاری خۆی لەگەڵ گەلی عەرەبی


بروانە ـ ل ٧


### پێشنیاری وڵاتە ئەفەریکاییەکان

نەتەوە یەکگرتووەکان ـ ئا٠د٠ع :

دوێنێ دەولەتە ئەفەریقایی یەکان پێشنیازێکیان بەسەر دەولەتە ئەندامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دابەش کرد کە تیا داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی سزادانی ئابوری ئەکەن بۆ ئەوەی سەربەرشتی ئەو بریارەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە تایبەتە بەرێ پێ نەدانی چەك ناردن بو ڕژێمی باشووری ئەفەریقا •

سەرچاوەکانی نەتەوە


بروانە ـ ل ٧


## کۆنفرانسی گەلی هندلەستین لە بەغدا ئەگێڕێت

**کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی لە نێوان لیژنەی سیاسی شۆڕشی فەلەستین لەعیراق ووەفدی ئەو هێزە فەلەستینیانەی کە ئەچارەسەر کردنە خۆبە دەستەوەدەرانە کانیان ڕەفز کردوەو ئێستا سەر لەوڵات دەدەن لەبەغدا کرا • لەم کۆبوونەوەیەدا باسی وەزعی سیاسی ئێستاو ئەوقۆناغە ناسکە کە مەسەلەی عەرەبو فەلەستینی پێدادەڕواو ئەو پیلانانە کرا کە لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازە خۆبەدەستەوەدەرانەیەدا دژی ئەم دوو مەسەلەیە ئەکرین ، کەسەرۆیەکەی سەردانە خاینانەکەی سادات لە فەلەستینی داگیرکراو بوو •**

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا کە دەبێ لەهەموو بوارێکدا کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پیلانانە بکرێ •

**لیژنەی سیاسی بڕیاری دا کۆنفرانسێکی گەلی فەلەستینی لەشانزدەی ئەم مانگەدا لەبەغدا بگیرێ کەتیێدا لیژنەکەو ڕێکخراوو یەکیەتیە گەلیو جەماوەریەکانو هەندێ پیاوی ناسراوی نیشتیمانپەروەری فەلەستینی بەشداری دەکەت •**

لەلایەکی ترەوە هەواڵنێری ئا٠د٠ع لە بەیروت ڕایگەیاند کەوابەرەی هێزە فەلەستینیە ڕەفزکارەکانی چارەسەر کردنی خۆبەدەستەوەدەرانە دووپاتی کردەوە کە پێویستە ئەو ڕێبازەی بێشتر کە سەرجاوەکەی بریاری (٢٤٢ و ٢٣٨)ی ئەنجومەنی ئاسایش بوو وازی لێ بهێنرێو بەشداری نەکرێ لە کۆنفرانسی جنێف یاخۆ هەر کۆنفرانسێکی تر داکە ئامانجی بەیەك گەیشتنی ڕاستەوخۆ بێت لەگەڵ زایۆنی دوژمندا •

بەرە ، لەبەیانێکدا کە پێرێ دەری کرد ، ئەوەشی دووپات کردەوە کە پێویستە شۆڕشی فەلەستینیو جوڵانەوەی نیشتیمانی لوبنان پشتگیری بکرێنو توانای ئەوەیان بۆ دابین بکرێ کەبتوانن بەرەنگاری زایۆنی دوژمنو داردەستە ڕاستڕەوە فاشیستەکانی ببن •• وماوە بدرێ کە جوڵانەوەی بەرگری فەلەستین دژی زایۆنی دوژمن دەستبوەشێنێو سیاسەتێکی ئاشکراو بێ پێچوپەنا بگیرێتەبەر لەکەلیدا بەجۆرێك کە ئەم جوڵانەوەیە سەربەخۆیی و ئازادی جموجۆڵی هەبێت بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی •

بەرەبەنجەی بۆ گرنگی یابەندبوون بە پیروباوەڕە نیشتیمانی ونەتەوەییەکانەوە کشا کە دووبات کەرەوەی ڕەفزکردنی دانانی زایۆنی بە دوژمنداو بژێوەی هەموو وزەوتوانایەکی عەرەب لە سیاسیو سوپایی و ئابوریو دارایی دا لێك بدرێ بۆ بەرەنگاربوونی دوژمنان کەبرتیین لە ئیمپریالیزمو زایونیزمو کۆنەپەرستی •

بەرە هەروەها وتی کەوا بنچینەی ڕاستەقینەی یەکیەتی هێزەکانی بەرگری فەلەستینی بریتیە لە ڕەفزکردنی هەردوو بڕیاری ژمارە ٢٤٢ و ٢٣٨ و نەچوون بی کۆنفرانسی جنێف یاخۆ هەر کۆنفرانسێکی تر کە بەیوەندی بێوەهەبێ •

## کۆنگرەی میللی عەرەبی لە طرابلس داوای توندکردنی خەبات دژی سازاندن ئەکات

**کۆنگرەی میللی عەرەبی بۆ بووچەڵکردنی بەرنامەکانی سازاندنو ڕووبەڕووبوونی پیلانەکانی سادات خاین بۆ ڕۆژی سێیەم لەسەر کاروباری خۆی بەردەوامە • کۆنگرەکە بووبە دوو لیژنە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەوکارنامەیەی کە لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەکە پێشکەشی کردبوو بریتیبوو لەسێ خاڵی سەرەکی کە ئەمانەن ئامانجو مەترسیەکانی سەردانە سەرشۆڕانەکەی سادات بۆ فەلەستینی داگیرکراوو ئیجراتاتو ئەو چارەسەریانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی چارەسەری خۆبەدەستەوەدەرانەبوەستنو پێشبینی پاشەڕۆژی تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب •**

ئەوەبوو ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەو وەفدانەی کە لەکۆنگرەکە بەشداریان کردووە لە کۆبوونەوەی ئێوارەی کۆنگرەکە پێرێشەو قسەیان کرد • احمد عباس صالح لە بری میسر قسەی کردوو وتی ئێمە باوەڕمان بەگەلی عەرەبی میسری بتەوە کە بەهەموو چینەکانیەوە کرێکارو جوتیارو ڕۆشنبیرو سەربازەکانی شۆڕشێکی دژوار دژی سادات بەرپا ئەکاتو خاکی میسری عەرەبی سەر لەنوێ لەخیانەت پاك ئەکاتەوە • هەروەها وتی


بروانە ـ ل ٧


### پێخۆشحاڵی ئەمریکا بەرامبەر گونجانی سادات و زایۆنیەکان

واشنتۆن ـ ٧ی کانونی یەکەم ئا٠د٠ع٠ دوێنێ شەو سایرۆس ڤانس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پێخوشحاڵی خۆی دەربڕی کە زایۆنیەکانو لیژپرسراوانی ڕژێمی سادات بگەنە چوارچێوەی سەرەکی ئەو شتەی کە ناویان ناوە سازاندن لەوبەیەك گەیشتنە خیانەتکاریە کە لەهەفتەی داهاتوودا لەقاهیرە ئەبەسترێ • لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا


بروانە ـ ل ٧


### تاوانێکی تری ڕژێمەکەی سادات

**لەزنجیرە کردارە ناهەمواوەکانی دژ بە هاوولاتیانی عەرەب کاربەدەستانی ڕژێمی سادات بارەگای یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقی لقی کۆماری میسری عەرەبی داخست •**

هاشم مهدی جێگری سەرۆکی لق کە پێرتکە کاربەدەستانی ڕژێمی میسر لەگەڵ کۆمەڵە قوتابی یەکی عیراقیو عەرەبدا دووری خستەوە ، وتی هەندێ لە پیاوانی موخابەراتی ڕژێمی میسری هەڵیان کوتاوەتە سەر بارەگاکەو یاریان بە کەلوپەلو شتومەکەکانی کردووە ، هەروەها داویانە بەسەر خانووی قوتابیەکانو شوێنی نیشتەجێبوونیانداو کتێبو پێویستیەکانی قوتابخانەیان لە ناوبردوون •

هەروەها وتی ، کاربەدەستانی میسر ژمارەیەکی زۆری لەقوتابیانی عەرەب گرتووەو هەندێکیانی دوورخستۆتەوە ، ئەوانی کەشیان لەوەختێکی تردا دوور نەخاتەوە •

بەڕێز هاشم مهدی بەنجەی بۆ ئەوەش کێشا کە کاربەدەستانی ڕژێمی سادات بەگرتگیراو چاودێری کردنی لەسەر بارەگاکانی قوتابیانی عەرەبی توندتر کردووەو ژمارەیەکی گەورەشی لە قوتابیانی عەرەب بانگ کردووە بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیاندا


بروانە ـ ل ٧


## ئەنجومەنی ئاشتی وهاوکاری داوای پێکهێنانی بەرەیەکی عەرەبی پێشکەوتنخواز ئەکات

**ئەنجوومەنی ئاشتیو هاوکاری ولات داوای لەهێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبکرد ، کە بەڕاستی کاریکەرو بەرەیەکی عەرەبی پێشکەوتنخوازانە بۆ بەرەنگاری بوونو خۆڕاگرتن دژی ئیمپریالیەتو زایۆنیو بۆ بەرزکردنەوەی ڕەوتی تێکۆشانی نیشتمانی ڕزگاری کارانە دابمەزرێنن • لەبەیاننامەیەکدا کە دوێنێ ئەنجوومەن بە بۆنەی هەوتەی جیهانی بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ گەلی عەرەبی فەلەستیندا ، دەری کردووە ، هانووە ئێستاکە ترسناکترین کردار بۆ پەرت کردنی ریزەکانی عەرەبو تەفروتونا کردنی مەسەلەی ڕزگاریوونی گەلی عەرەبی فەلەستینو مەسەلەی ڕزگاری کاری عەرەب لەتێکڕای ئەو ناوچانەدا کە دەوری فەلەستینیان داوە بەجێ ئەهێنرێ •**

بەیاننامەکە بەنجەش درێژکردووە بۆ سەردانە خیانەتکارو سەرشۆڕانەکەی ساداتو بەیەك کەیشتنی لەگەڵ سەرکردە زایۆنیەکانداو تەوقەکردنی لەگەڵ ئەو دەستە فاشیە تاوانبارانەدا کە لەدێریاسینو ناوچەکانی تردا لە خوێنی گەلی فەلەستینو لە خوێنی گەلی عەرەب هەڵکێشراون بەدرێژایی و پانایی ئەو مەیدانانەی عەرەبدا کە دەستدرێژی ئیمپریالی زایۆنی یان بینیوە •

هەروەها وتی ئەوسەردانە بە ئەڵقەیەکی زۆر دەرکەوتووی ئەورێگەیە لەقەڵەم ئەدرێ کە کۆنەپەرستانی عەرەب بەئاشکرا بەمەبەستی گێرانەوەی ئیمپریالیەتی ئەمەریکاو بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەمەریکا بەسەر داهاتەکانی ولاتانی عەرەبو شوێنە ستراتیجیەکانیدا ، گرتوویانەتە بەر . تا لەوانەش لەناوبردنی مەسەلەی گەلی فەلەستینو تێکۆشانیەتی بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمانو بڕیاردانی چارەنووسی خۆی،


بروانە ـ ل ٧


### وەفدی عیراق بۆکۆبونەوەی ڕێکخراوی « ئەوابیك »

بەرێز تایە عبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەوتو کانەکان سەرۆکایەتی وەفدی عیراق دەکات لە نەزدەهەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ولاتانی عەرەبی خاوەن نەوت « ئەوابیك » ، کە لە ١٤ی مانگی داهاتودا لەبەحرێن سازدەکرێت •

ئەنجومەنەکە لەکاروبارانەدەکۆڵێتەوە کە بەیوەندیان هەیە بە پروتوکولی هەیئەتی


بروانە ـ ل ٤


### ئاڵۆزی باری شارێکی هیندستان

نیودەلهی ـ ئا٠د٠ع :

پێنج کەس کوژران کاتێك هێزە هیندستانی یەکان کەوتنە ئەقە کردنو هاویشتنی بۆمبای گازی فرمێسك ڕێژ بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپێشاندانێك کە کرێکارانی کارگەی شی کردنەوەی لۆکە دوێنێ لە کانبور کردبوویان ، ئەو شارەش ٢٠٠ میل لە ڕۆژ هەڵاتی دەلهی یەوەیە •

کرێکارەکان داوای پارەی ئەو شەش حەفتە کرێیەیان ئەکرد کە شەش حەفتەیە لە بڕێوەبەرایەتی کارگەکەیان وەرنەگرتووە •

### تاوانبار کردنی سەربە خۆیی یەڕووکەشی یەکەی بوتسوانا

ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقا ستایشی ڕای گشتی جیهانی کرد بۆ تاوانبارکردنی سەربەخۆیی یەڕووکەشی یەکەی بوتسوانا کە ڕەگەزپەرستەکانی باشووری ئەفەریقا لەو دوایی یەدا ڕایان گەیاند •

بەیاننامەیەك کە دوێنێ لەو ڕێکخراوەوە لە ئەدیس ئەبابا دەرچوو بەنجەی بۆ ئەوە کێشاوە کە نیاز لە دامەزراندنی ئەو دەولەتە ڕووکەشی یە هێشتنەوەی


بروانە ـ ل ٧

لیکولینەوەی سیاسی

## پیلانەکەی سادات لەسنووری خاکی داگیرکراو فراوانترە

سەفەرە پڕشوورەییەکەی سادات بۆ خاکی داگیرکراو پێویستی بەبەرەنگار وەستانێکی توندە لەلایەن بەرەیەکی پتەوی شۆڕشگێڕی دەولەتە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبەوە . لەو مەیدانەدا حکوومەتی پێشکەوتنخوازی نیشتمانیمان دەس پێشکەریەکی دلسۆزانەی کرد بۆ پێکهێنانی ئەوبەرەیە . بەڵام بۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزەو بۆتێک شکاندنی پیلانەکانی ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانی پێویستە سێ مەرجی سەرەکی ئامادە بکرێ :

یەکەم ، پشت بەستن بەجەماوەری گەلو فراوان کردنی دێموکراتیەت بۆچینە چەوساوەکان تا ئەوڕادەیە کە متمانەی تەواو لە نێوان ئەو چینانەو کاربەدەستانا دروست دەبێ .

دووەم ، لەبیربردنەوەو وەلانانی ئەو مەسەلانە کە بەهۆی هەندێ زرووفی تایبەتیەوە بوونە هۆی ناکۆکیەکی کاتی لەنێوان ئەو هێزانەدا کە پێویستە ئەندامی کاریگەربنو جاوڕوان دەکرێ کە ئەرکی گەورە لەبەردا بگرنە ئەستۆ .

سێیەم ، زیاتر پتەوکردنی پێوەندی سیاسیو ئابووریو سەربازی لەگەڵ ئۆردووگای سۆشیالیستیو لەسەرووی هەموویانەوە یەکیەتی سۆڤیەت . هەر لەو کاتەدا دەبێ بزانین کە ئیمپریالیزمو بەکرێگیراوەکانی هیچ کاتێك پیلانگێڕانی خۆیان دژی وڵاتێك کەم ناکەنەوە کە لەکۆتو زنجیری ئەوان رزگاری بووەو نەخشەی سیاسیو ئابووری سەربەخۆ بەقازانجی گەلەکەی جێبەجێ دەکا .

سادات‌و تاقمەکەی لە دەمێکەوە بەنهێنی خۆیان بۆ ئەم نواندنە خەیانەنکارانەیە ئامادەدەکەنو لەوانەیە مێژیش مابێ کە لەکاتی دیاری کراودا بهێنرێتە سەرشانۆ . بەڵام جەماوەر زیرەو بەدرۆو دەلەسەی دوژمنانی گەلی تێکۆشەری میسر فریو ناخواو یەکیەتی تێکۆشانی هەموو گەلی عەرەب دەتوانێ سەر بەسادانی خائینو ئیمپریالیزمی ئاغاشی شۆڕیکاو هەموو پیلانە گلاوەکانیان هەلوەشێنێتەوە .

بێگومان چوونەکەی سادات بۆ خاکی داگیرکراو هەر بۆ یەك مەبەست نیەو لەسنووری ئەلەستینیشدا کۆتایی نایە ، بەلکوو ئیمپریالیزمی ئەمریکا پۆ پاراستنی قازانجی خۆی لە ناوچەدا ئەرکێکی زۆری خستۆتە سەرشانو ئەویش وەك نۆکەریکی گوێ لەمست بە هاوکاری رەگەزپەرستەکانی تەلئەبیب جێبەجێ دەکا . ئەو پیلانە ژەهراویە کە سادات دەستی داوەتێو بانگەوازەکەی بۆ ئامادە بوون لە کۆنفرانسی قاهیرەدا دوو هۆی تێدایە :

یەکەم ، ئەوەکە بەوجۆرە سەرپۆشێك بەسەرکردەوە نارەواو ناشیرینەکەیدا بدا بۆ ئەوەی زۆر بەزەقی نەیەتە بەرچاوی گەل .

دووەم ، بۆ ئەوەیە کە گەلی ئەلەستینو دەولەتانی بەرەوروی دوژمنی رەگەزپەرست بەدەستی خۆیان رێگای تێکۆشان بۆ ئەستاندنەوەی خاکی داگیرکراو لە خۆیان ببەستن .

مەسەلەیەکی تر کە بۆ ئیمپریالیزم زۆر گرنگەو ئەو نەخشەیەدا کە بۆ جێبەجێ کردن دراوە بە سادات شوێنێکی بەرچاوی هەیە ، پاراستنی قازانجی ئەوتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە . ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەیەوێ ساداتیش بکاتە جەندرمەیەك بۆ لێدانی هەر جووڵاوەیەکی رزگاریخوازی کە لەوانەیە قازانجی ئیمپریالیزم لەناوچەی عەرەبیدا بخاتە مەترسیەوە .

ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان هەرچەندی پیلانو نەخشەی شەیتانی بۆ پاراستنی قازانجی خۆیانو دژی ئازادیو مافی رەوای گەلان رێك بخەن ، ئەنجامەکەی هەرتێ شکانە . گەلان رێگای راستی رزگاری بەرنادەنو بەتێکۆشانو کۆل نەدان هەر بە ئاواتی خۆیان دەگەن . سەرکەوتن بۆ مافی رەوای گەلی فەلەستینەو سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی .

**حسن بەرزنجی**

# هەکسێك لە نێوان نەوت وهەژاریدا

**هونەرمەندەکانی مەکسیك ،جۆرەها ناوی سەیرو بریقەداریان بۆ سامانەنەوتی یەکەی وڵاتەکەیان دۆزیوەتەوە ، بەو بەڵگەیەی کەنەوت دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لە جووڵانەوەی باری ئابووری لە مەکسیکدا کە ژمارەی دانیشتووانی گەیشتۆتە ٦٣ ملیۆن کەس ، لەم دووایەشدا حکوومەتەکەی( خوسی لوبیز بورتیللو ) هەوڵێکی بێ سنووری داوە بۆ قووڵکردنەوەو فراوانکردنی بەرهەم هێنانی نەوت بەونیازەی کیروگرفتە ئابووریە سەرەکیەکانی وڵات کە بریتیە لە قەرزێکی قورسو بێ ئەندازە بن‌بڕبکرێت هەربۆیەش چەند کۆمپانیایەکی بێگانەی نوێی هێناوەتە مەکسیکەوەو خەریکی دۆزینەوەی نەوتن ، چاودێری کەرە ئابووری‌یەکانیش وتوویانە لە ساڵی (١٩٨٢) داقازانجو دەسکەوتی مەکسیك لە فرۆشتنی نەوتدا دەگاتە( ٣ر٩ ) ملیار دۆلار ( واتە ٨٩٤ هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا ) بەرامبەر بە (٦٧٠) ملیۆن دۆلار ( ١٣٥ هەزار بەرمیل )ی ساڵی ١٩٧٧ ، بە نیسبەت نرخیشەوە لەبەرئەوەی کە مەکسیك ئەندامی رێکخراوی ئۆپیك نییە بەپێی پێداویستەکانی بازاڕی جیهانی دیاری دەکات ، لەم رووەوە چەن‌هۆیەك هەن پال بە مەکسیکەوە دەنێن تا لەوزەیدا بێت نرخی‌نەوت گران بکات ، لەو هۆیانە :**

١ ـ کرینی کەرەسەی پێویست بۆ کردنەوەی راکێشانی چەند بۆرییەکی نەوت لە ( تابسکۆ ) وە کە کەورە ترین مەلبەندی نەوتە لە مەکسیك هەتا سنووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، درێژایی ئەم بۆرییانەش (١٢٠٠) کیلۆ مەتر دەبێتو نزیکەی یەك ملیار دۆلاری تێدەچێت ..

٢ ـ زیاد بوونی کرینی شتی پێکاوە کە بەزۆری لەئەمریکاوەیە ، ئەم زیادبوونەش بالی بەمەکسیکەوە ناو. نیوەی ئەو مایەیەی پێویستە بۆئیش وکاری نەوت تەرخان بکرێت ( ١٥ ملیۆن دۆلار ) قەرزیکات هەتا پێویستی‌یەکانی کرینی شتو متی پێکاوە دابیۆشێت .

ئایێ ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە کە زیادبوونی سامانی نەوت لە مەکسیکدا هەرچەندە دەبێتە هۆی گۆڕینێکی بنەڕەتی لەمەیانی گەشەپێدانو نەشونما کردنی باری ئابووریدا بەهیچ جۆرێك کار ناکاتە سەر جیاوازی‌یە چینایەتیەکەی ناوەوەی وڵات چونکە وەك ئاشکرایە گەلی مەکسیك لە دوو چین پێك هاتووە ، یەکەمیان چینی دەولەمەندەکانە کە بریتین لە بازرگانو دەرەبەگو بیاوانی پیشەسازیو فەرمانبەرە دەسەلاتدارەکانی وڵات ، ئەم چینە لە نازو نیعمەتێکی ئێجگار فراواندا دەژینو هەموویان ئۆتۆمۆبیلو کوشکی رازاوەو زەویو پارەوپوولێکی زۆریان هەیە . منالەکانیان لە کشت کۆڕو چالاکیەکدا هاوکاری دەکەنو کەورەترین فەرمانی لێداریو کۆمەلایەتیان پێ دەسپێردرێت .. بەڵام چینی دووەم کە بریتین لە هەژارو پێ دەرەتانەکان زۆربەی هەرە زۆریان جوتیارو کرێکارن ، لەوەزعێکی کۆمەلایەتی‌و ئابووری ئێجگار ئالۆزدا دەژین ، بەپێچەوانەی چینی یەکەمەوە هەمیشە ئارەق دەڕێژنو خۆیان ماندوو دەکەن بۆ ئەوەی بارووە نانێك بەیدا بکەنو منداڵەکانیان نەمەترسی رووتی‌و پرسێتی رزگاربکەن .

**بەشی لیکولینەوە**

وەك دەزانین ، سەرکردە سیاسیەکانی مەکسیك هەر جەندە لائی ئەوە لێدەدەن کە گوایە لەبەر تبشك‌و رووناکی ئامانجەکانی شۆڕشی (١٩١٠) دا ئیش دەکەن نەیانتوانیوە سنوورێك بۆ جیاوازی‌یە چینایەتیەکان دابنێن چونکە دەولەمەندو بازرگانو دەرەبەگ وپیشەسازە کەورەکان هەمو هەولێکی خۆیان تەرخان کردووە بۆ پاراستنی دەسەلاتو بەرژەوەندی‌یەکانیان ئەویش لە رێگای پەیوەندی راستەوخۆیانەوە بە کاربەدەستانی پارتی فەرمانڕەواو کۆمەلەو رێکخراوەکانی ناو وڵاتەوە .. بێجگە لەوەی دەیان رێبازو فرەتو فێلی‌چەپەل بەکاردەهێنن بۆ بەربەرەکانی کردنی هەر هەولێك دژی ئەمان بدرێت .. بۆیە دەبینین بە هەزاران بێکاری مەکسیکی وڵاتی خۆیان جێدە هێڵنو رووەکەنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چونکە لە وەزاندا نەماوە لەژێر زەبرو زەنگی دەولەمەندە چەوسێنەرەکاندا بنالێنو کرێنۆشیان بۆ بەرن .. ئەمەش لەکاتێکدا کە مەکسیك هەروەکو باسمان کرد یەکێکە لە دەولەتە گرنگەکانی نەوت .

لێرەوە ، هەروەکو چاودێری کەرەسیاسیو ئابووری‌یەکان دەڵێن ئەم ئاژاوەو گێرە شێوێنی‌یە مەکسیك رووبەرووی دوو رێگا دەکاتەوە یەکەمیان : بەردەوام بوونی دەولەمەندەکان لە خواردنو وەرگرتنی قازانجەکانی نەوتداو دابەش‌کردنی لە نێوان خۆیاندا ، یاخود سەرۆکی مەکسیکی ( لوبیز بورنیللو ) پێویستە بیرێك لەم وەزعە ئالۆزەی وڵاتەکەی دووچاری بووە بگاتەوەو لەرێگای دەسکەوتەکانی نەوتەوە هەژاری‌و بێکاری نەهێڵێت بەکردنەوەی پرۆژەی تەکنەلۆژی‌و یارمەتیدانی پیشەسازی‌یە تازە پێگەیشتووەکانی ناوخۆ ..

## کرێکارانی وڵاتە سەرمایەدارەکان ئاسۆی خەباتیان فراوانترەکەن

**رۆژ لە دوای رۆژگیروگرفتە ئابووری‌و کۆمەلایەتیەکانی تێکڕای وڵاتە سەرمایەدارەکان ئالۆزترو قووڵتر دەبێت ، هەر لەگرانبوونی نرخی بازاڕەوە هەتا پەرسەندنو زیادبوونی ژمارەی بێکاران‌و تەشەنەکردنی زۆرانبازی چینایەتی .. لەم بارەیەوە هەرچەندە دەیان کۆنگرەی‌دەوری‌و سالانەو مانگانە بەستراوە بۆ چارەسەرکردنی‌ئەو گیروگرفتانە بەڵام تۆزقاڵێکیان لێی کەم‌نەکردۆتەوە لەگەل هەر هەنگاوێکدا کە بۆ پێشەوە دەنرێت دە هەنگاو بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە ،**

هۆی سەرەکی ئەم دووا کەتنەش لەوەدایە وڵاتە سەرمایەدارەکان زیاتر لەوەی پشتبە نەخشەی زانستی‌و رێکوپێك ببەستن گشت هەوڵێکیان تەرخان کردووە بۆ زیاد کردنی قازانجو کەم کردنەوەی ژمارەی کرێکاران بۆیە دەبینین تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە ماوەی نێوان ساڵانی «٩٧٦ ـ ٩٧٧» باڵی داوەتە «٢٥» ملیۆن بێکار واتە «٣٠٪»ی تێکڕای دانیشتوانی ئەمریکا بێکارن .. بەرامبەر بەم وەزعە تێك هەلچڕاوەش خەبیشاندانی فراوان ساز دەدرێت لەلایەن کرێکارانەوە بۆ نموونە تەنیا لە ساڵی ١٩٧٧ دا «٣٨» ملیۆن کرێکار بەشدار بووە لە سەرچەمی خۆپیشاندانەکاندا هەندێ دەسکەوتی گرنگیان وەدی هێناوە لەوانە بایەخدانی دەزگاو کارگەکان بەژیانی کۆمەلایەتی‌و تەندروستی‌یان ، زیادکردنی کرێی رۆژانە ، کەمکردنەوەی ماوەی ئیشکردن‌و گەلی وردە دەسکەوتی تر .. لەگەل ئەوەشدا خۆپیشاندانی کرێکاران لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا لە بەرەسەندنایە بە جۆرێك کۆمپانیا مۆنۆپۆڵو دامو دەزگا سەرمایەدارەکان سەریان لێ شێواوەو دووچاری دەیان کۆسپو گیروگرفتبوون کە ئەگەر وەزعەکەش بەم شێوەیە بڕوات ئەوا تەقینەوەیەکی گەورەیان لە پێشە چونکە هیچ کاتێ دلسۆزانە بیر لە چارەسەری زانستانە ناکەنەوەو ئەمو دووکەلی « قازانج »ە هەمو شتێکی لەبیر بردوونەتەوە ..

**بەشی لیکولینەوە**




## لە هەندەران

● لەم رۆژانەدا ئاژانسی دەنگوباسی تاسی سۆڤیەت بە چەشنێك هێرشی کردە سەر سادات کە هەموو ئاژانسەکانی دەنگوباس بە توندترین هێرشیان ناوبرد . لەو هێرشەدا ئاژانسی تاس ساداتی بە « خاینی گەلی عەرەب‌و خۆبەدەستەوەدەری زایۆنیزم‌و ئیمپریالیزم » ناوبردوە .

ئاژانسەکە گوتوویە سادات بەوە کەسەری لە قەوارەی زایۆنی‌داوە خۆی بەدەست دوژمنەوە داوەو ئامادەیە قازانج‌و مافەکانی گەلی فەلەستین بکاتە قوربانی ، و ئیستا بە سازی ئیمپریالیزم سەمادەکا . چاوەدێری‌کەرەکان ئەو هێرشەی سۆڤیەت بۆسەر ساداتیان وەك سەرنەگرتنی ئەرکی فیلیپ حبیب وەکیلی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داناوە ، کە دەڵێن بۆ باسی « دەست پێشخەریەکەی سادات » چۆتە مۆسکۆ .

● رۆژنامەی ( نایروبی تایمز ) نووسیویە هاوبەیمانەتی دوو رژیمی رەگەزپەرستی خەواروی ئەفریقاو قەوارەی زایۆنی لەم دواییانەدا زیادی کردوەو هەموو مەیدانەکانی گرتۆتەوە .

ئەو رۆژنامەیە نووسیویە قەوارەی زایۆنی چەند مامەلەیەکی کرین‌و فرۆشتنی چەکی لەگەل رژیمی رەگەزپەرستی خەواروی ئەفریقادا کردوە بۆ سەرکوت‌کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئەفریقا .

● ئەنتۆنیۆ ئۆگوستینۆ نیتۆ سەرۆکی بزووتنەوەی گەلی بۆ رزگاری ئەنگۆلا (میلا) لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو بزووتنەوەیەدا کە ئەم هەفتەیە لە لواندا کرایەوە ، رایگەیاند کە بزووتنەوەکە دەبێتە حیزبێکی پێشرەوو کۆنگرە بڕەوو پرۆگرامی بۆ دادەنێ‌و بەسندەکا .

هەروەها گوتی بەرنامەکە ئەو ئامانجانەی تێدا دەگونجێن کە حیزب لە قۆناخی ئایندەدا جێبەجێیان دەکا .

● لە خۆپیشاندانێکدا کە لە شاری ملقای ئەسپانیا رێك‌خراو خۆپیشاندەران داوای چەشنە ئۆتۆنۆمی‌یەکیان بۆ ئەندەلوسی ئەسپانیادەکرد یەکێك کوژراو چەند کەسی تریش بریندار بوون کە هێندێکیان پۆلیسن .

پۆلیسی ئەسپانیا بۆ لەبەریەك بلاوکردنی خۆپیشاندانەکە گازی فرمێسك‌و سۆندەی بەکارهێنا .

● کاربەدەستانی پاکستان شەش رۆژنامەنووسی تریشیان گرت‌و بەم جۆرە ژمارەی ئەو رۆژنامە نووسانەی گیراون گەیشتە ٢٨ کەس .

ئەم رۆژنامە نووسانە بۆ بێزاری دەربڕین دژی ئەحکامی عورفی‌و داخستنی رۆژنامەی ( ساوات ) کە سەربە حزبی کەلی پاکستانە ، مانیان لە خواردن گرتبووە .

لە لایەکی ترەوە کاربەدەستانی پاکستان ٢٣ هاونیشتمانی تریان لە لایەنگرانی ذو الفقار علی بۆتۆ سەرۆك وەزیرانی پێشووی پاکستان گرتوە . ئەم هاونیشتمانانە لەبەردەم دادگای بەرزی ( سند ) کە دووکەس لە ئەندامانی حکوومەتی بۆتۆ لەوێدا موحاکەمەدەکرێن ، خۆپیشاندانێکیان رێك خستبوو .

● دەولەتی موزەمبیق داوای لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە یارمەتیەکی ناو دەولەتان بدرێ بەو ئەفریقاییانەی لە ئەنجامی رەگەزپەرستی‌و درندەیی رژیمی رودیسیادا بەناپان بردۆتە بەر موزەمبیق‌و باش هێرشەکانی رژیمی رەگەزپەرستی رودیسیا بۆسەر ئۆردووگاکانیان باری ژیان‌و گوزەرانیان زۆر ناخۆش بووە .

● حکوومەتی واشنتۆن بریاری‌دا ساڵی ئایندە ملیاردێك‌و حەوسەدو هەشتاو پێنج ، میلیۆن دۆلار یارمەتی عەسکەری‌و ئابووری‌بدا بە زایونی دوژمن .

پیری رێککەوتننامەی ئەو قەرزو یارمەتی‌یانە لە نێوان ئەمریکاو قەوارەی زایۆنیدا مۆرکرا کە لەسەدا حەوت زیاترە لە یارمەتیەکانی پارەکەی ئەمریکا بەقەوارەی رەگەزپەرستی زایۆنی .

## ئۆقیانووسی هیندی‌و .. مەبەستە چەپەڵەکانی ئەمریکا

**ئاشکرایە گیرگرفتەکانی ئۆقیانووسی هیندی بە جۆرێکی وا تێکەڵو پێکەڵو بووە دەنگدانەوەیەکی فراوانی لەهەمو جیهاندا بەرپا کردووەو بۆتە رواندگەی چاودێری‌و موتابەعەکردنی رۆژنامەنووس‌و سیاسیەکان ، لەم دووایەشدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیازە چەپەڵو ئیمپریالیستەکەی خۆی بەرامبەر کردنەوەی بنکەیەکی « ئاسمانی‌و دەریایی » لە دیگۆگارسیا ئاشکراکرد تێکڕای حکوومەتەکانی کەناری ئۆقیانووسی هیندی نارەزایی خۆیان دەربڕی‌بوو چونکە ئەم هەنگاوە گومان لێکراوەی ئەمریکا دەبێتە هۆی تەشەنەکردن‌و قوول کردنەوەی گیروگرفتەکانی ئۆقیانووسی هیندی .. کە یەکێکە لە ئۆقیانووسە هەرە گرنگەکانی جیهان‌و سێ کێشوەری گرتۆتە خۆیەوە « ئاسیاو ئەفریقیاو ئوستورالیا » وەکو ئەلقەیەك وایە ئەوروپا دەبەستێتەوە بە باشووری رۆژ هەلاتی ئاسیاوە.. بێجگە لەوەی چەند دورگەیەکی ستراتیجی‌و گرنگی تیادایە ونەم دورگانەش بریتین لە چەند وڵاتێکی وەك ئەندەنووسیاو مالیزیاو فلیپین‌و سەنگاپوورەو سری‌لانکا ..**

ئاشکراشە ، ئەم ستراتیجیەت‌و گرنگیەی ئۆقیانووسی هیندی دەکەرێتەوە بۆ سەردەمی بورتوگالیەکان لەوکاتانەی خەریکی دۆزینەوەو گەشتی جوگرافی‌و سیاسی بوون ، هەر لەو وەختەشەوە ئەم جەند بەیوەندی‌یەکی دیپلۆماسی لەگەل هەندێ وڵاتانی ناوچەکەدا دروست بکات‌و کۆمەڵێ بنکەی عەسکەری گرنگلە زاپۆن‌و تایلاندا بکاتەوە ، گومانیشی تیا نییە ئەم بنکانە بە هێزێکی جیهانی ترسناك دەژمێردرێن بەتایبەتی کە ئەمریکا رۆژ لە دوای رۆژ هەولی یەتو کردن‌و بەهێزکردنیان دەدات .

ئەوەی سەرنجی چاودێری‌کەرە سیاسیەکانی راکێشاوە ئەوەیە بەرژەوەندی‌یە گومان لێکراوەکانی ئەمریکا بەمەبەستەش زانەوەستاوەو دەیەوێ دەسەلاتێکی عەسکەری ئەواوی بەسەر دورگەی «دیگۆ گارسیا » دا هەبێت ، ئەم دورگەیەش بەگرنگترین شوێنی ستراتیجی ناسراوەو هەر سێ کێشوەرەکەی ئاسیاو ئەفریقیاو ئوستورالیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، لەم بارەیەوە مێجەر «ف. ل. بوستن» سەرکردەی هێزە ئاسمانیەکانی فلیپین دەڵێ : نیازی ئەمریکا لە داگیرکردنی ئەواوی دورگەی «دیگۆگارسیا» جیاناکرێتەوە لە بەرژەوەندی‌و مەبەستە ئیمپریالیستەکان . بۆزێە پێویستە هەموو گەلانی ئۆقیانووسی هیندی زۆربە توندوتیژی وەڵامی بدەنەوەو نەهێڵن خەیاڵە سەرگەردانو بێ سنوورەکانی سەربگرێت چونکە ئەگەر ئارەزووە گەندەڵەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بێتەدی ئەوا ئەواوی ئۆقیانووسی هیندی دەکەوێتە ژێر مەرحەمەتی بەنتاگۆنەوە .

● رەنج ●

## چ باسە ؟

# دوا دوانین

— احمد قادر سعید —

## چیرۆك

بێهوودە پەنای وەبەر ستێرەکان دەبرد ، لەگەڵیان ببو بە ئاشنای دێرێنی کەوتبۆ بەینیانەوە ٠٠ گەرچی هەناوی بەکوتە مقەبایەك شانەدەکرد ٠٠ خولیای بایەکی فێنك بوو ٠٠ ژەنگی دانەکانیو بڵغی سەرو چاوی سەری بەدەرگای گەلێك پرسیاری بێوەڵامەوە دەنا ٠٠ داوە مووە وردیلەکانیش کەیفی سەماکردنیان نەمابوو ٠٠ ببۆوە بە ساوایەکی تازە پێگرتوو بۆ دارە دارە پەنای دەبردە بەر دیوارەکانو پیاندا هەڵئەزناو خۆی تاوێك گیرئەکرد ٠٠ دوای ماوەیەك بەسەر لاشەی ڕاخراوی زەویدا دەکەوتەوە ٠٠ فرمێسکیش لە قولایی چاوەکانەوە بۆ جیهانی زیندە بەچاڵکراو لە دایك ئەبوو کە کەمێك تڵخیو غەوری ڕادەمالی خۆشی بۆی دەر دەچوو ٠

× ×

تریقانەوە ڕوالەتی پێکەنینی منداڵە ٠٠ بۆ نە تریقێتەوە ، سکی تێرەیان برسی چ لە پێکەنینەکە کەم ناکاتەوە ٠٠ ئەی بۆ خەسرەو پێ ناکەنێ ؟

— بێدەکەنێو بەکەیفیشە ... دە ناکەنێ

— باشتر لێی وورد بەرەوە ٠

— جار جار وایە ٠٠ بەڵام کێ هەیە خەم لەباوەشیدا نەبێتە ئەکتەرێکی بەپێزرو لەسەر شانۆی دەرونیا سەمایەکی هێمن نەکات ٠٠ سەمای هێمن کەمتر وەڕەزی تێدا بەدی دەکرێت ، ئەوکاتە پێکەنین هەواری لێوەکان جێ دێڵێو مەنزل مەنزل بەرەو تاریکی مل دەنێو کاتیان لێ بەسەر دەبات ٠٠ کە خەمیش وێڵی بیابانێکی کاکی بە کاکی یە بزە شنەی دەگاتە ئاستی دەروونو خەم دەکرێتە قەفەزێکی مێخ دراوو ، تریقانەوە سەر بەڕووی خاوێنی هەستا دەکات ٠٠ پێکەنینی خەسرەو لەتریقانەوە نزیك بوو ٠٠ دەبێ چی بێ !

ئەوە یەکەمجارە ، ڕەنگە زۆر لەخۆی بکات ٠٠

— چەند بەتەمای ئەو جۆرە پێکەنینەتین ، خەسرەوگیان ٠٠

— هەر لەدوێنێوە بەکەیفە ٠٠

— ئومێد دەکەین هەروابێ ٠٠

× ×

— « خوشکەکەی من لە هی ئەو باشتر دەبێ ٠٠٠ زۆرتر بەڕۆخی ئەمەنا هەنگاو دەنێ ٠٠ ڕەنگە لەئێستە زیاتر بژیت ٠٠ دوورنیە شەکەتی ئێمەش فەراموش بکات ٠٠ بۆ من وابەو ئەویش لە بەراوێزی ژیانی خۆشیدا هەناسە بدات ٠٠ ئەو سەودایە پێویستی بەبیرکردنەوەیە ٠٠ ئەی کە ئەی کەم چی بکەم ؟ ٠٠ کێ ژن بەمن دەدات ٠٠ چارە تەنها ئەوەیە کە بارمتەی خۆمە » ٠٠

سەودا بوو بە هێلکەی بەرمامرێکی بیستو یەك ڕۆژ کرکەوتوو وترۆکاو هەردوولا بەترۆپکی خۆشی خۆشکی یەکتری شادبوون٠٠ بیرەکانی بەدیواری ڕۆژگارا هەڵواسیبوو بەسەری دەکردنەوە

— گوزەرانی کۆیانو قولایێکی ئاسن » کە لەو شوێنەدا ئێش کردن » گرێی دەمی شێرە دەبێواین !؟

بۆبەد بەختی چ جاران ساڵ ئەواو نەدەبوو لای سنگی چەپی دایکی ساوایەکی تری دەخستەخەو ٠٠ دڵیشی لێدانی ئاسایی نەمابوو و چێژی هێنمی پێ ئەواو نەدەبوو ٠٠ حەبیشی پێ نەدەکەوت ، شەوێکی سەقەتی زستان ٠٠ بەفر کڵو کڵو دەباری ، ژان تینی هێنا کەس وەدەر نەدەکەوت ٠٠ مامان وەگیرناکەون ٠٠ بەرەبەیان

ـەنگی ئاسکی ساوایەکی جوان بێ دەنگیو کشیو ماتی ماڵەکەی وەئاگا هێنا ٠٠

— « سورێژە بۆ منداڵان

× ×

دەردێکی گرانە ، کە لێیان گەڕانەوە چاك بوونیان وەگران دەکەوێت ٠٠ ئەو دووسێ یەکی لێ وەسەر یەك کەوتوون ٠٠ گەلێك خەستەخانەم پێکردون ٠٠ پاریش بۆ ئەو خوارانم بردوە ٠٠ هەرچی مابووم هەراجمکرد ٠٠ ئەو لەوێو بۆ خۆشم لە بازاریم کار دەکرد ٠٠ هەر بابەو وەڕەز نابێ دەنا هیچم بەبەرەوە نەماوە وبێسوودیشە ٠

× ×

تا دەهات بۆشایی شوێنەکەی لەقەوارەی بۆلەکە گەورەتر دەبوو ٠٠ هەموو دەبوو بەبۆشایی ، قوتابخانەش لە بۆشایەکەدا مەلەی دەکرد ٠٠ منداڵان دالدەی پرسیارکردنن هەواڵیان دەپرسی ٠٠ هەواڵیش بەڕۆژ کەوتبوو بڕێ ڕۆژان شیرینو بڕێ جاریش لەتاڵیدا ئێقت پێ دەکرد ٠٠

خۆیان لەناو خۆیاندا سەریان دەدا ٠٠ شیرینیو دیاری منداڵانیان بۆ دەبرد ٠٠

— مامۆستا ! دیاریەکانی لەپشت سەری خۆی کۆکردبۆوەو دیکوت « ڕۆژێك دێت گەمەیان پێبکەم »

— ئەو ڕۆژ زۆر بەکەیف بوو ٠٠

— خۆزگە ئەوجێیە بە بەتاڵی نەدەما ٠٠

— ئەی بۆ نای بەن بۆ نەخۆشخانە ؟

— چەند قوتابخانەی پێخۆشە !

کە دیدەنیمانکرد ٠٠ جەستەیەکیماندو ٠٠ چاوەکانی ئەبڵەق مۆڵەقەی کردبوو ٠٠ لێوەکانی ووشك ببونەوە ٠٠ پێستی لەشی بەسەر ئێسقانەکانیدا سەپابوو ٠٠ بەعێزی زەرد مەلکەڕابوو ٠٠ منداڵەکان بێدەنگ لەدیمەنی ڕامابوونو بەناخیدا دەگەڕان ٠٠ بە دوای چارەیەکدا وێڵبوون ٠ کە ( هەژار ) چاوی هەڵێنا زانیم دەیەوێ هەستێن ٠٠ خەسرەو وەڵامی ماڵ ئاوایی نەداینەوە ٠٠ ئاوابووین ، نیشانەی دڵتەنگی لە سیمایان بەدی دەکرا ٠٠ تا دەهات بۆشاییەکە دە تەنرا ٠٠ وانەی دووەم وەڵامی پرسی نەبوونەوەی بۆ شایی یەکە کێو بێهەستی خستەبۆلەکەو قوتابیان بەچاو خشان بە شوێنەکەی ماڵئاوایی هەمیشەیان ئاراستەکرد ٠٠

هەڵبژاردە لە هونراوەی :

## چەند سوناتایەکی عەشقی پیرۆز

— ١ — ئاوازەکان :

سات لەدوای سات
ڕێ ڕەوەکان وئەبزو ٠٠
( ڕۆژ ) لەگەڵ خۆیان هەڵئەگرن ٠٠
لەناخی شەوێکی مەنگا ٠٠
ڕووی خۆشەویستیەك وەك غەم
ڕووی غەمێك وەك خۆشەویستی
دانەگیرسێو ٠٠ ئەکوژێتەوە ٠٠
ئەکوژێتەوەو دانەگیرسێ ٠٠
لەبیلبلەی جاوی منا !
حەز لەتیشکی دوو جاوی تۆ ٠٠ دانەگیرسێ ٠٠
عاشقی تۆم ٠٠ خۆشم ئەوێی

خۆشم ئەوێی ٠٠
کە تاسە بۆ دیداری تۆ ،هیلاك ئەبێ
واحەز ئەکەم ، شەو دابێتو ٠٠
چەند حەز ئەکەم ، شەوم بۆبێ ،
زیاتر ، تاسەی ، دیداری تۆم ٠٠
شەوەکان ، وەرسم ئەکەن ٠٠
هەر خوزگەمە ، سپێدەنیشکی دەرکەوتی ٠٠
بەڵکو لەگەڵ شنەی بەیانیاببینمو ٠٠
کەچی ، کە چاو لەکەمەوە ٠٠
کۆچت کردوەو هیلاکی شەو هەڵیکرتویتو ئاتبینیم
ئیتر منیش جاریکی تر :
لە نووکەوە ، دەست بێئەکەم ٠٠
خۆشم ئەوێی ٠٠٠
خۆشم ئەوێی ٠٠
خۆشم ئەوێی ٠٠
تاسەت ئەکەم ٠٠

— ٢ — عەشقی پیرۆز

خۆری زستان ، تەم دابێۆشی
شنە ، لەسەر لێوەکان ،خەوت ٠٠
تەمەن ، هەنگاو هەڵئەگرێتو ٠٠
تاقە دەلاقەی نێوانی منو مەرگیش جاوی تۆیە !
بابخەون ، بابخەون ٠٠
هەموو گەردون بابخەوێ ٠٠
مەیلی عەشقە ، چاو لێك نەنێو هەر نوێزی حەزی خۆی بکات
« عەشق » مادەم قەدەغەیە
شەوو ڕۆژ نوێژی خۆی٠٠٠
نەکات
عەشق ، نەزانی کوێر نەبووی
ئەزانێ ، هەرگیز کوێر نابێ !

شیعری : عبدالله عباس

## ڕێبواری نامەیەك

خۆشەویستم ٠٠
نامەت پرشنگی هەتاوە ٠٠ شیرازەی ڕێ
شەوزەنگی گۆتو زنجیر دەبچڕێنێ ٠٠
تۆوی درەختی ئاسۆیە ٠٠ لەکەژاوەی چاوی خۆردا
چاوهەڵدێنێ ٠٠
لافاوی پرشنگی خۆرە ٠٠ بەستەلەکی سەر گێنەی
چاوی خۆزگەم ، دەڕوخێنێ
دووری نامەت ٠٠ وونم دەکات
دەمخاتە ناو گێژاوی ماڵیو دڵتەنگی ٠٠
جاڵجاڵۆکەی خەونەکانم ، جیهانێکم بۆدەتەنێ ٠٠
ناوی دەنێن « دنیای ئازارو بێدەنگی » ٠٠
سارای چۆڵو دەشتی غەمناك ٠٠ دەبنە دیاری
گەردنی بەهاری ساڵم
دەست لەملی غەم دەکەمو ژان دەبێتە دەسگیرانم ٠٠
دووری خۆتو دووری نامەت
جزووی دووپشك لەناخو گیانما دەخا ٠٠
ڕەشمالی ژان لەسەر ڕۆخی چاوەکانم ٠٠
ڕەگی قوولی دادەکوتێ ٠٠
باڵندەی ئەوینی دڵم ٠٠
لەنێوانی مردنو خۆشەویستیدا ٠٠
هەرکۆچ دەکاو لەدارستانی تەنیایی
دەربەدەرە ٠٠
کچی خۆشەویستی وێڵم ٠٠ کەشتیەکی بێ ڕووبارە
بێ بەندەرە ٠٠٠
ئەگەر دەمزانی لەکوێ دەنوستی ٠
سینەم دۆشەك بوو بۆم ڕادەخستی
چاوەڕوانی نامەکانت هەموشەوێ
لەژێر چەتری غەمیشەوا
بەدەم هەناسەی سازدەوە
خەوی عەمبار دەپیاتەوە
چاوەکانم ٠٠ لەڕووباری ژیلەمۆی دووری چاوانت
دەتوێنەوە ٠٠
کسپەو گەرمە فووی بێزاری ٠٠ هیواکانم ٠٠
گیانە دەبن بە ئەستێرەی بێجریوە ٠٠
لەسەر سینەی ساماڵی گەش ٠٠ دەژێنەوە ٠٠
ئەی گیانە تۆش
« لەتەنیایی یادمکەوە ٠٠٠
دڵو گیانم ئەنیا هیتۆن !
ئاخۆ بۆم دەکرێ دڵداریت فەرامۆش کەم ؟
نەخێر ٠٠٠ هەرگیز ٠٠٠ »
ئەگەر تۆهەروا دووربی لێمو ئەیەیتەوەو
بۆشەوانی غەم جێمبێڵی
ئەی دڵیمن ٠٠٠

دڵی شەیدام ٠٠ دڵی چۆلەکەی بێ ئارام

بەهێلانەی بنی کامە گوێسەوانە ٠٠ دەسپێری ٠٠

عەبدولکەریم پەرەنگ

## کۆڕان

گیانە ئاسمان بێ سنوورە ٠٠ بی باڵناگری ؟
دەباڵگرە !
دە ئەم ئاسمانە بەی بکەو
بۆ ئامێزی هەڵاوگرتووی من بێرەوە ٠٠
دەباڵگرە !
ئەگەر ( چاو ) هەزاران هەزار دڵدار دەگرێ
بەڵام چی بکەم کە ( دڵ ) لە یەکێ زیاتر لە باوەشی خۆی ناگرێ

**شوباتی ١٩٧٧**

پێشکەشە بە ( ڕەحمان )ی هاوڕێم

● نەژاد عزیز سورمێ ●

بوویت بە گریانی هەورێك
وەك شەپۆلی ڕووبارێکی دڵبریندار ، غوربەت ئامێز
کۆچتکردو خورپەت خستە کێڵگەی دڵم ٠٠
ئەم دڵەی من گەر لەبەردەم دەسرێژیشدا پێکەنیبێ
ئەوا ئەمڕۆ بە نیگایەکی غەریبیت لەتلەت دەبێ ٠٠
بۆ کۆچتکرد ؟
دوو خونچە بووین ،

لەبەر نسێبی چیلەهێوێ سەرمان بە بەکەوەنابوو ٠٠
ڕەگەکانمان لە خۆشەویستی ئەم خاکە داکوتابوو ٠٠
لە نۆشینی خوناوی سەر ڕووی یەکتری تێر نەدەبووین ٠٠
دوو خونچە بووین ،
بەیەکەوە دەگریاینو پێدەکەنین ٠٠
ئەدی گیانە بۆچی پێکەوەش نەسووتاین ؟
بۆچی هاوینی چاوی تۆ
ئاگردانی کوێرەوەبووی دلەکەمی دانەگیرسان ؟
بۆ هەر ئەوسا نەتخنکاندم ؟
بۆ هەر ئەوسای مەلی حەزت لە کانیاوی دڵی مندا ،
کامی دەشکاند ٠٠ نەتخنکاندم ؟
خۆ من ملم لە تاڵەمووی بسکەکانت زراوتربوو ٠٠
بۆ
هەر
ئەوسا ؟
بۆ کۆچت کرد ؟

× × ×

ئەی ئێستاکە لە کوێی گیانە ؟
خەون بەچیەوە دەبینی ؟
ئێستاش دەتوانی هاواری پێدەنگی من ،
وەکو پێکێ خوناو هەڵدەی ؟
دەتوانی کە خۆشت بوێم ؟
حەزت لە باوەشی منە ؟
ئەی بۆچی خۆت بە پشەبایێ هەڵتاواسی ؟

## ڕۆژانە کێ ئەستێرە

نم نم باران وا ئەباری
باران تێنوە بۆ ماچی خاك

خاك تێنوە ،

بۆ مژینی لێوی باران

خاك چەند بارانی خۆش ئەوێ

سەد ئەوەندە خۆشم ئەوێی

هەروەكو خاك

بەرگی ماتەم لەبەر ئەکا

گەر بەڕێژنەی باران نەگا

منیش هەروام

خاك چاوەڕوانی بارانە

بەهاری ئەوینی سەوزم

دەبباریو

بەهارێکی تربێنەوە

سکران صابر

## نوکلی شیرین

مسەفا زەنگنە

کاتێ دەبی بەخەم ،
وەکو تەمی بێ کۆتایی ٠٠
دا دەبۆشی دڵم سەرجەم
کاتێ گەرمەی هاوینی سال ٠٠٠
دەپڕووکێنێ بەمەیی گۆناو لێوی ئاڵ ،
کەچی ئەتوێ چرکەی ژووان ٠٠
لەدیدەما سەوزی ٠٠٠
وەکو سەوزەی دەنکێ قەزوان ٠
× × ×
کاتێ فرمێسك ، لە خاکی لەشاری دەکرێ ،
بەسەر ئێسك و خەندەی گەشا ٠٠
زەنگۆڵ ، خەمی کۆنی بێ دادەسڕێ ٠٠
« ئەنەمەکانی »[1] ماندوو بووم ،
لە قرفەی لەشی بێ بشووم ٠٠٠
فرمێسکەکان دەکرنەوە ،
لە حەیارەی[2] بازنەی مەمکیان ٠٠
بۆ خەم خۆیان دەسڕنەوە
بۆ خەم خۆیان دەسڕنەوە ٠
× × ×
نوقلی شیرین
وەك چۆن گێنە بۆ دیمەن ،
تەیمانی بینین دەتەنێ ٠٠٠
منیش ئاوا بۆ تۆی بوونم ٠٠
دڵم دەکەم بەپردی خۆم ،
تا خۆم بەتۆ بدۆزمەوە
خێڵی ڕۆحم ٠٠
بۆ هەوارگەی ژینۆی[3] ژیان بگۆزمەوە ٠

(١) ئەنەمەکان : انسجة
(٢) حەیارە : شۆورە : حەسار
(٣) ژینۆ : کورتکراوەی « ژیاۆ نوێ »ە ٠

# سه‌رۆکی به‌ڕێز پیرۆزبایی له‌سه‌رکۆماری ساحلی عاج ئه‌کات

**به بۆنه‌ی جه‌ژنی نیشتمانی‌یه‌وه سه‌رۆك احمد حسن البکر بروسکه‌یه‌کی پیرۆزبایی ناردوه بۆ سه‌رۆك فلیکس هوافیه بوانیه‌سه‌رۆك کۆماری ساحلی عاج . ئه‌مه‌ش ته‌واوی بروسکه‌که‌یه ..**

پایه‌بلند فیلیکس هوافیه‌بوانیه سه‌رۆك کۆماری ساحلی عاج ـ ئه‌بیجان .

به بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری جه‌ژنی نیشتمانی ساحل العاجه‌وه خۆشحالم به‌وه‌ی که به‌ناوی گه‌ل‌و حکومه‌تی عیراقه‌وه وه به‌ناو خۆمه‌وه که جوانترین پیرۆزباییتان لێ بکه‌م‌و داوای ته‌ندروستی بۆ تۆ‌وخۆش‌گوزه‌رانی‌و گه‌شانه‌وه بو گه‌لی ساحلی عاج بکه‌م .

**احمد حسن البکر**
**سه‌رۆك کۆماری عیراق**

## میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنی به‌یانی به‌ڕێز طه احمد داود بالۆیزی عیراق له له‌ندەن چۆنه کۆشکی کۆماری‌و بو دوعاخوازی‌و گه‌رانه‌وه بۆ شوینی ئیشه‌که‌ی ناوی خۆی له ده‌فته‌ری میواندا‌ریدا تۆمارکردوه .

هه‌روه‌ها دکتۆر هاشم محه‌مه‌د سه‌عید عه‌بدولوه‌هاب سه‌رۆکی ده‌زگای خوێندنگا ته‌کنیکیکان‌و به‌ڕێز عه‌بدوله‌جید خالید عه‌بدوللا به‌ڕیوه‌به‌ری گشتی‌ی ده‌زگای پیشانگا عیراقیکان بۆ دوعاخوازی‌و روخسه‌تی سه‌فه‌رکردنیان چونه‌ته کۆشکی کۆماری‌و ناوی خۆیان له ده‌فته‌ری میواندا‌ریدا تۆمارکردوه .

هه‌روه‌ها به‌ڕێز تاهیر ئه‌حمه‌د ئه‌مین سه‌رۆکی ده‌زگای گشتی‌ی گه‌شتوگوزارکردن‌و عه‌دنان مه‌حمود سالم به‌ڕیوه‌به‌ری گشتی‌ی دایه‌ره‌ی ئه‌خشه‌کیشان‌و به‌دواداچون له ده‌زگای گشتی‌ی گه‌شتوگوزار کردن‌و دکتۆر سامی شه‌ریف ئه‌میندا‌ری کشتی‌ی یه‌کێتی‌ی ژیولۆژیکانی عه‌ره‌ب چونه‌ته کۆشکی کۆماری‌و به بۆنه‌ی گه‌رانه‌وه‌یان له ده‌ره‌وی ولات ناوی خۆیان له ده‌فته‌ری میواندا‌ریدا تۆمارکردوه .

# ئه‌نجومه‌نی راپه‌راندنی ناوچه‌ی کوردستان له ئیشوکاری به‌ڕێوبه‌رایه‌تیه‌کانی ناوخۆ ئه‌کۆڵێته‌وه

**رۆژی دووشه‌مه‌ی رابوردو ئه‌نجومه‌نی راپه‌راندنی ناوچه‌ی کوردستان به‌سه‌رۆکایه‌تی سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن به‌ڕێز ئه‌حمه‌د عه‌بدولقادر کۆبونه‌وه‌یه‌کی سازکردوه‌و له‌وکۆبونه‌وه‌یه‌دا بڕیاری پێکهێنانی لیژنه‌یه‌کی داوا له‌ئه‌ندامان بۆ لێکۆڵینه‌وه‌ی چۆنیه‌تی باری‌دایه‌ره‌کانی سه‌ر به‌به‌ڕیوه‌به‌رایه‌تی‌یه ناوخۆیه‌کان‌تایبه‌تی پێویستیان به‌چی‌یه‌و له چۆنایه‌که‌وه ئیشوکاری‌ئه‌ودایه‌رانه به‌ره‌و پێشه‌وه‌ـ بدرێت‌و پاره‌یان پێبدات .وابڕیاردراوه که ئه‌ولیژنه‌یه له‌ماوه‌ی هه‌فته‌یه‌کدا راپۆرتێکی‌دوروو درێژو کامل ده‌رباره‌ی ئه‌و ئه‌رکه‌ی پێی‌سپیردراوه‌پێشکه‌ش به ئه‌نجومه‌ن بکات .**

هه‌روه‌ها ئه‌نجومن بریاری داوه له‌سێ لیژنه‌ی تریش پێکهێنرێت بۆ ئه‌وه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی مه‌یدانی له‌هه‌ولیرو سلیمانی‌و دهۆکدا بکات بۆ ئه‌وه‌ی له‌ئیش‌وکاری دایه‌ره‌کانی ئه‌و پارێزگایانه بگات‌و بچێته ناوچو پناوانی هه‌مو چالاکی‌و ئیش‌وکاره‌ـ کانیانه‌وه ، ده‌رباره‌ی ئه‌م‌کاره راپورتی خۆیان‌و ئامۆژگاریان پێش‌که‌ش بکه‌ن به‌کۆبونه‌وه‌ی داهاتوی ئه‌نجومه‌ن .

ئه‌نجومه‌ن هه‌روه‌ها بڕیاری پێکهێنانی لیژنه‌یه‌کی دیکه‌شی‌داوه بۆ به‌دواداچونی ئیش‌وکاری ئه‌وپرۆژانه‌ی که بڕیاری جێبه‌جێ کردنیان دراوه له ناوچه‌که‌دا له چوار جێوه‌ی ئه‌و ملیونه دینارەدا که ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش بۆی‌ته‌رخان کردبو .

پێکهێنانی ئه‌م‌لیژنانه به‌شێکه له‌ونه‌خشه‌یه‌ی که ئه‌نجومه‌ن پشتی پێده‌به‌ستی بۆراپه‌راندن‌و کورچ‌کردنه‌وه‌ی ئیش‌وکار له‌ده‌زگاو بڕۆژه هه‌مه‌جۆره‌کانی ناوچه‌که‌داو بو فراوان‌کردنی هه‌موخزمه‌ت گوزاریه‌کی به‌که‌لك به‌جۆرێك هه‌مو خه‌ڵکی ناوچه‌که‌ی به‌ربکه‌وێت .

**ئ.ه.ع**

## ( هاوکاری )تان چۆن ئه‌وێ ؟

**خوێنه‌ری به‌ڕێز :**

له ٩ـ١ـ١٩٧٨دا ، رۆژنامه‌ی ( **هاوکاری** ) مۆمی ژماره نۆی ته‌مه‌نی له دنیای رۆژنامه‌گه‌ری کوردیدا داده‌گیرسێنێ ، وه‌ك هه‌مو کات بۆ هه‌نگاوتنان به‌ره‌و پێشه‌وه‌و به‌ره‌و په‌ره‌پێدانی زیاتر پشتمان به هاوکاری دۆستانه‌و بیشنیاری خوێنه‌رانی به‌ڕێز به‌ستوه ئه‌مجاره‌ش ، وه له چوارچێوه‌ی نه‌خشه‌یه‌کدا بۆ په‌ره‌پێدانی چاکتری ( **هاوکاری** ) تکامان وایه وه‌ڵامی ئه‌م پرسیارانه‌مان بده‌نه‌وه :

**ـ پێشنیارتان ( تێکرا ) بۆ پێشخستنی رۆژنامه‌که‌ چی‌یه ؟!**

**ـ بیروڕات به‌رامبه‌ر چۆنیه‌تی دابه‌ش کردنی لاپه‌ڕه‌کان به‌پێی باس‌و نووسراوه‌کان چیه‌و به‌لای تۆوه چۆن بێ چاکتره ؟**

**ـ پێشنیارت چیه بۆ کردنه‌وه‌ی گۆشه‌ی نوێ یان لاپه‌ڕه‌ی تایبه‌ت بۆ ئه‌و کاروباره‌انه‌ی به‌لای تۆوه زیاتر شایانی بایه‌خ پێدانه ؟**

میوادارین له ئیستاوه هه‌تا کۆتایی مانگی کانونی یه‌که‌م ـواته ئه‌م مانگه‌ـ وه‌ڵامه‌کانمان بێگات‌و به‌م ناونیشانه :

**به‌غدا ـ مه‌یدانی خه‌لانی ـ ده‌زگای رۆژنامه‌نووسی‌و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی ـ رۆژنامه‌ی ( هاوکاری )**

**بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني ـ دار الثقافة والنشر الكردية ـ جريدة ( هاوكاري )**

# به‌ڕێز عه‌دنان حسین پێشوازی وه‌زیری راگه‌یاندنی یۆگسلافی ئه‌کات

دوێنێ به‌یانی به‌ڕێز محمد بریرۆفیتش وه‌زیری راگه‌یاندن‌و سه‌رۆکی لایه‌نی یوگوسلافی له لیژنه‌ی عیراقی یوگوسلافی هاوبه‌ش له‌یارمه‌تی‌دانی ئابوری‌و هونه‌ریدا گه‌یشته به‌غداد .

که چه‌ند ڕۆژێك ئه‌خایه‌نێ .

به‌ڕێز بربروفیتش وتی له‌بواری ئه‌م سه‌ردانه‌دا ، به‌یوه‌ندی به لێپرسراوانی‌ولاته‌وه ئه‌کا ، تاوه‌کو ئاسۆی یارمه‌تی‌دانی هاوبه‌شی نێوان‌ده‌رخا ، هه‌روه‌ها ده‌ستنیشان کردنی لایه‌نه‌کانی پێش‌خستنی‌به‌یوه‌ندی هه‌ردوو ولاتی دۆست . هه‌روه‌ها به‌دواکه‌وتنی بڕیاره‌کانی لیژنه‌که کۆبونه‌وه‌ی ئایاری بارداله‌به‌غداد ده‌ری‌کردبو .

به‌ڕێز عدنان حسین ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش وه‌زیری نه‌خشه‌کیشان‌و سه‌رۆکی لایه‌نی عیراقی له لیژنه‌که‌دا پێشوازی به‌ڕێز بربوفیتشی کردوه ، که به‌ڕێز عه‌لساوه به‌کاروباری بالۆیزخانه‌ی یوگوسلافی له به‌غداد .

## مامۆستایانی کوردستان تاره‌زایی به‌رامبه‌ر سه‌ردانه‌که‌ی ساداتی خاین ده‌ر ئه‌برن

جه‌ماوه‌ری مامۆستایان له‌ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمیدا تاره‌زایی خۆیان به‌رامبه‌ر سه‌ردانه‌که‌ی‌خاکی زه‌وت‌کراوی ساداتی خاین ده‌ربڕیوه ئه‌و جه‌ماوه‌ره ئه‌وه‌یان دووپات کردۆته‌وه که‌سه‌ردانی ساداتی خاین بۆخاکی زه‌وت‌کراوو گفتوگۆـ کردنی له‌گه‌ل سه‌رکرده‌کانی زایونیزمدا به‌مه‌به‌ستی ئه‌وه‌بو که گه‌لی میسر دوای خه‌باتێکی دورو درێژ له‌ڕێگای تێکۆشان‌و خۆبه‌خت‌کردن دوورخاته‌وه .

جه‌ماوه‌ری مامۆستایان ستایشی هه‌لویستی سه‌رکردایه‌تی حزب‌و شۆڕشیان کردوه بۆ به‌ره‌نگاربونه‌وه‌ی به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌ول‌وته‌قه‌لایه‌ی که بۆ نه‌هێشتنی مه‌سه‌له‌ی فه‌له‌ستین ئه‌درێت .

## هه‌فته‌ی فلیمی یوگسلافی له به‌غدا

دوێنێ ئێواره له‌سینه‌مای بابل له‌به‌غدا هه‌فته‌ی فلیمی یوگسلافی کرابه‌وه که وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری‌و هونه‌ر به هاوکاری لێپرسراوانی سینه‌مای یوگسلافی سازیان کردبو .

له‌ماوه‌ی هه‌فته‌یه‌کدا شه‌ش فلیم نیشان ده‌درێت که ئه‌و فلیمانه‌ش بریتین له فلیمی ٦٧ رۆژو ئه‌جیتاو پاسه‌وانی شه‌مه‌نه‌فه‌ری به‌فرو شۆڕشی جوتیاران‌و زستانی یاگوبوسفیلدو میسالی . له ئاهه‌نگی کردنه‌وه‌ی ئه‌م فیستفاله‌دا به‌ڕێز عبدالامیر معله به‌ڕیوه‌به‌ری گشتی‌ی ده‌زگای گشتی‌ی سینه‌ماو شانۆو زۆر له‌ئه‌رمانبه‌ران‌و فه‌رمانبه‌رانی بالۆیزخانه‌ی یوگسلافیا له‌به‌غدا به‌شدار بون .

له کۆبوونه‌وه‌یه‌کی لیژنه‌ی ڕێکخستنی ناوه‌ندی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمیدا :

# دامه‌زراندنی چه‌ند دێیه‌کی هاوچه‌رخ له‌ناوچه‌ی کوردستاندا

**دوێنی به سه‌رۆکایه‌تی به‌ڕێز برهان‌الدین عبدالرحمن‌ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش‌ووه‌زیری ده‌وله‌ت که راسپیراوه‌بۆ ڕێکخستنی کاروبار له‌گه‌ل ده‌زگاکانی ئۆتۆنۆمی‌دا .لیژنه‌ی ناوه‌ندی ریکخستنی‌ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی کۆبوده‌وه ، له‌م کۆبونه‌وه‌یه‌دا بڕیاری‌دروست‌کردنی دوو دێیان‌ده‌رکرد که له پارێزگای هه‌ولێرو دهۆك بکرین له‌سه‌رشێوه‌ی هاوچه‌رخ ، که ٥ملیۆن دینار‌یان تێ‌ئه‌چێ‌و له‌یه‌کی له‌م دێیانه له‌هه‌ولێره دوو هه‌زارو پێنج‌سه‌دخانوبه‌ری تیادروست ئه‌کرێ ، ئه‌وی دهۆکیش هه‌زارو‌پێنج‌سه‌د خانوبه‌ری تیادروست‌ئه‌کرێ .**

لیژنه له‌م کۆبونه‌وه‌یه‌دا ئه‌ماشای بڕیاره‌کانی پێشویان کردو له‌و لایه‌نانه‌یان کۆلیه‌وه که‌بۆته هۆی ڕێگا لێ‌گرتنیان له‌بواری کارکردنا . تاوه‌کو بتوانن ڕێگای چاره‌سه‌ری ته‌واوی بۆ بدۆزنه‌وه .

هه‌روه‌ها باری دام‌و ده‌زگاکانی میریان خسته به‌رچاو له‌ناوچه‌که‌دا تاوه‌کو چ ڕاده‌یه‌ك ئه‌م دام‌ودەزگایانه کارو پێداویسته‌کانی خۆیان ئه‌به‌ن به‌ڕێوه‌و ، هه‌روه‌ها دابین‌کردنی له‌و پێویستیانه‌ی ئه‌یانه‌وێت بۆ به‌ره‌پێدان‌و پێش‌که‌ش‌کردنی کارگوزاری بۆ هاونیشتمانیه‌کان .

هه‌روه‌ها به‌ڕێز ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش له‌گه‌ل به‌ڕێز احمد عبدالقادر سه‌رۆکی دووهه‌م ئه‌نجومه‌نی ڕاپه‌راندنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی سه‌ریان‌دا له‌سه‌رۆکی ئه‌ئه‌نجومه‌نی یاسادانان‌و ئه‌میندا‌ریتی گشتی ناوخۆو کارۆخانه‌سازی‌و پارێزگاری هه‌ولێر .

به‌ڕێز عبدالرحمن له‌کاتی کۆبونه‌وه‌یدا له‌گه‌ل ئه‌م لێپرسراوانه باسی چونێتی کارو به‌ڕێوه‌بردنی کاروباری ناوچه‌که‌و داهێره‌کان‌و پێویستیه‌کانیانی کرد .

وه ئه‌وه‌ی دوپات کرده‌وه که پێویسته کۆششێکی زیاتر بکه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و ئه‌رکانه‌ی له ئه‌ستۆیاندایه به‌شێوه‌یه‌کی کامل‌و ڕێك‌وپێك جێ‌به‌جێ‌بکه‌ن .

## وه‌زیری کشتوکاڵ پێشوازی وه‌فدێکی بولگاری کردوه

دوێنی به‌یانی به‌ڕێز له‌تیف‌نه‌سیف جاسم وه‌زیری کشتوکاڵ‌و چاك‌کردنی کشتوکاڵ سه‌رۆکی لایه‌نی عیراق له‌لیژنه‌ی هاوبه‌شی‌عیراق‌و بولگاریادا پێشوازی به‌ڕێز سباسی جورجیف‌جێگری سه‌رۆکی لایه‌نی بولگاریا له لیژنه‌ی ناوبراوو‌وه‌فده‌که‌ی ته‌کی کردوه .

هه‌ردولا له‌باسی به‌یوه‌ندی‌هه‌ردوو ولاتیان کۆلیوته‌وه له چوارچێوه‌ی هاوکاری ئابوری‌وکشتوکاڵی‌و هۆی ڕێگای به‌ره‌پێدانی ئه‌و به‌یوه‌ندی‌وهاوکاریه .

له کۆبونه‌وه‌که‌دا به‌ڕێز قاسم ئه‌حمه‌د ته‌قی جێگری وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی‌وکانه‌کان جێگری سه‌رۆکی لیژنه‌ی ناوبراوو بالۆیزی بولگاریا له‌به‌غدا به‌شدار بون .

## وه‌فدی عیراق بۆ کۆبونه‌وه‌ی لیژنه‌ی ته‌حزیری کۆنگره‌ی ئاسایشی ناوچه‌ی ده‌ریای ناوه‌راست

دوێنێ به‌یانی دکتۆر مه‌هدی حافز ئه‌ندامی مه‌یئه‌تی سکرتاریه‌تی ئه‌نجومه‌نی ئاشتی‌و هاوکاری له‌ولاتدا به‌ره‌و ئه‌سینا که‌وته ڕێ بۆ به‌شداری کردن له کۆبونه‌وه‌کانی لیژنه‌ی ته‌حزیری کۆنگره‌ی جیهانی ده‌رباره‌ی ته‌مۆ ئاسایش‌و هاوکاری ولاتانی حه‌وزی ده‌ریای ناوه‌راست که ڕۆژی شه‌مه‌ی داهاتو له‌وی ساز ده‌کرێت .

به‌ڕێز دکتۆر حافز وتویه‌تی .. ئه‌وکۆبونه‌وه‌یه‌ی که ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی جیهانی به‌هاوکاری کردن له‌گه‌ل ریکخراوی پشکه‌وتن خوازه‌کانی یونانداپێکی ئه‌هێنێت له‌هه‌ندی له کاروبارانه ده‌کولێته‌وه که به‌یوه‌ندیان هه‌یه به ئه‌مۆ‌و ئاسایشی ناوچه‌ی ده‌ریای ناوه‌راسته‌وه له‌وانه ده‌ست درێژی کردنی زایۆنیزم بۆسه‌ر ئه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب‌و مافی نیشتمانی گه‌لی فه‌له‌ستین هه‌روه‌ها تاوانبارکردنی نه‌خشه‌کانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم‌و کۆنه‌به‌رستان له‌ناوچه‌که‌دا .. ئه‌وه‌شی ده‌رخستوه که له کۆبونه‌وه‌که‌دا مه‌ترسی سه‌ردانه‌که‌ی سادات بۆ خاکی زه‌وت‌کراو رون ئه‌کاته‌وه بانگه‌وازی هێزه پێشکه‌وتنخوازه‌کانی دنیا ده‌کات بۆ ئه‌وه‌ی هاوکاری خۆیان له‌م قۆناغه‌دا له‌گه‌ل که‌ل عه‌ره‌بدا دووپات بکه‌نه‌وه .

## وه‌فدی عیراق « پاشماوه »

دادگای ڕێکخراوه‌که‌وه له‌گه‌ل پرۆگرامی ئیشوکاره‌کانی ساڵانی ١٩٧٨ تا وه‌کو ساڵی ٩٨٣ دروست‌کردنی حه‌وزێکی وشك له‌سه‌ر ده‌ریای سپی ناوه‌راست له‌گه‌ل بودجه‌ی ساڵی ١٩٧٨ی ڕێکخراوه‌که‌دا له‌گه‌ل لێکۆڵینه‌و له‌وباسانه‌ی پێوه‌ندیان هه‌یه به کۆنگره‌ی وزه‌وه که چاوه‌ڕوان ده‌کرێت له‌ساڵی ١٩٧٩دا له ئه‌بوزه‌بی بگیرێت له‌گه‌ل خوێندنگایه‌کی مه‌شق‌ـ کردنی نه‌وتی عه‌ره‌بی که تایبه‌تی ده‌بێت به ڕێکخراوه‌که‌وه .

**ئ.د.ع**

## ئه‌نجومه‌نی کشتوکاڵی سلێمانی له کێڵان‌و تۆو کردنی وه‌رزی‌ئه‌مساڵ ئه‌کۆڵێته‌وه

● ڕۆژی دووشه‌مه‌ی رابوردوو ڕێکه‌وتی ٥ـ١٢ـ١٩٧٧ به‌ڕێز ئه‌رشه‌د ئه‌حمه‌د محه‌مه‌د بارێزگاری سلیمانی سه‌رۆکایه‌تی کۆبونه‌وه‌یه‌کی ئه‌نجومه‌نی کشتوکاڵی سلیمانی کرد له دیوانی پارێزگادا .

● ئه‌نجومه‌ن له کۆبونه‌وه‌ـ که‌یدا له‌و ڕێگایانه کۆڵایه‌وه که بنه‌ره‌تێکی باش دانه‌نێ بۆ کێڵان‌و تۆوکردن له وه‌رزی ئه‌مساڵدا له هه‌موو ناوچه‌کانی پارێزگا که‌دا ، هه‌روه‌ها به درێژی باسی چۆنیه‌تی ره‌وانه‌ـ کردنی ماسی کرا بۆ بازاره‌کان له ناوچه‌ی دوکان‌و ده‌ربه‌ندیخانه‌وه .

● هه‌روه‌ها له ڕاپۆرتی ئه‌نجومه‌نه کشتوکالیه لقیه‌کانی پارێزگاکه کۆڵانه‌وه‌ـ و چاره‌سه‌ریان بۆ هه‌ندێ له گیرو گرفته‌کانیان داناو گه‌لێ بڕیاری به‌که‌لکیان بۆ ده‌رکردن .

● ئه‌وه‌ی شایانی باسه به‌ڕێز پارێزگار به‌شێوه‌یه‌کی تایبه‌تی ئه‌وه‌ی دوپات کرده‌وه که هه‌وڵێکی باش بدرێت بۆ چاندنی زۆرترین زماره‌ی دارو ده‌رخت بۆ دروست کردنی دارستان له‌ناوچه‌که‌داو به‌سامانێکی نه‌ته‌وه‌یی دانا ، هه‌روه‌ها بڕیاری ئه‌وه‌ی‌دا که به گورجی ده‌ست بچوڵێننه‌وه له هه‌لکه‌ندنی بیری ئیرتوازیدا بۆ ئه‌و ناوچانه‌ی که ئاویان که‌مه .

● هه‌روه‌ها هه‌ووان بڕیاری ئه‌وه‌یان‌دا که باشترین هه‌ول بدرێت بۆ هێنانه‌دی باشترین به‌رهه‌می کشتوکاڵی‌و ئاماده‌کردنی هه‌مو هۆکانی پێش‌خستنی کاری کشتوکاڵی له ناوچه‌که‌دا .

● ئه‌مانه‌و گه‌لێ بڕیاری به که‌لکی‌تر درا له‌رووی ئاوه‌دانی کشتوکاڵی‌و سودی گشتی جوتیارانه‌وه و کۆبونه‌ـ وه‌که نزیکه‌ی دووسه‌عاتی خایاند .

**پ. هاوکاری له سلیمانی**

## جوتیاران‌و کریکارانی سلێمانی

دوێنی ئه‌نجومه‌نی مه‌رکه‌زی‌یه‌کێتی ناوخۆی کۆمه‌ڵانی جوتیاران‌و هه‌ره‌وه‌زکاری له‌سلێمانی کۆبونه‌وه‌یه‌کیان به‌ستوه بۆ لیکولێنه‌وه‌ی گرفته‌کانی به‌ره‌پێدانی کشتوکاڵ . له‌م کۆبونه‌وه‌یه‌داهاوڕێ لێپرسراوی مه‌کته‌بی ڕاپه‌راندنی یه‌کێتی گشتی ئامادەبوه‌و له کوتایدا بڕوسکه‌یه‌کیان ئاراسته‌ی‌سه‌رکردایه‌تی سیاسی کردوه‌و ئاره‌زاییان ده‌ربڕی‌وه به‌رامبه‌رسه‌ردانه ئاره‌واکه‌ی ساداتی خائن بۆ خاکی زه‌وت کراو .

● هه‌روه‌ها یه‌کێتی ناوخۆی کریکارانی سلێمانی کۆبونه‌وه‌یه‌کی بۆ سه‌رۆکانی‌لیژنه‌کانی کاری ناوکۆبی ئه‌قابی‌و ئیداری سازکردوه‌و له‌ده‌وری پێشره‌وی کریکاران‌و کارکردن بۆ به‌ره‌پێدانی به‌رهه‌م دواون .

**پ. هاوکاری**

## بالۆیزو فه‌رمانبه‌رانی بالۆیزخانه‌ی عیراق له قاهیره‌وه گه‌یشتنه‌وه به‌غدا

دوێنی به‌یانی به‌ڕێز نوری اسماعیل ویس بالیۆزی عیراق له کۆماری میسری عه‌ربی‌و هه‌مو دەزگای بالۆیزخانه‌که‌و پاش‌به‌نده ته‌کنیکیان‌و خێزانه‌کانیان که ژماره‌یان یتر له ٣٠٠ که‌سه گه‌ڕانه‌وه بۆ به‌غدا ئه‌ویش بڕیاری ڕژێمی میسر به‌دابڕینی په‌یوه‌ندی دبلوماسی له‌گه‌ل عیراقدا .

له گفتوگۆیه‌کدا که به‌ڕێز ویس له‌گه‌ل ئاژانسی ده‌نگو باسی عیراقیدا کردوه وتویه‌تی .. میسر بۆیه ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ی بواندوه له‌به‌ر هه‌ڵوێستی هه‌لقولاوی بیروباوه‌ڕی عیراقه به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌ولو ته‌قه‌للا بێزاره‌ی که بۆ گه‌باندنی ڕێکه‌وتن ده‌درێت ، له‌گه‌ل به‌شداری کردنی عیراق بۆ پۆچه‌ل کردنه‌وه‌ی ته‌خشه‌کانی ڕێکه‌وتن له‌ڕێگای ئه‌وکۆنگره به‌رزه‌وه که له ته‌رابلوس گیرا . هه‌روه‌ها وتویه‌تی .. بڕیاری ڕژێمی میسر به‌دابڕینی په‌یوه‌ندی دبلوماسی له‌گه‌ل عیراقدا ، ته‌نیا مه‌به‌ستی بالۆیزخانه‌ی عیراق ته‌به‌وه به‌لکو هه‌ندێ له‌فوتابیانی عیراق‌و فه‌رمانبه‌رانی ڕێگای ئاسمانی‌ی عیراق‌و به‌ریوه‌به‌ری مه‌کته‌بی ئاژانسی ده‌نگو باسی عیراق‌و به‌ریوه‌به‌ری مه‌ڵبه‌ندی بازرگانی عیراقیش بوه له قاهیره .

هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه وتویه‌تی : فه‌رمان‌ڕه‌وایانی میسر به پێچه‌وانه بچوکترین ره‌وشتی په‌یوه‌ندی پرۆتوکۆلی نێو ولاتان هه‌ڵسوکه‌وتی کردوه به‌وه‌ی که ده‌وروبه‌ری ٥١٠ فه‌رمانبه‌رو فوتابی‌و خه‌ڵکی عیراق خێزانه‌کانی به‌بێ هیچ جۆره یارمه‌تیه‌ك ڕه‌وانه کرده‌وه .

وه ئه‌وه‌شی دیاری کردوه که هێزه‌کانی سیخوری میسر له قاهیره ئابلوقه‌ی باره‌گای به‌لو،زخانه‌ی عیراقیان دابو ده‌یان‌ویست ته‌گه‌ره‌و کۆسپ بخێنه سه‌ر ڕێگای فه‌رمانبه‌ره‌ـ کانیه‌وه .

به‌ڕێز بالۆیزی عیراق ئه‌وه‌شی ڕون‌کردۆته‌وه .. که پیاوه‌کانی سادات چه‌ند که‌سوکاریان له فه‌رمانبه‌ران‌و فوتابیان به‌ندکردوه چونکه ئه‌وکه‌سانه هیچ پارێزگاریه‌کی دبلۆماسیان نیه تا ڕه‌وانه ده‌کرێنه‌وه .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه نیراوه دبلۆماسیکانی جه‌زایرو لیبیاو سوریاو یه‌مه‌نی دیمۆکراتی دوێنی به‌یانی زو قاهیره‌یان به‌جێ‌هێشتوه ئه‌ویش دوای ئه‌وه‌ی فه‌رمانبه‌ره‌کانیان دورخرانه‌وه به‌هۆی بڕیاری هه‌ڵوێستی میسره‌وه به دابڕینی په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵیاندا .

## ● سوپاس ●

زۆر سوپاسی دوکتور حلمی رشید قه‌زاز ئه‌که‌م له نه‌خوشخانه‌ی سلیمانی که هیمه‌تێکی دلسۆزانه‌ی نواند له یارمه‌تی دانی کچه‌که‌مدا کاتی نه‌خۆشیه‌که‌ی‌و دلسۆزانه هاته ده‌ست هیوادارین وێنه‌ی دکتور زۆربێ له کۆمه‌ڵدا .

**بهجت عزه حمه صالح**
**ـ قائمقامی مه‌رکه‌ز ـ سلیمانی**

# گفتوگۆیەك لەگەڵ بەڕێز ئەمینداری گشتی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان

**لە بەر ئەوەی کە ئەمینداریتی گشتی شارەوانیو هاوینەهەوارەکان دەوریکی گرنگو بایەخدار هەیە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ،بە پێویستمان زانی کە لەگەڵ بەڕێز سعاد حبیب علی ئەمینداری گشتی ئەمینداریتی گشتی شارەوانیو هاوینەهەوارەکاندا ، لە بارەی چالاکی ئەو ئەمینداریتییەو گفتوگۆیەك بکەین ٠٠**

نبراوی هاوکاری : نوری حەیران

● لەچاوپێکەو تنەکەدا ، دەربارەی ئەو پرۆژانەی لە ساڵی ١٩٧٧دا جێ بەجێ کراون وەئەوانەی ئیشیان تیدا ئەکرێتو لەمەودوا تەواو ئەبن پرسیارمان لێ کرد ٠

بەڕێز لە وەرامدا وتی ٠٠ ئەو پرۆژانەی کە تەواو بون بڕێتییە لە بیست خانووی گەشتی لە هاوینە هەواری سەلاحە دینوە دە خانوو بەرەی تریشیان هێندەی ئەماوە کە تەواو بکرێت ، هەروەها دەست پیا هینانێکی تەواوی هاوینەهەوارەکان بە شێوەیەکی تایبەتی هاوینەهەواری سەلاحە دینو گەلی عەلی بەگو رایاتو سەریرەشو مەلبەندە گەشتو گوزارێکانی تریش ٠٠ وەئەو پرۆژە گەشتوگوزاریانەی کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا جێ بەجێ دەکرێن بڕێتییە لە گازینوو لۆقەنتەیەك لە هاوینەهەواری سەلاحە ددین ، بنیات نانی چەند شوقەیەکی گەشتوگوزاری لە بلیکانو بیارە دروست کردنی گازینوییەك لە چنارۆك ، گورینی جێگای گازینوی گەلی عەلی بەگو فراوانکردنی شوێنی راوەستانی ئۆتۆمبێلەکان ٠

فراوان کردنی ئوتیلی خانزاد لە شەقلاوە ، دروست کردنی ٤٥ خانوبەرەی گەشتو گوزاری لە هاوینەهەواری سەلاحە دین ٠ فراوان کردنی گازینۆی سەلاحە دین ٠ ئەو پرۆژانەی کە ئێستا لە جێ بەجێ کردنداون لە پارێز گاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا جێ بەجێ دەکرێنو بڕێتین لە پرۆژەی ئاوەدانیو بنیات نانی کۆشك و ئەپارتمەنو قیرتاوکردنی شەقام جادەکانو راکێشانی ئاو وکارەباو زێراب و دروست کردنی دوکانو بازارو زۆر پرۆژەی دیکەکە ئەم پرۆژانە بە هەزاران دیناریان تێ دەچێت ٠

● پرسیاری ئەوەمان لە بەڕێز ئەمینداری گشتی شارەوانیو هاوینەهەوارەکان ئەوە بو ٠٠ کە ئەو پرۆژانەی لەمەودوا دە تا ئەوێت جێ بەجیان بکەن چین ٠

لە وەرامی ئەم پرسیارەدا بەڕێز ئەمیندار وتی : ئەو پرۆژانە چاوەڕێی تەسدیق کردن دەکەن ، کاتێ کە تەسدیق کران ئەو کاتە دەخرینە روو ٠

**● پرسیاری ئەوەمان لە بەڕێز ئەمینداری گشتی شارەوانیو هاوینەهەوارەکان کرد ، کە گوایە ئەو گیروگرفتەی لە ڕێگای کار کردنی ئەمینداریتییەکەیاندایە چیزو چۆن چارەسەریان دەکەن ٠**

بەڕێزیان لە وەرامدا وتی تا وەکو ئێستا گیروگرفتێکی ئەوتۆمان توش نەبوە کە شایەنی باس کردن بێت ، وەئەو هاوکاریو ڕێکو پێکییەی لە نێوان سەرجەمی ئەمینداریتییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەیە زامنی ئەوە ئەکات کە هەمو ئیشو کارێك بە چاکی رایی بێتو ئەگەر هاتو گیروگرفتێکیش هاتە پێش زوو بەزوو چارەسەر بکرێتو ڕێگای جێبەجێ کردنی ئیشو کارمان لێ نەگرێت ٠

**● وە لەبارەی ئەو پرسیارەمانەوە کە ئەو خزمەت گوزاریانەی لە هاوینەهەوارەکاندا پێشکەش بە گەشتەوانەکان ئەکرێت چیزو چۆن بیر لە دوا رۆژی هاوینەهەوارەکان دەکەنەوە ٠**

بەڕێز ئەمینداری گشتی لە وەرامدا وتی : بۆ ئەوەی هاوینەهەوارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بتوانی شان بەشانی هاوینەهەوارە پێشکەوتوکان خزمەت گوزاریی خۆی پێشکەش بە گەشتەوانەکان بکاتو بۆ ئەوەی گەشتەوانەکان بە ژمارەیەکی زۆرتر رو بکەنە هاوینەهەوارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەمو هۆیەکی جەو انەومان بۆ ئامادە کردون وەك شوێنی رابواردنو بازارو دوکانی پڕ لە شتومەكو کەلوپەلو هەمو پێویستییەکی تر و کۆمپانیای مەخازنی عیراقی لقی خۆی لە هەمو هاوینەهەوارەکاندا کردۆتەوە بۆ ئەوەی گەشتەوانەکان لە هیچ پێویستییەك پەکیان نەکەوێت ٠

وەلەمەیدانی پەرەپێدانی هاوینەهەوارەکاندا لە زۆر جێگای ئەو هاوینەهەوارانە کەروتو بێدارن دارو درخەت دەروێنین و لەم مەیدانەدا هاوکاریەکی تەواومان لەگەڵ دەزگاکانی تردا هەیە ٠٠ وەلەلایەکی تر کۆمپانیایەکی جیهانی هەمو ناوچەی ئۆتۆنۆمی روو پیو کردوە ، لە ئەنجامی ئەو کارەدا لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کردوە بە ئەو ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەو ناوچانەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا دیاری کراون هەمویان دەکرێنە ناوچەیەکی گەشتوگوزاریو شان بەشانی هلوینەهەوارو سەیرانگاکانی تر خزمەت پێشکەش هاوولاتیان دەکەن ٠

# هاوکاری و خوێنەران

**خوێنەرانی بەڕێز :**

هەروەکو ئێوە ئەزانن ، رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان هەمیشە بایەخێکی زۆریان داوە بەپۆستەی خوێنەرانو بەپێی توانا و دەرفەتیان ئاوریان لەبەرهەمی خوێنەران داوەتەوەو پشتگوێیان نەخستووە ٠٠ رۆژنامەی هاوکاریش هەمیشە ئەو حەقیقەتەی لەبەرچاو بووەو وەلامی خوێنەرانی داوەتەوەو بەپەوەندییەکی پتەووقووڵی لەگەڵیاندا بنیاتناوە ٠

راستەماوەیەکی درێژە پۆستەی خوێنەران لەسەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە دیار نیە ٠٠ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم رۆژنامەیە پۆستەی خوێنەرانی پشتگوێ خستووەو پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرانی خۆی ئەپچڕێنێت ٠٠ بەڵکو بەپێچەوانەوە ئێستا بەپەرۆشەوە پێشوازی نامەکانی خوێنەران ئەکاتو بەعەشقەوە ئاور لەبەرهەمی لاوە تازە پێگەیشتووەکان ئەداتەوە ٠٠ چونکە دەستەی نووسەرانی هاوکاری زۆرباش ئەزانن کە هەرلاوانی ئەمڕۆن لەدوارۆژدا ئەبنە هەڵگری ئالای ئەدەبی کوردی ٠

دیسان هەموویەکێك لەخوێنەران ئەبێ ئەو حەقیقەتە بزانێت کە تەنیا خۆی نیە پەیوەندی لەگەڵ ئەم رۆژنامەیە ئەکات بەڵکو بەسەدەها نووسەرو خوێنەر هەیە کەشت بۆئەم رۆژنامەیە ئەنێرنو زمارەیەکی زۆر لەبەرهەمی نووسەرانو لاوە تازە پێگەیشتووەکان لەلامان کۆئەبێتەوە ٠٠ ئێمەش هەتا لەتواناماں بێت لە بڵاو کردنی بەرهەمەکان درێغی ناکەین ٠٠ هیوادارین ئەم کۆشەیە شیاوی رەزامەندیتان بێت ٠

**● هاودیانی ●**

**بۆ هاورێیانی ئەم گۆشەیە :**

● کاك ئازاد شەیدا لە ئامادەیی پیشەسازی کەرکووکەوە : رەخنەکەت بە ئاونیشانی ( نەخێر ئەمەیان لاسایی کردنەوە نیە ) سەرنجێکی سەرپێیە ، هیوادارین زیاتر خۆت لەگەڵ خوێندنەوەی بەرهەمەکان ماندووبکەی تاباش لەمەبەستی نووسەران بگەیت ٠ هۆنراوەکەت « وزشەی هۆنراوەو خەمم هەیە » ٠٠ شیاوی بڵاوکردنەوە نین ٠٠ ببورە ٠

● **کاك فەرهاد پیربان لە هەولێر** : بەڵێ ئەمەیان زۆر ڕاستە ٠٠ وەرگێڕ ئەبێ شارەزایی لەوزمانە هەبێت کەشت لێی وەرئەگێڕێتو بۆی وەرئەگێڕێت ٠٠ ئێمەش حەز ئەکەین خوێنەرانی کورد لەبەرهەمی وەرگێڕاوی بێگانە بێبەش نەبن ٠

● **کاك کامەران بێباك** : نەخێر نووکی خامەی مامۆستا ناکام ساغو سەلامەتەو هیچی لێ نەقەوماوە لێی مەترسە ٠٠ هۆنراوەکانت « سەلاحەدین ئەیوبیو بولبول مەناڵە لە باخی ژیان » ٠٠ بێ باك بوو بۆ بڵاوکردنەوە دەست نەدا ٠

● **بۆ خاوەنانی چیرۆکی « هەمینە سەزەو داپیرەگەورە »** ٠٠ ببورن چیرۆکەکانتان بەگەلکی بڵاوکردنەوە نەهاتن ٠٠ هیوامان وایە چیرۆکی سەرکەوتوومان بۆ بنێرن ٠

● **بۆ خاوەنانی ئەم بەرهەمانە** : درۆکو زستان ـ چاو ، خەم ، شایی ، بڵێی رۆژی ـ نامەیەك بۆیار بۆ ژیان ـ برای عەرەبی فەلەستین ـ گفتوگۆی منو گوڵی لە گوڵی باخچەکان ـ باهەرشتێ نرخی خۆی بدەینێ ـ چیرۆکی ژیانو چەند تێبینیەك ـ بۆ ئەو کچەی کە نامناسێ ـ ژیانو بەربەرەکانی ـ هاتنی ئەو دلدارەی بە هیوای ژیانە ـ تل الزعتر گڕ ئەگرێ ٠٠ بەرهەمەکانتان بۆ بڵاوکردنەوە نەشیان ٠٠ چاوەڕوانی بەرهەمی بەپێزو سەرکەوتووتان ئەکەین ٠

● کاك فاروق فتاح لە هەلەبجەوە پارچە شیعرێك بەناوی ( چاوەکانم شەو بۆ دەبن ) بۆی ناردووین ئێمەش ئەم کۆپلەیە بۆی بڵاو ئەکەینەوە :

**مانگە شەوەو ئەستێرەکان**
**بێ دەنگ لە دەریای چاوتا شلپە شلپ دەکەن**
**گەلاکان ئاسمانی دڵتن**
**خۆشەویستی دەبارێننە سەردنیای**
**بێ پایانی شەو بۆییەو**
**چاوەکانم**
**شەو بۆدەبن**

● کاك کەمال رەشید لە سلێمانیەوە هۆنراوەیەکی درێژی بەناوی ( حەزی تۆلە ) بۆی ناردووین تیادا ئەڵێ :

**من ڕاناکەم**
**چونکە دایە**
**خۆشەویستیت وەکو باڵدار**
**لە دڵمدا لانەی کردووە ٠٠ هند ٠**

● بۆ برادەران طە خۆشناو ـ بەررە ـ یادگار جلال ـ م٠ بکر ـ کامەران نوری حەمدی ٠٠ ببورن بەرهەمەکانتان شیاوی بڵاوکردنەوە نین ٠ چاوەڕوانی بەرهەمی سەرکەوتووتان ئەکەین ٠

● کاك پشتکۆ هۆنراوەیەکی ناسکی دلدارانە بۆ ئێمە ناردووە ٠٠ سکاڵای خۆی بە شێوەیەکی دڵتەزێن بەرانبەر خۆشەویستەکەی دەرئەبڕێ ٠٠ وا ئێمەش چەند دێرێك لە هۆنراوەکەی کە بە ناونیشانی « ئەو فریشتەی هەموو رۆژێ لە چاوەکانیا ون ئەبم » هەڵئەبژێرین ٠

**دڵنیا بە ئەی گوڵ خونچەی**
**نەپشکوتو ٠٠**
**لە بەیانی تاژواره**
**منی بولبول بەدیارتەوە**
**ئەخوێنم**
**ئەگریم ، ئەخوێنم**
**کەچی هیچ جارێك نابینم !**
**دەم بکەیتەوە ٠٠ پێبکەنی**

کاك پشتکۆ هۆنراوەکەت هەمووی جوانەو شیاوی بڵاوکردنەوە هەبوو ٠٠ وێنەکانی جوانێو زیرەکانەت هەڵبژاردووە ٠٠ تەنیایەك شت لە هۆنراوەکەت زەق بووو بووە هۆی ئەوەی کەلەم گۆشەیەدا بڵاوبکرێتەوە ٠٠ ئەویش بڵاوی وێنە بوو ٠٠ کاکە گیان تا بتوانی هۆنراوەکانت خەست بکە ٠٠ چاوەڕوانی بەرهەمی ترت ئەکەینو ببورەکە تەنیا ئەم کۆپلەیەمان لە هۆنراوەکەت هەڵبژاردووە ٠

● کاك خالید مەغدید شەیدا ٠٠ هەمیشە هەوڵبدە ئەکەویتە داوی دووبارە کردنەوە ٠٠ هۆنراوەکەت بەناو نیشانی ( لایە لایە بۆکۆرپەلە غەمبارەکەم ) ئەو کۆپلەمان لێ هەڵبژاردووە ٠٠ بە هیوای بەرهەمی تازەتین ٠

**دایە گیان**
**وا لە بیرما ، لایە لایەت زۆر خۆشبوو**
**وەکو ئاوازی دەنگی**
**کاکە شوانی لادێیەك بوو**
**وەکو دەنگی ناسکی ٠٠ هند ٠**

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

# خەباتمان و سیاسەتی نێودەوڵەتان

## توانای نیشتمانیو سیاسەتی دەوڵەتان

کاتێ باسی ئەوە ئەکەین ، کارتێکردنمان بۆسەر مەلبەندەکانی کۆکردنەوە لە ئەوروپادا بەملایەنەدا چۆنبێ ، بێویستە دەوری چین لەسیاسەتی دەوڵەتاندا لەحسابی خۆمان دەرنەکەین ، ئەو دەورەی کە تائێستا بەقەدەر قەوارەی چین دەرنەکەوتوە ، لەبەر چەند ئیعتبارێکی زانراو ، لەپێشەوەیان دواکەوتویی تەکنیکی ، بەپێوانەی لەگەڵ وڵانە یەکگرتوەکانو یەکێتی سۆڤیەتو هەندێ وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواو ژاپۆندا ، بەڵام لەماوەی ساڵانی داهاتودا حاڵەتەکە ئەگۆڕێ ، هەندێ وڵاتی ئەوروپا لەوانەیە ژاپۆنیش لەسنوری حساب کراودا دەوری گرنگی خۆیان لەکاروباری پێشکەوتنی تەکنیکی چیندا ئەگێڕن ، وەچین لەسەر ئەم ئەساسەو لەبەر ئیعتباراتی تر ، دەورێکی گەورە لەسیاسەتی دەوڵەتاندا ئەگێڕێو لەبەر روناکی ئەو قسانەی لەسەرکردەکانی چینی ئەبیستین ، تا ئێستا چین نزیکترین دەوڵەتە لەمەسەلەی تێکۆشانی نەتەوەییمان دژی قەوارەی زاپۆنیو لەپاڵ تێکۆشانی یەکێتی خوازیماندا ، بەڵام ئەبێ دەرك بەقەوارەی تاسیری زۆرانبازی سۆڤیەتو چین لەم سیاسەتەدا بکەین ، وەدەرك بەوە بکەین گۆڕانە داهاتوەکان لەسیاسەتی چینداو گۆڕانەکانی هۆی پەیوەندیەکانی دەوڵەتان ، چین ئەخاتە مەوقعیوا کە بە وردیەکی چاکتر وەك هەڵوێستو قسە لەزۆرانبازی عەرەبیو زاپۆنیداو یەکێتی عەرەبیدا بکێشرێ ٠ بەتایبەتی کاتێ چین مەلبەندێکی سەرەکی کۆکردنەوە ئەبێ ، وەکاتێ ئەم هەڵوێستە پێویست بە ئیلتزاماتی دیارو بەکار ئەکات ، چونکە مەرکەزەکانی کۆکردنەوەی تر تاسیرکردنی لەسیاسەتدا سەلبیو ئیجابی لەگەڵدا بەراورد ئەکەن ، ئەوەی سۆڤیتەکان وەك نموونە بەر لە بیست ساڵ قسەیان بێ ئەکردو حسابیان بۆ ئەکرد بەرامبەر خەباتی عەرەبی ، وەك ئێستا نیە ، هەروەها فەرەنسایەکان هەڵسو کەوتیان وەك پێنج ساڵ لەمەوبەر نیە ٠

مەبەستم ئەوەیە ، گۆڕانکاری گرنگ لەهەڵوێستی زۆر دەوڵەتدا لەبەر زۆر ئیعتبارات روی‌داوە ، جا تا مەلبەندەکانی کۆکردنەوە زیاد بین ، بێویستە مامەلەمان لەگەڵ تەنیا مەلبەندێکا نەبێو ئەوانی تر واز لێبێنین ، بەڵکو بێویستە کار بۆ ئەوە بکەین کە کارتێکەربین ،بەشێوازی سوودی ناوکۆیی ، یان بێگەشتنی ستراتیجی ، یان بە هەردوو لایاندا لەگەڵ ئەو مەلبەندانەی لەسەر مەلبەندەکانی کۆکردنەوە حساب ئەکرێن ، چونکە ناگونجێ ، کارتێکەربین ، بەهەمان قەوارەو توانا ، لەهەمو مەرکەزەکانی کۆکردنەوەدا ، ئەگەر چین مەلبەندی کۆکردنەوەی بەکاری لە سیاسەتی دەوڵەتانداو بەکێشەیەکی گەورە بۆ رەخسا ، ئەك بەشێوەیەکی کەمتر ، ئەوا بێگومان کار لەبیروزای مەلبەندی کۆکردنەوەی سۆڤیەت ئەکات، ئەویش لەماوەی زۆرانبازی بیروباوەڕەوە لەنێوان چینو سۆڤیەتدا ، وەلەماوەی زۆرانبازیدا لەسەر دەسەلاتی بیروباوەڕو سیاسی لە ناوچەکەداو لەجیهاندا ، ئەوسانە هەڵوێستی سۆڤیەت لەماوەی هەڵوێستی چینەوە کاری تێئەکرێو کارتێکەر ئەبێ ، ئەمەش کارئەکاتە سەر پەیوەندی عەرەب بەسۆڤیەتەوە ، وەنێوان عەرەبو چین ٠

ئێستا بابچینە سەر ژاپون ، ئەوەمان دەستنیشان کرد کە ژاپون لەکاروباری دروستکردنا لەخوارووی رۆژهەڵاتی ناسیادا موقعێکی کارتێکەری هەیە ، ئەم کارتێکردنەشی هەتا ژاپۆن لەوەنزیك ببێتەوە کە قەناعەت بکات لە دەرگای دروستکردنی چەکی ستراتیجی دیاری‌کراوەوە بچێتە زورەوە زیاتر ئەبێ ، گومانیش لەوەدانیە کە ژاپون ئەگەر بڕیاری ئەمەی‌دا ئەوا ئەگەر چەند ساڵێکی کەمدا توانای ئەوەی هەیە بگاتە مستەوایەکی بەرزی پێشکەوتن لە توانای خۆچەکدارکردندا جا لەرووی ئەلکترۆنیەوە بێ یان لەرووی بەکارهێنانی ئەتۆمەوە ٠

لەسیاسەتی دەوڵەتاندا چۆن سەیری چەکو چەکداربوون ئەکرێ ٠

ئێمە لەو باوەڕەداین هیچ دەوڵەتێ کە گیروگرفتی دیارو تەواوی هەیەو چەك ئەهێنێ ناتوانی وا خۆی پیشان بدات کە لەزۆر حساباتی سیاسیو مستلزماتی بەکاریدا سەربەخۆیەکی تەواو تەواوبێو ئێمە بێویستە چاك بزانین کە قیمەتی تەواوی لەدوو هۆی تێکچڕاودانو تاسیری بەرامبەریان لە سیاسەتدا هەیە ئەویش بریتین لە : بنکەی سەختی ئابوریو توانای عەسکەری بەقیمەت ، توانای عەسکەری بەقیمەتی تەواو بەبێ بنکەی ئابوری سەخت ناگونجێ ، ئەمە سەرەڕای ئیعتباراتی‌تر ، شتی ئەساسی‌تر هەن بۆ نموونە وەك لە ناوەختی چینداوا ئەکات دەوڵەتێکی بەقیمەت بێ لەتاسیرکردنیا بۆسەر سیاسەتی دەوڵەتان ، ئەگەر ژاپونیش لەجنگی ئەمەریکا رزگاری بو کە هێز ئەخاتە سەر لایەنی خۆ چەکدارکردنی ، ئەوسا ئەویش توانای ئەوەی ئەبێ دەوریکی گرنگ بگێڕێ ، یەکێ لەو هۆ سەرەکیانەی وا ئەکات ژاپۆن بەرەو خۆ چەکدارکردنن بچێ ، بەشێوەیەکی فراوان ، فراوان بونی پێویستیەتی بۆ زامن کردنی خەتەکانی بەپەوەندی‌و هاتنوچونی ، لەو لایەنەوە کە هەموو مستلزماتی پیشەسازی‌و ( مەوادی خاوی ووزەی ) لەدەرەوە ئەهێنێ ئەمە سەرەڕای گوڕانەکانو ئیعتیباراتی تر لە سیاسەتی دەوڵەتاندا ٠

● ماویەتی ●

# شیعر و فەلسەفە

ئەمانە بەجۆرێك ئەیان‌زوانی‌یە مەسەلەی ـ سەربەستی‌ی ـ وەك شتێکی سەربەخۆو بێ بەیوەندی‌ی بێت لەگەل بابەتە سیاسی‌کۆمەلایەتی‌و ئەخلاقی یەکاندا !! دیارە ئەم بۆچوونەبش لەوە بەولاوە کە لە زەمینەی خەوو خەیالە وە هەلئەقولی‌و کۆت‌و زنجیری بازاری سەرمایەداری لەگەردنی هونەرو هونەرمەندان‌دا قایمتر ئەکات شتێکی دیکە نی‌یە ٠٠

بانگەوازی « هونەر لەپێناوی هونەر »دا ، کە بۆ یەکەمین جار شاعیری فەرەنسایی « بۆدلێر ـ ١٨٢١ـ١٨٦٧ » بلاوی‌کردەوە ، ئەنجامێکی حەتمی‌ی ئەو بێهیوایی‌یەبوو کە ناوبراو لەتەك چەند کەسێکی دیکە تووشی هاتبوون ٠٠ روانینی تەمومژاوی ئەودەستەیە ، ماوەی نەدان بەبیرو هۆشەوە بروانن حەقیقەتی دەردە کوشندەکەی سەرمایەداری ٠ جا هەرچەندە بانگە وازەکەی ئەمانە لەناوەرۆکی‌دا بریتی‌بوو لەبێزاری دەربڕین‌و ڕەت‌کردنەوەی دیاردە نالەبارەکانی جیهانی سەرمایەداری کە هەمووشتێك تیایا ئەبێتە کەلوپەلو سات‌و سەوای بێوەئەکرێت ، بەلام : « گرنگ ئەوەیە جیهانی سەرمایەداری‌ی ئەیتوانی ـ تەنانەت بەشێوەیەکی ناراستەخۆیش ـ بەرهەمەکانی ـ بۆدلێر ـ بکڕێت !! بۆیە ناوبراو بەرهەمەکانی بازارێکی نەزانراو بوو ـ لەمەیشەوە عیبارەتی هونەر لەپێناوی هونەر هاتە کایەوە ـ بەلام « بۆدلێر » ، هەر بەردەوام بوو لەسەر شیعرووتن بۆ جەماوەرێك بە خەیالی خۆی چاوەروانی‌ئەکرد لە داهاتوودا بێنو شیعرەکانی بخوێننەوەو پەیرەوی‌بکەن ٠٠ »(٦٨) ٠

بە بۆی بۆچوونی ئەم تاقمە ، شیعر جیهانێکی تایبەتی‌ی هەیەو هیچ مەبەستێکی لە دووەوە نی‌یەو خۆی لە خۆی‌دا تاقی‌کردنەوەی خۆشی‌ی‌و لەزەتی خەیالەو ئامانجی سەرەکیشی جوانی‌یەو بەس ، ئەم جوانی‌یەش زۆر دووزە لە ئامانجی ئەخلاقی‌یەوە ، چونکە خۆشی‌و رابواردنی ناوهونەر ، لەسەرووهەمووو ئامانجێکی دیکەی فێرکردنەوەیە ٠٠ « شیعر وەك بەشێکی هونەر ، ئامانج‌و مەبەستی فێرکردنی نی‌یە !! راستەو لەوانەیشە هەندێ شت فێری مرۆڤ بکات‌و خزمەت بە رۆشنبیری‌ی‌و بیری سەردەم‌و مەسەلە ڕەواکانی گۆمەل بکەیەنێ بەلام هەموو ئەم شتانە دوورن لە نرخی شیعری‌یەوە کە گەرانەوەیە بۆ خاسی‌یەتە ئیستاتیکی‌یەکەی شیعر ٠ ئەوانەیش کە بڕیان لەسەر ئەم رایە دانەگرت ، ئەو بیروڕا فەلسەفی‌یەیە کە مێشکی مرۆڤ دابەش ئەکات بەسەر سێ هێزدا :

یەکەم : هێزی بیرکردنەوە ، کە ڕێگەی گەیشتنە حەقیقەت نیشانی مرۆڤ ئەدات ٠

دووەم : هێزی ئیرادە ، کە بەهۆیەوە مرۆڤ ڕێگای خێر ئەدۆزێتەوە ٠

سێیەم : هێزی هەیست‌پێکردن ، کە مرۆڤ خێرئەکات چون لەزەت لە جوانی‌ی وەربکرێت ، جا ئیتر ئەو جوانی‌یە لە شیعردابێت یاخو دلە بەشەکانی دیکەی هونەردا ٠

بەو چەشنە ، جیهانی شیعر لای ئەو دەستەیە لە جیهانی خێرو زانست جیا کرایەوە ، کەوابوو ، بەپێی بۆچوونی ئەوانە ، شیعر نە فێری زانستمان ئەکات‌و نە ڕەوشت بەلکو شتێك‌مان پێ ئەبەخشێ زۆر بەنرخ‌ترو بالاترە لەو جیهانە راستەقینەیەی تیایا ئەژین ، ئەمەیش لەبەر هیچ نا ، تەنها لەبەر ئەوەی جوانەو بەس ٠ جوانی‌یش خۆی لە خۆی‌دا جەوهەرێکی تایبەتی‌ی هەیەو پێویستە بە شێوەیەکی سەربەخۆو دوور لە هەموو جموجۆلێکی دیکەی مرۆڤایەتی لێی بکۆلرێتەوە ٠٠ » ٠

هەموو بابەتێکی جوان ، بە پێی روانینی ئەوانە ، ئەو شتەیە کە سوودی نی‌یە ، چونکە شتی سوودبەخش ناشیرینە ، بۆیە شیعریش لای ئەوانە هۆیەك نی‌یە بۆتێ‌گەیشتن لەزانست ، بەلکو خۆی مەبەستە ٠٠ هەر شاعیرێکیش بێجگە لە مەبەستی جوانی‌ی ، بۆ هەرشتێکی تر بنوسێ فڕی بەسەر هونەرەوەنی‌یەوە ٠٠ ئا بەو جۆرە ئەبینین دەست ئەگرن بەسەر فەلسفە ئایدیالیزمی‌یەکەی فەیلەسووفی ئالمانی « کانت ١٧٢٤ـ ١٨٠٤ ز » داو ئەیکەنە بەردی بناغەی روانینی ئیستاتیکی یان ٠

جوان ، لای « کانت » بابەتێکە بۆ رابواردن‌و بێ‌ئامانج‌و مەبەستە ، نەك هەر ئەوەیش بکرە هیچ پەیوەندی‌یەکیشی نی‌یە بە بەرژەوەندی‌یەکانی مرۆڤەوە ٠ ٠لەم حالەدا ، جوانی‌ی رووت بە شێوەیەکی رووت نەبێ دەرناکەوێ ، ئەمەیش بەتەواوی‌ی لەو شێوە هونەری‌یانەدا دەر ئەکەون کە ناوەرۆکیان نی‌یە ، چونکە چێژکردن :

« ٠٠ ئەو بەهرەیەیە ئەتوانێ بریار لەسەر هەموو شتێك بدات ٠ یاخود ئەتوانین بڵێین ئەو دەسەڵاتەیە کە بریار لەسەر شێوەی تام‌کردن‌و نەکردن ئەدات بەڵام بەشێوەیەکی پاك‌و دوور لە مەبەستێکی دیازی‌کراو ٠٠ بە کورتی‌ی جوان ئەو شتەیە سەرنجی هەموو کەسێك رائەکێشێ بە بێ‌لێ تێ‌گەیشتنی‌و بریاری چێژ لێ‌وەر گرتنیش هیچ پەیوەندی‌یەکی نی‌یە بە رادەی تێ‌گەیشتنەوە لە جوانی‌یەکە ، چونکە ئەو جوانی‌یە بە شێوەیەکی بابەتێکی زانستی‌ی نی‌یەو بریارەکەیش ، بەتەنها پەیوەندی بە جوانی‌یەکەوە هەیەو هیچی‌تر ٠٠ » ٠

ئاشکرایە ، فەلسەفەی ( کانت ) ، زانستی‌ی عەقلی‌ی جیا ئەکاتەوە لەو جوانی‌یەی کە لەسەر بنچینەی چێژکردنی رووت‌و قووت بنیات نراوە ، دیارە ئەویش شێوە بەرستی‌یەکی‌یەو ئەواوەو مەترسی‌ی لەوەدایە کە تا چ رادەیەك بایەخ بە شێوە ئەدات‌و لە مەبەست‌و ئامانج دووری ئەخاتەوە ٠

« لای ـ کانت ـ جوانی‌ی چ لە گەردوون‌و چ لە هونەردا لەوە بەولاوە کە ئەیەوێت زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت‌و خودی خۆی بگونجێنێ هیچ مەبەستێکی دیکەی نی‌یە !! وەك جوانی‌ی بریتی بێت لە شێوەو پەیوەندی‌ی بە ناوەرۆکەوە نەبێت !٠ بەوجۆرە ـ کانت ـ کەمو زۆر بایەخ نادات بە لایەنی ئەخلاقی‌ی‌و کۆمەلایەتی هونەرو کەلێنێکی کەورەش ئەخاتە نێوان مەبەستی هونەرو لایەنە جوانی‌یەکەیەوە ٠٠ واتە ئەو مەبەستەی کە هۆی لەدایك‌بوونی هەست‌کردنە بە جوانی‌ی چێژ لێ‌وەرگرتنی ٠ ـ کانت ـی ئەیلەسووف بۆ روون‌کردنەوەی ئەم رایەی نمونەیەکمان بۆ دێنێتەوەو ئەڵێت :

وەك چۆن یاری‌کردن شتێکی بێ سوودەو بێ خۆشحالمان ئەکات ، یەو جۆرەش بە جوانی‌ی خۆشحال ئەبین بێ ئەوەی هیچ سودێك‌مان پێ بگەنەی‌و بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی هەبێت بۆ گەیشتن بەزانست‌و حەقیقەت ٠٠!! » ٠

ئەمەجگە لەوەی کارتێ‌کردنی رۆمانسیزم بۆ سەر مەفهووم‌ی جوانی‌ی بە تایبەتی لە فەلسەفە ئایدیالیزمی‌یەکەی « هیگل ـ ١٧٧٠ ـ ١٨٣١ »دا ، بە رووتی دەرئەکەوێت ، ئەوەیش بە تایبەتی‌ی لەبرواگرامە فەلسەفی‌یەکەی دا ، کە درێژەپێدانی فەلسەفەکەی ـ ئیفلاتوون ـو ـ کانت ـە ٠

بیر لای ـ هیگل ـ لە پێش‌بوون ـ وجود ـ ە وەیەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ دێتە کایەوەو بە ئاشکرا لە شتە هەست پێ‌کراوەکاندا دەرئەکەوێت !!٠ ئەم بۆچوونەی ـ هیگل ـ بە پێچەوانەی حەقیقەتەوەیە ، چونکە بیر خۆی لە خۆی‌دا شتێکی عەقلی‌و هەست‌پێ‌نەکراوە ٠

بەڵام جوانی‌ی لای ـ هیگل ـ جیاوازە لە گەل جوانی‌ی لای ـ کانت ـ ، چونکە ـ هیگل ـ لە ڕوانگەی شێوەی رووتەوە ناڕوانێتە جوانی‌ی ، بەلکو شێوە توندو تۆل گرێ ئەدا بە ناوەرۆك‌و با بەتەوە ٠ لای ـ هیگل ـ « ئایدیا » ـ بە تەنها لە ماتەردا خۆی ناتوێنێ ، بەلکو لە ناوەرۆکیش‌دا بەرچاو ئەکەوێت ٠٠ بێ‌گومان ئەم بۆچوونەیش تا رادەیەك جیاوازە لەگەل روانینی رۆمانسیزم‌دا سەبارەت بە ئایدیاو جوانی‌ی ٠

« رۆمانسیزم ، وابۆمەسەلەکە ئەچوو گوایە ئایدیا شتێکە لە زوور واقیعەوەو مرۆڤ لە توانای‌دا نی‌یە دەستی بیگاتێ ، وەك ئەو خەوەی جیهانێکی زێرین ئەخاتە پێش چاوی مرۆڤایەتی ، بەڵام دەستەوسانە لەوەی حەقیقەتەکەی بدۆزێتەوە ، جا رۆمانسیزم بە دوای ئەم بۆچوونەی‌دا رایەکی تریشی هێنایە ناو ناوانەوە سەبارەت بە ئایدیا ، ئەویش هێزی داهێنانە » ٠

لە باری سەرنجی ـ هیگل ـەوە ، پلەی بێ گەیشتنی هونەر بەگشتی‌ی بەندە بە رادەی ئاوێتە بوونی بیر لەگەل ماتەردا ٠

**بروانە ـ ل ٧**

## ئەم چێرۆك نووسەو چەند پرسیارێك

**فوئاد مەجید، میسری کردوویە بە کوردی**

چێرۆك نووسی لاو « رەزاسید گول بەرزنجی » لە دانیشتوانی شاری هەولێرەوەلە ساڵانی هەفتاوە دەستی‌کرد بە چێرۆك نووسین‌و چەند چێرۆکێکی کورتی لەم لاو لەم لادا بڵاوکردۆتەوە ٠ ئێستاش‌هەر بەردەوامە لەسەر بڵاوکردنەوەی چێرۆك ٠ لەچاوپێکەوتنێکدا ، ئەمەی خوارەوە تۆمارکرا :

**ـ لەچ ساڵێکەوە چێرۆك ئەنووسی ؟**

ـ لە ساڵی ١٩٧٥ وە دەستم بەچێرۆك نووسین کردوە ٠

**ـ ئەم چێرۆك نووسانەی کاریان تێ‌کردووی ؟**

ـ هەر نووسەرێك رێبازێکی هەیەو هەر بابەت‌و ناوەروکێکیش کاری خۆی هەیە ئینجا ئەو کار تێ‌کردنە دەگەڕێتەوە بۆ بابەتەکەو سەردەمی خوێندنەوەی‌و باری سایکۆلۆژی خوێنەرەکە لە گەل ئەمەشدا ئەلێم ئەو نووسەرە بێگانانەی کاریان تێ کردووم زۆرن بەڵام بۆ ئێرە تشیخۆف‌و هیجو دستۆیفسکی بەسن ٠ وە ئەم چێرۆك نووسە کوردانەی کاریان تێ‌کردووم بێ‌گومان زۆرن لەمانە چێرۆك نووس « حسین عارف »و « کاوس قەفتان »و «جمال بابان» ٠

**ـ ئەگەر زحمەت نەبێ دەست نیشانی ئەو قۆناغەی چێرۆکی کوردی تیایدا ئەژی بکەن ؟**

ـ دەربارەی چێرۆکی ئێستا ئەلێم « تعبیر » لە ژیانی تایبەتی خزمان ئەکات‌و دەنگ دانەوەی یاخۆت مورکی کوردە واری پێوە دیارەو زۆربەی چێرۆکی ئێستماشمان « رمز »ین‌و هێندێ شارەزایانە بەکاری دینی‌و هێندێکیش دەیکاتە ئەمو مژو سەر لەخۆزیو لە خوێنەر دەشێوێنی‌و تووشی مانەدوو بوونی ئەکەن ٠ ئەمەش پەسند ناکرێ چونکە خوێنەر دەیەوێ بەکەمترین‌کات زۆر بخوێنێتەوە بە سووك‌و ئاسانیش تێ‌ی بکات !

**ـ چاکترین چێرۆکی کورد !**

ـ بەبێ دەست نیشان کردن‌و ناو لێ نان ئەلێم باشترین چێرۆکی کوردی ئەوەیەکە ناوەرۆکەکەی پەیوەندی‌ی بە میللەتەکەمانەوە هەبێت وپشت بە کەلە پووری نەتەوایەتی ببەستێ‌و مۆرکی کوردەواری پێوە دیاربێ‌و بابەتەکەش شتێکی « غریب » نەبێ لەلای خوێندەوار هەروەها پێویستە چێرۆکەکان چارەسەری ئەو دەردانە بکەن کە لە ناومان باوە ٠

**ـ چێرۆك نووسەکانی کورد چۆن ئەبینی ؟**

ـ لەناو کوردا چێرۆك نووسی بەتوانا هەن‌و دەستی بالایان هەیەو بابەتەکانیان یاخوت چێرۆکەکانیان شایانی گۆڕینە بۆ زمانەکانی‌تر ٠ چێرۆك نووسی کورد هیچی‌وای کەمتر نیە لە چێرۆك نووسی میللەتانی‌تر بەڵام ئەوەی بۆ ئەوان لواوە بۆ چێرۆك نووسی ئێمە نەلواوە ٠ هەر چەندە باری ، ئیمرۆی ئەدیبەکانمان چاکترە لەپێش‌و ئەوەی راستیش بێ ئیمرۆ روو بەرەو چێرۆك نووسینە ، خوێندەوارەکانیش زیاتر لە جاران چێرۆکی کوردی دەخوێننەوە٠ بەڵام هێندێ گیروگرفت هەن دەبنە هۆی کەمی بەرهەم‌و بڵاوکردنەوە کە لێرەدا بواری ئەوە نیە باسیان لێوە بکرێ ٠

**ـ هیوات !**

ـ هیوام ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی بچێتە رێزی ئەدەبی جیهان‌و بە هەموو خەڵکی دنیا بناسرێت ٠

**ئامادە کردنی :**
**عبدالغني علي يحيى**

## ڕەسوول گەمزاتۆف و داغستانەکەی

**پاشماوەی ژمارەی پێشو**

وەکو لەپێشەوە گوتم ، زمان بەلای گەمزاتەفەوە تەنیا « کەرەستە »و « هۆ » نی‌یە ٠ زمان ئەرگەنیزمێکی زیندووە ٠ گیانە بەبەر خوێن‌و گۆشتدا کراوە ٠ خۆشەویستە ٠ بۆیە گەمزاتەف ئەك هەر پێی دەنووسێ ٠٠ بەلکو بۆشی دەنووسێ ٠ وا لە خوارەوە چەند کۆیلەیەك لەو شیعرە وەردەگێڕم کە لە سەرەتای نووسینەکەمدا باسم‌کرد ٠ ناوی شیعرەکە « زمانە زگماکەکەم »ەو شاعیر خەونێکی سامناکی خۆیی تێدا دەگێڕێتەوە :

**قرچەی گەرمای نیوەڕۆ بوو**
**لە دۆلێکی داغستانا لە ناوزەنگیم دابوو ،**
**ڕێبواریش بەلامدا نیدەپەڕیۆ ،**
**لە زۆلیەتیی حەسەن ناوێك دەدوان ٠٠**
**دەربارەی چەتووینی عەلی ناوێك دەپەیڤین ٠**
**کە ناوازی وشەی خزمالیم هاتە گوێ ،**
**دەم‌ودەست زیندوو بوومەوە ٠٠ هەستامەوە ٠٠**
**تێگەیشتم :**
**لە زمانی زگماك بەولاوە ،**
**هیچ دوکتۆرێك ٠٠ هیچ حەکیمێك ،**
**چارەی منی پێ ناکرێ ٠٠**
× ×
**با زمانی بێگانە**
**کەسانی‌تر چارە بکا**
**بەڵام من هەرگیز پێی ناسترێم**
**ئەگەر بێتو سبەی زمانەکەم نەمێنێ**
**من ئەمڕۆ ئامادەم بمرم ٠٠**
× ×
**با بە زمانەکەم بڵێن هەژارە ،**
**لەسەر مینبەری ئەسامیل[1] نازرینگێتەوە ٠٠**
**من هەمیشە لەپێناویا گیانم دێشێ ٠**
**خۆشەویستمە ٠٠ هەر مەزنە لەناو دڵما[2]**

شاعیر دەگێڕێتەوە کەوا جارێکیان لە پاریس لەگەل نیگارکێشێکی دەست ڕەنگیندا یەکدی دەناسن ٠٠ بە ڕێکەوت نیگارکێشەکە ئافاری دەبێ لەدوای شۆڕشی ئوکتۆبەر نیشتمان بەجێ‌دێڵێ‌و ڕوودەکاتە ئیتالیا ، لەوێ ژن دێنێ‌و باشان لە هیچ کونجێکی دنیادا ئۆقرەو ئارام ناگرێ‌و ژیانێکی گەڕیدەیی بەڵەبەر دەبا ٠ کە شاعیر دەگەڕێتەوە داغستان بەدوای سۆزاخی کەس‌وکاری هونەرمەندەکەدا دەگەڕێ ٠٠ بە ڕێکەوت پێ‌دەکەوێ کە هێشتا دایکی ماوە ٠ ئەویش یەکسەر دەچێتە لای‌و هەوالی خۆش‌گوزەرانیی کوڕەکەی بێ ڕادەگەیەنێ ٠ لەپڕ دایکە لێی دەپرسێ :

— ڕەسوول ! بە چ زمانێ قسەت لەگەل کۆرەکەم کرد ؟

— من بە ڕووسی‌و ئەو بە فەرەنسەیی ٠ وەرگێڕمان لەنێواندا بوو ٠

— ڕەسوول ! ببووزە ، تۆ بە هەلە چووی ٠ ئەوە کوڕی من نی‌یە ٠ کوڕ کوڕی من بێ هەرگیز ئەو زمانە لەبیر ناکا کە دایکە ئافارەکەی فێری کردووە[3] ٠

× ×

« داغستانەکەم »ی گەمزاتەف بریتی‌یە لە پێشەکیی کتێبێك دەربارەی داغستان ، کەچی بۆزە پێشەکی سەدان لاپەڕەی ڕەش کردوەتەوەو هەر لەبن‌نایێ ٠ « داغستانەکەم » وەسفی کتێبێکە کەس نازانێ کەی دەنووسرێ ٠ کۆمەلە نوێژێکە سۆفی‌یەك دەیکا ٠ کۆمەلە شیعرێکە شاعیرێکی عاشق دەیڵێ ٠ چەند سەمایەکی پڕ ڕیتمە[4] ، ئاگریەرستێك بەرابەر بە ئاگری پیرۆز دەیکا ٠ سوڕێتی ئەو نوێژو شیعرو سەمایانە خاکە ، چەمە ، چیایە ، گوندی جاوەیە ، ناوەڕاستی جیهان مالی گەمزاتەفە ، گوندەکەیەتی ٠ بازنەکە فراوانتر دەبێ‌و ئافارستان دەگرێتەوە ، لێك‌دەکشێتەوە تا وای لێ‌دێ داغستان ، یەکیەتیی سۆفیەت ، جیهان ، گەردوون دەگرێتە خۆی ٠ ئەمەیە ڕێگای هەموو عاشقێکی ڕاستەقینە ٠

**« ـ لەکوێ لەدایك‌بووی ، ئەی باز ؟**
**« ـ لە دۆلێکی تەسك‌و تریسکا ٠**
**« ـ ئەی بەرەو کوێ دەفریت ، ئەی باز ؟**
**« ـ بەرەو ئاسمانی فراوان »[5] ٠**

ڕاستە ! باز ئەك هەر لە دۆلێکا لەدایك‌دەبێ ، بەلکو لە گەوەڕێکی تەنگەبەردا ، لە زەندۆلێکی تەسکدا ، کەچی بەرەو ئاسمانی شین لە شەقەی باڵ دەدا ، بەسەر هەموو لووتکەو نزارەکانیدا دەسووڕێتەوە ٠ هەر نووسەرێك چاو لە باز نەکا ، بەپێچەوانەوە وا تێ‌بگا لە ئاسمانا لەدایك‌بووەو بی‌یەوێ لەوێ خۆی فێری فڕین بکا ٠٠ ئەوا ئەنجامی ئەو مل‌شکان بەولاوە هیچی‌تر نی‌یە ٠٠ زوو بێ یا دەنگ بەر ئەفرەتی مەلبەندە بچکۆلانەکەی خۆی دەکەوێ ٠ ئای ئێمە ـ نووسەرانی کورد ـ چەند بێویستە لە شاعیرێکی وەکو گەمزاتەفەوە فێری ئەو عەشقە پیرۆزە ببین‌و ئەو سووتانە بۆ مەلبەندو لانەی خۆمان بە بیرتەسکیی شۆفینیزم دانەنێین ٠ بێمان شەرم نەبێ لە خۆمانەوە دەست بێ‌بکەین ٠ میللەتێك هەرگیز ئازادی بە چاوی خۆی نابینێ تا فێرە بەرستی هەر دڵۆبە ناوێکی ٠٠ هەر تاشە بەردێکی ٠٠ هەر کەلا دارێکی ٠٠ هەر منالێکی ٠٠ هەر زنجێکی وڵاتەکەی خۆی نەبێ ، چونکە « ئێمەی ، شاعیران ، بەرابەر بە هەموو جیهان لێ‌پرسراوین ٠ بەڵام ئەگەر بێتو کەسێك بە چیاکانی خۆیەوە پەیوەند نەبێ ، ئەوکەسە قەت ناتوانێ ببێ بە نوێنەری هەموو دنیا ٠ ئەوکەسە لە مرۆڤێك دەچێ کە لە مەلبەندی خۆی هەلکەنرابێ‌و ڕووی لە شوێنێکی‌تر کردبێ ٠٠ لەوێ زنی هێنابێ‌و بە خەسوەکەی خۆی بڵێ ( دایە ) ٠٠ من دزی خەسوان نیم ، بەڵام ، لە دایك بترازێ ، هیچ کەسێکی‌تر نابێ بە دایك ٠٠ »[6] ٠

گەمزاتەف ئەگەر هەموو جیهانی نەدیبێ ، ئەوا نیوەی دیوە ٠ بەڵام هەمیشە گوندی ( جاوە )ی لەبەرچاو لە پاریس جوانتر بووە ٠ کچە ئافاری بەلاوە لە کچە بۆلەندی‌یان ناسکتر بووە ٠٠ بۆ هەرکوێ چووبێ هەمیشە هەستێکی نهێنی میگناتیز ئاسا بەرەو مەلبەندی خۆی ڕای‌کێشاوە ٠ ئەوەتە خۆی دەڵێ : « چارەنووس فڕێی‌دابمە هەر قوژبێنێکی جیهان ، هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە من نوێنەری ئەو خاکەم ، ئەو چیایانەم ، ئەو گوندەم کە تیا فێرە ئەسپ زین کردن بووم »[7] ٠

دێوانەو گەریدەکان کە بەدنیادا دەسووڕێنەوە ، هەمیشە گۆرانی دەربارەی وڵاتان دێننەوە ٠ کەچی گەمزاتەف دێوانەیەکی‌ترە ٠٠ گەریدەیەکی بێ‌هاوتایە ٠٠ چووبێتە هەر شوێنێك‌و گەڕابێتەوە فێرە گۆرانی‌و بەستەو ئەفسانەی تازە بووە ، دەربارەی داغستانەکەی خۆی ٠

گەمزاتەف ٠٠ زۆر شاعیرانە مەسەلەی نیشتمان‌و جیهان یەکالا دەکاتەوە : « ئەگەر لەبەر هۆیەك ، من گوندو بێ‌دەشتەکانی خۆم نەبا ، ئەوا همو دنیا بۆ من دەبوو بە سنگ ، بەڵام بێ دڵ ٠٠ بە دەم ، بەڵام بێ زمان ٠٠ بە چاو ، بەڵام بێ گڵێنە ٠٠ بە هێلانە ، بەڵام بێ باڵندە ٠٠ »[8] ٠

لێرەدا شاعیر نکوولی لە گرنگی‌و بایەخی دنیا ناکا ٠ بە سنگی دادەنێ بۆ مرۆڤ ، بەڵام ئەگەر لە ناوەڕاستی ئەو سنگەدا دڵێکی گەرم‌وگوڕ ـ کە نیشتمانە ـ لێ‌نەدا ، ئەو سنگە چ دەهێنێ ؟ بەپێچەوانەشەوە دڵ وەکو دەنکە گەنمێك وایە لە ئاسماندا چاندرابێ ، ئەگەر سنگ لە سەرماو گەرمای نەپارێزێ ٠

گەمزاتەف لە چاوی داغستانەکەیدا هەموو جیهان دەبینێ ، بۆیە دەڵێ : « داغستانە بچووکەکەم دنیای بەر فراوانمە ، هەموو زیانمە ، سیمفۆنیامە کتێبمە ، بابەتمە »[9] ٠

ئەو خۆشەویستی‌یە ڕاستەقینەو ئەو سووتانە سۆفیانەیە هۆی سەرەکیی سەرکەوتنی گەمزاتەفە ٠ بۆ شیعر ڕاستگۆیی شایەڕە ٠ کە گەمزاتەف بۆ مەلبەندی خۆی دەنووسێ ، مەلبەندەکەی کاڵای مەلبەندی هەموو مرۆڤێك لەبەر دەکات ٠ هەر بۆیەش جارجارە وام دەچێ بە دڵا کە من نووسیومە :

**« هێشتا نادگاری پڕ لە شانازیت نەسڕاوەتەوە**
**لە ئاخافتنتا ، جوانکاری دەرژێ**
**ئای دڵەی چیاییم ،**
**چەند خۆشی دەوێی ٠٠ چەند خۆشی دەوێی ٠٠**
**ئەی ئەتەوە بچکۆلانەکەی خۆم ! »[10]**

**پەراوێزەکان :**

(١) ئەسامیل : کۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتووەکان ٠
(٢) ڕەسوول گەمزاتەف ، داغستانەکەم ، بە ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ ، ل ٦٩ ٠
(٣) ڕەسوول گەمزاتەف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٩ ٠
(٤) ڕیتم : ئیقاع ٠
(٥) ڕەسوول گەمزاتەف ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩ ٠
(٦) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٢ ٠
(٧) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٣ ٠
(٨) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٣ ٠
(٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٧ ٠
(١٠) ڕەسوول گەمزاتەف ، شیعر ، بە ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٤ ، ل ٢٨ ٠

○ عەبدوڵلا پەشێو ○

# لەسەرێ

## هێمنی‌و لەسەر خوێی بەهرەیە

**عبدالقادر خلیل**

مام زۆراب نموونەی ژیرێتی‌و هێمنی‌و لەسەرخۆیی‌یە وارێکەوت بەهاری رابوردوو بە گەشتێکی تایبەتی چوینە ئەو دێ‌یەی کە مام زۆراب کوێخایەتی • دێ‌یەکە لە باڵ کێوێکی دلگیری پڕ پیتو بەرەکەتدایە سەرچاوەی کانێ‌یەکان هەموی دەکەوێتە ژووروی ئەم دێ‌یە لەبەر ئەوە لە سەروی دێ‌یەکەدا ئەستێلی گەورەی لێ هەڵبەستراوە بۆ گل‌دانەوەی ئەو ئاوانە بە تەگبیری مام زۆراب جۆگەی رێکو دەرگای ئاستی بۆ دروست‌کراوە بۆ ئاودان لەبەر ئەوە خەڵکی دێ‌یەکە بە هیچ جۆرێك ناکۆکی‌و دووبەرەکی نی‌یەو رەو نادات لە ئاویاندا •

هەمو پێ‌ویستیەکی سەیرانمان بردبو لەگەڵ خۆماندا بۆ ئەوەی ئەبینە هۆی نارەحەتی خەڵکی دێ‌یەکە بەڵام دڵو دەروئی ئاووجەی کوردەواری رێگەی ئەوە نادات کە میوان رووی‌کردە جێگەیەك هەروا ساکارانە پشت‌گوێیان بخەن وە خزمەتی میوان نەکەن •

مام زۆراب کەوتە گفتوگۆو جارێ پێشەکی تۆزێك سەر زەنشتی کردین کە گوایە رووومان کردۆتە وێرانە ؟ ئێمەش رووومان تێ کردو گوتمان مام زۆراب ئێمە هاتوین بۆ سەیران لەبەر ئەوە هەرچی پێ‌ویست بێت هیناومانە لە گەڵ خۆماندا ئیتر نامانەوێت ببینە هۆی سەرئێشە بۆ ئێوە • مام زۆراب مرۆڤێکی لە قلیانەکەی داو گوتی کاکە ئێوە شاریانە لەگەڵ ئێمەدا مەدۆین ئێمە لادێی‌ین سادەین لە هەمو شتێکدا •

ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێ دەهێنین پێتان خۆش بێت یان‌نا ! مام زۆراب بەقسە خۆشەکانی خەجاڵەتی کردین گیسك درابەزەویداو سەر بڕرا لە گەڵ گۆشتو پێ ویستیەکانی ئێمەدا دەست‌کرا بە شوول برین لە جیاتی بەشیش برژاندن‌و گۆشت پێوەکراو کۆڕ گەرم بو ئاوازی تۆمارکراوی دەهۆل‌و زورنا کرایەوە دەست گیراو هەڵبەرکێ گەرم بو قریوەی هەرزەکارانی دێ دەنگی دەدایەوە لە کێوەکەدا سەرچۆپی بەدەست مام زۆرابەوەبو کورم دەویست هیلاك نەبێتو پشوو نەدات بەڵێ دەرسێکی باشان وەرگرت لە هێمنی‌و ژیرێتی مام زۆراب ئەم بیاوە دلسۆزە •

---

**هێزە پێشکەوتنخوازەکانی « پاشماوە »**

فەلەستین راگەیاندنە سۆشیالیستی‌یەکانی کۆنگۆ بەیاننامەکە پەنجەی بۆ کینشاسا ئارەزایی‌یان بەرامبەر ئەوەش کینشاسا کە فرت‌و فێڵی سەردانەکەی بەکرێگیراوی هێزەکانی سەر بە ئیمپریالیزم ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم انور بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ السادات بۆ فەلەستینی بێ‌بەش‌کردنی گەلی فەلەستینە داگیرکراو دەربڕی •• وتیان لە مافە ئاشکراکانی •

ئەوە سەردانە هاوبەیمانیەتی هەروەها لیژنەی مەرکەزی ناپیرۆزانە نێوان رێکخراوی رزگاری کەری بەکرێگیراوان‌و ئیمپریالیزم‌و کۆنگۆو هەموو رێکخراوە زایۆنیەکان ئەسەلێنێ •

---

**تاوانێکی تری « پاشماوە »**

بۆ رەفتارکردنی گەلێ شێوەی جیاجیای تۆقاندن‌و هەڕەشە لێ‌کردنیان •

ژمارەیەك لەو قوتابیانەی حکومەتی خیانەتکاری سادات دووری‌خستوونەتەوە وتیان ، کۆمەڵانی قوتابیانی میسر بەتوندی دژی سەردانەکەی سادات بۆ خاکی داگیرکراو وەستاون‌و لەرووکاری کۆلیج‌و زانستگاکاندا ئەو دروشمانەیان بەرزکردۆتەوە کە ئارەزایی بەرامبەر هەڵوێستەکانی رژێمی میسر ئەنوێنێ •

لەو قوتابیانەی کە دوێنێ حکومەتی میسر دووری خستوونەتەوە ، چوارقوتابیان تێدان کە وا بڕیاربوو حەفتەی ئایندە لە باسەکانیان بۆ وەرگرتنی باوەڕنامەی دکتۆرا بکۆڵرێتەوە ، لەوانە قوتابی کوێر عبدالاله احمده کە کاربەدەستان نەیان هێشت خێزان‌و منداڵەکانی لەگەڵدا بچن بۆ بەغداد •

---

**ئەنجومەنی ئاشتی «پاشماوە»**

لەگەڵ پاکەکردنەوەی مەسەلەی رزگاری‌کاری عەرەبی‌و تێکۆشانی عەرەبیشدا دژی ئیمپریالیەت‌و زایۆنی •

هەروەها وتی ئەو راستی‌یە زۆر ترسناکە ، داوا لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبو هەموو هێزە رزگاری‌کارەکانی عەرەبی ئەکا بۆ کارکردنێکی راست‌و دڵسۆزانەو ئامانج دیاری‌کراوو شێوە زانستی بۆ یەکخستنەوەی ریزی هێزە عەرەبی‌یەکان لەپێناو پێکهێنانی بەرەیەکی عەرەبیدا بۆ بەرەنگاربوونو خۆڕاگرتن دژی ئیمپریالیەت‌و زایۆنی‌و لەپێناو بەرزکردنەوەی رەوتەکانی تێکۆشانی نیشتمانی رزگاری‌کاریداو هەروەها بۆ بەهێزکردنەوەی تێکۆشانی هاوکاری لەگەڵ ئەوهێزە رزگاری‌کاریانەی دژی ئیمپریالیزمن ، لەپێش هەموویانەوە یەکێتی سۆڤیەت‌و بەرەی سۆشیالیستی جیهان ، ئەوهاوکاری‌یەی کە هێزە کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکان بۆ لێکهەڵوەشاندنی بەپێی فرمانی ئیمپریالیەت‌و زایۆنی‌یەت کارئەکەن بۆ ئەوەی هێزە رزگاری‌کارەکانی عەرەب لاواز ببن •

هەروەها داوای لە هێزەکانی رزگاریخوازی عەرەبکرد کە ئەرکی خۆیان بزانن ، تا بتوانن رێبازو جێ‌پێی خەباتگێرانەکانی خۆیان بێننەوە دەست لەسەر بنچینەی لەناوبردنی ئەو پاشکەزبوونەوەی کە ئێستا لە ئارادایەو بە ئاشکرا دژی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەیە کە هەیە لە کاتێکدا هێزە ئیمپریالیستیەکان رووەو لەناوچوون دەڕۆن‌و رژێمە داردەستەکانیان لەناودەبرێن‌و دەسەڵاتیان لەهەموو جیهاندا هەر لەکزبوونەدایە •

---

**کۆنفرانسی گەلی « پاشماوە »**

گەلی میسر لەناو شوورەیەکی راگەیاندنی درۆزنانە ئەژێتو لەسەرمانە ئەم شوورەیە بڕمێنین‌و هەموو راستیەك بۆ ئەو گەلە دەربخەین •

دیسان وتی ئەبێ هەموو دەوڵەتە عەرەبە پێشکەوتنخوازەکان هەوڵبدەن کە تەکاموڵێکی ئابووریانە لە پاشەرۆژدا بهێننەکایەوەو پشتگیری تەواوی شۆڕشی فەلەستین‌و جەماوەری پێشکەوتنخوازی میسر لەخەباتیاندا دژی سادات •

هەروەها داوای‌کرد کە رۆژی ١٩ـ١١ی هەموو ساڵێك ئەورۆژی کە انور ساداتی خاین سەر لەفەلەستینی داگیرکراودا بەرۆژی تێکۆشانی عەرەبی‌و تێکۆشان لەپێناوی راماڵینی ئوردووگاکانی سوپای ئیمپریالیزم لەهەموو بەشێك لەنیشتمانی عەرەبیماندا‌و پشتگیری یەکگرتنی مەبدەئیانەمان لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان‌و سۆشیالیستەکان لەجیهاندا لەقەڵەم بدرێت •

---

**پێخۆشحالی « پاشماوە »**

کە پێرێ شەو پێش ئەوەی بەرەو بڕۆکسل بکەوێتەرێ وتوویەتی وولاتە یەکگرتووەکان بەهیوای ئەوەیە کە لەو چاوپێکەوتنە ئەوەی کەناویان ناوە کۆسپ‌و تەگەرە لەبەردەم بەستنی کۆنگرەی ژنێڤ کە تایبەتیە بەسازاندنی خۆ بەدەستەوەدەرانە لەنێوان زایۆنی دوژمن‌و رژێمە عەرەبەکانی سەر بە سازاندن‌دا لەناو بچێت •

هەروەها داوای لەرژێمە عەرەبەکانی‌تری سەر بەسازاندن کرد کە لە کۆنگرەی قاهیرە بەشداربین • ئاشکرایە ئانس دوێنێ بە سەردانێك گەیشتە بڕۆکسل بۆ بەشداری‌کردن لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی پەیمانی ئەتلەسی لەدوایدا بەرەو ناوچەی عەرەبی ئەکەوێتەڕێ •

لەلایەکی ترەوە یەکێ لەلێپرسراوەکانی رژێمی بەکرێگیراوی سادات رایگەیاند ئەو چاوپێکەوتنە خیانەتکاریە کە لەنیوەی ئەم مانگەدا لەقاهیرە ئەبێت دەست بەکاروباری خۆی ئەکات‌و لەوانەیە دە رۆژ بخایەنێت •

لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ مەرسی سعد الدین بەرێوەبەری دەزگای ( استعلامات )ی میسری کەپێرێ شەو لەتەلەفزیۆنی زایۆنی دوژمن پڵاوکراوەتەوە وتوویەتی ئەم وتوویژە زیاتر تایبەتیە بەوەی کە بەکاروباری هونەری‌و خۆ ئامادەکردن ناو ئەبەن •

هەروەها دوێنێ رۆژنامەی جێروزێلم پۆستی زایۆنی راگەیاند کە لەوانەیە موشی دایان وەزیری دەرەوەی زایۆنی دوژمن پێشیان دوای چاوپێکەوتنی خیانەتکارانە کە لەنیوەی ئەم مانگەدا لەقاهیرە دەستپێ ئەکات لەگەڵ انور سادات کۆ ببێتەوە • ئەوەبوو لەکاتی خۆی چەند دەنگوباسێکی رۆژنامەگەری رایانگەیاند کە انور سادات لەماوەی چەند هەفتەیەکی‌تر سە لەقاهیرە ئەدات •

---

**شیعرو قەلسەفە « پاشماوە »**

هونەری بیناکردن ـ فن العمارە ـ کە بە گشتی‌ی هونەرێکی رۆژهەڵاتی‌یەو پتر تایبەتی‌یە بە میسری‌یەکان ئەبینین ئەو شتەی تیایا ژاڵە ، لایەنی ماتەرە ئەك بیر ، چونکە لەو هونەرەدا ماتەرو لایەنی هەست‌پێ‌کردنی زاڵن بەسەریدا ، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی شێوەو ناوەرۆك نەتوانن وەك یەکیست جووت‌ببن ، لەبەر ئەوە « جوانی‌ی بە زۆری‌ی لەو شتە شکوە دارانەدا دەرئەکەوێ کە ترس‌یان ئەخستە دڵی مرۆڤەوە ، وەك گۆڕستان‌و بەرستگا میسری‌یەکان ، ئەمەیش لای ـ هیگل ـ قۆناغی رەمزی‌یە، بەڵام ئەوەی کە ـ هیگل ـ زۆرتر بایەخی پێ ئەدا قۆناغی بەر لەرەمزی‌یە ، واتە قۆناغی داتاشین لای « هیگل »دا تاشین باڵاترین جۆری هونەرەو ئێجگار نزیکە لە ئایدیای جوانی‌یەوە ، ئەمە بە پێچەوانەی هونەری بینا کردنەوە کە ئایدیای جوانی‌ی کە متر تیایا دەرئەکەوێ ، بەڵام داتاشین‌یش ناتوانێ لایەنە بێ خەوشەکانی گیانی مرۆڤایەتی بنوێنێ ، چونکە لایەنی رۆحی کە بریتی‌یە لە ـ رووانین ، گیان ، خوو •• تاد •• ناتوانێ لە پەیکەردا دەربڕێن چونکە ئەو شتەی دانەتاشرێ ماتەرێکی رەق‌و تەقە ، وە لەبەر ئەوەی بیرو شێوەی هەست‌پێ‌کراو بە تەواوی ئەگونجێن ، شێوەی کلاسی‌ی هونەر ـ کە قۆناغی دووەمی بیری جوانی‌یە لای ـ هیگل ـ بنچینەکەی داتاشینە • ئەم قۆناغەیش ـ واتا کلاسی‌ی ـ بەلای ـ هیگل ـەوە لە هونەری یۆنانی‌یدا دەرئەکەوێت ، کە شێوەو ناوەرۆك تیایا بەرامبەر یەك ئەوەستن ئەویش پلەی کەماڵە کە هەرگیز لە داهاتووشدا هونەر ناگاتەوە ئەو پلەیەی ئەو کاتە ـ بە پێی بۆچوونی هیگل ـ •

---

**لە چاپکراوەکانی**
**وەزارەتی رۆشنبیری‌و هونەر**
**دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی**

---

**شەوێك لە ژیانی خانزاد**
**شانۆیی**

**نووسینی : حمە کریم‌رەمەزان**

**کەوتە بازاڕەوە**

---

**هاوڕێ طه یاسین «پاشماوە»**

رو بەرووبونی مەسەلەی چارەنوسمان مەسەلەی فەلەستین لەگەڵ ئەوەش داوە لە سەر ئەو رێ‌رەوە ریکەوتنی لایەنە دیاری‌کراوەکان بەمۆرکردنی بیاننامەی دامەزراندنی بەرەی نەتەوەیی دەرچوو •

ئەوەی راستی‌بێ دوای ئەوەی داوای کاری لیبیا بۆ ئامادەبوون لەم کۆنفرانسە ئاراستەکرا لەگەڵ ئەوشدا کە هیچ بەرنامەیەکی کاری نەبوو وەهیچ رێ‌رەویەکی دیاریان ئامانجیکی ئاشکرا نەبوو تاکو کۆنفرانسەکە لێ‌بدوێ ، تەنیا داواکاریکە ئەوەی تیا بوو لە طرابلس ئامادەبن بۆ لیکۆلینەوەی ئەو بارە ئاڵۆزەی توشی واقعی عەرەبی‌بووە لەبەر روناکی سەردانەکەی سادات‌وا بۆ خاکی عەرەبی زەوتکراو لە کاتیکدا داواکەی ولاتی عیراق وە لەبەر روناکی نامەکەی بەرێز سەرۆکی فەرمانده بۆ لێ‌پرسراوانی عەرەب رێکخراوی رزگاری‌و لایەنەکانی‌و رەفز بریتی‌بوو لەبانگ‌کردن وەبریتی‌بوو لەبنەرەتو باوەر کە داوای لێکۆلینەوەبمان‌کردبوو تا لەم ماوەیەوە ریکەوتن ببی وەپێشنیاربکرێ بەرەیی‌یەکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دامەزری لیرەوە بتوانین روو بەرووی ئەو ئالوزیە ببن کە ئەوەی عەرەب توشی‌بوو کە ئەمە پێویست بەکاری نوی وە ئەسلوبی نوی ستراتیجی نوی ئەکات ئەبی بەتەواوی جیابیت لەو کاروانە رابردووەی گەیاندنیە ریگاییکی داخراو کە ئەوە بوو ئەوەی لە سەر ئەم ریگایە رویشت وەك سادات گەیشتە خاکی زەوتکراومان یان تیانە هەیە ئێستا سەرسودماون نازانن بۆ کوێ بچن دووریش نی‌یە کاربکاتە ئەوەی سادات کردی ئەوانیش بکەن جا بە جوون بۆ قدس یان چونبێ بۆ چنیف یان بۆ هەر شاریکی‌تر بۆ ئەوەی‌پێکەیشتی راستوخۆ لەگەڵ زایۆنیە دوژمنەکانا بەدی‌ببین •

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵەدا کەولاتی عیراق بەرێز سەرۆکی فەرمانده وە جیگری بەرێز لەگەڵ کاربەدەستانی عەرەب کردیان زورلێ کردن و ئارەزوییکی تەواو هەبوو کە ئەم کۆنفرانسە لە طرابلس ببەستی ئەمەش ریگا لەوە ناگری کە کۆنفرانسی داهاتو لەبەغدا بێ •

ئەوەی راستی‌بێ لەقناعەتەوە نەء بەلام وەك ئارەزوو لە ئێمەوە بو بەشداربوون تاکو وا تێ نەگەن ئێمە تەنیا مەبەستمان ئەوەیە کۆنفرانسەکە لەبەغدا ببەستری لەبال قناعەتشمان ئەوەی بە ئاشکرا بەهاوڵاتیەکان ئەلین ئەرزی بەغدا بە پیترین ئەرزە بۆ بەستنی کۆنفرانسێك دەربارەی مەسەلەی فەلەستین چی لەرووی ئەو کورەی تیایەتی یان لە رووی جغرافیەی ئەم ولاتەوە بەنسبەت مەسەلەی فەلەستینەوە بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بریاری سەرکردەی لەسەر ئەوە درا وەفدێك بەشیوەیە پێکدیت بەپێك هات وە هەموو دەسەلاتی سەرکردەمان پێ‌درا ، واتە ئەگەر لەسەر ئەو بنەرەتو باوەرانە رێ نەکەوتین کە لەنامەکەی سەرۆکی بەرێزدا بوو دەسەلاتی ئەوەمان ببیت مۆری ئەوە بکەین هەموو توانایێکی عەسکەری وئابوری عیراق لە خزمەتی تیکۆشاندا دا بنەین بە بێ دیاری کردنی ژمارە کەرکی عەسکەرییەکان دیاری‌کردنی ملیزنەها لە رووی دارایی‌وە یا هەر کاروباریکی‌تر بەڵکو تەنیا لە سەر باوەرو بنەرەتی ستراتیجی ئاشکرا ریکەوتن ببێ بتمانە بە وازهێنانی تەواو لەو ئەسلوبە بکات تا هەتا ئیمرو لە لایەن هەندێ رژێمەوە بتمانەپێکراوە بەتایبەتی حکومەتی سوریا واتە دوورکەوتنەوە لەو ئەسلوبەی پیشوو کە باوەر ئەخاتە سەر بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش‌و

**پێناسەی « پاشماوە »**
یەکگرتووەکان رایان گیاند کە دەوڵەتە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان بەشێوەیەکی مەبدەئی رەزامەندیی خۆیان بەرامبەر ئەو پێشنیازە راگەیاندووە کە لیبیاو موریشیۆس‌و پەنین پێشکەشیان کردووە •

دوێنێ دەوڵەتە ئەفریقایی‌یەکان داوایان کرد کە کۆبوونەوەیەك بۆ تەواوی ئەنجوومەن بەسترێ بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیازەکە ، بەڵام ئاشتیستا کاتی بۆ دیاری نەکراوە •

کۆنفرانسی چنیفو پێ‌گەیشتی راستەوخۆ ، بەو جۆرە عیراق هەموو توانایی‌کی وە بەپێ بریاری لایەنە کۆبوودەکان تەرخان ئەگا کە ئەبی ئەم توانایەش بخریتەکار بۆ تیکۆشان وە ئیمە دەسەلاتی مۆرکردنمان پێ‌بوو خوشمان بۆ پلەیکی دیاری‌کراوی بەشداربوون ئامادە نەکردبوو •

**سەرنج :**

خوینەوەرانی بەرێز ئاگادار ئەکەین ژمارەی داهاتوو پاشماوەی تەواوی دوانەکەی هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی بڵاو ئەکەینەوە •

---

**تاوانبارکردنی « پاشماوە »**

تەواوی دەسەڵاتی حکومەتی بریتۆریایە بەسەر ئەو ناوچەیەدا کە بەرێوەبردنی بە دەستوپێوەندەکانی خۆی لەپێشەوا خیانەتکارەکانی تیرەکان سپاردووە •

هەروەها بەیاننامەکەو وتی بڵاوکردنەوەی رژێمی بانتۆستانات لە باشوری ئەفریقادا بەسەبەسی چەسپاندنی بنکەی کەمایەتی‌یە رەگەزپەرستەکانە لە ٨٧٪ی خاکی وڵاتدا •

---

## بۆ زانین قۆنتەرات کردن

١ ـ میوانخانەی زاخو
٢ ـ میوانخانەو گازینۆی سوارەتوکا •
٣ ـ گازینۆی سەرسەنگ •
٤ ـ یانەی شەوانی لە سەرسەنگ •
٥ ـ سینەماو گازینۆی سەلاحەدین •
٦ ـ گازینۆی بێ‌خال لە رەواندز •
٧ ـ گازینۆی سەری رەش •
٨ ـ گازینۆو چێشتخانەی سەلاحەدین •
٩ ـ گازینۆی رۆژهەڵاتی لە سەلاحەدین •
١٠ـ دوکان‌و مەلەوانگەی سەلاحەدین •

ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکان داوا لەو کەسانە ئەکات کە ئارەزوویان هەیەو شارەزاو پسپۆرن‌ـ لە بەرێوەبردنی میوانخانەو گازینۆو خانوو بەرەی گەشت گوزاری کە بەشدار بن لەو موزایەدەدا بۆ قۆنتەرات کردنی خانووی گەشت‌و گوزاری کە لە سەرەوە باس کراوەو ماوەی کرێکە ساڵێکە لە ١ـ١ـ١٩٧٨ تا ٣١ـ١٢ـ١٩٧٨ ، ئەتوانرێ نوسخەیەك لە مەرجەکانی ئەو قۆنتەراتە لە ئەمینداریەتی گشتی بەرێوەبردنی شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکان دەست بکەوێت •

ئەندەزەکان بە بنەرەتو بردنی شارەوانی‌و هاوینەهەوارەکان لە ناو زەرفێکی مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێت‌و پێویستە ئەندەزەکان بارمتەی سەرەتایی‌یان لە گەڵا بێ (٤٠٠) چوارسەد دینار ئەقدی بۆ میوانخانەکان‌و (٢٥٠) دووسەدو بەنجا دینار ئەقدی بۆ گازینۆکان ، نووسراوێکی باوەر پێ کراوەکە لە یەکێك لە بانقەکان دەرچووبێت لە شێوەی کەفالەی بانق‌دا وهەر چەکێکی مۆرکراو ئەبێ قبول ناکرێت‌و موزایەدەکەش ناشکرا ئەبێ •

ماوەی پێشکەش کردنی ئەندەزەکان لە کاتژمێری دوانزەی ڕۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٤ـ١٢ـ٧٧ هەر ئەندەزێك لە کات‌و ڕۆژی دیاری کراوی خۆیدا پێشکەش ئەکرێت یاپسوڵەی بارمتەر نووسراوی ( ضمان ) و یا شەهادە تنامەی شارەزایی لە گەڵا ئەبووبە هیچ ئەژمێردرێ‌و پشت گوێ ئەخرێ . کرێ کە ئەکرێت بە سێ بەش لە ماوەی شەش مانگی یەکەمیدا ئەدرێت‌و پارەی بڵاو کردنەوەی ئەم بۆزانینە لەسەر ئەو کەسەیە کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرئەچێت . ئەم ئەمینداریەتی‌یە لە سەری نیە بەرزترین نرخ یا هەر نرخێکی کە قبول بکات •

**ئەمینداری گشتی بەرێوەبردنی**
**شارەوانی‌و هاوینە هەوارەکان**

---

**لە چاپکراوەکانی :**
**دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی**

**لەسەر نووسین‌و لێکۆڵینەوەی**

**دوکتور مارف خەزنەدار**

کەوتە بازاڕەوە

---

## بۆزانین

**وەزارەتی کارو خانەسازی بەرێوەبەرێتی گشتی کار قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ( ٧٧/٢٠١ ) بۆ دروستکردنی بەشی ناوخۆیی لەقوتابخانەی پیشەسازی کرکوك ـ پارێزگەی تەئمیم ـ •**

ڕای ئەگەیەنین ئەمقۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەومەرجانەی خوارەوە هەیە •

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەڵی ئیستارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە بەرێوەبەرێتی کاری پارێزگەی تەئمیم بە ( ـ/١٥ ) پانزە دینار دەست‌بکەوێ کە نادرێتەوە بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتی‌و مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك کە قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ •

٢ ـ دوا ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی چوار شەممەی رێکەوتی ٤ـ١ـ١٩٧٨ ئەبێت‌و لە سنوقی تەندەرەکاندا لەبەرێوەبەرێتی گشتی کاردا دائەنرێت‌و ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی ئیشەکە ( ١٥ ) پانزە مانگە •

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندابن :
آ ـ بارمتەی سەرەتایی ـ پێشەکی ـ ( ـ/٤٦٠٠ ) چوار هەزارو شەس سەد دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق بۆماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت •
ب ـ پێناسێ زۆری بازرگانی لەگەڵ پەلگەنامەیەکدا لەبەرێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچوبێت‌و بۆ ئەمساڵ تازە کرابێتەوە •
جـ ـ بەرنامەی ئەوکارانەی لەمەنەچن •
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ـ ریزی چوارەم ـ •

٤ ـ هەرتەندەرێك کاتی خۆی پێشکەش نەکرێ پشت‌گوێ ئەخرێ •
٥ ـ ئەم بەرێوەبەرێتیە لەسەری نیە نزمترین تەندەر لەروی نرخەوە یان هەرتەندەرێکی‌تر قبول بکات •
٦ ـ تەندەرەکان بەئامادەبونی قۆنتەراتچیەکان‌و لەوکاتا ئەکرێنەوە کە لەسەرەوە لێ‌ی دواوین •
٧ ـ تەنیا رۆژێك دواکەوتنی کار ( ـ/٤٠ ) چل دینار سزا ئەدرێت‌و پێویستیشە قۆنتەراتچیەکە کە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەرپەرشتی کەر دابنێ •
٨ ـ ماوەی تەواوبونی تەندەر شەش مانگە لەوکاتەوە کە تەندەرەکان پێشکەش ئەکرێن •
٩ ـ نرخەکان بەژمارەو بەنوسین ئەنوسرێن •
١٠ـ لەلایەن قۆنتەراتچیەکەوەو بێ پارە وەرگرتن‌و بەگوێرەی ئەو ئەخشانەی کە لەگەڵ تەندەرکەدان بەرێوەبەرێتی ئەندازیاری سەرپەرشتی‌کەر دروست ئەکرێ •

**بەرێوەبەری گشتی کار**
**غسان عبدالله رضوان**

## ئەم کاتەت باش

● **خۆت بە خوێنەران بناسێنە ٠٠؟**

ـ ناوم ( عبدالقادر حەسەن )ە لە ساڵی ( ١٩٥٥ ) لە دایك بووم ، ئێستاش قوتابیم لە ( ئامادەیی پیشەسازی ) ٠٠

● **دەربارەی گۆرانی وتنی ئەڵێ :**

ـ لە ساڵی ( ١٩٦٩ ) بەشداریم کردووە لە ( تیپی مۆسیقای ـ یەکێتی قوتابیان ) ٠٠ پاشان لە ساڵی (١٩٧٣)دا جۆمە کۆڕی هونەرمەندانی ( تیپی مۆسیقای سلێمانی ) بۆ گۆرانی وتن وتائێستاش هەر لەوێ ماومەتەوە ٠٠

● **دەربارەی گۆرانی کوردی ئەڵێ :**

ـ گۆرانی کوردی خاوەنی سلیمانی تایبەتی خۆیەتی ، پێویستە لەسەر هەموو گۆرانی بێژێکی کورد ئەم بەعرەیە دەنگ پێ بدەنەوە ٠٠

● **شێوەی گۆرانی وتنی :**

ـ شێوەی گۆرانی‌یەکانم بە زۆری ( فۆلکلۆری )یە ٠

### لە دەردەی سنور

لە نزیك رۆژهەڵاتی چیاکانی ـ نەدیز ـ کە دەکەوێتە نێوان ئەکوادۆرو پیرۆ ، گەلێ هۆزی وا هەیە کە شێوەی ژیانو چەشنی خواردنو جلو بەرگیان خۆی لە خۆیدا جێگەی سەرسوڕمانە ٠ وە ئەم هۆزانە « چیفارۆ » یان پێ ئەوترێ ٠ ئەوەی لەم هۆزانە تا ئێستا دەگێڕدرێتەوە ، ساڵی ١٥٩٩ زیاتر لە ١٢٫٠٠٠ کەسیان کوشتووە کە لە ئەوروپاوە کۆچیان کردبو ٠ وەتاقە مەرامو خواستێ لە کوشتنی ئەم هەمو خەڵکە ، نەنیا سەر کۆکردنەوە بو ! ٠

هۆزی « چیفارۆ » چەندەها سەر خێزانی لێ ئەبێتەوەو هەر بەنجا کەس لە کوخێك ئەژی ٠ بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ، کچانو ئافرەتانی ئەم هۆزانە لەوبەری هێمنی ئەژینو هەمیشە خەریکی خۆڕازاندنەوەو لەبێناو خۆش‌گوزەرانی منالەکانیان کار ئەکەن ٠

زۆر لە بیاوە پێست سپیەکان هەول ئەدەن بچنە ریزی ئەم هۆزانەوە بەڵام بەربەرەکانێیان کراوەو نەیان توانیوە لەم خووە سەیرەدا بەشداربن ٠

---

هونەرمەندە موسیقیەکانمان بانگکراون بۆ ناسینی موسیقای کوردی رەسەن :

# هێندەو شمشاڵەکەی

**هونەرمەندیکی میللی‌ی‌ئاتوە ، کە گوێت لەدەنگی شمشاڵەکەی ئەبێ ، (دەرویش‌عبدالله )ی پاڵەوانی تۆمارە هەرە نەمرەکەی « گوران »ت‌ئەخاتەوە بیر ، خاڵە مینەو شمشاڵەکەی خاڵەمینەوخۆشەویستیەو ناوازو هونەری جوان ، ناوازی کوردی‌رەسەن ٠٠**

**چاوم پێی‌کەوت ٠٠ قسەم لەگەڵ‌کردو بۆم دوا ٠٠ بەشمشاڵەکەی ناوازی خۆشی دابەگویما ٠٠٠**

ئەم هونەرمەندە میللیە ٠٠ خاڵەمینەیە کە رۆژگارێکی زۆرە سەرگەرمی ئەم کارە پیرۆزەیەو هەزاران کۆڕی شاعیرانو ئەدیبانی کوردی وەك ئەحمەد موختارو تایەر بەگی گەرم کردوە ٠٠ هەروەك خۆی وتی ئاهەنگ نەبوە بەشداریم تیا نەکرد بێت ٠ هونەرمەند نەمامی باخی ژیانی بەرەو سیس‌بوون نزیك بوەتەوە ، پیری دەستەویەخەی وەستاوەو چنگی لە گەرووی لاوی گیرکردوە ٠

**لەسەر بەردێك کزۆلەی کردو گۆچانەکەی کە تاکە هاوڕێیەتی لە تەنیشت خۆیەوە داینناوە ، لەپاش کەمێ حەسانەوە ٠ ٠حەزم‌کرد ئەو خۆی بەهەموان بناسێنێ ؟**

هەناسەیەکی هەڵکێشاو وەك یادگارێکی کۆنی بەبیردا هاتبێتەوە وتی ناوم حمەئەمین کوڕی عەبدول کەریمە لە دێی بیاوێلە نزیك هەڵەبجە لە دایك بووم ٠

بەڵام کە پرسیارم لێکرد دەربارەی ساڵی لەدایك‌بوونی وەکو زۆر لە پیرانی کورد ساڵەکەی نەزانی بەڵام ئەنها شتێك کە لەپیری بووسەفەر بەلك‌بوو ٠

هەروەکو خۆی وتی تەمەنی نزیکەی ٧٨ ساڵ ئەبێت وەك هەموو منداڵێکی‌نری کورد سەرەتای ژیانی بەشوانی‌و بەرگەلەوانی بەسەربردوە لە دەوری بیاوێلە لەبەر ئەوە ناچار بەتایان ئەبردە بەر هەندێ کار بۆ رۆژگار بردنەسەر ٠

هونەرمەند وتی : پیاوێکم لەگەڵدا بوو ناوی حمە ئەمین بووشمشالی رۆژ جوان ئەزانی هەموو کاتێ خۆمم لێوە نزیك ئەکردەوەو سەرنجم ئەداو ئەنها ناواتم ئەوەبوو کە رۆژێك بێت منیش بتوانم وەکو ئەو شمشاڵ لێبدەم ٠

لەبەر ئەوە لەقامیش شمشاڵێکم دروست‌کردو کەوتمە ئووبیاکردنی بەڵام پچڕ پچڕوە بەردەوام بوونمو ئارەزووم لەشمشاڵ خێرا فێر بووم ، ئینجا وردە وردە گۆرانیەکانی نیشان ئەدامو منیش بەدوای ئەودا لێم ئەدا ٠

**ئەوەی شایەنی باسە هونەرمەند بۆ هەرکونێك لە کونەکانی شمشاڵەکەی کە بریتیە لەشەش کون ناونکی تایبەتی بۆ داناوە بەم شێوەیە : ١ ـ فەتاح پاشایی ٠ ٢ ـ ئەحمەد بەگی ٠ ٣ ـ هەوارەلانکێ ٠ ٤ ـ کەتان لەمل ٠ ٥ ـ فلیجی ٦ ـ مەملی مەمانە مەمۆ ٠ وەئەوەش بەپێی دەنگەکانی مۆسیقایە کە ئێستا بۆی دانراوە ( دۆ ،رێ ، می ، فا ، صول ، لا ، سی ) ئەگرێتەوە ٠ زۆر بەی ئەم ناوانە گۆرانی فۆلکلۆرین بۆ ئەوەی شارەزای کونەکان بێتو لە یەکیان چیا بکاتەوە ٠**

لە گەڵ حەسەن زیرەك نە ئاهەنگێکدا لە هەڵەبجە بەشداری‌کردوە ، بەڵام زۆربەی ژیانی لەماڵی ئەحمەد موختار جافدا بەسەربردوە وەشمشاڵی ژەنی بووە ، هەر لەبەر ئەوە بووە مەقامێکی بەناوی ئەحمەد بەگەوە داناوە ، کاتێ ئەحمەد بەك کوژرا ئەمیش تووشی گەلێ سزاو ئاوارەیی بووە ماوەی دوو ساڵ لەئێران گیراوە بەهۆی بەشدار بوونی لەگەڵ ئەحمەد موختاردا ٠

لەبەر ئەوەی خاوەنی هونەرێکی بەرزە زۆر لای خەڵك خوشەویستە وە تا ئێستاش خەڵك زۆر بێخۆشحاڵن ئەگەر لەلایان دانیشێت ٠ وەکاتێ پرسیارم لێکرد دەربارەی گۆرانی بێژانی کورد زۆر بەرێزەوە سەیری مامۆستا عەلی مەردانی ئەکردو گۆرانی هەورامیشی بە دڵە ٠

وە بۆ ئەوەی ئەو هونەرە بەرزەمان لەدەست نەچێت بەهیوام کاربەدەستان ئاوڕێك لەکەسانی وەك ئەم هونەرمەندە میللیە بدەنەوەو بەپێی توانا بەدەنگیەوە بچنو هونەرمەندەکانی موسیقای سلیمانیش بانگکراون ئاوازی رەسەنی کوردی لەمکابرا هونەرمەندە گەورەیە وەربگرنو ٠٠ بیژێننەوەو ٠٠ چاویشیان لەخاڵەمینەی مرۆڤ بێ ٠

○

**ئامادەکردنی هێرش محمد امین**

○

---

## « بیاف » ی گۆرانیبێژ

لە ساڵی ١٩٦٣دا مۆمی زیانی ئافرەتێك کۆزایەوە سەرنجی جیهانی ڕاکێشابوو ، بایەخێکی زۆریشی پێ ئەدراو ئێستاش هەر ئەو بایەخ پێدانەی پێ دەبێت ٠ لە دەروونی فەرەنسایی‌یەکانو خەڵقانی تری چوار گۆشەی جیهاندا دەنگ ئەداتەوە ٠

ئەو ئافرەتەش ( ئیدیت بیاف )ی گۆرانیبێژە کە هێشتا هەر لە دڵو دەروونی گوێگراندا دەژیت ، لەم دواییەداوبەبۆنەی تێپەڕبوونی چواردە ساڵ بە سەر کۆچ کردنیدا ، لە شاری پاریس پیشانگایەکی تایبەتی لە سەر گرایەوە ٠ مۆزەخانەکەشی بە ناوی ( مۆزەخانەی بیاف )ەوە دەرگای خرایە سەربشت ( دینیس گاسیۆن )ی خۆشکیشی کتێبێکی لە سەر بڵاو کردەوە لە کاتێکدا تەلەفزیۆنی فەرەنسا پرۆگرامێکی درێژی لە سەر بیاف بە بۆنەی یادی کۆچ کردنیەوە پیشاندا ٠

زۆر کەس هەن ( بیاف )یان نە دینوەو نەیان ناسیوە ئەوە نەبێت دەنگەجوانو ئایابەکەی دەبیستو گوێی لێ دەگرن لەگەڵ ئەوەشدا رۆژ نی‌یە جەبکە کۆل ئەخەنە سەر گۆڕەکەی لە گۆڕستانی ( بیر ـ لاشیز ) ٠

( جۆن کۆکتۆ )ی هاوڕێی دڵسوزی ، دەربارەی دەڵێت :

( وەك بڵێیت ئەوە خاتوو بیاف نی‌یە گۆرانی دەڵێت : بەڵکوو بارانەودا دەبارێت ٠٠ بایەو هاژەی دێت ٠٠ تیشکی مانگەو باڵ ئەدات بەیەکدا ٠٠)

---

### « شیعری نوێو تاقی‌کردنەوە »

یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر ، لە سەعات چواری ئێوارەی رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ١٥ـ١٢ـ١٩٧٧دا ، کۆڕێکی ئەدەبی ، لە هۆلی لاوانی هەولێر لەگەڕەکی سێتاقان ساز دەکاتو شاعیری لاو عەبدوڵلا عەبباس بانگ دەکات بۆ پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەیێکی ئەدەبی فراوان بەم ناونیشانەی سەرەوە هەموو رۆشنبیرو ئەدب دۆستێك بانگ کراون بۆ ئامادە بوون لەو کۆڕەدا ٠

**دەستەی بەڕێوەبەری**
**یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر**

---

**هەواڵێکی زانستی**

### چاری نەخۆشی درەخت

لە ژاپۆن رێگایەکی زانستی دۆزراوەتەوە بۆ چاری نەخۆشی داری سنەوبەر ئەویش بە گەیاندنی شەیۆلی کارەبای موگناتیسیەوە کە کرمی ناو دارەکە ئەکوژێو نایەڵێ ئەو کرمانە دارەکە لەناوبەرن ٠

ئەم رێگایە دوای ئەوە دۆزراوەتەوە کە کرم داویەنیە هەندێ داری سنەوبەر وە داری سنەوبەریش کەرسەیەکی بنەڕەتی دروست کردنی خانوە لە زاپۆن ٠

---

## رێگەو

وەك زۆر جار وتوونومانەو دوبارەمان کردۆتەوە ، بیروڕای سەربەستی دڵسۆزو داهینەر ، ودرخنەی بەسوود لە تێ‌گەیشتنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوریدا ، باجی لەسەر نیە ٠

**هاوڕێ صدام حسین**

---

### « گرفتی هەفتە »

**کاك جەلال قادر لەرانییەوە ، ئەڵێ :**

هەموو شوێنەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی پاسێکیان بۆ تدرخان کراوە ، تەنیا بۆرانییە نەبێت !؟٠

**هاوکاری :** هیوادارین لێ‌پرسراوانی پەرێز لە پارزگای سلێمانی ، پاسێك بۆ رانییە تەرخان بکەن ، ئەگەر تائێستا تەرخان نەکرابێت ٠

---

### ئاگادار کردنەوەیەك

ژمارە ( ٤٤ ) گۆڤاری بەیان بەتاسەوە باوەشی بۆ خوێنەرانی ئازیزی کورد کردۆتەوە بەڵام بەداخەوە نرخەکەی بەهەڵە ( ١٠٠ ) فلسی لەسەر نووسراوە ، کە راستەکەشی «٥٠» فلسە ٠ هیوادارین ئەم جۆرە ناتەواوییە نەبێت بەهۆی دلگرانیی خوێنەرانی گۆڤارەکە ٠٠

« بەیان »

---

## هەرچارەی نووسینێك

### ئافرەتی کوردو رۆژنامەگەری

● بێگومان وەك ئاشکراو ڕوونە ئافرەت لە گەڵ بیاوداو شان بە شانی بیاو دەورێکی گرنگو باڵا لە بەرەو پێشەوە بردنو دەوڵەمەند کردنی شارستانی‌دا دەگێڕێت ، بۆیە دەبینین مەیدانی هیچ ئیشو کارێك نەماوەتەوە ئافرەت لە دەرگای نەداتو بە دەستە ڕەنگینەکانی نەپرازێنێتەوەو بەرگێکی نوێو سوودمەندی بە بەردا نەکات ٠

● وەنەبێت ئافرەتی کوردیش کەمتەرخەمی‌ی کردبێتو لە گەڵ ئافرەتی هەموو سووچو قوژبنێکی ئەم زەمینە بەرینو فراوانو بەربڵاوەدا قۆڵی هیمەتی لێهەڵنەکردبێت ، بەڵکوو بەوپەڕی دڵسۆزی‌و هۆشیارییەوەو بێهیچ دوو دڵییەکیش خۆی‌و توانای هاویشتووەتە گۆڕەپانی ئیش کردنو بەردەوام بوونەوە تا بتوانێت وەکوو ئافرەتە خوابێداوەکانی میللەتانی دیکە بەشداری‌ی شارستانی‌و لایەنەکانی تری ژیانی میللەتەکەی خۆی بکات‌و ناوی خۆی لە لابەڕەی مێژووی ئیش کردنو هەوڵداندا تۆماربکات ٠

● لە گەڵ ئەمەشدا وەك هەستمان پێ‌کردبێت ئافرەتی کورد نەیتوانیوە ، تا ڕادەیەکی ئەوتۆ بە دەگمەن نەبێت ، بەشداری‌ی لایەنێکی گرنگی ژیانی ڕۆشنبیری‌ی ئەورۆمان بکات ، ئەو لایەنەش لایەنی ڕۆژنامەگەری‌یە ، تاکوو خامەی ڕەنگینی لێ‌بخاتە کارو شانی بداتە بەر ئەم ئەرکە زۆر پیرۆزو بێ‌پایانەو هەست بە لێبرسراوێتی بەرانبەر بەو کۆمەڵەی بکات تیایدا دەژێت ٠

ڕاستە ئافرەتی شاعیرو جیرۆکنووس‌و مامۆستاو پزیشك‌و برینپێچو ڕۆشنبیرو گۆرانیبێژ ٠٠ لە ناو کورددا هەڵکەوتوون ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەگەر بێتوو سەیری باری ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری‌ی کوردی بکەین ، سەیر دەکەین ئەو دڵخۆشکەرەی تیادا بەدی ناکەین شادییەك بخاتە دەروونمانەوەو ناوی دەیەها ئافرەتی ئیشکەری ، ئەو مەیدانە لە ئاسمانی ئەو ئەرکە پیرۆزو خاوێنەدا وەدی بکەین بدرەوشێنەوە ، ئەگەرچی دۆخەکە وامان لێ‌نەکات ، بڵێین تاکوو ئێستا ئەو ئافرەتە ڕۆشنبیرەمان نی‌یە بێ بە جەرگی خۆی‌دا بنێت‌و بەردەوام خامەی قەشەنگی شتی جوانو بە سوودو بە جەرگانەمان ، لە سەر لابەڕەی ڕۆژنامە کوردی‌یەکان‌دا پێشکەش بکات ٠

● لە گەڵ ئەوەش نیین ئافرەتی کورد ، لە شتی سلبی‌و نایەجێدا ، لاسایی ئافرەتی میللەتانی تر بکاتەوەو گۆڤارو ڕۆژنامە بێگانەکان کاری تێ‌بکات‌و بەپەڕەوی نووسین‌و لێکۆڵینەوەکانی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بکات یاخود هەندێك شتی لێوە وەربگرێت‌و سەرویۆتەڵاکی تێك بشکێنێت‌و پێشکەشی ئافرەتی تری قوڕپەسەری کوردی بکات ٠

ئێمە نامانەوێت ئافرەتی کورد هەنگاوی کوێرانە بهاوێژێت‌و باسی شتێکمان بۆ بکات بەیوەندی‌ی بە دۆخ‌و بارو ژیانی ئافرەتی کورد خۆیەوە نەبێت ، ئێستا ئافرەتی کورد ئەرکێکی گرنگ‌و ترسناکی لە بەردەدایەو ئەمەش وای لێ‌دەکات بەرانبەر بە پاشەڕۆژی ئەوەکانی داهاتوو هەست بە لێبرسراوێتی‌ی خۆی بکات ، جا بۆیە پێویستە ئەو ئافرەتەی ڕۆشنبیرەو دەتوانێت ئەرکی هەڵگرتنی خامەی ڕەنگین‌و ڕاستی‌ی دوور لە دەلەسەو تەلەکەبازی‌و خۆپیشاندان بگرێتە ئەستۆ ، بە دڵسۆزی‌و لە خۆبوردنەوە بێتە مەیدانی نووسین‌و ڕۆژنامەگەری‌و لەو مەسەلەو باسانە بدوێت‌و بکۆڵێتەوە کە ئافرەتی کورد پێویستی پێیەتی‌و لە ناو جەرگەی‌دا دەژیت ، لەم بارەیەوەش چاوەڕوانی هەوڵو کۆشش‌و خۆماندوو کردنی هەموو خوشکێکی ڕۆشنبیرو کوردی‌زان دەکەین‌و دەرگاش لە بەردەمی هیچ خامەیەکی دڵسۆزو نیشکەرو ڕاست نووس‌دا بێوە نادرێت ، ئەوەش عەرزو ئەوەش گەز ، سا دەی خۆشکان ٠٠ قۆڵی هیمەتی لێ هەڵبکەن ٠

**مکرم رشید تاڵەبانی**

---

## رشتەی هەڵبژاردە

### لەسەرەرێدا ٠٠٠٠

● **گۆڤاری نیشتمان :**

نیشتمان ، گۆڤارێکی ئەدەبی‌و سیاسی مانگی بووە ، لەشاری مهاباد لەلایەن کۆمەڵەی ژ٠ك دەردەهێنرا ، ٩ ژمارەی لێ دەچووە ژمارە ٩ی لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٥دا دەرچووە ٠

● **گۆڤاری رۆناهی :**

رۆناهی ، گۆڤارێکی ئەدەبی‌و زانیاری مانگی بووە، لەشاری بەغدا دەرچووە ، خاوەنی ئیمتیازو سەرەك نووسینی حافز مستەفا قازی بووە ، ژمارە یەکی لەمانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٠ دەرچووە ٠

**چی نووسراوە دەربارەی کورد ؟**

● دەربارەی چەند دەنگێك لەزمانی کوردی‌دا ، فیردیناند یوستی ، مار بورگ ، ساڵی ١٨٧٣ ، بەزمانی ئەڵمانی ٠

● فەرهەنگی کوردی ـ فەرەنسی ، ئیت جۆستی ، بترسبورگ ، ساڵی ١٨٧٩ ٠

● کۆمەڵە سەرنجێك لەئەدەبیاتی کوردی ، ئەلیکسەندەر ژابا ، سانت بترسبورگ ، ساڵی ١٨٦٠ ، بەزمانی فەرەنسی ٠

**کورد دەڵێت ٠٠**

● ئەڵی‌ی پێ بەمارا نەنێت ٠

● کارێکی کرد با بەدەواری شرێ نەکردوە ٠

● پورە فەرەنگێز : تۆ تەشیەکەی من بریس ، هینەکەی خۆت بدە بە نیوە رێس ٠

**وتەی بەنرخ**

● راستی تەنیا شتە کە هیچ کەسێك نایەوێت بروای پێ‌بکات ٠

ـ برنادشو ـ

● زانستی گەنجینەیەکە هەرگیز لە خاوەنەکەی جیانابێتەوەو هەمیشە لەگەڵی‌دایە ٠

**ـ پەندێکی چینی ـ**

**مەتەڵ ٠٠**

● سێ بایلکەی ٠٠ سەر رەشکەلەی گیف گیف کەرە ٠

● ماڵێکمان هەیە مەلە خاتۆرە قاچو قوڵ باریك سەربالی بۆرە ٠

● **چاپکراوی نوێ** ●

### رەنجی کریکار

ژمارە (٣)ی بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری یەکێتی نەقابەکانی گشتی کرێکارانی سلێمانی ( رەنجی کریکار ) بڵاوکرایەوە ٠

لەم ژمارەیەدا گەلێ باس‌و نووسراوی بەکەلکی نەقابی‌و ڕۆشنبیری بڵاو کراوەتەوە کە بێنوسی کریکاران بەشداری لە رازاندنەوەو دەرهێنانیدا کردوە ٠

**مرواریەك لەشیعری کلاسیکیماندا**

ئەو گۆڵانەی دەشت‌و کێوانەبەرەو سامانی دڵ
ڕەنگی ئاڵی هەڵمژیوە سەر هەتا دامانی دڵ
ئەرخەوان سووزە ، شەرابی کۆنی خوێنی چێشتوە
بۆیە « یاقوتە » هەموو بەردێکی گوڕستانی دڵ
هێندە « تفتە » کامی لێوی نەوشکۆفەی خونچەیی
بۆیە سوێرە ئەشکی چاوی بێ بەیی گریانی دڵ
دەك نمەك کوێربێ بەهار وەك ئەوگۆڵەت زوو هەڵوەران
خۆت لەبەر بێ‌ی‌دا بنێژە کوشتنە دەرمانی دڵ
مەی مەزەی بڕژاوە ٠ بڕژانە هەمیشە کاری ئەو
بۆچرووکی « مەست ئەکا »هەرگیز جزەی بورانی دڵ

**ـ دیلان ـ**

چاپخانەی (دار العراق) لە بەغداد

# هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەیدان، الفلاق، شەقاق، الجمهوریة،
بەغدا ص.پ ١٤١٥ تەلەفون ٢/٩٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

● پێنج شەممە ١٥ی کانونی یەکەم ١٩٧٧ ژمارە ٤٠٢ ●

● الخميس ١٥ كانون الاول ١٩٧٧ العدد ٤٠٢ ●


شۆڕش هاتە مەیدانەوەو دەنێنێتەوە لە ڕەوتی لەمەودوایدا زیاتر جێگیر دەبێت ، ئەو لەسەر بەڵێنی خۆیەتیو ئیلتیزاماتی خۆی بەرنادات ئەوە ڕێگایەتی ٠٠ وە ئەمە ڕەوشتو خویەتی ٠

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

# لەژێر چاودێری سەرۆکی فەرماندە کۆنگرەی بەغدای جیهانی کرێکارانی نەوت ئەبەسترێ

## فیداکارانی بەرەی رزگاری عەرەب لە ناوجەرگەی دوژمندا دەستیان وەشاندوە

### سەرۆکی فەرماندە چەند بروسکەیەکی پیرۆزبایی پێگەیشتوە

بەڕێز سەرۆك احمد حسن‌البكر بە بۆنەی سەری ساڵی کۆچی‌یەوە دوو بروسکەی پیرۆزبایی لە سەرۆك سالم ربیع علی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری یەمەنی دیموکراتی میللیو سەرۆك‌ضیاء الرحمن سەرۆك کۆماری بەنگلادیشی میللی‌یەوە پێگەیشتوە هەردوو سەرۆك سالم ربیع علیو ضیاء الرحمن‌لە بروسکەکانیاندا هەستی برایانەی خۆیان بەرامبەر بەگەلو حکومەتی عیراق دەربڕیومو بایەخیان بەوپەیوەندیە دۆستانەیە داوە کە لەنیوان وڵاتەکانیاندا هەیەوداوای پێشکەوتنێکی زیاتریان بۆ کردوە بەجۆرێك کەخزمەتی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان بکات ٠

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەو هاوڕێ صدام حسین :

## بەشدارانی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی زانستی عەرەبی لایەنی هەڵویستە سیاسیەکانی‌وڵات دەگرن لە مەسەلە چارەنوسیەکانی نەتەوەی‌عەرەبدا ٠٠

بەشدارانی ئەنجومەنی‌لێکۆڵینەوەی زانستی عەرەبی لایەنی هەڵویستە سیاسیەکانی‌وڵات دەگرن لە مەسەلە چارەنوسیەکانی نەتەوەی‌عەرەبدا ٠٠

وەفدی وڵاتانی عەرەبوئەو ڕێکخراوانەی کە بەشداری یەکەم کۆبونەوەی‌ئەنجومەنی یەکێتی‌ی لێکۆڵینەوەی زانستی‌عەرەبیان کردوە ستایشی هەڵویستە سیاسیەکانی وڵاتیان‌کردوە لە وەستانی بەرامبەر مەسەلە چارەنوسیەکانی‌عەرەب بەتایبەتی مەسەلەی فەلەستین ٠

ئەمەش لەو بروسکەیەدا دەربڕراوە کە وەفدە بەشدارەکانی کۆبونەوەکە بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشیان ناردوە ٠

ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ٠٠

بەبۆنەی دەستپێکردنی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یەکێتی‌ی ئەنجومەنەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی عەرەبی لەبەغداد لەنێوان ڕۆژی ١٢ ـ ١٥ی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ دا ٠٠ بەناوی ئەندامانی ئەنجومەنو وەفدی وڵاتانی عەرەبی ئەندام لەیەکێتی‌یەکەداو وەفدی ئەورێکخراوە عەرەبیانەی بەشداریان‌کردوە جوانترین سڵاو پێشکەشی بەڕێز سەرەك کۆماری عیراق موهیب احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو حکومەتی شۆڕشو گەلی عیراقی نەبەز دەکەمو سوپاسو ڕێزو ستایشی ئەوپشتگیریە دەکەین کە لە دامەزراندنی یەکێتی‌یەکەوە لەساڵی ١٩٧٥دا دەکرێتو گرتنەخۆی بەوی بارەگاکەی لەبەغدادا کرایەوەو سوپاس بۆ ئەو هەمو یارمەتی‌دارایە بەرچاوتیرانەیەی پێشکەشی یەکێتی‌ی کراوە کە هێشتا لە قوناغی دامەزراندنیا بوە ، داواخوازی سەرکەوتنی حکومەتو گەلی عیراق دەکەین لە کۆششو هەوڵو تەقلا نیشتمانی‌و نەتەوەیەکانیدا وە لەسەر هەڵوێستە جوامیرانانەیەدا کە لە مەسەلەکانی نەتەوەی عەرەبدا دەیان‌نوێنیت بە تایبەتی فەلەستینی سەربەستی خۆشەویست پەیمان بە نەتەوەی عەرەبمان دەدەین بەوەی یەکێتی‌یەکەو هەمو وزەیەکی بەرەو خزمەتێکی بەکاری ڕاپەڕینمان بەرین داواخوازین لەیەزدانی گەورە کە سەربەرزو گەشانەوە بەگەلی عەرەبمانو نەتەوە نەمرەکەمان بدات ٠

**دکتۆر نزار نظیف**
**ئەمینداری گشتی‌ی**
**ئەنجومەنی یەکێتی‌ی**
**ئەنجومەنەکانی**
**لێکولینەوەی عەرەب**

## وەفدێکی کوبایی گەیشتە بەغدا

دوێنێ ئیوارە دکتۆرکارلۆس روفائیل رودریگیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی‌دەوڵەتو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەکۆماری کوبای سۆشیالیستی لە گەڵ وەفدیکا بۆ سەردانێکی چەند ڕۆژی گەیشتنە بەغدا ٠

بەڕێز عزة ابراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ناوخۆو بەڕێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری نەخشەکێشان بۆ پێشوازی‌کردنی میوانی بەڕێز چوبونە فرۆکەخانە ٠

بەڕێز رودریگیز وتویەتی ٠٠ کە وەفدەکە لە گەڵ کاربەدەستانی وڵاتدا چەند گفتوگویەك دەکات دەربارەی پەیوەندی نیوان هەردوو وڵاتو ئەو مەسەلانەی ئەمڕۆ هەر دوو لایەخی پێدەدەن ٠

وە دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی عیراقو کوبا بەڕێز رودریگیز وتویەتی ٠٠ هەردوو وڵات ئامانجێکی هاوبەشیان هەیەو دەورێکی باڵا لە ناو کۆمەڵەی وڵاتە بێلایەنەکاندا دەگێڕن ٠

ئا٠ د٠ ع٠

### پیشانگایەکی پیشەسازی بولگاریا لە بەغدا

بەغدا ـ کانوونی یەکەم ـ دوێنێ بەڕێز حسن علی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بازرگانیو بەڕێز تسولوف جێگری سەرەك وەزیرانی بولگاریا پێشانگای پیشەسازی بولگاریا لەپیشانگای بەغدای دەولەتان کردیانەوە ٠

لەئاهەنگی کردنەوەی پیشانگاکە گەلێ لە وەزیرانو ئەندامانی وەفدی بولگاریا کە لەگەڵ بەڕێز تانو تسولوف هاتبوونو ژمارەیەك لە کاربەدەستان ئامادەبوون ٠

لەئاهەنگەکەدا بەڕێز حسن علی وتەیەکی‌داو تیادا دووباتی کردەوە کە ئەم جۆرە پیشانگانە پەیوەندی خەباتمانو ئەو ستراتیژیەی کە حزبەکانمانو هەردوو وڵاتی دۆست لە هەمو بوارێکدا بەیەك ئەبەستێت زیاتر ئەچەسپێنێت ٠

لەهەمان کاتدا بەڕێز حسن علیو بەڕێز تسولوف باسی پەیوەندی دووقۆڵی هەردوو وڵاتیان کرد لە ڕووی ئابوورییو چۆنیەتی پێشخستنی ئەم پەیوەندیانە ٠

## کۆنگرەی بەغدای جیهانی کرێکارانی نەوت لەپێناو قۆڵ کردنی تێکۆشانی هاوبەشدا ئەبەسترێ

ئیمڕۆکە لەبەغدا لەژێر چاودێری سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر لەهۆڵی‌زانکۆی مستنصریە کۆنگرەی جیهانی کرێکارانی نەوتوپترۆکیمیای دەوڵەتە بەرهەمهێنەکانی نەوتودەوڵەتە نەوت کارکەرەکان ئەکرێتەوەو ماوەی سێ‌ڕۆژ ئەخایەنێ ٠

کۆنگرەکە کە لەژێر دروشمی ( لەپێناوی قووڵ کردنەوەی تێکۆشانی هاوبەشی کرێکارانی دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوتو دەوڵەتانی نەوت کارکەر )دا ئەبەسترێ لە چالاکی‌یەکانی کۆمپانیا هەمەرەگەزەکانی نەوتو ڕەنگدانەوەیان بۆسەر باری ئابوری‌و کۆمەڵایەتی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان‌و وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوتو وڵاتە نەوت کارکەرەکان ئەکۆڵێتەوە ٠

هەروەها کۆنگرەکە لەو ئامانجانەش ئەکۆڵێتەوە کە لەبشت ئەوشتەوەن کە ناوئەبرێ بە گیروگرفتی وزەو وڵاتە سەرمایەدارەکان خۆیان دروستیان‌کردووە ، لەگەڵ گیروگرفتی نزم‌بوونەوەی ئابوری دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان‌و بەرهەمهێنەکانی نەوتیشدا کە لە ئەنجامی نرخ بەرزکردنەوەی بەروبوومی دەوڵەتە پیشەسازیەکانەوە سەری‌هەڵداوە ٠٠

هەروەها کۆنگرەکە لە توانا‌شکان بەسەر ئامادەکردنی ڕژێنی یەکگرتووی ئابوریشدا ئەکۆڵێتەوە لەنێوان دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان‌و بەرهەمهێنەکانی نەوتو نەوت کارکەرەکاندا . لەگەڵ دەوری چینی کرێکارانی گەرتی نەوتیش بۆ ڕاپەڕاندنی نەخشەکانی گەشەپێدان لە وڵاتەکانیانداو بەرەنگاربوونی نەخشەکانی ئەو داڕوخان‌و چەوساندنەوەیەش کە دەوڵەتان‌و کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان دژی ئەو وڵاتانە ئامادەی‌ئەکەن ٠ سەرەڕای کۆمەڵە باس‌و لێکۆڵیتەوەکیش کە وەفدە بەشداری‌کەرەکانی کۆنگرەکە بۆ ناقیکردنەوەیان لەبواری زەنێوهێنان‌و

بروانە : ل : ٤

### چەند بریارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان

سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین

**پێرێ شەو کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵە بریارێکی سەبارەت بەمەسەلەی فەلەستین دەرکرد کە کردەوەو ڕەفتارەکانی زایۆنی دوژمن لەخاکی داگیرکراوی عەرەبدا تاوانبار ئەکەن‌و داوای گەڕانەوەی فەلەستینیەکان ئەکەن بۆ ئەوشوێنانەیان کە بەزۆر لەدوای دەستدرێژی کردنەکەی ساڵی ١٩٦٧ دا پێیان بەجێهێڵراوە ، لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو فەلەستینیانەی بەزۆر لەخێوەتگاکانیان لەکەرتی غەزەی داگیرکراو دەرکراونو ئەو زەرەرو زیانەشیان بۆ بژێردرێتەوە کەلێیان کەوتووە ٠**

هەروەها کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان موافەقەتی لەسەر بریارێکیش کرد کە ماوەی ئیشی وەکالەتی یارمەتیدانی پەنابەران سێ ساڵی‌تر درێژەبکێشێتو لەڕۆژی سێ حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ دا دوایی پێ بێت ٠

موافەقەتی لەسەر بریارێکی تریش کرد کە داوا لەهەمو لاکانی ناوچەی عەرەبی دەکات بەشێوەیەکی بنەبڕانە بەلێن بدەن کە هیچ جۆرە چەکێکی ئەتۆمی نە دروست‌بکەن نەبیان بێت ، وەرگەکش نەدەن کە ئەو چەکە لەلایەن هیچ لایەکی ترەوە لە خاکیاندا دابنرێت ٠

### دەستدرێژیەکی تاوانبارانەی ڕژێمی ئەثیوبیا

دوێنێ ڕێکخراوی خاچی سووری دەوڵەتان ڕای‌گەیاند کە فرۆکەیەکی سویسرا بە (٣٣) تەن دەرمان‌و شتومەکی فریاکەوتنەوە کە هەڵی‌گرتووە، لە حەوتی ئەم مانگەوە لە نایرۆبیدا دەستی بەسەرا گیراوە ٠

ڕێکخراوەکە وتی ، ئەو شتومەکانە بۆ مەقادیشۆ نێرراوە بۆ یارمەتیدانی لێ قەوماوانی دەستدرێژی‌یەکەی ئەسیوبیا بۆسەر سۆمالی ڕۆژئاوا ٠

### بەرێز جێگری سەرکۆمار پێشوازی جێگری سەرەك وەزیرانی بولگاریای کرد

**دوێنێ بەیانی بەڕێز طه محی‌الدین معروف جێگری سەرکۆمار لە مەکتەبی ڕەسمی خۆی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشوازی بەڕێز تانۆتسۆلۆف جێگری سەرەك وەزیرانی بولگاریا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیستی بولگاریاو وەفدەکەی لەگەڵیەتی کرد ٠**

لە چاوپێکەوتنەکەدا کە بەڕێزان عبدالملك الیاسین وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو بەڕێز باڵوێزی بولگاریای لە بەغدا تێدا ئامادەبوون پەیوەندیی دۆستانەی نێوان عیراقو بولگاریاو ڕێبازی بەرەسەندنی پەیوەندی‌یەکەی تێدا باس‌کرا بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندی هەردو گەلی عیراقو بولگاریای دۆست بکات ٠

### گفتوگوی نێوان وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سادات‌و زایۆنیزمی دوژمن

دوێنێ ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیوارانی زایۆنیزم بڵاوی‌کردۆتەوە کە بەم زوانە گفتوگۆیەك لەنیوان وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سادات‌و زایۆنیزمی دوژمندا دەکرێت ئەو گفتوگویە تەواوکەری کۆبونەوەی قاهیرە دەبێت ٠

ڕۆژنامەکە لە زمان سەرچاوەیەکی ئاگاداری قودسی داگیرکراوەوە وتویەتی ئەم گفتوگۆیە لە نیوان بطرس غالیو موشی دایان‌دا لەوانەیە لە فەلەستینی زەوتکراودا بکرێت ٠

ئا٠ د٠ ع٠

### دەزگای چاپەمەنی ئەهرام کتێبێك لە سەر ژیانی بیگن دەر ئەکات

فەلەستینی داگیرکراو کانوونی یەکەم ـ ئا٠ د٠ ع دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەهرام ڕێککەوتووە کتێبێکی زایۆنی لەسەر ژیان‌و کردەوەکانی (٣٠) ساڵەی مناحیم بیگن سەرەك وەزیرانی دوژمن بڵاوبکات ٠

ئەو کتێبە کە دەوە نارەواکانی بیگن لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانی ڕێکخراوی ئەراگۆنی پیاوکوژ ئەخاتەروو کە لە کاتی خۆیدا دژی هاونیشتمانیە عەرەبەکان لەفەلەستینی داگیرکراودا بەرانبەر ئافرەتان‌و منداڵو پیرەپیاو وبەتایبەتی لە دێر یاسین کردوویەتی ٠

### قوتابی‌یە فەلەستینیەکان لە کوێت مان لە نانخواردن دەگرن

دوێنێ قوتابی‌یە فەلەستینیەکانی زانکوی کوێت بریاریان داوە کە مان لە نانخواردن بگرن ئەویش بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر کۆبونەوەی تاوانکارانەی زایۆنیزم‌و کاربەدەستانی ڕژێمی سادات ئەوەی شایانی باسە ڕێکخراوە میللی‌یەکانی فەلەستین پێرێ ئیزارە بەیاننامەیەکیان دەرکردوە ئەو گفتوگویە یان تیا تاوانبارکردوە کە ڕژێمی سادات لە گەڵ زایۆنیزمی دوژمنیدا دەکات‌و داوای کردوە کە بەرهەڵستی ئەوپیلان‌و نەخشانە بکرێت کە لە خاکی عەرەبدا تەنبیقی دەکەن ٠

ئا٠ د٠ ع٠

### گەشتێکی جیمس کالاهان

ئەمڕۆ لە لەندن وا بڵاو کراوەتەوە جیمس کالاهان سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لە سەرەتای مانگی داهاتودا کەشتێکی دە ڕۆژی دەکات لە گەشتەکەیدا سەر لە بەنگلادیش‌و هندستان‌و پاکستان دەدات کالاهان لە نیوان ٤و ٦ی کانونی دووهەمی داهاتودا سەر لە بەنگلادیش دەدات ، ئەمە یەکەم سەردانە کە سەرەك وەزیرانێکی بەریتانیا لە ڕزگاربونی بەنگلادیشەوە سەری لێدەدات ٠

وە لە ٦ تا وەکو ١١ی هەمان مانگ دەچێتە هندستان ڕاستەوخۆ دوای ئەوی دەچێت بۆ پاکستان ئەم سەردانە تا وەکو ١٣ مانگ دەخایەنێت لە ساڵی ١٩٧١دەوە یەکەم سەردانە کە سەرەك وەزیرانێکی بەریتانیا بچێت بۆ ئەو دوو وڵاتە ٠

کالاهان لەو سێ وڵاتە گفتوگو لە بارەی پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو وڵاتەوە دەکات ٠

کالاهان لە گەڵ سەرۆکی بەنگالی ضیاء الرحمنو موراجی دیسای سەرەك وەزیرانی هندستان‌و ضیاء الحق فەرماندەی گشتی‌ی سوپادا کۆدەبێتەوە ٠

ئا٠ د٠ ع٠

## سادات کۆنگرە خیانەتکاریەکەی ئەبەستێ

قاهیرە ١٤ی ـ کانوونی‌یەکەم ـ ئا٠ د٠ ع٠

دوێنێ لە ئۆتێلی مینا‌هاوس لە قاهیرە کۆنگرەی خیانەتکاری بەسرا ، کە نوێنەرانی زایۆنی دوژمنو ڕژێمی ساداتو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو نوێنەرەیکی پاپا پولس تیدابەشداربوون ، هەروەها وەفدێك لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەرۆکایەتی ئەنزیو سیلاسفو وەکو چاودێر ئامادەبوون ٠

کۆبۆنەوەی یەکەم دووای‌نیو سەعاتێك کۆتایی پێهاتو ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون دەستیان‌کرد بە کۆبۆنەوەی نهێنی‌و لەکۆبۆنەکەدا ووتاری سەرۆکی وەفدی ڕژێمی ساداتو وەفدی زایۆنیستە دوژمنەکان‌و سەرۆکی وەفدی ئەمریکی خوێندرانەوە ٠

شایانی باسە لێپرسراوانی ڕژێمی ساداتو زایۆنی‌یەکانی پێری چەند کۆبۆنەوەیەکیان کردبوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کونگرە خیانەتکارەکەی قاهیرە ٠

### سەرەك وەزیرانی زایۆنی بەپەلە سەر لە ئەمریکا ئەدات

**دوێنێ بەیانی قسەکەرێك‌بە زمانی حکومەتی دوژمنەوە بڵاوی‌کردەوە کە مەناحام بیگن‌سەرەك وەزیرانی قەوارەی زایۆنی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ‌سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر دەربارەی دۆخو باری‌ناوچەی عەرەبی بەرەو ئەمەریکا مل ئەنێ ٠**

قسەکەرەکە وتی ئەو گفتوگۆیەی لەسەر داوای بیگن ئەکرێ ، لەو کاروبارانە ئەدوێت کە لەو هەوڵو تەقەلایانەوە سەری هەڵداوە کە بە هێنانەدی ئاشتی لە ناوچەکەدا ناو ئەبرێ ٠

کۆشکی سپی ئەمەریکاش لە واشنتۆنەوە بڵاوی کردەوە کە بیگن ڕۆژی هەینی داهاتوو گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆك کارتەردا ئەکا بۆ باس‌کردنی ئەو پەیوەندی‌یانەی کە ئێستا بۆ هێنانەدی سازاندن لە ئارادان ٠

هۆی سەردانی کوتوپڕی بیگنیش هێشتا ئەزانراوە

بروانە ـ ل ٧

### فانس گەیشتوتە ریاض

دوێنێ بەیانی سایرۆس فانس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە قۆناغی شەشەمی گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی عەرەبی گەیشتە ریاض ٠

وەزیری ئەمەریکی لەسەردانەکەیدا بۆ سعودیە کە دوو ڕۆژ ئەخایەنێت باسی ئەو گۆڕانکاریانە ئەکات کە لەناوچەی عەرەبیدا دوای‌سەردانە سەرشۆڕانەکەی سادات بۆ فەلەستینی‌داگیرکراو هاتەکایەوە ٠

لەهەمان‌کاتدا گفتوگۆی‌نێوان فانس‌و سعود الفیصل وەزیری دەرەوەی سعودیەدەستپێکرا ٠٠ وەزیرەکان لە کۆبوونەوەکەیاندا باسی‌بارودۆخی ئێستای ناوچەی عەرەبیان کرد ٠

ئا٠ د٠ ع٠

# ده‌قی قسه‌کانی هاوڕێ طه‌یاسین رمضان ده‌رباره‌ی کشانه‌وه‌ی عیراق له کۆنفرانسی طرابلس

له‌به‌رئه‌و ڕێنوێنی‌یه‌ی وه‌رمان‌گرتبوو ، بڕیاری سه‌رکردایه‌تی به راشکاوی ئه‌وه‌بوو که به ناوی حزب‌و شۆرشه‌وه لـه‌م وڵاته‌داو به ناوی سه‌رۆکی به‌ڕێزه‌وه بیروڕای خۆمان له هه‌ڵسه‌نگاندنی قوناخی رابردوودا به کۆنفرانس بڵێین‌و قه‌ناعه‌تی خۆمان ده‌ربڕین که ئه‌م ڕێره‌وه‌ی رابردوو ، ڕێره‌وی خۆبه‌ده‌ســـته‌وه‌دان له‌ژێرسێبه‌ری بڕیاره‌کانی ئه‌نجـــومه‌نی ئاسایش‌و وتووێژی راسته‌وخۆدا ، بێویسته به ئاشـــکراو به راشکاوی ده‌ستی‌لێ‌هه‌ڵبگیرێ‌و پـــاڵ وه‌ستراتیژیه‌کی تازه بدرێ که‌له‌سه‌ر بنچینه‌یه‌کی روون دامه‌زرابێ ٠٠ پاش ڕێك‌که‌وتن له‌سه‌ر ئه‌م بنچینانه ڕێك‌که‌وتنی خۆمان راده‌گه‌یه‌نین‌و داوا له کۆنفرانس ده‌که‌ین که جارێکی تریش له ١٥ تا ٢٠ی ئه‌م مانگه‌دا له‌به‌غدا کۆبێته‌وه بۆ وتووێژ له‌سه‌ر به‌یمانی به‌ره ( میثاق الجبهه ) کـــه عیراق ئامادەی‌ده‌کا ٠ به کرده‌وه‌ش ئێستا په‌یمـــانی به‌ره‌مان به‌درێژی ئامادەکردوه کـه به‌چه‌شنێکی وردو میکانیکی ئه‌رکی هه‌رکامێك لـــه لایه‌نه‌کانی به‌ره بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی به‌کرده‌وه ده‌ست‌نیشان ده‌کا ٠

ئه‌وه‌شیان بۆ دووپات بکه‌ینه‌وه که ئه‌م به‌یمانه لانی که‌م پێنج ڕۆژ به‌ر له‌به‌سترانی کۆنفرانسی به‌غدا ده‌گاته ده‌ستی لایه‌نه‌کان بۆئه‌وه‌ی به‌سه‌ریدا ئاگاداربن‌و بیروڕایه‌کی روون بۆ لێکۆڵینه‌وه‌ی بهێنن ٠

راستیه‌که‌ی ئه‌وه‌یه کاتێك چووین ، زۆر له‌نه‌کاو سه‌عات ده‌ی ڕۆژی هه‌ینی رابردوو کـــه کۆنفرانس کرایه‌وه دیتمان که هه‌روه‌ك پاسمان‌کرد به‌پسوڵـــه‌ی کار ( ورقة عمل )یکمان لـــه به‌رده‌مه‌و نه‌ته‌نانه‌ت به‌رنامه‌ی‌کار ( جدول اعمال )یش ٠ به‌راستی ئێمه ئه‌و مه‌سه‌له‌یه به‌شێکی شکڵی دانانێین ، به پێچه‌وانه ئه‌و کاره که ئێمه به نه‌زیمی ناوده‌به‌ین بۆ کۆنفرانسێك که گه‌وره‌ترین مه‌سه‌له باس‌ده‌کاو بۆ کۆنفرانسێك که لایه‌نه‌کانی به پێنج ده‌وڵه‌تی پێشکه‌وتوو له ناو ٢٢ ده‌وڵه‌تی عه‌ره‌بیدا ناوبراون ، زۆر گـــرنگه ٠ کامه‌یه پله‌ی کارو ئه‌و شێوه‌و ڕێبازه که پاڵی‌وێ‌ده‌ده‌ین ، به چه‌شنێك که به‌کرده‌وه بتوانین به‌ره‌نگاری ئه‌و په‌لاماره نوێ‌یه ببینه‌وه که له‌ناوچه‌ی عه‌ره‌بی‌و لـــه ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و ناوچه‌یه‌وه روو به‌رووی ئه‌و پێنج ده‌وڵه‌نه ده‌بێته‌وه ٠ ئه‌مه خۆئامادەکردنێکی زۆری ده‌وێ ، هه‌ڵه‌یه‌و ته‌نانه‌ت کفره که خه‌ڵکی رابه‌ڕێنین که‌چی بۆخۆمان هیچمان بۆ ئه‌و ڕابه‌ڕاندنه ئامادەنه‌کردبێ ٠ بۆیه به‌راستی یه‌کێك هه‌قی هه‌یه نیشانه‌ی پرسیار بخاته سه‌ر ئه‌و جۆره‌کارانه هه‌رچه‌ند ناتوانێ گۆمان‌و دوودڵی هه‌بێ یان تۆمه‌تێك هه‌ڵبه‌ستێ به‌ڵام زۆرجار ئێمه به‌وه ده‌ڵێین سه‌رسوڕمان ٠٠ یان ته‌نانه‌ت نیشـــانه‌ی پرسیاریش داده‌نێین ، چونکه ئه‌و چه‌شنه‌کارانه بێویسته وردو دیراسه‌کراو بن له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پێوه‌ندیـــان به‌ژیان‌و چاره‌نووسی گه‌لانه‌وه هه‌یه ٠

هێنـــدێ نوخته‌گۆرانی مێژوویی له‌ژیـــانی نه‌ته‌وه‌کاندا هه‌ن ، تۆ که لێبرسراوێ هه‌ڵده‌گری ده‌بێ له‌وبه‌ری چاوه‌دێری و بایه‌خ پێداندابی ٠ به‌راستی به هیچ جـــۆر هه‌ستمان به‌مشته نه‌کرد ئێمـــه له‌م چاوپێکه‌وتنه‌دا هاونیشـــتمانان گوێیان لێ‌یه له‌به‌ر چه‌ند تێبینی‌یه‌ك باسی بیروڕای هێندێ لایه‌نمـــان نه‌کرد به‌ڵام له‌و باوه‌ڕه‌دام که هاونیشتمانان ده‌توانن له‌ڕێگای ئه‌و ئه‌نجامانه‌وه که کۆنفرانس به‌ده‌ســـتی هێنـــاون ته‌نانه‌ت هه‌ڵویســـتی لایه‌نه‌کانی تریش هه‌ڵسه‌نگێنن ٠ به‌ڵام داوای لێ‌بوردن ده‌که‌ین که‌ئێستا ئه‌مه لانی که‌م به‌درێژی باس‌ناکه‌ین ، به‌ڵام بێ‌گـــومان هه‌ڵوێستی سوریا که حافظ اسد نوێنه‌ری بوو ئـــه‌و ڕێبازو میحوه‌ره بوو کـــه بۆلای پشت‌به‌ستن به سیاسیه‌تی وتووێژو خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان رایده‌کێشا٠ ئه‌و سیاسه‌ته‌ی تا ئه‌مڕۆ سوریا له‌سه‌ری ڕۆیشتوه و زۆر به‌راشکاوی‌و روونیش له‌به‌ردەم هه‌موو به‌شـــداراني کۆنفرانسدا رایگه‌یاند ٠

یه‌که‌م قسه‌ی وه‌فدی عیراق راســـته‌وخۆ دوای قسه‌ی حافظ اسد بوو ، ئه‌مه‌ش به‌گوێره‌ی بڕیاری کۆنفرانس بوو که بیروزای ڕێکخراوی رزگارکـــه‌رو بیروزای سوریا ببیســـین بۆ ئه‌وه‌ی ئاگاداربین و تێ‌بگه‌ین که بێویسته چ هه‌ڵوێستێك بگرین ٠ جابۆیه باسی چه‌ند بڕگه‌یه‌کی هه‌ڵوێستی سوریا ده‌کـــه‌ین که به‌زمانی حافظ اسد وراست له‌کۆبوونه‌وه‌ی دووهه‌مێ ئێواره‌ی ڕۆژی هه‌ینی‌دا لـــه کۆنفرانسدا هاته‌گۆڕێ ٠ له‌سه‌ره‌تای قسه‌کانیدا حافظ اسد به‌ربه‌رچی دایه‌وه ، ئه‌و قسه‌ی ئێستا دەیکه‌م هه‌مووی له‌به‌ردەم سه‌رۆك و ته‌واوی ئه‌ندامانی ئه‌و شه‌ش وه‌فده‌دا بووه کـــه به‌شداری کۆنفرانس بوون ، بێگومان ئه‌مه قسه‌یه‌کی تۆمارکراوه لـــه ڕاپۆرته‌کانی کۆنفرانسدا جا چ وه‌ك تۆمارکردن له‌سه‌ر شریت یان وه‌ك نووسینه‌وه ٠ به‌ڵام کاتێـــك ده‌ڵێین مانای ئه‌وه‌یه ئۆبالی ئه‌و قسه‌یه ده‌خه‌ینه سه‌رشانمان ٠

بێم‌وایه هێندێ ڕسته‌و وشه‌مان له‌بیرده‌چن ، به‌ڵام هیچ شتێك له‌قسه‌کانی اسد زیاد ناکه‌ین چونکه من خۆم تاقیکردنه‌وه‌یه‌کم هه‌یه سه‌رۆك اسد ده‌ناسم و ده‌زانم ده‌توانێ قســـه‌ی خه‌ڵکی تر به جۆرێك لێك‌بداته‌وه که به هیچ جۆر له‌گـــه‌ڵ ڕاسته‌قینه‌ی قسه‌که‌یدا نه‌گونجێ ٠ به‌ڵام قسه‌یه‌ك که‌من ده‌ڵێم‌و بێ‌گومان ئه‌ویش به‌و جۆره که گوتوویه ده‌ببیسێ ، له‌وانه له‌هێندێ وشه‌دا به سه‌هوبچم ، بۆیه باســـیان ناکه‌م چونکه به نووسراوه‌یی له‌لام نین ، به‌ڵام له‌بیرم ماون چونکه ماوه‌یه‌کی زۆری به‌سه‌ردانێ نه‌به‌ڕیوه ، قسه‌یه‌ك که کرا له‌زه‌یندا دەمێنێته‌وه چـــونکه ئێش و ئازارو ناهومێدی بۆ مرۆڤ پێك‌دێنی" ، له‌وانه‌شـــه رسته‌یه‌کمان وه‌ك ده‌قی خۆی له‌بیر مابێ ٠

حافظ اســـد قسه‌ی خۆی ده‌ســـت‌پێکردو له‌لاڕاویستی به‌ربه‌رچی هێندێك بڕگه‌ی نامه‌کـــه‌ی سه‌رۆکی به‌رێزو وتاری جۆرج حه‌به‌ش بداته‌وه‌و گوتی هێندی ده‌سته‌ولایه‌ن هه‌ن که ده‌ڵێن ڕێره‌وی رابردووو بابه‌ندبوون به دووبڕیاره‌که‌ی ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی ژماره ٢٤٢و ٣٣٨ و به‌شداری له‌کۆنفرانسی ژنێڤـــدا به‌و جۆره کـــه ئه‌م شێوه کارو به‌ره‌و رووبوونه‌ی پێ‌هاتۆته گۆڕێ ، ئه‌مانه بوونه هۆی ئه‌وه کـــه سه‌ره‌نجام سادات بگه‌یه‌ننه قودس ٠ کوتی من ١٠٠٪ له‌گه‌ڵ ئه‌وڕایه موخالیفم‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌دا نیم که‌ده‌ڵێن ئه‌م ڕێره‌وه بۆته هۆی ئه‌م ئه‌نجامه ٠ ئه‌گـــه‌روایه ، بۆچی عبدالناصر کاتێـــك ڕایگه‌یاند به‌بڕیـــاری ژماره ٢٤٢ رازی‌یه نه‌چـــووه قودس‌و بۆ چی من نه‌چووم ؟ له‌کاتێکدا بڕیاری ژماره ٣٣٨و کۆنفرانسی ژنێڤیشم قبوڵ‌کردوه‌و ئێستاش له‌ناو ئێوه دانیشتووم ٠٠ تا ئێستا مه‌لیك حسینیش نه‌چۆته قودس ٠

هه‌روه‌ها گـــوتی ڕێره‌وه که راسته‌و هیـــچ هه‌ڵه‌یه‌کی تێدانیه ، ئه‌گه‌ر که‌سێکی واهه‌بێ کـــه باوه‌ڕی وابێ هێندێ هه‌ڵه‌ی تێدا هه‌ن من نایان بینم‌و ئه‌گه‌ریش هه‌بن زۆر چووکن‌و کار ناکه‌نه ســـه‌ر ئه‌نجامی ڕێره‌وه‌که ٠ بۆیه ئه‌گه‌ر هۆیه‌ك بۆ چـــوونی ســـادات بۆ قودس هه‌بێ ئه‌وا هۆیه‌که ئه‌وڵایه‌نو دەوڵه‌تو حزبانه‌ن که له‌گه‌ڵ ئێمه به‌شداری ئـــه‌م ڕێره‌وه نه‌بوون ، واته ئه‌و که‌ســـانه‌ی بڕیاره‌کانی ئه‌نجومه‌نی ئاسایشـــیان ره‌فزکردوه‌و ئامادەنه‌بوون له‌ژنێڤ له‌گه‌ڵ سه‌رکرده‌کانی زایۆنی دانیشن ، ئه‌وانه ساداتیان هان داوه بۆ ئه‌وه‌ی بچێته قودس ٠

سه‌رۆك اسد که ئێستا میحوه‌ری ئه‌و به‌ره‌یه‌که له‌کۆنفرانسی طرابلس ده‌رچوه به‌ومه‌نتیقه مه‌سه‌له‌ی هێنایه گۆڕی‌و ئه‌و هۆوسه‌به‌بانه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندکـــه باڵیان به‌سادانه‌وه ناوه بچێتـــه قودس یان باڵ به که‌سانی دوای ئه‌وه‌وه دەنێ ٠ هه‌روه‌ها گوتی ئه‌گـه‌ر ئێمه بمانه‌وێ ئه‌و ڕێره‌وه هه‌ڵسه‌نگێنین ، به‌شـــێکی ئیجابی داده‌نێین‌و ناتوانم لایه‌نه ئیجابیه‌کانی ئـــه‌و ڕێره‌وه خۆ به‌ده‌سته‌وه ده‌رانه‌یه بژمێرم وه‌ك زیادبوونی نرخی نه‌وت‌و که‌لك وه‌رگرتنی عه‌ره‌ب له‌وزێده‌نرخه ٠ یه‌کی‌تر لـــه به‌رهه‌مه ئیجابیه‌کانی ئـــه‌و ڕێره‌وه سه‌رنه‌که‌وتووه به‌ره‌ســـی ناسرانی ڕێکخراوی رزگارکه‌ره له‌ناوده‌وڵه‌تاندا به‌وه که نوێنه‌ری شـــه‌رعی گه‌ڵی فه‌له‌ستینه ، ئه‌مه‌ش ده‌سکه‌وتێکی گه‌وره‌یه کـــه ناتوانرێ ئه‌ندازه‌ی بۆ دابنرێ ٠

باسی ئه‌وه‌شی‌کرد که‌ڤێتنامیه‌کان‌و تووێژیـــان ده‌کرد ، داخـــۆ ده‌توانین بڵێین ڤێتنامیه‌کان خـــۆ به‌ده‌سته‌وه ده‌ربوون ، له‌بیرمه نموونه‌یه‌کی هێنایه‌وه‌و گوتی ڕێره‌وه که زۆر ڕاسته ، به‌ڵام هێنـــدێ هه‌ڵو مه‌رج له هێندێ قۆناخدا ده‌وریان له‌هێندی ئه‌نجامدا گێڕاوه به‌ڵام بێوه‌ندیان به‌ڕێره‌وه‌که‌وه نیه ٠ وه‌گوتی بۆ نموونه دوکتور جۆرج حه‌به‌ش بزیشکه ئه‌گه‌ر ١٠٠ نه‌خۆش بچێته لای‌و به‌ڕێکه‌وت یه‌کیان بمرێ ئێمـــه ده‌ڵێین پزیشکی ئه‌و که‌سه‌ی مراندو ده‌ڵێین پزیشـــکی له‌دنیادا نیه ؟ واته شێوه‌ی چاره‌سه‌رکردنی پزیشـــکه که وابووه که‌شانس یاریده‌ی نه‌داوه له‌چاك‌کردنه‌وه‌ی نه‌خۆشه‌که‌دا سه‌رکه‌وێ ، واته تاقه‌که‌س ده‌وری خۆی له‌شێوه‌ی چاره‌سه‌رکردندا ده‌گێڕێ ، به‌ڵام دیـــاره نا‌ڵێین پزیشکی ٠ به‌و جۆره ڕێره‌وی خۆ به‌ده‌سته‌وه‌ـ ده‌رانه‌ی وه‌ك ئه‌وزانستی پزیشکی‌یه دانا که بێویسته له‌چاره‌سه‌رکردنی مرۆڤی نه‌خۆشداره چاوبکرێ ٠

دیاره ئه‌و نموونه‌یه له‌گـــه‌ڵ مه‌به‌سته‌که‌دا ناگونجێ ، به‌ڵام بۆچی هێنایه‌وه ؟ نازانم ٠

ده‌ڵێن ئێمـــه دانمان به‌بڕیاری ژماره ٢٤٢ داناوه ، ئه‌مه ڕاسته‌نیه ، ئێمـــه دانمان به‌بڕیاری ژماره ٢٤٢ دا نه‌ناوه به‌ڵام ئێمه دانمـــان به‌بڕیاری ژماره ٣٣٨دا ناوه‌و جیـــاوازیه‌کی زۆربش هه‌یه ، مه‌ودایه‌کی چه‌ند زۆریان له‌نێواندا هه‌یه ٠

بڕیارێك وه‌ك بڕیارێك ناچێ‌و جیاوازی‌و لێـــك دووریه‌کی زۆریان له نێواندا هه‌یه ، به‌ڵام ڕاسته‌قینه شتێکی‌تره ٠

بڕیاری ٢٤٢ دانی پێدانراوه‌و بێش سێ‌ســـال له‌کۆڕێکدا له‌دیمه‌شق دان‌پێدانانی خۆی ڕاگه‌یاند ٠ سێ سال له‌مه‌وبه‌ر بێش ئه‌وه‌ی حافظ اسد بڕیاری ٣٣٨ قبـــول بکاچاومان بێ‌ی‌که‌وت ، ئه‌مه چاوپێکه‌وتنێکی مێژووییه بۆ یه‌ك‌خستنی دووڵات که ڕانه‌گه‌یاندراوه ٠ نوخته‌یه‌ك که عیراق بۆ حافظ اسدی هێنایه گۆڕێ ئه‌وه‌بوو که ڕابگه‌یه‌نێ بڕیاری ٢٤٢ ڕه‌فز ده‌کا ، به‌ڵام ئامادە نه‌بوو ، ئه‌و کاته‌ش ئێمه هیچ شه‌رتێکی‌نرمان نه‌بوو ، ئه‌مه واته قسه‌یه‌کی ڕاست نیه ، به‌ڵام ئـــه‌و ده‌ڵێ بڕیاری ٣٣٨ جیایه له بڕیاری ٢٤٢و وه‌ك ئه‌و ناچێ‌و له‌گه‌ڵی نایه‌ته‌وه‌و زۆریان جیاوازی هه‌یه ٠

یه‌کێك له‌به‌شداران ـ نامه‌وێ ناوی به‌رم ـ گوتی سه‌رۆکی به‌ڕێز بڕیاری ژماره ٣٣٨ چیه ؟

حافظ اسد بۆ خۆی بڕیاره‌که‌ی خوێندوه کـــه له‌سێ بڕگه‌پێك دێ : بڕگه‌ی یه‌که‌م شه‌ڕوه‌ستاندن ، بڕگه‌ی دووهه‌م بڕیاری ٢٤٢ به‌ته‌واوی‌و بڕگه‌ی سێهه‌م چوون بۆ ژنێڤ ٠ ئه‌مه مانای وایه‌که ٣٣٨ هه‌موو ٢٤٢ی تێدایه‌و ژنێڤیش ده‌گرێته‌وه ، واته که ده‌ڵێین ٣٣٨ مانای ئه‌وه‌یه که ئه‌و ، بنچینه‌یه ٠

عه‌قید قذافی پرسیاری لێ‌کرد به‌ڕێز ســـه‌رۆك حافظ : چاره‌که ســـه‌عاتێکه ده‌ڵێی فه‌رقیان هه‌یه‌و ئێستاش خوێندته‌وه ، فه‌رقه‌که‌ی چیه ٠ یه‌کێکیان که نامه‌وێ ناوی‌به‌رم وه‌ڵامی دایه‌وه گوتی ٠

به‌ڕێز عه‌قیـــد من به‌شێوه‌ی وێنه‌کێشان بۆت روون ده‌که‌مه‌وه جیاوازیه‌که له گوێ دایه ٠

گوتی وه‌ختێك ده‌ڵێین عه‌قید قذافی مه‌به‌ســـتمان کێ‌یه گوتی مه‌به‌ستتمان منه ٠ کوتمـــان واته تۆ ، وکاتێکیش ده‌ڵێین ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرشی لیبیا مه‌به‌ستمان تۆوخروبی‌و عبدالسلام جلود واتـــه تۆو ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش ٠

گوتی ئه‌مه یانی‌چی ؟

گوتمان له‌عیراق ئێمه ده‌ڵێین واته ته‌واوتر ٠ ته‌واوتر له ٢٤٢ ، گوتی ئێستا تێ‌گه‌یشتم ٠

دیـــاره حافظ ئه‌ســـه‌د بێده‌نگه‌ی لێ‌کردو له‌سه‌رقسه‌که‌ی ڕۆیشت پاشان گوتی هه‌رهه‌نگاوێکی بنه‌ڕه‌تی کـــه هاویشتوومه به پێوه‌ندی له‌گـــه‌ڵ کاربه‌ده‌ستانی عه‌ره‌ب بووه ، وگوتی ســـالی ٧٣ ته‌قه‌وه‌ستاندنم ڕانه‌گه‌یاندوه هه‌تا پێوه‌ندیم به‌هه‌موو کاربه‌ده‌ستانه‌وه نه‌کردوه ، پێوه‌ندیم به ســـه‌رۆك بومدین ، قذافی و سه‌رۆك به‌که‌وه‌گرتوه ، بیروڕای هه‌موویان ئیجابی‌و عه‌مه‌لی‌بوو ، هه‌رده‌تکوت له‌گه‌ڵ من له‌مه‌یدانی شه‌ڕدان ٠ ویســـتی وابۆ به‌شداراني کۆنفرانس ده‌ربخا کـــه ته‌قه‌وه‌ستاندن به ئاگاداری‌و موافه‌قه‌تی سه‌رۆکه‌کان بووه کـــه یه‌کێك له‌وانیش سه‌رۆك‌به‌کره ٠

زۆری قسه‌کردو له‌پێشداش گوتی هه‌ست ده‌که‌م هێندێك وای بۆچوون که ئێمه هاتووینه ئه‌م کۆنفرانسه موحاسه‌به‌ی یه‌کتری بکه‌ین‌و ئه‌مه‌ش ڕاســـت نیه ٠ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌مه بیروڕای منه ٠

باسی‌کرد گـــوتی پێش‌ماوه‌یه‌ك ئه‌مریکاییه‌کان پێوه‌ندی‌یان پێوه‌کردم‌و پێشنیاریان کرد که به‌شێکی زۆر له‌خاکی داگیرکـــراوی جۆلانم به‌بێ موقابیل و بێ‌وتووێژ وێ‌بده‌نه‌وه ، به‌ڵام من ڕه‌فزم‌کرد ٠

گوتمان بۆچی ڕه‌فزت‌کرد ؟ گوتی چونکه‌هه‌ست ده‌که‌م ئه‌وان که ڕێك‌که‌وتنی سینایان به‌ڕێك‌که‌وتنێکی دووەم له‌میسردا ڕاگه‌یاند ده‌یانه‌وێ ئه‌م ڕێك‌که‌وتنه‌ش له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌ساسه ڕاگه‌یه‌نن که‌هه‌موو وه‌ك‌یه‌کن ٠

ڕنگای هه‌نگاو به‌هه‌نگاوو متیش دژی هه‌نـــگاو به‌هه‌نگاوم ٠ دیاره ئه‌م مه‌نتیقه ڕاست‌نیه ، که‌خاکی وێ بده‌نه‌وه بێ‌موقابیل‌و به‌بێ باشه‌کشه ، ئه‌مه ڕاست نیه ٠ چونکه ئه‌و موافیقی بڕیاری ( ٣٣٨ )ه ٠ ئه‌مه‌ش واته دان‌نان به ( ئیسرائیل )و سنووورێکی بێ‌ترسدا ٠

له‌گه‌ڵ ئه‌م باشه‌کشه‌یه‌شیدا تاقه‌بستێکی له‌خاکی جۆلان وێ نه‌دراوه‌ته‌وه ٠

به‌بێ‌ئه‌وه‌ی شتێکی‌تربدا مومکین‌نیه بیـــده‌نێ ، ئه‌مه مه‌نتیقێکی ناراسته ٠ واته ئه‌و ته‌ئکید ده‌کاته‌وه که‌مه‌سه‌له‌ی فه‌له‌ستینی مه‌به‌سته نه‌ك خاکی جـــۆلان به‌ته‌نیا که له‌به‌رچاوی ئه‌و شتێکی‌که‌مه‌و ١٥ کیلومه‌تر نابێ ، جابۆیه به‌لایه‌وه گرنگ‌نیه ٠

من دوایه ده‌توانم به وتووێژ وه‌ری‌گرمه‌وه ، واته مه‌سه‌له‌ی جۆلان گیروگرفت نیه ٠

بڕسیار ٠٠ مامۆستا طه ئه‌م مه‌نتیقه بینـــه‌و به‌ڕۆیه‌که که له‌مێژه ڕژێمی سوریا فێری بووه بۆئه‌وه‌ی پاکانه له‌تاوانی خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دان بۆخـــۆی بکات‌و چه‌شـــنه نیشتمانیه‌ڕوه‌ری‌یه‌ك بدا به کرداره‌کانی هه‌روه‌ك چه‌نابت فه‌رموت ئه‌م شێوه ره‌فتاره‌ی ڕژێمی سوریا له‌لای ئێمه ناسراوه ، دیاره مه‌نتیقێکه دەیه‌وێ ره‌نگی نیشتمانیه‌ڕوه‌ریه‌تی لێ‌بداو خوانی بکاو هه‌وڵ ده‌دا خه‌ڵکی پێ‌فریوبدا ٠ ئایا مه‌نتیقی عیـــراق بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ئه‌و مه‌نتیقی بینه‌وبه‌ڕۆیه له‌به‌ردەم کۆنفرانسدا چ بوو ؟

وه‌ڵام ٠٠ به‌راستی دەمه‌وێ شتێکی تر ته‌واوبکه‌م پاش ئه‌وه‌ی قسه‌ی کردو بیانووی هێنایه‌وه و گـــوتی دیاره ئه‌م ڕێبازه‌ی که هه‌ڵمسه‌نگاند مومکین نیه لێ‌ی باشگه‌زبیمه‌وه ٠ وه گوتی وئه‌مه ده‌قی قسه‌که‌یه‌تی : من وه‌ك ســـه‌رکرده‌یه‌ك له‌سه‌رکرده‌کانی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب قبوڵ‌ناکه‌م که وشك‌بم و قبوڵ‌ناکه‌م له‌واقیـــع تێبه‌ڕم‌و ده‌بێ لـــه ڕووداوه‌کانداو له‌مه‌ڵ‌ومه‌رجی ناوده‌وڵه‌تان‌و جیهاندا کاریگه‌ریه‌تی خـــۆم بنوێنم ٠ جابۆیه ئه‌گه‌ر بمرم‌و زیندوو بمه‌وه‌و ئه‌گـــه‌ر مێژوو بکه‌ڕێته‌وه‌و ئه‌مڕۆ ساڵی ١٩٧٣ بێ هه‌ر له‌سه‌ر ئـــه‌و ڕێبازه ده‌ڕۆم به‌شێوه‌یه‌کی زۆر ڕوون ٠ له‌باش ئـــه‌م قسه‌یه‌و چه‌ند شتی‌تر که به‌راستی گرنگ‌نین ٠

حافظ اســـد گوتی داواده‌که‌م یـــان موافیقم سه‌رکردایه‌تیه‌کی عه‌سکه‌ری یان سه‌رکردایه‌تی به‌ره‌یه‌ك بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌کان دابمـــه‌زرێ‌و متیش بڕیاری ئاشـــتی‌و بڕیاری شه‌ڕ له‌به‌ردەم ئـــه‌و سه‌رکردایه‌تیه دێنمه گۆڕێ واته ئه‌و بڕیاری ئاشتی‌یان شه‌ڕده‌دا ٠ لێره‌دا قسه‌که‌ی ڕایه‌وه ٠

پاش ڕانه‌وه‌ی قسه‌کانی بێویست بوو ئێمـــه وتاری خۆمان بده‌ین هه‌رچه‌ند شـــه‌رت نه‌بوو نۆره‌ی ئێمه‌بێ چونکه وه‌فـــدی یه‌مه‌نی دێموکراتی بیروڕای خۆی ده‌رنه‌بڕیبوو ، هه‌ر له‌وکاته‌دا بێویست بوو ته‌نیا بیروڕای عیراق له‌باره‌ی به‌ره‌نگاربوون ( مواجهه )وه نه‌هێنینه‌گۆڕێ ، به‌ڵکوو به‌ربه‌رچی هێندێك له‌لایه‌نه‌ـ کانی وتاری اسد بده‌ینه‌وه که به‌بیروڕای ئێمـــه بۆ سه‌رلێ‌شێواندن بوون ٠

جادوایـــه هه‌ڵوێســـتر بیروڕای خۆمان ده‌ربـــاره‌ی ( مواجهـــه ) باس بکه‌ین ، ڕاستیه‌که‌ی ئه‌وه‌یه ئێمـــه ئه‌وه‌ی گوتمان هێندێکمـــان له‌هێندێکمان نارەحه‌ت نابین ، مادام کۆبوونه‌وه‌و مـــادام بڕیارمـــان‌داوه قۆناخه‌کـــه هه‌ڵسه‌نگێنین ، قســـه‌ش واوه‌ر ناگیـــرێ کـــه بـــه‌قازانجـــی فلانـــه‌و هی‌فیسارنیه ،به‌پێچه‌وانه ئێمه هه‌موولایـــه‌ك بێ هه‌ڵاواردن له گه‌ڵبوونی جیاوازیشدا بـــه خاوه‌ن قصـــور ( مقصر ) داده‌نێین ، باشـــترین لایه‌نی ئێمه هه‌رچه‌ند ئیدیعـــای گه‌وره‌ش‌بکا ، ئه‌وه‌ی پێویسته بۆ مه‌ســـه‌له‌ی فه‌له‌ستینی ته‌کردوه ، لـــه‌و بنه‌مایه‌وه هه‌رکام له‌ئێمـــه له‌سه‌رمانه به‌راشکاوی قســـه‌بکه‌ین‌و ڕێگاش به‌وه‌کـــه‌ی تر بده‌ین بیروڕای خۆی ده‌ربڕێ ٠

ئه‌مه به‌شی دووهه‌می ئه‌و نه‌دوه ته‌له‌فزیونیه‌یه که هاوڕێ طـــه یاسین رمضان ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی ته‌ته‌وه‌یی حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی ســـه‌ـ کردایه‌تی شۆرش ســـه‌رۆکی وه‌فدی عیراق لـــه کۆنگره‌ی به‌رزی ته‌رابلوس‌دا تێـــایدا دواوه ٠

له به‌ر ئه‌وه لـــه سه‌ره‌تای قسه‌کانماندا ته‌علیق له‌ســـه‌ر ئه‌و قسانه‌ی سه‌رۆك اســـد ئه‌دەین بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی کـــه ره‌وتی پێشومان گه‌یاندینیـــه ئه‌م ڕێگا داخراوه ، بێ گومان ئه‌و به داخراو ناوی نه ده‌برد ناوی به‌وه ده‌برد کـــه گه‌یاندینیه سه‌ردانه‌کـــه‌ی سادات ، هه‌روه‌ك ئه‌وه‌ی ئه‌مه سه‌ره‌تاو کۆتایی مه‌سه‌له‌کـــه بێت ٠ سادات بۆچی چـــو ئه‌گه‌ر نه‌چوایه دنیـــا ئاوه‌دان بو ٠ ئه‌مه‌و هیچی دیکه نی‌یه ٠ ته‌بعه‌ن ئێمه بۆ چونمان بـــه ته‌واوی له‌مه جیـــاوازه ٠ به‌لایه‌ن ئێمه‌وه شتێکی راسته وانه شێوه‌که کتوپڕی شته‌که جۆن کردی ، به‌ڵام به لێکدانه‌ـ وه‌مان دێته‌وه بۆ هه‌مان ئه‌نجام به‌لکو له‌وانه‌یه بـــه گورجی‌و شێوه‌که لێمان ده‌ربه‌ری کـــه سادات هه‌ڵسوکه‌وتی پێ کرد، له راستیدا زۆرمان قسه لـــه باره‌ی باکانه‌ی ئه‌نجامی سادات یا هه‌ر ئه‌نجامێکی هاوچه‌شنی ئه‌و سه‌ردانه‌وه کرد ، ئـــه‌م ره‌وته‌ی له ژێر سایه‌ی بڕیاری ئه‌نجومه‌نی ئاسایشدا گـــۆش کراوه ، هه‌رگیز ئه‌نجامی له‌مه چاکتری لێ ناوه شـــێته‌وه ، ئه‌بێته هۆی ئه‌نجامی چـــه‌ند رویه‌کی ره‌نگاو ره‌نگی به‌ره‌نگی جیاواز بۆیه کراو ٠ به‌ڵام وه‌ك سه‌ر ئه‌نجامێك‌و مه‌به‌ســـت‌و مه‌نزلگا ، وه‌ك مه‌نزلگا ته‌نیـــا مه‌نزلگایه‌ك ده‌بێت بۆ ئـــه‌م هه‌مو جم‌و جۆله‌ی له‌ژێر سایه‌ی ئه‌م بڕیارانه‌دایه ، وه ئـــه‌م شێوه‌یه‌ی کارکردن ٠

ئه‌وه‌ی ســـه‌رۆك حافظ باسی‌کرد ئه‌گه‌ر ئه‌م بڕیارانه بیان‌گه‌یاندنیایه جێـــگایه‌ك بێشوتر عبدالناصر ده‌چـــو ، سادات خۆی ده‌چو له راستیدا، بێم‌گوت ، ئه‌م شته راست‌نی‌یه چونکه هه‌ڵسه‌نگاندنی ره‌وته‌که ته‌نیا به ئه‌نجـــامی چونکه‌ی سادات نایه‌ت به‌بێ ئه‌وانی‌تر کێ ئه‌ڵێت دوای ماوه‌یه‌کی که که‌سانی‌تر ناچن ئایا ئه‌بێـــت هه‌مو له ئۆتۆمبیلیکدا سواربن‌و بچن بۆ قودس ٠ ئێمـــه رای خۆمان ده‌ڵێین ئه‌گه‌ر ئـــه‌م سیاسه‌ته به‌رده‌وام‌بێت سادات چو وه‌زۆریش ڕێ ئێده‌چێت که که‌سانی تریش بچن ٠ ئه‌وه به‌دوور نازانم که که‌ســـانی نریش بۆ قودس ، له‌وانه‌یه بوا شارێکی‌تر لـــه پێناوی وه‌دی هێنـــانی کۆبوونه‌وه‌یه‌کی راسته‌وخۆدا ،ئه‌وه‌ی مه‌به‌سته، به‌یه‌ك گه‌بشتن لـه شارێکدا زۆر گرنگ نی‌یـــه ، به‌س ئه‌وه‌یه ئه‌و شاره‌ی سادات بۆی چو حه‌ساسیه‌تو دۆخێکی نا ئاسایی خولقاند له دڵی هه‌مـو هاونیشتانی‌و له دڵی هه‌مـو عه‌ره‌بیکدا ، له‌وانه‌یه لـه دڵی زۆر لـــه ئه‌وروپایه‌کانیشدا ، چونکه شتێکی سه‌یریان‌دی ، به تایبـــه‌تی پێشکه‌وتنخوازو به‌سارێکانیان له ئه‌وروپا له به‌ر ئه‌وه بارمتـــه‌ی ئه‌وه‌چی‌یه که‌سانی‌تر ناچن تا ئیمـــرۆ نه‌چـــون قه‌ی‌ناکات ئه‌وه هه‌فته‌یه‌که که ڕۆیشتوه ئـــه‌و ڕۆژه کێ ده‌ڵێت که که‌ســـانی تریش ناچن چـــونکه ئه‌وان ئێستا ده‌ڵێن ئێمه ناچین کاتی به ســـادات ده‌گه‌یشتن پێش دوومانگ سیان‌و پێنـــج ده‌ی‌گوت بۆ ڕزگاری ســـه‌رـ جه‌می خاکی فه‌له‌ستین ته‌قه‌لا ده‌دەم ، به‌ڵام ئه‌وه‌ی وه‌رمـــ

# گەشتێك بە ئەستێرە گەشەدا

دەربارەی چاپکراوی نوێ

ـ محمد فریق حسن ـ

**ئاشکرایە کە زمان یەکێکەلەو کۆنەکە گەورانەی نەتەوەی لەسەر رادەوەستێ • بوونی هەر نەتەوەیەك تا رادەیەکی زۆر بەستراوە بە زمانەکەیەوە •• ووشە بەردی بناغەی زمانەو دیواری زمانی لەسەرهەلدەسێ • فەرهەنگیش ووشەکان لە وون بوونو بیروچونەوە قونار دەکا •• تاکو ئێستا فەرهەنگ سازیی کوردی لە قەد حالی خۆی چەند هەنگاوێکی باشی ناوە • جالەسەر دەستی زمان ناسانی کورد دا بوویێ یان هێبێگانەو ، توانیوێتی قەوارەی زمانەکە بپارێزیو سوودیش بگەیێنێ بەوکەسانەی ووشەی کوردییان مەبەستە •**

لەم بوارەدا چەند ئەستێرەیەکی هەن کە هەرگیز ناکرێ رەنجیان پشت گوێ بخرێ • بەڵکو پێویستە هەر کەباسی فەرهەنگو فەرهەنگۆك هاتە گۆڕێ بەرێزو بێزانینەوە ناویان بهێنرێ • لەمەوو ئەو ئەستێرانە گەشتر مامۆستا ( گیوی موکریانی )یە ، کە خاوەنی سێ فەرهەنگی چاپکراوە :

**فەرهەنگی رابەر ـ ١٩٥٠ ، عەرەبی کوردی •**

**کۆلکەزێرینە ـ ١٩٥٥ ، کوردی ، فارسی ، عەرەبی ، فەرەنسی ، ئینگلیزی •**

**فەرهەنگی مەهاباد ـ ١٩٦١ ، کوردی عەرەبی •**

ئەمەی دواییان فەرهەنگێکی گەورەی سی‌هەزار ووشەییە • کە داگرمو ، ووشەی گەلێك زاراوەی تێدایە ، بەشێوەیەکی تارادەیەك نوێ دانراوە •• جگە لەمامۆستا گیو ، بەرێزان خالو مەردۆخ ، کە خاوەنی فەرهەنگی خالو ، فەرهەنگی مەردۆخنو زۆر کەسانی تریش ••

ئەمجا دەزگا رۆشنبیریو زانستییە کوردییەکانیش بەش بەحالی خۆیان رەنجێکی باشیان داوە • لەمانە کۆڕی زانیاری کرد ، بە ( زاراوەی کارگێڕی ، زاراوەی هەمەچەشنە ، لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ ، زاراوە زانستییەکان •• ) هاوبەشیی کردووە ••

هەروەها بەرێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ( ١٩٧٢ )ی گۆڤارەکەی ( پەروەردەو زانست ) بۆ زاراوەی ماتماتیکو زانیاریو کۆمەڵایەتیو رێزمانو ئەدەبو بەرگری میللی تەرخان کرد •• لەملاو لەولاشەوە گەلێ هەوڵی تردراوە ••

تازەکیش مامۆستا ( فاضل نظام الدین ) لەتوێی ( ٧٧٠ ) لاپەڕەداو بە بەرگێکی جزوبەن کراوی زاراوەو فەرهەنگێکی نوێی پێشکەش کردین بەناوی ( ئەستێرە گەشە )وە • کە یەکێکە لە چاپەمەنییەکانی دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی •

بە پێشەکییەکی کورت دەست پێدەکاو بە تەوازوعەوە باسی فەرهەنگەکەیو رەنجی پانزە ساڵی دەکا •• دیارە ئەستێرە گەشە ، بەشێکی لە ژیانی نووسەر دابڕکردووە، رەنجێکی زۆری داوە ، بەرهەمەکەشی شایانی پێزانینو رێزلێنانە •• مامۆستا هەنگاوێکی پیرۆزی ناوە • بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ( وەکو خۆی دەفەرموێ ) لەکەمو کووڕی بە دوور نییە •• وامنیش لای خۆمەوە حەز دەکەم پەنجە بخەمە سەر هەندێ ناتەواوی ئەم فەرهەنگی ئازیزە ، بەو نیازەی توانیبێتم خزمەتێکی ووشەی کوردیم کردبێ ••

١ ـ نووسەر لەپێشەکیی فەرهەنگەکەیدا دەفەرموێ : « بۆیێك هێنانو دانانی ئەم فەرهەنگە بێجگەلەوەی درێغیم نەکردووە لە پرسیار کردن لەزۆر کەس ، چەند نوسراو بەردەستم کەوتبێو پەیوەندیی هەبووبێ بەم کارەوە هەموویم خوێندۆتەوەو سوودم لێ وەرگرتوون(١) ••• » •

نووسەر خۆی ووتەنی پانزە ساڵ پتری بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە • کەچی لەو سەرچاوە هەرە گرنگانەی کە راستەوخۆ پەیوەندیی بە ئیشەکەیەوە هەیە ( فەرهەنگی مەهاباد )ە ، بەو حسابەی لەگەڵ دەستدانە قەلەمی مامۆستا نظام‌الدین‌دا ( ١٩٦١ ) دەکەوێتە بازارەوە • کەچی بەنجەی بۆ رانەکێشاوە• کە ئەدەبوو رووبدا • خۆ ناشکرێ بۆی پاساو بدەینو بڵێین : بەردەستی نەکەونووە •• بە تایبەتی فەرهەنگی مەهاباد گەلێك داگرتەرە ووشەی گەلێك دایەلێکتو بێچووە دایەلێکتی تێدایە ، ووشەی زۆرترو رێکو پێکترە لە هی مامۆستا خۆی ، دیسان بەنجەی بۆ ( فەرهەنگی مەردۆخ )یش درێژ نەکردووە• کە ئەویش دوو خاسییەتی سەرەکی هەیە •• یەکەمیان : کوردی ، عەرەبی ، فارسییە •• دووەمیان : ژمارەیەکی زۆر وێنەی لەگەڵدایە •• ئەمە جگە لە دەیان سەرچاوەی تر • یان ئەو نووسراوانەی کەمامۆستا خۆی باسیان دەکا کە سوودی لێ وەرگرتوون ، بۆچی یەکە یەکە تۆماریان ناکا ؟••

ئەی ئەو کەسانەی یارمەتییان داوە ؟•• گیوی موکریانی ناوی دەیان کەس تۆمار دەکا کەدەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردووە(٢) •• جگە لەسەرچاوە کوردیو عەرەبییەکان کە بەلیستە تۆماری کردوون •

٢ هەندێ ووشە هەن زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرن ، بەڵام بەسەر نووسەردا تێپەڕیون • دیارە دەیتوانی بەیرس کردنو گەڕان بەدوای واتاکەیاندا نەکەوێتە ئەو هەڵانەوە • ئەمەش چەند نموونەیەکە :

ئامان : رحمه ، رأفه ، مغفره • ( بەواتای : دەفر ، قاپ ، هیربار ـ یش دێ )

باغە : مرض جلدی یصیب الخیول • ( واتاکەی تری تۆمار نەکردووە کە : جۆرە لاستیکێکە ، میتالێکە ) •

بژ : نفش ، منفوش • ( بە واتای : یاڵ ـ ی وولاخیش دێ ) •

بز : مفتوح ، واسع ، ( دەبوایە بیگوتایە : بۆچاو •• دیسان بەواتای : بزن ـ یش دێ ) •

بزمارکوت : عنقود العنب الرص المتلاصق • ( کەچی جۆرێکیشە لەترێو نووسەر بێی نەزانیوە ) •

بەرایی : تحمل ( کەچی بەواتای : پێشکەنگیش دێ •• کاتێ دەووترێ : پەرایی ئاوەکە گەیشت • پەرایی رانەکە گەیشت ) •

ئەزموون : تجربه • ( کەچی بەواتای : اختبار ، امتحان ـ یش دێ ) •

بانوو : سیدة ، ست • ( کەچی بەواتای : بان ، بەرزایی ـ یش دێ ) •

بەلەك : سوس ، نبات السوس • ( کەچی نێوانی ئەژنۆو پێ یشدەگرێتەوە • کە دەکاتە : پووز ) •

بەردەشۆر •• بەردەشۆرکردن : غسل التمن • ( کەچی بۆ شۆردنەوەی ساوەر ، نیسك •• هتد بەکار دێ ) •

بۆسۆ : رائحه القطن المحروقه •• (کەچی بەواتای : بەدناو ـ یش بەکاردێ ) •

باوەلێ : عزیز ، حبیب ، حبیبی •• ( کەچی بەواتای : بابیر ـ یش بەکاردێ ) •

برکە : قطاع •• ( کەچی بەواتای : بێستان ـ یش بەکار دێ ) •

٣ ـ وا دەردەکەوێ هەندێ جار واتای ووشەکەی بەتەواوی نەزانیوە ، بۆیە بەشێوەیەك لێکیداوەتەوە وەکو لاستیك دەکشێ،یان هەر لەموعەممادا هێشتوویەتییەوە • وەك :

ئاوبڕ : مرض یصیب الحیوانات •• ( بێ ئەوەی بێمان بڵێ تووشی چ جۆرە ئاژەڵێك دەبێ •• یان نووشی کوێێی دەبێ ؟! ) •

ئالە : مرض نسائی •• ( تووشی کوێێی ئافرەت دەبێ ؟ ) •

٤ ـ هەندێ ووشەی لەبنی تووڵێ بە هەڵە لێك داوەتەوە وەك :

ئامێری گوشین : مکبس ، آلة الکبس •• ( کەچی بەهیچ جۆرێك ئەو واتایە ناگرێتەوە •• دەبوو بیگوتایە : معصر ، آلة التعصیر ) •

بەیتو بالۆزە ، بەیتی‌بلە : محاوله ، مراوغه ، تکرار ، او الحاح فی طلب او حدیث • ( کەچی : بەیت = ملحمة •• بالۆزە = نوع من الغناء •• دوای ئەوە نەدەبوو ئەو دوو ووشەیە لەیاڵیەکدا دابنێ •• چونکە یەك واتا نادەن • )

٥ ـ نووسەر زۆر ووشەی گرنگی بیر چووە تۆماری بکا ، کە لەژیانی رۆژانەدا بات دەبنەوەو پێویستن وەك : ( ئاری ، ئاسکە ، ئاسکۆڵ ، ئاغر ، ئاوەنیا ، ئەوی ، ئەز ، ئەزبەنی ، ئەژمار ، ئەژمێر ، ئەژی ، ئەسپ سوار ، ئەمەك ، ئەمەکدار ، ئەملا ، ئەولا ، ئەوین ، ئەیرە ، ئەیهو ، تۆی ، تۆف ، ئاسۆگ ، ئالووده ، ئامێز ، ئاوێزان ، ئەوك ، بژوێن ، بستۆکە ، بسك ، بن‌بشك ، بنکۆڵ ، بۆرچین ، بۆسە ، بەرموور ، بەرەزا ، بەندەن ، بێر ، بێری ، بیزا ، بیرتیژ ، بینا ، بینەر ، بەرزەلنگ ، بەرنوێژ ، بەرنوێژی ، باغەیی ، بانەگا ، بانگاشە ، بزبزۆك ، بن‌پەل ، بن‌خەرمان ، بێرەمێرد ، ئاران ، ئێرەیی ، برۆ ، بزاوتن ، بژۆڵ ، بنەما ، بۆسارد ، باستان ، ئاستان ، ئاستانە ••• هتد ) •

دیارە ئەم سەرکۆزەرەی لێرەدا گرتوومە ، ئەنها هی دوو پیتی فەرهەنگەکەیە ( ك ،ب ) •• ئەگینا نووسەر بە هەزاران ووشەی گرنگی بیرچووەو کەوتۆتە سەدان هەڵەوە • کەماوە نییە هەموویان تۆمار بکەم !!••

ئەوی راستی بێ ، دەست دانە فەرهەنگو کۆکردنەوەی ووشەی کوردی هەرگیز بەتاقەکەسێك رانایەڕێ •• چونکە ئەوکەسە هەرچەندە شارەزابێ هێشتا ناتوانێ لەعەوەی هەموو دایەلێکتە بەرتەو بڵاوەکانی کوردی بێ ، هەرلە : باشووری تا کرمانجی خوارروو ،کرمانجیی ژوورروو ، گۆرانی ، زازا ، ئەمجا بە دەیان بێچووە دایەلێکتی وەك : سلێمانی ، سنەیی ، موکری ، سۆرانی ، کاکەیی ، هەکاری ، بایەزیدی(٣) ••• هتد • ئەم ئەرکە گرنگە هەر دەبێ لێژنەیەکی پسپۆڕو شارەزا بیگرێتە ئەستۆو ئەنجامی بدا •• دواجار هیوام بەهێزە کە مامۆستای بەڕێز بەسنگینکی فراوانەوە ئەم تێبینییانەم لێ وەردەگرێ ••

(١) ئەستێرەگەشە ـ ل ٦

(٢) فەرهەنگی مەهاباد ـ ل ١٩ ، ٢٠ ، ٧٤٢ ، ٧٤٣ •

(٣) زانیاری ـ ژمارە (٢) ساڵی ( ١٩٧١ ) زاراوەکانی زمانی کوردیو •• ـ کمال فوءاد •

## دانشتنێك لەگەڵ عەلی عارف ئاغای شاعیردا

**ئامادەکردنی جمال محمەد**

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا لە گەڵ شاعیری بە ساڵاچووی دڵتەڕ •• عەلی عارف ئاغادا وتووێژێکی هێمنانەمان کرد پێمانوت :

— کورتەیەکی ژیانی خۆتمان بۆ باس ناکەیت ؟

— خەڵکی سلێمانیمو هەر لە سلێمانی لە گەڕەکی دەرگەزێن لە ساڵی ١٩١٠ ـ ز دا لە دایك‌بووم ، پلەی خوێندنم هەتا ناوەندی بووە ، لە ساڵی ١٩٣٣دا لە دادگا بەنووسەر دانرام ، لەساڵی ١٩٥٨دا خانەنشین کرام •

— لە کەیەکەوە ئارەزوومەندی شیعربوون ؟

— لە تەمەنی دە ساڵیدا ئارەزووی خوێندنەوەی شیعرم بووە و شیعرم داناوە ، بەڵام لەو کاتەدا بەکەلکی بڵاوکردنەوە نەئەهات ، وە لەسەر خوێندنەوەی شیعرو ئەدەب بەردەوام‌بووم لە دوایی‌دا جاروبار لە گۆڤارەکانداشیعرەکانم بڵاوکراونەتەوە ، زۆربەی شیعرەکانم غەرامیاتە ، کۆمەڵایەتیو نیشتمان پەروەریو عاتفیە ئەمەش نموونەیەکی شیعریمە کە قوتابی بووم دام ناوە :ـ

**چاوەکانت کاری مەشرووعی لە بیربردوومەوە**
**تۆزی رێگەی مالی ئێوە چاوی پر کردوومەوە**
**سەبرو ئارامم نەماوە دانمە رازیم بەمەرگ**
**لێوی ئاڵو کولمی تۆ خوێنی دڵی خواردوومەوە**

— مامۆستا شیعرەکەت زۆر بەتامو زەوقە •• بەڵام کام شاعیر زۆر کاری تێ‌کردوویت ؟

— زۆر موعجیبم بەنالیو سالمو کوردیو زێوەرو مەولەوی •

— ئەی لە شاعیرەکانی سەردەمی خۆت ؟

— پیرەمێردو گۆرانو هەردیو ئەخۆلو کامەران ، چەندەها دانیشتنو ئەملاو ئەولامان بووە ، بێ‌کەس هاوڕێی شەوو ڕۆژم بوو ، هەردی تا بڵێی برادەرم بوو ، زۆریش شیعرەکانی هێمن مەهابادیم لا خۆشە ، زێوەر مامۆستام بوو ، شێخ سەلام هاوڕێی گیانیم بوو ••

— وا دەرئەکەوێ زۆربەی تەمەنت لەناو کۆڕی شاعیرانەدا بردوونەسەر •• بۆیە حەز ئەکەم بیروڕات دەربارەی شیعری نوێ دەربڕی ؟

— شیعری تازەی ئەمڕۆ لەبارەی ناوەرۆکەوە باشە ، وشەکان جوانن ، هەندێکیان واتاکانیشیان جوانو دلگیرە ، بەڵام کێشو قافیەیان نییە • ئەمەش لاسایی‌کردنەوەی ڕۆژاوایی‌یەکانە ، کە زۆربەی خەلك زەوقی لێ‌وەرناگرێ •• زەهاوی ئەڵێ :ـ

**انما الشعر اذا کان مشیرا للشعور**
**او اذا کان نزیها کاغارید الطیور**

— هەندێ شاعیر هەن وشك ئەبنەوە ، ئایە هۆی ئەمە چییە ؟

— بەعزێ هۆی ئابووری یان خێزانی یا عاتفی یان کەسی ئەبنە هۆی وشك بوونەوەی زەوق •

— بەرهەمەکانت چەندەو بۆ چی بڵاویان ناکەیتەوە ؟

— توانام لاوازەو چاپ‌کردنیش پارەیەکی زۆری ئەوێ ، نزیکەی ( ١٥٠٠ ) بەیتێ شیعرم هەیە ، کاتی خۆی لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی‌یەکاندا وەکو ( ژین ، ژیانەوە ، گەلاوێژ ، زاری کرمانجی ، ڕووناکی ) بڵاوم ئەکردنەوە ، زۆرتریش پەخشانم بڵاوئەکردەوە ••

— ئاواتت لە ژیانتا چییە ؟

— لە ژیاندا ئاواتم ئەوەیە ئەدەبی کوردی زۆر پرشنگ دار بێ لە جیهاندا وە گەلی کوردیش سەربەستو کامەران بێ •

— لە کۆتاییدا پارچەیەك لە غەزەلەکانتمان بۆ بڵێ :ـ

**چ ئەشمیلەی ئەڵێی دەنگی برنجی**
**بەڕووەمت میسلی شووشەی بێ‌گرنجی**
**لە باغی جوانی تۆدا بۆنی خۆش دێ**
**مەگەر نارنجی تۆ یاخو ترنجی**
**لەسەر تاپاتەوە عەیبی نەبینێ**
**هەچی کەس دای لە شێوەی تۆ سەرنجی**
**ئەکەم داوا بە ئومێدی مداوا**
**لە لێوت تاقە ماچێ گەر زەرەنجی**

## ئەزانی چۆن

هۆ نازدارە خەمبارەکە
هۆ چاوکاڵە بچکۆلەکە
ئەزانی چۆن •••
فێریان‌کردم لە باخی خەم
بە چەشنی هەنگ ••• بۆنی گوڵو نیرگزبمزم ؟
ئەزانی چۆن •••
رایان هێنام ••• نازناوێ زین هەڵبژێرم
ووشەی شیعر •••
بنەخشێنم ••؟؟
ئەزانی چۆن •••
رایان سپاردم •• دەنگی نازار بخنکێنم
فرمێسکی گەش بسووتێنم ؟
نا ••• نازانی ••!!
تەنیا هەرخۆم باش ئەزانم
ئەزانم چۆن سۆزی دەرونم هەڵرێژم
نهێنییەکان بدرکێنم
ئەزانم چۆن •• فێرکراوم
ووشەکانت ئەزبەربکەم •
ئەزانم چۆن •• راهێنراوم
چاوەکانت کلداربکەم
ئەزانم چۆن •• راسپێردراوم
خەندەو بزمت لە یادنەکەم •••

نزار خەیلانی

## مەمو زین و سەربخدانی خانی لەژیان

حمد علی حسین

**زۆرن ئەوانەی شاکارەکانی ئەدەبی کوردی‌یان نەخوێندووەتەوە ، بۆیە پێویستە بایەخێکی زۆر بدرێتە پێشاندانی واقیعی ڕۆشنبیری کوردی ئەویش لە نێوان دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌یەوە بۆ پتەوکردنی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد • ئەمەش وای لە ئەدیبە کوردی‌یەکان دەوێت بەتایبەتیو دەزگاڕۆشنبیری‌یەکان بەگشتی ، شاکارەکانی ئەدەبی کوردی بگێڕنە سەر زمانانی بێگانە •**

لێرەدا یەکێك لە شاکارەکان پێشکەش‌دەکەین کە کاری دەوڵەمەندی‌ی کردووەتە سەرکەرەسەی ئەدەبی کوردی بە قییەمە مرۆڤایەتی‌ئەستاتیکی‌یەکانی ، ئەویش شاکاری ـ مەمو زین ـی( ئەحمەدی خانی )ی شاعیرە ، شاعیری سروشت سۆفیە ـ تگەری کە ئەم بەرهەمەی بە ( ڕۆمیۆو جۆلێت )ی ئەدەبی کوردی دادەنرێت •

هەموو شتێك لە ( مەمو زین )دا کلاسیکیانەیە : بابەتەکەی : زۆرانبازی‌یە لەنێوان هێزی چاکەو خراپەدا ، پاڵەوانەکانی : ئەو چەشنە پاڵەوانانەن لە تراژیدیادا بەرچاومان کەوتوون : میرو جوامێرن ئەك خەڵکی سادەو ساکار ، ئەمانەش لە کەسەکانی شانۆ گەری‌یەکانی شکسپێر دەکەن • لەگەڵ شاکارەکانی تری ئەدەبی تراژیدیادا • هەروەها چەندچەشنە کەسێکمان پێشکەش دەکات کە هێشتا کە لە نێوانماندا ماون ، ئەمەش هۆیەکە زۆربەی شاکارەئەدەبی‌یەکانی یە نەمری هێشتووەتەوە بەبێ ئەوەی‌جەوهەرو ناوەرۆکی مرۆڤایەتی خۆیان پاراستووە •

ئەو سیمایانەی دەتوانرێت‌لەم چیرۆکەدا بەدی بکرێن : سروشتو پەیرەوی سۆفیگەر ـ یەتی • خۆشویستنی سروشت •• سیفەتێکە لە هەموو کوردێکدا هەیە کە لە شوێنەوارە هونەری‌یەکانیاندا ئاشکراودیارە ، کوردیش گەلێکە سروشت بە جوانی‌خۆی کاری‌تێ‌کردوون •• خۆشیان دەوێتو ئەوە دوای‌ئەوە گۆرانی‌ی بەباڵا دەڵێنەوە، ئەنجا ئەخواسە لای شاعیرێکی هەستناسکو ڕووح ناسك کە بەو پەڕی سۆزەوە باوەش بۆسروشت دەگرێتەوە لە جوانیو سیحراوی‌یدا جامی‌مەستی دەنێت بە سەرەوە ؟ بۆیە خانی‌ی شاعیر بەدیارترین شاعیری کورد ئەژمێردرێت لە باسکردنی جوانی سروشتدا ئەمەش لەوەدا هەستی پێ دەکەین کە شوێنەوارو تێڕوانینە فەلسەفەییەکانی دەخوێنینەوە • خانی توانایەکی‌مەزنی هەبووە لە خستنە پێش‌چاوی جوانی‌ی سروشتدا لە نێوان داهێنانەکانیەوە ، بۆیە کاتێك بەرهەمەکانی‌دەخوێنینەوە ، بەتایبەتی چیرۆکی « مەمو زین » ،هەست بەو جوانی‌یە دەکەین ، لە پێش چاومان‌دا ئاشکراودیارەو جڵو بەرگێکی پر سیحراوی‌و قەشەنگی‌ی لەبەرکردووە • من ناتوانم پرگەیەك لەو چیرۆکە شیعریە بە وێنەبهێنمەوە بۆ باسکردنی چونکە دەنك‌و دووان لە دوروەرجان‌داهەست بە جوانی‌ی ناکرێت ئەگەر هاتوو لە ملوانەکەیەکی‌بێ وێنەدا نەبێت •

**پەیرەوی سۆفیگەریەتی‌یەکێکە لەو هۆکارانەی شوێنەوارە فەلسەفی‌وئەدەبیەکانی خانی لە هی کەسانی تر جیا دەکاتەوە • یەك گیانێکی فەلسەفی‌ی هەبووە لە هەموو بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ، چی شیعرو چی پەخشان ، بەچەشنێك ، لەلای شاعیرانی سەردەمی ئەودا یان ئەوانەی‌هەوڵی ئەومیان داوە لاسایی بکەنەو ، نایبینین •**

ئەم پەیرەوە گیانی‌یە ،کەمۆرکی ئایینی پێوە دیارە ، زۆر ئاشکراو ڕوونە لەسەرنجدانی‌دا لە ژیانو خۆشەویستی‌و پەیوەندی نێوان بیاوو ژنەوە • ژیان کانی‌و کانیاوێکە ، یان وا دێتەپێش چاو ، بەڵای‌دا تێدەپەڕین لەو گەشتەی‌دا کەبەرەو جیهانی ڕاستەقینە دەڕۆین ، جیهانی ئازادی‌و جوانی‌و کامەرانی ، کاتێك باسی « مەم » لە سەرەمەرگ‌دا دەکات « ئەو ڕووحە بە خێرایی لەو قەفەزی ئیسقانینەوە ڕۆیشتە دەرەوە کە هەمیشە تێیدا ئازارو ئەشکەنجەی دەچەشت ، ڕۆیی بە زووترین کات بەرەو بەهەشتی خۆی » لەوێنە لە هەموو لایەکی‌دا ، هەموو هۆیەکی کامەرانی‌و شادی ڕەچاو دەکەین • لەوێدا خوا بەدەستی دادەری خۆی جامی کامەرانیمان پێشکەش دەکاتو لە ژێر سێبەری ڕەحمەتی خۆی‌دا پیرۆز بابی لە شیلەی خۆشەویستی‌مان دەکاتو شادمان‌دەکات ، هەموومان پێکەوە ڕوومەتی دەبینین ، هەروەها دەبێت بزانین خانی چۆن چۆنەکێ ڕوانیویەتە خۆشەویستی ، کە جەوهەرو بنەمای بابەتی چیرۆکە شیعریەکەیەتی تێکەیشتنی خۆشەویستی لای ئەو مل کەچی ئەو پێڕە وەك سۆفیەتگەری‌و ڕووحی‌یەیە کە باوەڕی پێیەتی ، خۆشەویستی ڕاستییەکی ڕووحی‌یە بەسەرو هەستو نەستدا زاڵدەبێتو پوختەی دەکاتەوە • باسی بەیەك گەیشتنی دڵداران بۆ یەکەمین دەکاتو دەڵێت « ئەوڕاستی‌یە خۆشەویستی‌بوو ، ئەو خۆشەویستی‌یە گیانی‌یە پوختەیەی کە بەسەرهەموو ئارەزۆویەکی لەشیدا سەردەکەوێت ، هەروەها بەسەر ڕاستی‌ی جنسی‌ی نێرێتی‌و مێیەتی‌دا» •

لەنێوان ئەو گەشتە خۆشەی کە شاعیر بۆمانی باس دەکات ، بەو شێوازە شیعری‌یە چیرۆك گێڕانەوەیەی ، دەبینین •• هەڵس‌و کەوتو ژیانی پر چەرمەسەری‌و ئەشکەنجەیان هیچ شتێکی سەیر نی‌یە چونکە لەدارشتنی خەیاڵی شاعیرەو هەمان هەڵس‌و کەوتەو ڕەوشت‌کردنە کە هەموو ڕۆژێك هەزارەها لەو جۆرەمان بەرچاو دەکەوێت چونکە ئەو کەسانەی لە چیرۆکە شیعریەکەدان زۆر جار دەیانبینین لە ژیانی خۆمان‌دا، سەیر دەکەین زۆرن ئەوانەی وەکوو مەمو زین زوڵمیان لێ دەکرێتو ئەوانەش زۆرن کە وەکوو ( بەکر ) مەرگەوەری فێڵبازو دووزمانن•

لەکۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم مافی تەواوم بەباسەکەو بابەتەکە دابێت •

## میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی بەڕێز عبدالحسین محمد شیخ علی بەڕێوەبەری گشتیی مەلبەندی نەتەوەیی بۆراوێژپێکردنی ئەندازیاریو میعماری چۆنە کۆشکی کۆماری بەبۆنەی دانانی لەم پایە نوێیەدا سوپاس نامەی خۆی لەدەفتەری میواندارییدا پێشکەشی سەرۆکی بەڕێز کردوە ٠

هەروەها بەڕێز تانوتز ولوف ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمنستی بولگاریاو یەکەم جێگری وەزیران چۆنە کۆشکی کۆماریو بەبونەی سەردانی لەولات ناوی خۆی لەدەفتەری میواندارییدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها بەڕێزان عبداللطیف احمد خلیل بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای تەسدیری عیراقو فهمی روفا هرمز سەرۆکی دەزگای گشتیی پیشەسازیی خانویەرە دروستکردن چونەتە کۆشکی کۆماریو بۆ دوعاخوازی چونیان بۆ دەرەوەی ولات ناوی خۆیان لەدەفتەری میواندارییدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها بەڕێزان محمد جعفر حسن العطار بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتی ئامادەکردنی پێویستی پزیشکیو دکتۆر مصطفی رجب بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای دووبارەکردنەوەی دڵنیاکردنی عیراقیو عبدالمجید خالد عبدالله بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای پێشانگاکانی عیراق چونەتە کۆشکی کۆماریو بەبۆنەی گەڕانەوەیان لەدەرەوەی ولات ناوی خۆیان لەدەفتەری میواندارییدا تۆمارکردوە ٠

## پارێزگاری تامیم لەگەڵ کادیرە شارەزاکان کۆئەنجامدەدەوە

کەرکوك ـ ئا٠ د٠ ع : ـ دوێنێ بەڕێز محمد حمزة پارێزگاری تەئمیم لەگەڵ کادیرە شارەزەکانو بەڕێوەبەرانی ئیدارە خۆجییەکانو شارەوانەکانی پارێزگاکە کۆبۆتەوەو باسی ئەو هەوڵانەکرا کە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی بەرنامەی بەرهەمهێنانی ساڵی ١٩٧٨ رەخسێنراوە ٠ لە کۆبوونەوەکەدا بریاردرا کە هەموو توانایەکی مرۆڤایەتیو هونەریو ئامێری دەزگاکانی میری ئامادەبکرێن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە لەکاتی دیارکراوی خۆیداو بەشێوەیەکی زوو ٠

## عیراق ٣٠ هەزار تەن خورمای بۆدەرەوە ئاردوە

لە سەرەتای وەرزی خورماوە لەمانگی ئەیلولی رابوردۆوە تاکو ئێستا ئەو خورمایەی ولات ناردویەتی بۆ دەرەوە خۆیداوە لە ٣٠ هەزار تەن ٠

کاربەدەستێکی دەزگای ناردنەدەرەوە هەواڵێکی وای ڕاگەیاندوە کە دەزگاکەیان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوە کە لەم مانگەدا ٩ هەزار تەن خورما بۆ بازارەکانی دەرەوە بنێرێت ٠

## گفتوگۆی نێوان عیراق و ملدافیا

دوێنێ بەیانی بەڕێز ئەحمەد حیلمی دیدی وەزیری سامانی ماسی لە کۆماری دورگەکانی مالدیف سۆشیالیستی گەیشتە بەغدا بۆ سەردانێك کە چەند ڕۆژێك دەخایەنێت ئەویش لە سەربانگیشتنی وەزارەتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ ٠

سەردانەکە بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی هاوکاریە لە نێوان عیراقو کۆماری مالدافیادا لە مەیانی ڕاوە ماسیداو بۆبینینی پرۆژە کشتوکاڵیکان لە ولاتدا ٠

بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ بۆ پێشوازیکردنی میوانی بەڕێز چوبوە فروکەخانە وهەر ٠

دوێنێ ئێوارە لەوەزارەتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ گفتوگوی نێوان عیراقو مالدافیا دەربارەی هاوکاریکردن لەمەیدانی ڕاوەماسیدا دەستی پێکردوە لایەنی عیراق بەڕێز لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ سەرۆکایەتی کردوە وە لایەنی مالدافیاش بەڕێز احمد حلمی دیری وەزیری ماسی سەرۆکایەنی کردوە لەیەکەم گۆبونەوەی گفتوگۆکەدا بنچینەیەی سەرەتایی هاوکاریکردنی نێوان هەردوو ولات لەمەیانیڕاوەماسیدا دانراوە ٠ لایەنی عیراق بەڕێز عامر مهدی صالح وەکیلی وەزارەتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ بۆ کاروباری تەکنیکی دەزگاکانو حسین یوسف عبد سەرۆکی دەزگای گشتیی پەرەپێدانی کشتوکاڵو عصام الملائکەجنگری سەرۆکی کۆمپانیای گشتیی ماسی بەشداربونو لەلایەنی مالدافیاوە بەڕێز محمد حلیم جنگری وەزارەتی ماسی بەشداربوە ٠

واچاوەڕوان دەکرێت کە ئەم گفتوگۆیە بێتە هۆی مۆرکردنی ڕێکەوتنێك لەمەیدانی ڕاوە ماسیدا بە پێی ئەورێکەوتنە ڕێگا بە پاپۆڕەکانی عیراق دەدرێت کە لە ئاوی هەرێمی مالدافیاداراوە ماسی بکات ٠

## هاوڕێ برهان الدین عبدالرحمن لە گەڵ کرێکارانی تامیم کۆبۆتەوە

**دوێنێ هاوڕێ برهان‌الدین عبدالرحمن ئەندامی سەرکردایەتی فوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری دەولە بۆ ڕێکخستنی کاروبار لەنیوان دەسەڵاتی مەرکەزیو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا لەگەڵ سەرۆکو ئەندامانی مەکتەبی ڕاپەراندنی یەکێتیی ناوخۆی ئیقلیمی کرێکارانی پارێزگای تامیمو کادیرە پێشکەوتوکاندا کۆبۆتەوە ٠**

لەو کۆبونەوەیەدا هاوڕێیان عبدالاله محمودو خلف خطاب ئەندامی سەرکردایەتی حزب لقی تامیم بەشداربون هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی فوتری لە قسەکانی ئەو کۆبونەوەیەدا دەستنیشانی ئەرکەکانی قوناغی ئەمڕۆی کردوە کە ئەتەوەی عەرەبی بیدا تیپەردەبێت لەگەڵ ئەو پیلانانەی دایەرە ئیمپریالیکانو زایۆنیزم دژی مەسەلە گرنگەی عەرەب بۆی سازدەکات ٠

هاوڕێ عبدالرحمن ئەوەی دوپات‌کردۆتەوە کەچینی کرێکاران چ دەورێکی هەبوە لە خەست کردنەوەی خەباتی ئەتەوایەتیو بەتینکردنی باوەڕی تێکوشانێکی سەرخەر بەسەر ئەو تەناقوزاتەی دەوری واقیعی ئەتەوەکەی داوە ٠

## وەزیری بازرگانی سەرلەقەتەرئەدات

بەڕێز حسەن عەلی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەفتەی داهاتو لەتەك وەفدێکی‌شۆڕش وەزیری بازرگانی ئابوریدا سەر لە قەتەرەدەدات ٠

بەڕێز وەزیری بازرگانی‌لەقەتەر گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستە قەتەریکاندەکات لەبارەی پەیوەندی ئابوریو بازرگانی نیوان هەردوو ولاتو ڕێگای پەرەپێدانی ئەو پەیوەندیانە ٠ لەهەمانکاتدا ڕێکەوتنێکی هاوکاری کردنی ئابوریو بازرگانی مۆردەکات ٠

ڕێکەوتنەکە لەلایەن‌قەتەرەوە شیخ ناصر بن خالد ئال ثانی وەزیری بازرگانیو ئابوری مۆری دەکات ئەویش بە مەبەستی ئەوەیە کەلیژنەیەکی هەمیشەی هاوبەش لە هەر دولا پێك‌بێت بۆهەڵگرتنی ئەرکی بە دوادا چونی جێبەجێکردنی‌بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەئابورێکان ٠

## ئەمینداری پەروەردەو ئەوقاف سەرلە پارێزگای سلێمانی ئەدەن

دوێنێ بەڕێز موسی صمد ئەمینداری گشتیی پەروەردەو فیرکردنی باڵا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیداو بەڕێز بەشیر ئەتروشی ئەمینداری گشتیی‌ئەوقاف بەسەردانێکی ڕەسمی چونەتە ناحیەیەی شارەزوروسیروانو مەرکەزی قەزای هەلەبجەو سەریان لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە داوەو کۆبونەوەیان لەگەڵ بەڕیوەبەرەکانی ئەو قوتابخانانەدا کردوەو لەو کۆبونەوەیەدا لە پێویستیو گیروگرفتی ئەو قوتابخانانە دواونو بریاری چارەسەرکردنیان داوە ، هەروەها سەریان لە دامەزراوە ئاینێکان داوەو بریاریان‌داوە کە زۆر لە مزگەوتەکان ئاوەدان بکەنەوەو دەست بەزۆر مزگەوتی ترداپێنو بریاری ئەوەیان‌داوە کە زیاتر لا لە مزگەوتی دیهاتەکان بکەنەوە ٠

ئەوەی شایانی‌باسە لەو سەردانەدا بەڕێز بەریوەبەری پەروەردەی سلیمانیو لێپرسراوی بەشی ئەوقافی سلیمانی هاوبەشیان کردوە ٠

## جێبەجێکردنی یاسای خانەسازیو ئاوەدان کردنەوە

**لەرۆژی سێ شەممەی ڕابوردوەوە وەزارەتی کارو خانەسازی دەستی کردوە بە جێبەجێ کردنی یاسا نوێیەکە ، بەگوێرەی ئەوە وەزارەتەکە ناوی دەبێت بە وەزارەتی خانەسازیو ئاوەدان‌کردنەوە ٠**

**ئەوەی شایانی باسە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم یاسا نوێیەی وەزارەتی خانەسازیو ئاوەدان کردنەوەی لە ڕۆژی ١٦ی مانگی تشرینی دووەمەدا دەرکردبو ٠**

## دوو هەواڵی پارێزگای نەینەوا

بەسەرۆکایەتی جێگری‌پارێزگاری نەینەوا دوێنێ لەو پارێزگایەدا لیژنەیەك بۆ بەربەستی‌کردنی لافاوێك هاتوە ٠

لیژنەکە ئامادەکردنی پێویستی خۆپاراستن لە لافاوی خستۆتە ئەستۆی‌خۆی، بۆ ئەم مەبەستە مەکینەو کەرەسەی گۆیزانەو گڵو خۆڵ دادەمەزێنێت ئەنجومەنی کشتوکاڵی پارێزگای نەینەوا لەکۆبونەوەیەکی دوێنێدا لەناوچەی ربیعەو ئاکریو شێخان ٥٠ هەزار دۆنمی بۆ کشتوکاڵی رابەر تەرخان‌کردوە ، ئەویش بەمەبەستی رابەراندنی کشتوکاڵی دێمی لەوناوچانەدا کە باراناویان مسۆگەرە ٠

لە کۆبونەوەکەدا بریاردراوە کە لقەکانی ئەنجومەن لەقەزاو ناحیەکاندا سەرپەرشتی‌یەکی ڕاستەوخۆی مەکینە کشتوکاڵیکان بکات بۆ ئەوەی هەمو وزەیەکی لە مەیدانی کشتوکاڵدا بخرێتەکار ، لەگەڵ دانانی ئەخشەیەك بۆ ڕێکخستنی کاروبار لەنێوان دەزگای محەتەکانو محەتەی بەکری‌دان لەمەیدانی کیڵانو تۆوکردنو دروێنەکردندا وە سەربەرشتی‌کردنی کاروبارەکانی تر ٠

## کۆنگرەی بەغا « پاشماوە »

پیشەسازی ئەوتو پترۆکیمیاو دۆخوباری بازاڕی جیهانیی ئەوتو کارتێکردنی لە سیاسەتو بەیوەندی‌یەکانی دەوڵەتاندا ٠ پێشکەشی ئەکەن ٠

وەفدی عیراقیش چوار باسی بۆ لێکۆڵینەوە خستە بەردەم کۆنگرەکە کە بەتایبەتیوون بەهەنگاوەکانی سەرکردایەتی سیاسی‌یەوە سەبارەت بە ڕێبازی ڕاستەوخۆ ڕەتیوەهێنانی سەرچاوە سروشتی‌یەکانو دەوری چینی کرێکاران لەسەرخستنی بریارەکانی میللی‌کردنو واقیعی پیشەسازی ئەوتو دوارۆژی پیشەسازی‌یەلەوڵاتدا ، لەگەڵ کاری سلیمانیەی چالاکیەکانی کۆمپانیا ئەوتی‌یەنانیشتانیەکانیش بۆسەر ئابوری دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانو بەرهەمهێنەکانی ئەوتو دەوریشیان لە کزکردنی ئەوت، عەمبارکراوی جیهاندا ٠

زیاتر لەسەد دەوڵەتو ڕێکخراوو ئوینەرانی چەندین کۆمپانیای ئەوتو پسپۆڕانی دەوڵەتان لەو کۆنگرەیەدا بەشدارئەبن ٠

## تەرخان کردنی ڕەویەك بۆ سایلوی دهۆك

ئەنجومەنی کشتوکاڵی پارێزگای دهۆك دوێنێ بەوە قایل‌بوە کە مافی دەستلێدانی ٤٠ دۆنم زەوی‌وزار ئەهێلێت ئەویش بۆ بنیات‌نانی سایلوی دهۆك لەو کۆبونەوەیەدا کە جێگری پارێزگار سەرۆکایەتی کردبو بریاری ئەوە دراوە کە لەئەنجامانی ٠ ئەنجومەنی لیژنەیەك بێك‌بهێنرێت بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی دەربارەی جێگای ئەو بیرە ئیرتیوازیانەی وابریارە کە لە ساڵی ئایندەدا هەڵکەندرێن ٠

ژمارەی ئەو بیرانە پتر لە ٧٠ بیرە ، لەگەڵ بەدواداچونی کاروباری ئەنجومەن سەبارەت چالاکی لقەکانی ئەنجومەنو سەردانێکی مەیدانیو بەردەوام بۆ ڕانینی بەکاری لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی بەرەبیدانی کشتوکالیدا ٠

## پیشانگایەکی فوتۆگرافی لە دهۆك

دوێنێ بەڕێز جێگری پارێزگاری دهۆك لەگەڵ هاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شوعبەی دهۆك پیشانگای وێنە فۆتۆگرافیەکان کە یەکێتی ئافرەتانی عیراق مەکتەبی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕێکخستبوو کردیانەوە ٠

پیشانگاکە کە سێ ڕۆژ ئەخایەنێت ڕەنگدانەوەیەکی ڕەوتی حزبی سەرکردەیەو ئەو دەسکەوتانەی کە ئافرەت وەدەستیهێناوەو بەشداری ئافرەتان لە ڕاپەراندنی پرۆگرامەکانی بەرپێدانی نەتەوەییو چالاکیەکانی مەکتەبی یەکێتی لە هەموو روویەکەوە ئەخاتەروو ٠

## ( هاوکاری )تان چۆن ئەوێ ؟

○

**خوێنەری بەڕێز :**

**لە ٩ـ١ـ١٩٧٨دا ، ڕۆژنامەی ( هاوکاری ) مژدی ژمارە نۆی تەمەنی لە دنیای ڕۆژنامەگەری کوردیدا دائەگیرسێنێ ، وەك هەموو کات بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوەو بەرەو پەرەپێدانی زیاتر پشتمان بە هاوکاری دۆستانەو پیشەنیاری خوێنەرانی بەڕێز پەستوە ئەمجارەش ، وە لە چوارچێوەی ئەخشەیەکدا بۆ پەرەپێدانی چاکتری ( هاوکاری ) نکامان وایە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە :**

**ـ پێشنیارتان ( تێکرا ) بۆ پیشخستنی ڕۆژنامەکە چی‌یە ؟!**

**ـ بیروڕات بەرامبەر چۆنیەتی دابەش کردنی لاپەڕەکان بەپێی باسو نووسراوەکان چیەو بەلای تۆوە چۆن بێ چاکترە ؟**

**ـ پێشنیارت چیە بۆ کردنەوەی گۆشەی نوێ یان لایەڕەی تایبەت بۆ ئەو کاروبارانەی بەلای تۆوە زیاتر شایانی بایەخ پێدانە ؟**

هیوادارین لە ئیستاوە هەتا کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم سوانە ئەم مانگە ـ وەڵامەکانمان پێگات‌و بەم ناونیشانە :

**بەغدا ـ مەیدانی خەلانی ـ دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی ـ ڕۆژنامەی ( هاوکاری )**

**بغداد ـ شارع الجمهوریة ـ ساحة الخلانی ـ دار الثقافة والنشر الکردیة ـ جریدة ( هاوکاری )**

## هەفتەی ئایندە موچەی ئەم مانگە دەدرێت

فەرمانبەران‌و موچەخۆرانی‌ولات لە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوەوە تاوەکو ڕۆژی‌شەممەی ڕێکەوتی ٢٤ی ئەم مانگە موچەو مانگانەکانی ئەم‌مانگەیان وەردەگرن ٠

وەزارەتی دارایی لە بەیاننامەیەدا کە‌ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو بڵاوی کردۆتەوە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوی دیاری کردوە بۆ ئەوەی موچەی ئەم مانگەی تێدا بدات بە فەرمانبەر سەربازیکان لە پایتەختداو ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢٢ی ئەم مانگە مانگانە بدرێت بە فەرمانبەرانی ئەو دایەرانەی سەر بە خەزێنەی مەرکەزین لەگەڵ سەربازەکانو کارگێرانی قوتابخانە ناوەندیو ئامادەیەکان لە پارێزگاکاندا ٠

وە لە ڕۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ٢٤ی ئەم مانگەدا مانگانەی ئەو فەرمانبەرو کارگیری قوتابخانە سەرەتایانە دەدرێت کە سەر بە خەزێنەی بەغداو خەزێنەی پارێزگاکانی ترن ٠

هەروەها موچەی کرێکاوە هەمیشەیەکان لەوکاتانەدا دەدرێت کە لەم بەیاننامەیەدا دیاری کراوە ، بەڵام موچەی کرێکارە وەختێکان لەکاتی دیاری‌کراوی خۆیدا ئەدرێت ، ئەمەش بە بۆنەی کۆتایی ساڵی داراییەوە ٠

## سەرۆکایەتی تەندروستی پارێزگای هەولێر هەرەوزێکی کوتانی کردوە

سەرۆکایەتی تەندروستی پارێزگای هەولێر بەهاوکاری لەگەڵ هەردوو پزیشکایەتی تەندروستی قوتابیانو دیهاتەکاندا لە هەموو قوتابخانەکانی پارێزگاکەدا دژی هەندێ نەخۆشی هەرەوەزیکی کوتانی کردوە ، هەرەوەزەکە سێ مانگ دەخایەنێت ٠

ئەم هەرەوەزە بەشێکە لە نەخشەی وەزارەتی تەندروستی بۆ پێش‌کەش‌کردنو پەرەپێدانی خزمەتی تەندروستی خۆپاراستن بە هاوولاتیان ٠

## دەستوری نوێی باخچەی منداڵان لەوڵاتدا

هەفتەی ڕابوردو دەستوری‌باخچەی منداڵانی ژمارە ٤٢ ی ساڵی ١٩٧٧ دەرچوە ٠

دەستورەکە لە پرگەکانیدا ئەوەی دیاری کردوە کە باخچەکانی منداڵان ئەومنداڵانە وەردەگرێت کە مەرجی پێویستیان نیادایە ،دوخێکی لەباری ئەوتۆیان بۆ سازدەکرێت کە (امنی ئەوبێت‌بە چاکی پەروەردە ببنو لە چەوتی کۆمەڵایەتیوسایکۆلۆژی دوریان خاتەوە ٠

ئەم دەستورە تازەیە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی داناوە بەوەی ئەرکی کردنەوەو بەڕیوەبردنی باخچەکانی‌منداڵان لەوڵاتدا بکرێتە سەرشانی لەگەڵ ئەو باخچەی‌منداڵانەی کە تایبەتین بە منداڵانی هەتیوو دۆزراوەو منداڵانی بەندەکانەوە هەر ئەو سەرپەرشتیان دەکاتو چۆنیەتی وەرگرتنیان دیاری دەکات ٠ هەروەها ئەرکی ئەوش خراوەتە سەرشانی وەزارەتی ناوبراو کە باخچەی منداڵان بۆ دەزگارەسمیو نیمچە ڕەسمیو نیقابەو ڕێکخراوەکان بکاتەوە ٠ وەزارەتەکە لە هەرپارێزگایەك لیژنەیە پێك دەهێنێت کە نوێنەری وەزارەتی پەروەردەو تەندروستیو ناوخۆو کارو کاروباری ناخۆی تێدادەبێت بۆ دانانی ڕێگەو بەچینەو نەخشەی باخچەکانی منداڵانو لێکولینەوەی ئیجازەدان سەرەڕای سەرپەرشتیو چاودێری‌کردنی لایەنی پەروەردەکردنو تەندروستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێشکەش کردنی ئامۆژگاریو پێشنیار بۆ بڵندکردنەوەی ڕادەی ئەو باخچانە لەڕێگای پشکنینی پەروەردەیەوە ٠ دەستورەکە ئەو مەرجە هونەریو تەندروستیانەی دیاری کردوە کە پێویستە بۆ وەرگرتنی ئیجازە وەرگرتن هەبێت ، کە ئەویش بریتی‌یە لە خانوبەرەیەکی یەك نهوم چەند ژوورێکی نوستنی تیدابێت هەر ژوورەی بۆ تاقمێك منداڵ تەرخان کرێت بە جورێکیوا کە لەگەڵ تەمەنی ئەومنداڵانەدا بگونجێت هەروەها هۆڵی یاری‌کردنو نان خواردن سەرەڕای باخچەیەك ٠

دەستورەکە ئەوەی بەچاکی دیاری کردوە کە پێویستە بۆ هێنانو بردنی ئەو منداڵانە چەند ئۆتۆمبیلێك هەبێت ٠ بەگوێرەی ئەم دەستورە ئەو منداڵانە وەردەگیرێن کە شیرەخۆرەن تاوەکو تەمەنی حەوت ساڵی ٠

## هەڵبژاردنی نیقابەی پارێزەران

ڕۆژی سیازدەی مانگی داهاتو هەڵبژاردنی نیقابەی پارێزەران لە بەغداو هەمو لقەکانی‌تری لەوڵاتدا دەست پێدەکات ٠

نیقابەی ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا ناوچەکانی ئیستینافی بەغداو نەینەواو بەسراو بابلو کەرکوکو سەرۆکایەتی دادگای ئیستینافی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەپارێزگای هەولێر بۆ شوێنی ئەو هەڵبژاردنە دیاری‌کردوە ٠

بەیاننامەکە داوای لە هەیئەی گشتیی نیقابە کردوە کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی یازدەی مانگی داهاتو لە بارەگای نیقابە بۆ لێکۆڵینەوەی کاروباری ئەنجومەنی نیقابەو مۆرکردنی حیساباتی بودجەی پێشوو بریاردان لەسەربودجەیەکی نوێی نیقابەکە کۆبێتەوە ٠

## ٣٠ لۆری گەورە بۆ گوێزانەوەی کەلوپەل

**بەریوەبەرایەتی گوێزانەوەی‌کەلوپەل سەر بە ئەمینداریتی گشتیی بەریوەبردنی گوێزانەوەو هانوچۆکردن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە سەرەتای مانگی‌داهاتوەوە بۆ یەکەم جار ئەرکی گوێزانەوەی کەلوپەل لە نیوان‌پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو پارێزگاکانی تری‌وڵاتدا دەگرێتە ئەستۆو لەم کارەدا ژمارەیەك لۆری‌گەورەی خۆی بەکار دەهێنێت کە بەرەودوا دەیانخاتە کاربەڕێز ئەمینداری گشتیی بەریوەبردنی گوێزانەوەوهانوچۆکردن لەم بارەیەوە وتویەتی ٠٠ ئەمینداریکەی ٣٠لۆری گەورەی بۆ ئەم کارە ئامادەکردوە کە بەرەودوادەیانخاتە ئیش‌کردن ٠٠**

ئا٠د٠ع

## مەنبەندی قەلاچوکردنی نەخوێندەواری لە پارێزگای ئەنباردا

بەریوەبەرایەتی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لەپارێزگای ئەنباردا دوێنێ کۆڕێکی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بۆژنانی گەرکی پیشەسازیی سەربە کۆمپانیای گشتیی پیشەسازی شوشەو سیرامیك کردۆتەوە ، بەم پێیە ژمارەی مەلبەندەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لەو پارێزگایەدا گەیشتۆتە ١٦٧ ، لەم مەلبەندانەدا پێنج هەزارو ٧٩٤ کەس تێیدا فێری خوێندنو نوسین دەبن ٠

## قوتابیانی نەینەوا لە دوونەدوەی خراواندا

دوێنی لیژنەی ڕۆشنبیری‌وڕاگەیاندنی مەرکەزی یەکێتی‌ی نیشتمانی قوتابیانی عیراق‌لقی نەینەوا نەدوەیەکی بۆ خوێندنگای پیشەیی‌تەندروستی ڕێکخستوە لە نەدوەکەدا ئەنجامەکانی سەردانە تاوانکارێکەی سادات‌و ڕوداوەکانی ئەمڕۆی‌وڵاتانی عەرەب ڕوونکراوەتەوە ٠ نەدوەیەکی‌تریش بۆ قوتابیانی خوێندنگای مامۆستایان لەموسڵ پێك‌هاتوە ٠

قوتابیان لەو دوو نەدوەیەدالایەنگیری هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌وشۆڕشیان‌کردوە لەبەربەست‌کردنی ئەو چارەسەریە خۆبەدەستەدەریو پرسەرشۆڕیانەی ئەمڕۆکەلەکایەران ، قوتابیان دووبارە نارەزایی توندی خۆیان‌بەرامبەر سەردانە پرشەمەزارێکەی سادات نیشان‌داوە کەوەك تیغێکی‌بڕندە لەدڵی نەتەوەی‌عەرەبدرا ٠

ئا٠د٠ع٠

پاشماوەی

# دەقی قسەکانی هاوڕێ طەه یاسین رمضان دەربارەی کشانەوەی عیراق لە کۆنفرانسی طرابلس

چۆن‌چۆنی ؟ چۆن دەبێت‌بیجگە لە تێگەیشتنی ئێمەو ڕێکەوتنمان بۆ ڕوانینەستراتیژیەتی زایونیزم‌و جولەکە لە خاکی زەوت کراوداکەسی تر نەزانێت،مەبەستیان‌و بونیان بۆچی بوە ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ میژوو هەریەکە لە ئێمە دەزانێت میژووی ئەم‌مەسەلەیە چی‌یە چۆن دەستی‌پێ‌کرد ئامانجی دوری چی‌یە ئەگەر بەردەوام بێت ئەم بارگەوتنەی ئیستا ئێستا کەڕۆیشت بۆ سەرنجدان اسد باسی‌کرد ئەنجامی ئەم‌ڕەوتە خۆبەدەستەوەدەریە ڕاستیمان وت ئێمە سەیرمان‌لادێت کە بوترێت ڕەوتی مفاوەزات بوە هۆی گران‌بونەوەی نەوت ٠ نەوت گەل نرخەکەی زیادکردوە ، ئەوگەلەی قوربانی داو بشتێنی بەست میللی کردو نرخ لی نان‌وفرۆشتنی بەدەست حکومەتە نیشتمانیکانەوەیە ٠

ئەوەبو ئەم بڕیارەنەوتی‌کرد بە چەکێکی بڕندە لەشەڕدا وەبەتەواوی خەریک‌بو ببێتە بڕندە لە شەڕی تشریندا ئەگەر شەڕ بەردەوام‌بوایە ٠ چ پەیوەندیەک لە نیوان ئەو چارەسەرکردنەئاشتی‌خوازانەیەدا هەیە کە ئەمەریکا سەرکردایەتی دەکات‌بە بڵندبونەوەی نرخی نەوتەوە ٠٠ ئایا ئەمەریکا بەراستی‌نەخشەی ئەوە ئەکێشێت کە نرخی نەوتی وڵاتانی تازەگەشە کردو زیادکات ، تەبعەن هەمو وێنەو هەمو ڕەتێک‌بەڵگەی پێچەوانەی ئەوەیە ٠ لەکاتی قسەکردنا لە بڕیاری٣٣٨ مان نەکۆڵیوە چونکە خستنەڕووە ئەوەبو وەڕامدانەوە زۆر لاوازبو ئەوەمان دووکردەوە کە ئێمە ڕای ئەودەوڵەتانە نازانین کە سەرۆک ئەسەد پەیوەندی پێوەکردون‌پێش وەستانی شەڕ بەڵام پێموت تۆ لە قسەکانتا باسی‌ئەوەت‌کرد کە پەیوەندیت بە سەرۆک البکرەوە کردوە ٠

پێم وت ڕاستە بەڵام‌سەرۆک البکر پێی نەوتیت شەڕ ڕاوەستێنە بەڵکو منی نارد بوڵات دوای چەند سەعاتێک کە هەڵویستی سەرکردایەتیت‌پێ بکەیەنم وە ئەگەر بتەوی ئەو هەڵوێستە باس‌کەم بەدرێژی باسی ئەکەم لێرەدا بێدەنگ‌بو داوای نەکردچونکە من خۆم هەڵوێستەکەمانم بۆ تەرح کردبو پێموت‌ئەگەر لە شەڕدا بەردەوام بو ئەوە ٢٤ سەعات پێش‌وەستانی شەڕ نەک هەر ئەو سوپا عیراقی‌یەی لە خاکی‌سوریادایە کە لەو کاتەدا بە سێ فیرقە هەڵدەسەنگا لەگەڵتایە بەڵکو هەمو سوپاو هەمو ئابوری هەرێمی عیراق لەپێناوی شەردایە ، تاوەکو ئەمڕۆ لە بیرمە ڕۆژی‌دووشەممە بو سەرکردایەتی بڕیاربو کە ئەنجومەنی نەخشەکێشان لە ڕۆژی دووهەمدا ڕۆژی سێشەممە کۆبێتەوە بۆ ڕاگرتنی پڕۆژەکان بۆ ئامادەکردنی لەوپارەیەی شەڕ پێویستی پێیەتی بە هیوای ئەوەی کە شەڕزانەوەستێ ئەم شتەم پێ گەیاندو پێموت لەو سات‌ودەقەیەدا کە شەڕ ڕادەگیرێت ئەرکی سوپای عیراق تەواودەبێت ٠

پێی وتم بۆچی پێموت‌گەلەکەمان بەوە قایل نابێت لە ژێر سایەی وەستانی شەڕدا بڕیندارێک بدات وە ئامادەیە لە ژێر سایەی ڕزگاریداهەزاران شەهید پێشکەش‌کات ئەمە لەوانەیە ڕون بێت ئێمەبە ناوی زەمیری میللەتەوە قسە دەکەین بەڵی قایل نابین‌کە دوای وەستانی شەڕ سەربازێک بڕیندارببێت ٠ بەڵام‌لەژێر سایەی شەڕداو بەردەوام بونی ڕزگاری‌دا گەلی‌هەرێمی ئێمە کە لەسەر گیانی نەتەوایەتی وقوربانی‌دان‌بەروەردەبوە لە پێناویدا ساڵەهای ساڵو میژوەکەی‌ئاشکرایە ئامادەیە کە هەزاران شەهیدبدات ٠

ئەم گەلە میژووی ئاشکرایەکە قوربانی‌داندا لەم ڕێگایەدا ، تاوەکو لە سەردەمی حکومەتەکۆنەبەرستەکاندا ، سوپای عیراق لە هیچ قۆناغێکی شەڕی‌فەلەستیندا دوانەکەوتوە ، بە هەر پلەیەک بوبێت لەچوارچێوەی تەئسیرو دۆخی ئەورۆژەدا ، ئەگەر دوانەکەوتبی ئەوە وەنەبێ لە ئارەزوی ئەو حکومەتانەوە بوبێت ،ئەوەندەی لە ئارەزویەکی ڕاستەقینەو ئامادەبونێکی‌تەواوی هاوڵاتیانی سەرانسەری گەلی عیراقەوە بوە بۆقوربانی‌دان لە ڕێگای مەسەلەی ڕزگاری فەلەستیندا ٠

دوای ئەم وەڕامە بەراستی‌ڕای لایەنی عیراقمان خستە ڕو وە وتمان ئێمە ڕای خۆمان‌دەخەینە پێش چاو کە ئەویش بڕێتی‌یە لە بڕیاری سەرکردایەتی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش‌و ئامۆژگاریی بەرێزسەرۆکی فەرمانده ئێمە پێویستە لەم کۆنگرەیەدا لەوەبکۆڵینەوە ئەگەر لەسەر شی‌کردنەوەی قوناغەکەڕێکەوتین ئێمە بە جێی بهێلین‌و لێکۆڵینەوەی بیروباوەڕە بنچینەیەکان بخەینە ڕوو ، لەم بیرو باوەڕانەش‌ئەوەیە وازهێنانێکی تەواو لەو شێوەیەی کە مەسەلەی‌فەلەستینی لەمەوبەر پێ معامەلەکراوەو ڕەفزکردنێکی‌تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ٢٤٢ و٣٣٨ی‌وجێنێف وە هەرچی پێک گەیشتنێکی دیکە لەگەڵقایل‌بونێکی مەبدەئی هەرێمی سوریا بە کیشانەوەی‌هێزەکانی لە لبنان ٠

خاڵێکی تریش کارێکی‌هاوبەش بو پشتگرتن‌و بەهێزکردن‌و پەرەپێدانی‌واقیعی بزوتنەوەی فەلەستینی‌و بزوتنەوەی نیشتمانی لەلبنان‌دا ئەویش لە پێناوی ئەوەدا کە گەلی لبنان‌وبزوتنەوەی نیشتمانی جێگای خۆیان لە زەمینەی شەڕداوەرگرن چونکە لەویش خەتێکی بەرەورو وەستان هەیەدەبێت پێویستی بەرەوروو وەستانی بۆ ئامادە بکەین وەدەبێت وەک بنچینەیەک هەول بدەین کە هێزەکانی‌بەرگری یەکگرتن بە گوێرەی پڕۆگرامێکی ئیستراتیژی‌تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاری تەواودا خاکی فەلەستین‌وخاکە داگیر کراوەکانی عەرەبدا خەبات بکات هەروەها تەخت‌کردنی پەیوەندی لە نیوان ڕێکخراوی ڕزگاری‌و حکومەتی‌سوریادا لەبەر ئەوەی کە دەزانین پێش مانگێک چ‌کوێرەوەریەک لە نیو هەردوولادا ڕوی‌داوە ٠ لەهەمان‌کات‌دا دوای ئەوەی لەسەر ئەم بیروباوەڕەبنچینەیانە ڕێک دەکەوین بانگێنان دەکەم کە لە نیوان١٥-١٢ کۆنگرە لە بەغدا بگرن وەک باسمان‌کرد بۆ لێکۆڵینەوەی میساق‌و ئاشکراکردنی دروستبونی بەرەی‌نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو بێمان‌وتن کە ئەم خاڵانەش‌دیسانەوە بەڵای ئێمەوە

شتێکی تازەنی‌یە کە بڕێتی‌یەلە نامەی بەرێز سەرۆک‌و هەموتان دەزانن چی‌یە پێش‌ئەوەی بینە کۆنگرەکە لەوانەیە ئەوە تەنیا وەسیقیەیەک بێت‌کە پێشکەش ئەم کۆنگرەیەکرابی ، بە تەواوی دوای‌ئەوەی قسەکەمان تەواوکرد سەرۆک اسد وتی هیچی‌نەوتو نەماوە کە بێتە هۆی ئەوەی گفتوگوی کۆنگرەکە بەردەوام بێت چونکە جیاوازیەکی زۆر لە نیوان ئێمەوهەندیک لە براباندا هەیە کە نامانەوێت لەمە زیاتر بڵێین ٠

چی ڕویدا ، قسەی‌هەندێکی‌تر هاتە پێشەوە کە نامانەوێت باسی بکەین‌کۆبونەوەکە لە کۆتایی شەودا تەواوبو بە هیوای ئەوەی ڕۆژی‌دوایی دووبارە ڕۆژی دووهەم پێک بگەینەوەو کۆبونەوەیەکی‌داخراو بۆ سەرۆکی وەفدەکان لە ئیوارەی ڕۆژی دووهەمداپکەین وە لە ڕاستیدا ئیوارەی ڕۆژی دووهەم پێک‌گەیشتینەوە ، تەنیا سەرۆکی وەفدەکان بو ئەوە خرایە پێش‌چاو کە چارەسەر چی‌یە ٠٠ هەرلایە بۆ چونی خۆی خستەپێش چاو جیاوازی هەبو لە گەل ئەوەی لایەنی عیراق‌خستبویە ڕو لە داتانی بناغەیەکی پێویست ٠ ڕاستەبەڵام هێشتا جیاوازی لە بنچینەدا هەیە یا لە مونتەلەقەکانەوە چارەسەری کە چی‌یە ئاشمانەوێت بچینەدرێژەی باسەکەوە کە چی دەوترا ، بەڵام ئێمە لەگەڵجیاوازیشمان لە بیرو باوەڕو بنچینەدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتوین کە بەرەکە پێک بهێنرێت ٠ ٠تەبیعی هەمو دەلین بەرەبەڵام هەریەکە بە جۆرێک کە ڕێکەوتن هەرگیز پێک نایەت ،ئێمە بەم مەنتیقە قسەمان‌کرد وتیان ئەمە مانای ئەوەیە کەئێمە دەبێت ئەنجامێکمان چنگ کەوێت نابێت کۆنگرەکەتەواوبێت‌و بڵێین واتە هێشتا بەرە پێک نەهاتوە ٠

قسەمان‌کردو وتمان :چاکە ڕێگەمان بدەن با لە بیروباوەڕو بنچینەکان‌بکۆڵینەوە وە دەلێین میساقێک هەیەو دوای دوو هەفتە لێی‌دەکۆڵینەوە هیچ نەبێت خەڵکی چاوەڕوانە ، بەڵام ئەوخەڵکی کی پێی ڕادەگەیەنێت کە بەرەیەک پێک هاتوەو لەڕاستیدا شتی واش نی‌یە ، شتی وانابێت هەر لەبەرئەوەی کۆبونەتەوە بەرە پێک‌هاتوە دوای دوورۆژخەڵکی چاوەڕوانە بەرە کە چی دەکات بەڵام هیچ نابینین‌دوای مانگێک کۆنگرەی بەرز کۆدەبێتەوە یا دوای دوومانگ‌و لەسەر بنچینە جیاوازیان دەکەوێتە نیوان‌وبەرەکە هەڵدەوەشێتەوە ٠

مانای پێش مانگێک بەرەکەپێک هات‌و دوای مانگێک هەڵوەشایەوە وابزانم تاقی‌کردنەوەی لەڕادەی بەرەدا بەسمانە لە ڕادەی یەکگرتنداهەر ڕۆژێک یەکگرتنێک ڕو دەدات‌و جیا دەبنەوە ئەم‌تاقی‌کردنەوانە بەزیانە ئەو قسەیە دەسەلمێنێت کە دەڵێت‌لەنیشتمانی عەرەبدا یەکگرتن نابێت‌و کاریکی گرانە ٠

لەڕاستیدا ڕژێمی سوریالەسەر ئەم لایەنە سوربو وتمان نامانەوێت باسی ئەوە بکەین کەخەڵکی دیکە چۆن شت تەسەور دەکەن هەندێکیان وتیان ئێمەلەسەر ئەوە ڕێک دەکەوین کە سوریاو ڕێکخراوی ڕزگاری‌لەسەری ڕێکەوتت‌و ئیمزای دەکەین قایل دەبین پێی‌تاوەکو ئەگەر لەسەر بیروباوەڕیش جیاوازیسان‌هەبێت ، بێگومان ئەوەی بەمەنتقیکی ئاوا قسەبکات واتەئەوەی قسەی وا بکات هەڵویستی تایبەتی خۆی نی‌یە،لەدەرەوە تەماشا دەکات ٠

وەڕامەکەمان کەمێک توندوتیژبو لەم لایەنەوە بەرامبەر ئەو لایەنانەی ئەم قسەیەیان‌کرد پێمان‌وتن بەخوا ئێمە عیراق شتی سپی مۆرناکەین‌بەوەی سوریاو ڕێکخراوی ڕزگاری لەسەری ڕێک کەوێت‌ئەمە لەلایەکەوە ، ئەگەر ئەم وەڵامە دانرێت بەرەنگدانەوەی‌ئەو جیاوازی‌یەی لەنیوان ئێمەو سوریادا هەیە کەهەمولایەک دەیزانێت دەڵێین ئێمە لەسەر سپیتی ئیمزاناکەین ئەوەی ڕێکخراوی ڕزگاری ئامادەی‌کات ئەوەش ئاشکرایە کە ڕادەی یەیوەندی ئیجابی نیوان ئێمەو ئەمڕێکخراوە چەندە چونکە ئێمە وای دادەنێین کە مەسەلەی‌فەلەستین بەتەنیا مولکی ڕێکخراوی ڕزگاریەو لەلایەکی‌ترەوە بە مەسەلەیەکی نەتەوایەتی ناودەبەین وە لەلایەکی ترەوە دەڵێین ئەوەی فەلەستینیکان بڕیاری لەسەردەدەن ئێمە لایەنی جیاوازی مەنتیق دەگرین وەلەبەر ئەوەی‌مەسەلەیەکی نەتەوایەتی‌یە دەبێت هەریەکە لە ئێمەڕای‌خۆی بدات ڕێز لەڕای ڕێکخراوی ڕزگاری دەگرین‌بەڵام تنکەڵاوی ئەم ڕایە دەبین ٠٠ ئاشکرای دەکەین‌و بە ئەنجامێکی هاوبەشەوە دەچینە دەری چونکە ئێمە پێکەوەتیدەکۆشین لەم ڕتیازەدا بارەو چەکیان نادەینێ‌و بیان‌بڵێین‌برون شەڕبکەن ئێمە ئەمەمان مەبەستی‌یە ئێمە ئەمانەوێت‌شەڕبکەین لەبەرئەوە ئەم مەسەلەیەمان بەلاوەگرنکە ،خۆ ئەگەر دەربارەی باسی مەسەلەی فەلەستین‌و بایەخی‌وابزانم ئەمەنی حزبی بەعسی درێژە لەگەڵ بەیدابونیدامەسەلەی فەلەستین بە میحوەری خەباتی خۆی‌دادەنێت جالەبەر ئەوە ئێمە بەوەقایل نابین کە لەم‌مەسەلەیەدا لەسەرمان زیادکرێت لەهەمان‌کات‌دا ئەگەر مەوزوعی بەرە بێت بەلای کەمەوە ئەگەرچی‌نامانەوی بڵێین میژویی لە کۆنگرەی نۆ هەمی نەتەوەیی‌وەڵەرادەی مەیدانی عەرەبدا بریار دراوەو لە هەموکۆنگرە یەدا دوبات دەکرێتەوە لەپێناوی ئەوەی ئەوبەری توانا بخرێتە کار هەمو تەقەللایەک بدرێت بۆ دیاری خستن‌و پێگەیاندنی ئەم تاقی کردنەوەیە ٠

ساڵی ١٩٧٢ بەکردەوەخەریکی ئامادەکردنی بەڵگەنامە بووین کە بەرێز جێگری‌سەرۆک ، بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە چەند وڵاتێکی عەرەبی گەڕاوە ئەو بیروباوەڕی خستۆتە پێش‌چاو ٠ کە هیچ وەڵامێکمان دەست نەکەوتۆتەوە ٠٠ هەروەها پێش ساڵێک لەمەوبەر یەیوەندیمان کرد بەیەمەن‌و جزائرو لیبیاو هەندێ شوێنی‌تر ، کە داوای پێکهێنانی بەرەیەکی ڕەسمی‌و پێکهێنانی بەرەی میللی ڕایەڕیوانی سیاسی ئەم وڵاتانە ٠٠ لەڕاستیدا هیچ جۆرە خۆ ئامادەکردنێکی ئەو تۆمان نەدی بۆ هێنانەکایەی بەرەوە ٠

لەبەر ئەوە لەو بڕوایەدام کە ئێمە لە جێگای تاقی‌کردنەوەدانین ، کە بەرەمان ئەوێ‌و نامانەوێ ٠ بەڵام بەپێی گرنگی ئەم کێشەیە وە بە پێی خۆشەویستی ئەم ئامانجە لەبەرچاوماندا ٠ ئێمە سورین لەبەردەم ئامادەکردنی هەموو پێداویستیەکی ئەم ئامانجە ، کە بڕیتی‌یە لە ئامادەکردنی پڕۆگرامێکی بنچینەیی‌و ستراتیژی ئەم بەرەیە کە ئەبێتە دەستەبەرکردنی ڕێبازی بەرەو مانەوەی ئەمە لە لایەکەوە ٠ لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی بەهێز بەو ئامانجە ئەبەستێتەوە کە لە پێناویدا دێتەکایەوە ٠ بۆچی بەرە ٠ کە بڵێین ئێمە ڕێکەوتین ٠٠ چونکە هەڵسوڕێنەری کێشەی ئەم بەرەیە ، کێشەی فەلەستینە ، ئاڵێم بەتەنها کێشەی فەلەستین بەڵکو هەڵسوڕێنەری خەباتی بەرە پێویستە کێشەی فەلەستین بێت ٠

لەبەرئەوە بەلایەنی کەمەوە لەم‌کێشەیەدا واتە کێشەی فەلەستین پیویستە ڕونکەرەوەبین لەیەکتری بکەین لەسەر ئەو بنچینەیە کە لە سەر تەواوی ئەوەی هیچ جۆرە چەلەمەیەک نیە ٠

بەڵام ڕاستی ئەم ڕایەی ڕەفز کردوە ، ئەو ڕایەی داڕشتوە کە ئەڵێ لەکاتێکا هەردوولا ڕێ‌ئەکەون ئێمەش ڕێ‌ئەکەوین ٠

لەپاش ئەوە ڕێکەوتنی ئیوارەی شەممەکرا ، کە لەوبیروباوەڕانە نەکۆڵاوەتەوە کە ئێمە خستمانە ڕوو ، چونکە ئەگەر لێی بکۆڵینەوە ئەوکاتە لەیەکتری جیاواز ئەبین ٠ باشە ئەگەر ئێمە هاتبین بۆ ئەوەی جیاواز بین لەیەکتری کەواتە بۆچی بەرە پێک‌بێنین ٠

لەبەرئەوە بانگەوازی پێکهێنانی بەرەیەکی تەواوو داڕێژراو ئەکەین نە بەلای بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش‌و نە بەلای تردا ئەچین ، بەس ئەختێ قسە بە ئەنوەر سادات ئەدەین ، هەروەکو ئەمە جەلەمەکە بێت٠ لەبەر ڕۆشنایی ئەم قسە پێوتنە ئەڵێن ئەم کارە باش نیە ٠

هۆکانی ئەم کارە چی‌یە ، نایڵێن چونکە ئەگەر ووتمان‌و هۆکانیمان ڕون کردەوە بەسەر ڕێبازو بڕیارەکاندا ئەڕوین ، لەپاشدا ئەو بەرەیە لەنێوان سوریاو ڕێکخراوی ڕزگاری‌خوازدا دروست ئەبێت‌و لیبیاو جزائیرو یەمەنی دیموکراتیش ئەچنە ناوی ٠ پێ‌گومان ئەمەش لەبەر ئەوەی بڵێن کە کاروباری خۆیانەو خۆشیان بڕیاریان لەسەرداوە ئێمەش هاتوین لەگەڵیاندا بین ٠ ئەم بەرەی هاوبەشی‌و ڕاستەقینە نیە لەباشا کۆمەڵی لەو کارانەی وای لەسوریا کردوە یارمەتی‌بدا ، لەبەر ئەوەی وڵاتێکی بەرەگرە ، لەسەر بنچینەی یارمەتی‌دانی لەهەرچی ڕێگایەکەوە بێت ٠٠ ڕێگای ڕزگاری یان ڕێگای ڕێکەوتن ، ئێمە ئەمەمان ڕەفز کرد ٠

ئێمە لەڕاستیدا وازمان لێهێنا لەبەر ئەوەی هەڵوێستیان بەناشکرا دەرکەوت ، ئەو لایەنانە ڕێکەوتن ئێمە لەدەرەوەی ئەو ڕێکەوتنە ماینەوە ، دیاری کردنی کوبونەوەی ڕۆژی دووەم ڕۆژی یەک شەممەکات ژمێر ١٢ی بەیانی ٠ ئێمە وامان بەبیرداهات بەیوەندیمان کرد بە سەرکردایەتیەوە ، لە سەرکردایەتیەوە ڕێنمایی کردنی پاکمان بۆ هات ، کە بچینە دەرەوە مرونەت بدەین ، چونکە ڕون‌کردنەوەکانیان وا دەستی پێ‌کرد کە عێراق بەجەند ڕێبازێکی نوسراوەو هاتوە کە بیخاتە ڕوو کە بڕیاری لەسەر نادات ، ئێمە لەگەڵ ئەودانین ، کە تەنها تێک‌شکاندنی ئەو ڕێبازانەیە کە لەلای ئێمە ڕاستن ٠ هەروەک زانراوێک ئەڵێن لێرەدا کۆبونەوە لەبەر بێویستی دامەزراندنی بەرە باش دراسە کردن‌و لێکۆڵینەوە باری ئیستاو ئەو ناخۆشیەی دروست نەبێت ٠ ئەوانەی کۆبونەتەوە ڕێکەوتن لەسەر بیویستی دامەزراندنی بەرەو ، بڕیاریان‌دا واتە ئەولایەنانە خۆیان ٠٠ لەنیوان ئەم لایەنانەدا وەک بەرە ، نەک بەرەیەکی دووقۆڵی‌و بەشداری کردن کۆنگرە بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەک کرد لەسەر ڕادەیەکی بەرز لەو لایەنانەی کۆبونەتەوە بۆ ئامادە کردنی بنچینەی مەبدەئی‌و بەرنامەی بەرە ، کە لەکۆنگرەی بەرزی داهاتودا بخرێتە پێش چاو ، کە لەماوەی مانگێکی‌تردا لەبەغدا ئەگیرێ، بەمەرجێ کە ئەم لیژنەیە کاروبارەکانی ئامادەکات پێش هەفتەیەک بە گیرانی کۆنگرە لە بەغداد ، لەم کاتەدا ئێمە لەو مبادئانە دەرچوین هەوڵماندا شێوەی هاریکاری بدەین بەدەستەوە وە بە شێوەیەکی مەبدەئی پێک‌بێین کە بەرە بیویستەو چارەسەرکەری ستراتیژیانەیە ٠ وە ماوەی مانگێکمان دا بەو لایەنانە تاوەکو ئالوگۆڕو یەیوەندی دوقولی لەنێوانیاندا هەبێ ، لەوانەیە کە پاش مانگی ئەو بارانە باشتر بێت لە کۆبونەوەی کۆنگرەی بەغدا ، بەتایبەتی کە لیژنە بەشێوەیەکی تەواو بنچینەی مەبدەئی دائەنێ ٠ زۆتر بڕوانامە کە لەوانەیە سەرنجەکان لەیەکتر نزیک

بڕوانە ـ ل ٧

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

# خەباتمان و سیاسەتی نێودەوڵەتان

## توانای نیشتمانی لە سیاسەتی دەوڵەتاندا

کاروباری دروست لە سیاسەتی دەوڵەتاندا ، بەوانەوە کە لە خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ڕوو ئەدەن‌و دەرکەوتنی چین وەک هێزێکی خاوەن قورسایی زیاد بوو ، سەرەڕای بوونی تاسیری سوفیەتی لەو ناوچەیەدا ، وا ئەکات توانای ئەوە هەبێ لە پاڵ کەمی نەرمی‌و متاوریدا لە زیاتر لەلایەکەوە گونجاو بێ ، لە پالیشیا ژاپون ، ئەتوانرێ وابکرێ تاسیری ئەمەریکاو بۆ سەر ژاپون لە حیسابی ساڵانی نزیکی‌دا هاتودا کەمتر بێ‌و ئەمەش پێویستە بخرێتە حسابمانەوە لە پەیوەندیەکانمانا لەگەڵ ژاپون‌و وڵاتانی خوارو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ، لە پێشەوە وڵاتانی تازە ڕزگار بوو ، پەیوەندی بەم جۆرەش جۆرە ئەممیەتێکی تایبەتی ئەبێ لە ئای گەشەسەندنی سیاسەتی هاریکاری‌و ڕێکخستندا لە مستەوای کیشوەرەکاندا ٠

ئێمە لە سەرمانە بەشێوەیەکی بەکارو لە ماوەی ئەم ڕوانینەمانەوە لە سیاسەتی عەرەبیدا کار تێ کەر بین ، ئەگەر عەرەب توانیان یەڵبگرن ، هەتا ئەگەر لە دوا پلەی هەڵویست‌و سیاسەتیشدا بێ‌و بەو شێوەی وا ئەکات کار تێ کەر بن لە کاروباری دروست بوونی سیاسەتی دەوڵەتاندا وەک دەستمان بۆ کێشا ، ئەمە شتێکی زۆر بە بایەخ ئەبێ‌و قیمەتی لە حساباتی باشە ڕۆژدا زۆر ئەبێ ، بەڵام ئەگەر هاتو ڕوو بە ڕوو کاروباری دروستبون‌و پێک هێنان بوین بە بڵاوی ، ئەوا توانای تاسیرمان بەو جۆرو نرخە نابێ‌و بەرەو هەمان لایەنی بیویست نابێ ٠

**( دەربارەی هەڵس‌وکەوت ئەگەڵ مەڵبەندەکانی کۆکردنەوەدا )**

لە ماوەی قسەکانما ڕوونم کردەوە کە مەڵبەندی نوێی دروستبوون‌و کۆکردنەوە پەیدا ئەبن ، چونکە مەڵبەندی دروست بوون کۆکردنەوە بە تەواوی دروست بوون‌و بریتین لە : یەکێتی سۆفیەت‌و ئەمەریکا ، بەڵام مەڵبەندی کۆکردنەوەی تر لە قۆناغی دروست بوندان ، تا بگاتە بایەخی ئەو دوو مەڵبەندەی کۆکردنەوە ، جا ئەگەر توانیمان دەوریکی دیار لە کاروباری دروست بوونەکەدا بگێرین ، ئەوا ئەمە لە تێکوشانی یەکێتی خوازیماندا ڕەنگ ئەداتەوە ، هەروەها کار ئەکاتە سەر کاروبارمان لەگەڵ مەڵبەندەکانی دروست بوون لە باشەڕۆژدا ، بۆیە بێویستە لەم کاری دروست‌بوونەدا دەسەڵاتی خۆمان دەوری هەبێ ودوورەو بەرێز لێی ڕانەوەستین ، بێ دەنگ‌و وەستاو نەبین‌و چاوەڕێی تەواو بوونی درووست بوونەکە بکەین‌و ئەوساو بە پێی سیاسەتی تایبەت هەڵس‌وکەوتی لەگەڵدا بکەین ٠

لە لایەکی‌ترەوە ، لەسەرمانە ، لەگەڵ هەموو مەڵبەندەکانی کۆکردنەوە ودروستبوندا بە هەمان ماوەو شێواز هەڵس‌وکەوتی وەک یەک لە جۆرو قەوارەدا نەکەین ، بەڵکو پێویستە سیاسەتی گشتیمان دیاری بکەین کە تا چەند هەڵس‌وکەوت لەگەڵ مەڵبەندەکانی کۆکردنەوە لە ئەوروپادا بکەین‌و لەگەڵ کام مەڵبەندی کۆکردنەوەیاندا ، هەڵس‌وکەوت لەگەڵ فەرەنسا جیایە لەوەی لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ، لەگەڵ ئیتالیا جیایە لەوەی لەگەڵ ئینگلترەدا ، لەسەریشمانە هەڵس‌وکەوتمان لەگەڵ لایەنەکانی مەڵبەندەکانی کۆکردنەوەدا تەنیا بەشێوەی گشتی نەین ، بەڵکو ئەبێ شتی کار تێ‌کەر لەو مەڵبەندی کۆکردنەوەیە هەڵبژێرین‌و بایەخی بێ بدەین نەک بە شێوەیەکی یەکسان لە جۆرو قەوارەی پەیوەندیەکان‌و لایەنەکانیا ، ئەمە واتەکات بەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی سۆفیەت وەک پەیوەندیمان نەبێ لەگەڵ ئەمەریکاو هەروەهاش پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی سۆفیەت ئەو پەیوەندیە نەبێ کە لەگەڵ پولۆنیا هەمانە ، هەروەها پەیوەندیەکانمان لەگەڵ فەرەنسا ئەوە نیە کە لەگەڵ ئینگلترە دا هەمانەو ٠٠ هتد ٠

سێ ڕۆژیان چوار ڕۆژ لەگەڵ لیژنەکانی بە ڕەدابەیەک گەیشتین ، بە ئاشکراو ڕوونی وتمان : ئەو نەرمیەی لە ڕووی چالاکی سیاسەتی دەرەوەماندا بێویستمانە ، لەگەڵ عەرەب‌و نا عەرەب ، بێویستە نە بێتە زمان درێژیەکی گومڕا ، لە ناو وڵاتدا بۆتێک دانی بنکەکانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و نەفسی‌و سیاسی کە شۆڕشی لە سەر دامەزراوە ، چونکە ئەو بنکانە بێویستە بەردەوام بن لە تیشک دانەوەو بە توانایەکی بە هێزیشەوە بەردەوام بن لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانمانا ، لە کاتێکدا نەرمیەک بە کار ئەهێنن لە سیاسەتی عەرەبیماندا بان دەوڵەتاندا ، بێویستە ڕێگاو باوەڕمان نوێ‌و بەهێز بکەینەوە لە باڵ ڕەنگ دانەوەی لە سەر واقعی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی وڵاتی عیراقدا ، تا ببێتە نموونەی تیشک دانەوەی بە توانا ٠

ـ ماویەتی ـ

# هۆزانڤانێ رەسەن و پێشڤەچـــوی

# مەدوح بریفکانی

**رۆژا ( ٢١ ) هەیفا گولانێ ســـالا ١٩٧٦ ز ، ستێرەکا گەشـــا ئەدەبێ کوردی قەمری و رژیا ، رویبارەکێ مەزن کەتو فەزەلیا ، دەما داســـا مرنێ هۆزانڤـــان مەدوح بریفکانی ژگولســـتانا ژیانێ قەتاندی .**

هۆزانڤان ـ بریفکانی ـ سالا ١٩١١ز لگوندێ « بادێ » ژدەیک بویە ، بابێ وی زانایێ ژیهاتی شێخ محسن کـــورێ شێخ عبدالجبارێ بریفکی‌یە ، رەهەو زەڤشتێت وان دگەهنە سۆفی و خـــودێ نیاسێ مەزن ـ شەمس الدینێ ئەخلاتی ـ ئەوێ تەکیا « بریفکا » ئافاکری و ، سالا ١٦٧٤ ز چـــویە بەر دلوڤانی‌یا خودێ .

هۆزانڤـــانێ مە دەرسێت دینی و ئولی لدەڤ زانایێت بناڤودەنگێت زەمانێ خو یێت خاندین ، وەکی زانایێ بەرکەتی عبدالله ئەتروشی ئەڤی‌یێ بلیمەتێ بێ بەڤل ـ مەلا یەحیایێ مزوری ـ و ، زانایێ ژیهـــانی ئەحمەد عبدالخالق ئاکرەیی و ، سۆفی‌یێ هێژا شێخ محمد طاهر بریفکی .. دریـــال دانیشکەها ـ آل البیت ـ ل بەغداو ، ل دانیشـــکەها ـ الحکمە ـ ل ئەجەڤ ، گەلەك وانێت ئولی یێت وەرگرتین .

هەر دژی‌یێ لاوینی و تۆلازی‌یێدا گەلەك حـــەژ هۆزان و هۆزان ڤەهاندنێ دکر ، ژبەر هندێ هۆزانێت شاعرێت مەزنێت کـــورد وەکی ، خانی و جزیری و ڤەڤی‌یێ تەیران و باتەئی و بەکر بەکێ ئەرزی و نورالدین بریفکانی و شمس‌الدینێ ئەخلاتی .. یێت خاندین و ڤەهاندین ، حەتا تێدا مەلەڤان و شارەزا بوی و ، پال پێڤەنای خو پاڤێتە گەرا ڤەهاندنێ ( بریفکانی ) گەلەك کێم هۆزانێت خو یێت دگوڤارا « هاوار » ئێداو هندەك ژی دگۆڤارا ـ نوسەری کورد ـ و ـ برایەتی ـ دا یێت بەلاڤکرین ، ئەوی دیوانەکا دەســـت نڤێس یاهەی ، چانێ من گەلەك جاران ڤێ‌کەتیە ، دویر نینە لجـــەم کورێت وی مابیتن .

هەر ژ هۆزانا ئێکێ یا ـ بریفکانی ـ ڤەهاندی ، بومە خویاو ئاشکار دبیت ، کو وی دەستەکێ درێژو شیانەکا بەرکەتی دڤەهاندنێدا هەیەو ، بســـەنگەکا حێل تێتە مەیدان وقادێ ، دەما بو جارانێکێ ســـالا ١٩٢٨ ز دبێژیت :

**ئەسمەرێ سەردارا جانا خالوخەت مسکێ تەتەر**
**زیارەتا هەردو رەقیبان هەر وەکی ئەسومد حەجەر**
**ماهەبون ـ سەلوا ـ و ـ سەلما ـ شوبهەتی یامن دبال ؟!**
**خەت ژ مسکو لەبشەکەر جەبهەتی قەمەر عقرب لەسەر**
**خالو خەت کاتب ژنو ئیعراب لسەر دامدام قەدا**
**ئاگرێ عشقا مە هەلبو دل ژ ( مەمدوح ) بو دوکەر**

ئەزمانێ رەموان ، پەیڤێت شرین مینا شەکرێ ، دە ما وەکی دورو گەوهەرا ژدەڤی دبارن ، نیشانەکا تایبەتی‌یا « مەمدوح »ی‌یە ، شەرمزایی و پەلەوانی‌یا وی دئەزمانێ کوردی‌دا دیاردکەت وەکی دڤەرموت :

**شـــەنگە شرین و نـــازك**
**غونجـــە لـــەبا پەلازك**
**دەرحـــال مەجـــان بو گازك**
**ژ دەردێ ئەڤینـــا دیســـا**

یان وەکی :

**دلبـــەرێ دارا شـــرینێ**
**ژارو بیمـــارو دلو**
**کەفتیمـــە دەردێ ئەڤینێ**
**نـــای دلێمن نای دلو**

هۆزانڤانی بارا پتر ژدەرگەهێت شعرێ یێت قوتاین ، دەهەمی مەبەستادا ســـیارەکێ بێ بەفلەو ، مەلەڤانەکێ بێ هەفتا ، جارێ دا بزانین .

هۆزانڤان دبێژیت :

**دلبەرێ دیسا ژنو دەردو برینێت من کەواند**
**بسەرێ زۆلفا سیاه وێ غەم و تەعلیل مەجەماند !**

دا بزڤرینە وێ مالکێ و هویرو ورد بەرێ خـــو بمدینێ ، کا بوچی زلفا یارێ ، نەلێڤا وێ ونەچاڤێت وێ و نە ئەردەکێ دی غەم و کزڤـــانێ لهوزانڤانی جەماندن ؟! زۆلف دخارو وەرپەجن مینـــا شالوکێ ، شالوك داڤێت گیاو گەنمی دجەمینیتە بەرسنگێ خۆ ، بەلێ زۆلفا یارا هۆزانڤانێ غەمو گۆڤانا ! چتـــۆڤ نەخشە کێشو هۆستایە هۆزانڤانێ مە ؟!

ئو مالکەکا دی :

**نرگزێن سەر دگران شەرمندەئێ خملا تەنە**
**لچیمەنێت نازکو تەڕ سونبل ددمن ئاوڕی‌یا !**

لێزرگ و چیمەنێت نازك .. الزۆم و رێـــل و بەربەتەنان ، سونبل کو جەھ داســـی‌یە ، برەخەکی بەرێ خوددەت ، ئاووڕان ددەت .. ددەتەکێ ؟! ددەتە

● عبدالرحمن مزوری ●

**بروانە ـ ل ٧**

# زڤستانا نالبەندی

□ نڤیسینا : خالد حسین □

کانوین و کانوین و شباتێ مەهێن زڤستانێ .

زڤستانا هەر ـ رەخەکی نەوەکی رەخێ دی‌یە ، ئـــەم دشێن بێژین ، لسەرێ زنارو شاخا درێژترە ژ زڤســـتانا دەشت و بیابانا ..

دەما ئەم هوزانێن نالبەندی دخوینین و پـــەڕ پـــەڕ وەردگێرین ، گەلە تشت بەر چاڤێن مە دکەڤن ، گەلە تشت تێنە بیرا مە ، ئەم دشێن بێژین ، نالبەند وەکـــو هزرەکێ‌یە بۆ .. کەسێ هوزانێن وی بخوینە ، چونکە هەر هوزانا وی گوتی ، ژ نیڤا دلێ مللەتێ کوردێ دەرهینای و گوتی ، لەوا ئەم دشێن نافا هوزانێن ئەحمەدی ، کاروبارو عەدەت و درۆبەرێ وەلاتێ خوە بنیاسین ، هەروەسا ئـــەم دشێن ، گولو بـــاغو چوچك و جانەورێن نافا وەلاتی بنیاسین ، هەر وەسا ، دزانین ، چ دەم خۆشە ، چ دەم سارەو درێژە ، یان کورتە ، هەر وەســـا دەمێ خۆش و نەخۆش ، ژبەرچی نەخوشە ، دەمێ گەشتو ســـیدانو چەژنا چ دەمن ، هەروەسا چ جلا کورد بەرخودکەن ، چ خوارنا چێدکن ، ژن چ کاری‌دکەتو مێر کارێ وی چی‌یە ، ئەڤو هێشتا چەند تشتێن دی .

نالبەند نە بەرتوکەك ســـەربخویە ژ کوردەواری‌یێ لێ‌بەلێ فەرهەنگەکە کوردەواری‌یێ‌یە چ تشتێ تـــە بڤێ یێ لنك هەی ، چەرخەکی تەمامە ژ ژینو ژیانا مللەتێ کورد ، چەرخەکێ مێژویا کوردایە .

● زڤستان .. تاری و سرو سەرمایە ..

**هەر زەمان حالێ زڤستانێ هویـــە**
**زەمهەریرە ئەو بۆ خـــۆ شوبهی خویە**

● بارانو بەفرە .. مژو مورانە ، باهوزو بارۆڤە ، ڤەریسە وزەنکلوکە ..

**طەنگئو طاری‌کر لیئنســـانا نەڤەس**
**عەردو مالا هەرکەسێ لێ بـــۆ ڤەڤەس**
**شوبهی زیف سپی‌کرن زوزانو دەشت**
**حەفت طەبەق عەردن بەفرکەت بونە هەشت**

● زڤستانا دەستو تل گوچدبن و دبە تەڤەتەڤـــا ددانا و دەستو بێ والەرزن ، رێ دبن هەڕی و تەڤن و قور ..

**لێڤ دلەرزن هـــەر ددانـــا تەڤ‌تەڤە**
**نێ زڤستان شددەتە خـــەلقێ حەڤە**

● زڤستانا رێ تێن‌گرتن .. ژار برسی و بێ‌چارە دبن ، بەفر خاکا کوردستانێ ڤەدگـــرە ، سەرنشیڤ و سەرنەڤراز ئاخوەیین باش ، چونکە بەفرێ هەمی دەرێن ڤەگرتین و حولی‌کرین ..

**عەردەکی کزرو زوها هـــەر نینە قەت**
**ئاڤو بارانا هـــەمی جە کرنە شەت**

● نالبەندو هوزانڤانێ گەرۆك ، هەمی رێ بـــەر تەماتن گرتن ، تو مای‌گرتی نافا خانی و نەشێی دەرکەڤی ، دێ نافـــا بەفرێدە چی خـــوارێ .. دێ مینی لوڤرێ بێ هش و لڤین ، وبێ رابین .. دنیا هاتە ئێـــك و پێکڤەما ، ژ سەرما ، دێ چەوا دەست‌نڤێژێ گری .. دێ چەوا سەرێ خوە شوی .

● نەساخی ، مەرەدە ، سەر ئیشان ، هناڤ ئێشان ، کف‌کفو تف‌تف زۆرن لزڤستانێ ..

**بەلغـــەمو کف‌کفو تف‌تف زێـــدەنە**
**دڤزو سینگئو دەڤ تەژی ئـــەڤ تشتەنە**

جل رەش‌بین ژێ شویشتنی ، نڤین ، دەستەکێ توزوە ڤرێژا سەرکەتی ، ژبەر دکێلو تەنیا کوچکا :

**خولو دکێلو قوتـــم سەرجلا**
**خەلکێ هـــەر دەستەصارن یێ لپاخلا**

هەرکەسێ ژ مالا خوە دەرکەڤە ، دێ بە لوپك یان ، دێ بن بەفرێ ئێتەڤەشارتن ، هەر وەسا شەڤ درێژدبن هەروەکی بێ‌دوماهی ، گەلە جارا بەفر لێ‌دکەت چـــەند شەڤو روژا بێ راوەستان ، گوندی چەند جارا بەفرێ ژ بانا دمالن یێ بەفریکا ، هەروەسا گافا بەفر راوەستا ، دێ بت دورا بارانێ و شورشورا دلوبا ..

**شورشورا ئاڤـــاو دلوبـــا یا بڕە**
**دەنگێ زربابی ژ کوژەکی یێ خوەشترە**

هەرکەس بانێ خوە بێ باگوردانی دگێرە ، شورڤکو سەرسیڤانده ، ژووردا تێنە خوارێ ، ئاڤ بووشدبن ، ژ بۆڕ دکەڤن ، کەس زوی‌زوی نەشێ لێ‌بـــدە .. ژبـــەر تەزیاتی‌یێ و بووش‌بوینا رویبارو جەلالا ، هوسایە زڤستان ، وەکی ئەحمەدی دیتی :

**هندە رابـــوری زڤـــتان ژی مەدیت**
**چاك تە زانی ئەو چـــوا هاتو دچیت .**

# خـــانـــی و ســـوارچاکـــی

( مەمەوزین/م.ب رودینکو ـ بەربەری ١٤٨ )

خانیێ شەیداو هنـــاڤ سوتیێ مللەتێ کورد نەبەس رەنگو تەخلیتێن دەوارێن کەحێل دانایە بەر چاڤێن مە بەلێ داڤێن جوانو ژیهاتی یێن هاڤیتێنـــە بەرکاخو .. وێنەیەکی جوانو شەنگ دروستکەت .. وێنێ چەزنا نەورۆزا پیرۆز دەمێ خەلکێ جزیرا بۆتـــا قەستا سەیران گەها پاژێری دکەن گوڤەندو سەماتێنە بەستن .. ئالاو بەرچەمك بەرزو بلندوبن .. خورتێن کورد خو بەرددەنە غاران و چەردا قەستا ڕاڤو نێچیرا دکەن و دبێژیت :ـ

**پاژێرو کـــەلاتو خانی بەردان**
**تشـــبیە بـــە نەژدەیان و چەردان**
**هنـــدەك بەپیای جـــونە باغان**
**هنـــدەك بەسواری چـــونە راغان**

( مەمەوزین/م.ب رودینکو ـ بەربەری ٥٣ )

هوزانڤانێ هێزاو ژیهاتی بسەر بەحسی ڕاڤو نێچیرا دا دچینە خواری و سالوقدان و دیمەنێن جوان و شەنگ نیشامەددەت دەمێ میر زین‌الدین دەردکەڤیتە راڤێ دگەل فێرس و پەهلەوانێن خۆ دەمێ خو بدەشت و بەرویا دا بەردەن و ئاهێلن چو تشت ژبەر دەستێن وان قورتال بین ژئاسك و شفرا هەتا بالندەو دەهبا ، خانی زانین و بسبوریا خو دمەیدانا ڕاڤو نێچیرێدا هـــەر وەکو نێچیرڤانەکێ بەرزو چەلەنگ ئاشکەرا دکـــەت دەمێ دبێژیت :ـ

**چەوگان ددستو گـــل کویالان**
**هاڤیتنـــە گـــەردەنین غزالان**
**ئەو چـــەند غـــزال ئەوان‌کرن صەید**
**ئـــەو چەند بلنـــگ ئەوان‌کرن قەید**
**ئێدی نەدشێن دگـــەل خوەبینن**
**بەلکە نەدشـــێن ژ چـــە هەلینن**

( مەمەوزین/م.ب رودینکو ـ بەربەری ١١٨ )

خانیێ نەمر ستێرا گلاڤێژی یێ هـــەر دەم هەل دبەقزیت وشیرەت وەسف ژێ دبارن وێنەیەکێ دی یێ زیرەکی وچەسباندنا سواری کورد دئیخیتە بـــەر چاڤێن مە دەمێ لدەوارین خو سواردین چەتیـــانو جانی هۆزانڤانێ بناڤودەنگ د ئەسمانێ تـــۆرێ کوردی‌دا .. ستێرا هەر دەم ڕوونو گەش .. مەلڤانێ هەمی ئاڤو دەریا .. چ کوژی‌یت ژیانێ نەهێـــلاینە بسەردا نەچوویە خواری و هێڤێنێ خۆ لێ نەکری ..

بگرە ژ نیشتمان پەروەریێ هەتا سەیرانو گەشتا .. بسەر کەڤە شەترەنجو ئەڤینێ خودێ پەرســـتنو سوارچاکی‌یێ .

سوارچاکی ئێکە ژوان تشتێن گەلەك ناڤـــدێرو بەلاڤ دناڤ ستران و چیروکێن فولکلوری‌دا .

مروڤێن کورد گەلەك یویتە ب دەوارێن خۆ دکرو چاڤێن خۆ ددانێ ژبەرکو گەلەك پێدڤێ یێ هەبوو ل جووت و کێلا .. کاروان وگێرا .. ڕاڤو نێچیرا .. ل هاتنو چوونێن کویستان وگەرمیانا .. هەر مالەکێ تێرا خۆ دەوار هەبوون کو مالا خۆ لێ بکەن پێ‌بـــەنە زۆزانو جارەکا یێ بزڤرینیتە گەرمیانا ژ بەر ڤێ‌چەندێ گەلەك دبەر دەوارێن خۆرا دچوون ژ ئالێ ئالڤێ‌ڤـــەو ژرەخێ زینو پاشەزینکاڤە .. کویڤـــکو ڤۆتاسێ ڤێرا دبرن ، رەشمەو سەرهەڤسارێن رەنگاو رەنگ بو دروستدکرن .

هەروەها دەوارێن سواریێ دجودابوون ، هەمی دەما خورتێن کورد لهەسپێن کەحێل سواردبوون و مەعرەك ڤێدا بەردانو ، دچونە بەزو چەردا ، لسەرێ مەیدانا دڕاوەستیانو ، شـــەرێ دوژمنێن خودکرنو رێکلێ‌ڤەدبرینو چەلەنگیی و پەهلەوانیا سواریێ کورد گەهشتبوو هندێ کو لبایێ بەزێ دبن زکێ دەوارێن خۆ دزڤرین .

خانیێ نەمر ڕەوشتو تیتالێن سوارێن کـــورد یێن‌تومار کرین وەك سوارچاکەکێ زیرەك و چەسپان توخمو تەخلیتێن هەسپو ماهینێن کەحێل دیارکرین .

هەروەسار کارو کۆکێ سواریێ کورد لگەل گورزو مەتالا چەتیانو زری‌وکوم زریا دنـــاڤ هەلپەستێن خودا وێنەکرین دەمێ دبێژیت :ـ

**ســـەر صبحەکوو شەهسواری ئەفلەق**
**ئەشهەب کـــوو کەشانده جایێ ئەبلەق**
**ئەدهـــەم دەتەویلەی ئەهیین‌کـــر**
**ئەشهەب ژ خـــومرا ژئووفە زین‌کر**
**گورزێ خومێ ئاتەشـــین دەرانی**
**تیغی خـــوەی ژەرفشان‌کوو دانی**

# داری مندالێ

□ محمد سعید حسین یاسین □

● چیکەك ژ دەریایا فولکلۆری کوردان ●

ڤێ شەڤێ ل من کریەڤە دوومە .
ترازوی(٢) دلەرزین ،
پێرو(٣) لهندافی بانکێ بێلایێ بینەڤە کوومە .
دێ بلا دوو چاڤێ رەشو بەژنا تە یا بلند ..
بۆ من عەبدالێ خودێ بانە ..
پاشی بلا حازریبانا لسەر روحا من
عەبدالێ خودێ فرەنگو رۆمە

★——★

ڤێ شەڤێ لە من کریەڤە دەنگە .
ترازوی دلەرزینن ،
پێرو لهندافی بانکێ بێلایێ بینەڤە چەنگە .
دێ بلا دوو چاڤێ رەشو بەژنا نە یا بلند ..
بۆ من عەبدالێ خودێ بانە ..
پاشی بلا حازریبانا لسەر روحا من
عەبدالێ خودێ رۆمو فرەنگە .

★——★

داری مندالێ ، داری هژیرێ .
هۆستا لهێرە ، بەرهۆستا لەتەرەڤێ جزیرێ .
دێ بلا دەستێت هۆستەکارا بشکێن ..
داری مندالێ یێ کورت‌کری .

★——★

داری مندالێ ، داری دورێ .
هۆستا لهێرە ، بەرهۆستا ل بەرێ بڕی
دێ بلا دەستێت هۆستەکارا بشکێن ..
داری مندالێ کورتێ ڤەبڕی .

★——★

داری مندالێ بێژم داری بەنێ
هۆستا لهێرە ، بەرهۆستا ل تەرەڤێ یەمەنێ
(٤) . . . . . .
. . . . . .

★——★

دایکا تە نە ل مالا خالانە ،
ئەز دا قاسدەکی ڤرێکەمێ .
دایکا تە نە ل مالا جیرانانە ،
ئەز دا گازیەکێ بکەمێ .
دایکا ئەڤە سەرێ سێ شەڤو سێ
رۆژێت تەمامە ..
یا دبن گلو بەرێت سارڤە ..
مشکو مار یێ دخۆن خالو نیشانێت گەردەنێ .
ئەز چ بکەم ڤەلەکا منێ .. گازیێت من ناگەنێ .

★——★

هایکێ .. لە من .. هەی هایێ ..
دێ هشە بنڤە ..
عەزیز خودێ‌یە یێ نۆ دایە بەر دلێ دابێ ..
خوزی خودێ تەعالا حاکمەکێ عادل
دابا دنیایێ ..
دا خالەت ئینابا شوینا دابێ .

(١) هندەك دبێژنێ ( داری لاندکێ ) .
(٢ ، ٣) ناڤێ ستێرانە .
(٤) لمن‌وەرە دوو رێزك ژڤێرێ دکنمن ..
ئەز دبێژم‌ژی ئەڤەنە :
« دێ بلا دەستێت هۆستەکارا بشکێن ..
داری مندالێ کورتێ رەنی » .

ناڤر :

**بروانە ـ ل ٧**

# ئەڤشین وشەمالکێت هزرا

هیڤی لت من دکەل بینینت ڤی روباری
تێکەهل دبن
تێکەهل دبن و رۆندك ژچاڤێ من دبنە
بارا بهارێ ...
ئەڤ بارانا بلەز و خوڕ تێتە خوارێ
سەر زەڤیا ڤیانا .. من ..
تو ژوان شەڤێن تاری و بترس
خەتیرکا چاڤێ خۆ هەلدکەی
تو ڤان کۆڤان و دەردان
ددلێ مندا بێ دویر دکەی ..
ئەز وەکی عەڤدالـــێ رۆژێ
دێ لیەی تە هێم و ناهێلم
بێلیت ڤی دەرئایێ بەرین
ئەزمن دویرخە
گەر تونەبی .. کا شەبالێ ئەز چمە ؟!
گەر نەتوبی مانەز بۆچی ئەڤیندارم ؟!
گەر ئەتوبی .. ئەز بتەنێ شەڤو رۆژا
چەوا دنالم ؟!!
تو بۆمن بە و ئەز ژی .. شەڤێ ، هەمی شەڤا ..
دێ لیەر رۆناهیا شەمالکێت چاڤێ تەی دەلال
بشکۆژنت باغێ ئەڤینێ .. دێ ژێ ڤەکەم .
ژێ ڤەدکەمو لسەر زۆزانا سنگێ تە
کولیلکێت نشقێ دچینم ...
ئەز بەزێ ئەڤینا خۆ .. هەمی رۆژو .. هەمی شەڤا
لجیاتیت سەر سنگێ تە ... دچیرینم

● ئازاد جندیانی ●

# هیڤی

نارینێ هەیڤ یا سافا بو
وەکو من حەز ل تە کـــری
ژێ بیرســـە کانێ چەند جارا
دل ژ کوڤانا تە گـــری
دا بزانی کانێ چـــەند جارا
سەرخوش بوم من کر قێری

× ×

ئێـــك ئێکە ل گەرێت دیلانێ
شرینێ ژ بەرڤە هەژمارتن
هزار جار ل کولانا پیلك
دیڤ تەڕا من دهنارتن
هەڤالێ بو خویا نەبوی ؟
نزانم کیڤە بەرزەبوی ؟

× ×

ژبیرنەکە ئەز یێ ل هیڤیـــا تە
چاڤێ من هـــەر یێ ل ریا تە
بەلکەی تە جارەکێ دیتبیـــت
چاڤ دێری نەخوش خەلاتە
لێ هەکە هیڤی من نەبا
دا شینبم ژ من چن کاتە

● محسن قوچان ●

گورزین خۆ دهەژینن و گورگور وخور خورێ دکـــەنو ئەڤێ چەندێ ئاشکەرا و دیار دکـــەت دەمێ بەحسێ تاجدین و برایان دکەت دەمێ تکبێرا خو دکـــەنو سواردبنو چەکێـــن خو هەل دگرەنو قەستا کوچـــکا میری دکەنو هەڤالێ خویێ خوشتڤێ ( مەم )ێ ژمیری داخواز دکەن ودبێژیت :ـ

**یا قەنج ئەوە ئەم ســـوبە سواربین**
**هەرســـێ بســـلاحو کارو باربین**
**گورزان بهەژینین رمـــان ببازین**
**ئەڤ رەنگە مەمێ ژمیـــر بخـــوازین**

( مەمەوزین/م.ب رودینکو . بەربەری ١٤٧ )

ابقـــی رەنگی هوزانڤانێ بناڤو دەنگ بەحسێ سوارێن کوردا دکەت ، پەهلەوانی و چەلەنگیا وان دیار دکەت ، هەرچەندە جهێ کوردا چیاو ئاستەنگو زنارن بەلێ هەر جهێ ســـوار چاکێ لێهەبوو .. سوارێن نافدێر وجەرگ شێر دناڤ مللەتێ کوردا ڕابوون .

**نڤیسینا عبدالکریم فندی یحیی**

## دەقی قسەکانی هاوڕێ طه یاسین « پاشماوە »

کاتەوە • ئەمە کە لەبەرچاوماندا بەڕاستی بە مرونە دامانناوتمان لەبری دانەوەی ئەوەیە کە ماوەکە کەم کەینەوە ، لەبەر ئەوەی ئێمە نەمان ئەویست کاتەکە زۆربێت ، لەبەر ئەوە وتمان کە ماوەیەکدابێت مانگی بێت بەلایەنی کەمەوە ، کە ئەوانەی وابوو بەتەواوی پێش تەواوبونی مانگی ١٢ بێت • بێویستە تەواوبێت وە پێویستە کە بەرە بەرنامەو بنچینەی ڕێبازەکانی خۆی دیاری‌کاو دەستکات بە ئیش کردن • ئەم ئەنجامە لەدەوری کاتژمێری دەی ڕۆژی یەك شەممەدا بوو ، چوینە لای هەندی لە سەرۆکەکان لەوانە سەرۆك بومدینو قەذافی ، بەشێوەیەکی مەبدەئی لەگەڵمانا بوون کە هەنگاو مرونەتێکی زۆر باشە ، کونگرە لە کاتژمێر یەکدا گیراو دوامان خست لەکات ژمێری دوانزەوە هەتا کات ژمێری یەکی نیوەڕۆ • لەسەرتای کۆبونەوەکەدا سەرۆکی سوری داوای کرد ئەو ڕێکەوتنامەیە بخرێتە پێش چاو کە لەسەری ڕێکەوتون کە ئێمەی تیا تەبوینو لەدەرەوە بووین ، سەرۆکی دانیشتنەکە عەقید قەذافی خستیە پێش‌چاو ، وتی شتێکی تازە هەیە کە لە لایەن سەرۆکی وەفدی عێراقەوە پێش‌نیاز کراوە ، ئەهێنێ دراسە بکرێو ڕەچاو بکرێ • حافظ ئەسەد وەلامی دایەوەو وتی من لەسەر هیچ ڕەچاو کردنەوەیەك ڕێك‌ناکەوم ، لەسەر ئەو ڕێکەوتنەی کە شەو لەسەری ڕێك‌کەوتووین سور بوو لەسەری هەندێکی‌تر وەلامیان دایەوە ئەوشتە تازەیەی باس ئەکرێ ئەگەر لەسەری ڕێك‌نەکەوتین ئەگەڕینەوە بۆ سەر ڕێکەوتنەکەی یەکەمجارمان کە دەرئەچێ ، ئەوبیرەی خستبومانە ڕو باس‌کراو جگە لە حافظ ئەسەد ئەواتی تر لەگەڵماندا بوون •

ئەم وچانو مرونەتە تەنها لەلایەن سەرۆکی جزائیرەوە وەرگیرا • وەك لەبیرمە وتی ئەم ماوەیەی درێژیەکی مانگێکە کەمە ، ئێمە کە سەرۆکین هەندی بار ڕێکامان نادات کۆبینەوە لە ماوەی سێ مانگدا ئێمە وتمان باشە ئەتوانین پاش مانگی یان دوو مانگ • بەیەك بگەینەوە • ماوەکەش درێژەی سێ مانگ بێت کارێکی ئاسان نیە ، وە دەقەکە ئەمێنیتەوە کە ئەم لیژنەیە پیویستە کارەکانی ئامادەکات بە هەفتەیەك پێش گێرانی کونگرە بۆگومان لەهەموو کاتێکا ، لیژنەیەکمان لەوەزیری دەرەوە پێکهێناوەرن ئەمە جەوهەری باسەکەیە بابەتەکانی‌تر بەپان مەجنە ناو هەندێ باسەوە کە ئێمە لەسەری ڕێك ناکەوین لەبەر ئەوەی مادام ئێمە مەبادیو ڕێبازەکانمان بەجێهێشتوە لە بەغداد باسیان لێوە ئەکەین ، کە لایەنی نرخاندنی ئێستاو سادات‌و هەنگاوەکانیتی وهەندێ شکاندنی حکومەتی سادات •

لەبەرئەوە ئامادەبوان لەسەر ئەوە وەستان کە پێویستیە بەرە دروست بێت ، لیژنەیەکیان لەو ڕادەیە پێکهێنا ، پاش مانگی کوئەبینەوە کە بینی ئەم کۆبونەوەیە هەیە ، وەلامی دایەوەو وتی من لەو کۆنگرەیەدا ئامادە نابم کە لەبەغداد بێت لەبەر چەند هۆیەك من ناچم بۆ بەغداد •

کۆنگرە جارێکی تر وەستا ، نامانەوێ بڵێن چی باس‌کراو چی وترا ، بەڵام بەپێش‌نیازێك دەرچووین لەپێناوی ئەوەی جێگا نەبێت بەهۆ ، پێمان وت ئەی بەڕێزی سەرکردە پێش بەروونی‌و لەهەندیکیانا چەند خاڵێکمان لەبری داناوە •

بۆ نموونە ئێمە نەخراینە پێش‌چاوی کارکردنی بەشێوەیەکی ڕاست لەلایەن ئەوانەی باوەڕیان‌کراون بۆ یارمەتی دانی سوریا لەڕوی سەربازی‌و ئابوری وەپێمان وونن بڕیارئەدەن تەنها ڕێکەوتن نەواوکەین‌و لەسەر ڕێگای ڕزگاری تەواوی خاکی فەلەستین‌و زەوی عەرەبی داگیرکراو ئێمە ئەمانەوی یارمەتی‌دان ئاشکرابێت ••

ڕەفزی یارمەتی‌دانی چارەسەرکردنی ئاشتی خوازانەو یان ئاسان‌کردنی ڕێبازەی ئەکەین ، ئێمە ئامادەین یارمەتی سوریا بدەین وە هیچ جۆرە حەساسیەتێکمان نیە لەگەڵیا بەڵام لەسەر چ ڕێگایەك •

وتیان سوریا نایەوێ ئەمە ئێمە بیلین لە ناوەڕۆکدا زانراوە کەئێمە هەموو فەلەستینمان ئەوێ •• پرسیارمان کرد کێ ئەڵێ لە ناوەڕۆکدا زانراوە بۆچی وەچۆن زانراوە ئەو کەسەی لەسەر هەردوو بڕیاری ٣٣٨و ٢٤٢ ڕێکەوتنێ • چنێف چۆن لە ناوەڕۆکەوەیە ناوەڕۆك دەرئەبڕێ ئەم بڕیارانە واتەی شتێکی تر ئەبەخشێ تەنها زەوی عەرەبی ١٩٦٧ لە چاکترین کاتدا واتە سنوری هێمنی‌و بڕواهێنانە بە کیانی زایۆنیزم •• بەبیرمابێ لە سەرجەمی ئەو بڕگانەی پێش‌نیازکرابوون ئەڵێ •• لەئاکامی سەردانە ناڕاستەو خۆکەی سادات پێچانەوەی چارەسەری ئاشتینخوازانە وعادیلانەی کێشەی فەلەستینە •• لەبەر ئەوە واتە ئەم سەردانەش کۆنگرەی چنێفی پێچاوەتەوە ، هەروەکو ئێمە هاتبین بۆ کۆنگرە لە پێناوی ئەوەدا بگرین چۆن کۆنگرەی چنێفمان لە کیس چوو •

ئەمە بەلای ئێمەوە ناگونجێ، نەك تەنها لەگەڵیاندا ڕێك ناکەوین بەڵکو هەر لەگەڵیشیاندا دانانیشین لەگەڵ ئەو کەسانەی بەم جۆرە ئەدوێن • بەڵام لەبەر ئەوەی نەڵێن ئەم چونە دەرەوەیە لە کۆبونەوە ، ڕامان وابوو ئێمە لە گاتێکا سادات بەسەردانەکەی قەرزاربار ئەکەین پێویستە ئەنجامەکانی بڵێین کە کار ئەکاتە سەر پشت پێبەستنی ڕزگاری تەواوی فەلەستین •• کارتێکردن نەك جارەسەرکردنی ئاشتی خوازانەو عادیلانە ••ـ هەرگیز ••

دکتۆر سعدون جوو بۆ لیژنەکە جارێکی تر •• لەڕاستیدا ڕۆیشت بەڵام پاش نیوکات ژمێر خەبەرمان بڕگەیشت کە جیاوازیەکی تەواو هەیە وە هەموو پێش‌نیازێکی عێراقی ڕەفز ئەکات ، لەگەڵ ئەو پێش‌نیازەشدا کە سەرۆکی وەفدەکان وەریان گرت کە ئەڵێ پێك هاتین لەسەر پێویستی دامەزراندی بەرەوو دانانی لیژنەو کۆنگرە لە شوێنێکدا کەدوای دیاری ئەکرێ ئاوەکو ئەوەشیان ڕەفز کرد •

لەڕاستیدا لەدوایا یەکی لەئەندامانی وەفد بانگ‌کراو ڕۆیشتو لەسەر هەلوێستمان لێدوانی کرد ، کە ناکۆکێکی تیژ لە نیوانماندا هەبوو وە لە نێوان لایەنەکاندا لەم بابەتەوە جگە لە پێش‌نیازی عێراقی کە پێش‌کەشمان کرد نوسرابوو تاوەکو لێکۆڵینەوەکانیشمان لەسەر ئەو بارانەی لەلامان دەرکەوت ڕاستیمان لایەو چابمان کردو دامان بەزوربەی ئازانسەکانی عەرەبو دەرەوە •

ئەوەی ئێمە لەسەری ڕێکەوتوین‌و دامان‌ناوە ، ئەو ڕەنی خەڵکیمان ئەوێت بۆچی ئەم بڕگانە ڕەفزکران •

تاوەکو ـ ڕاستی ـ ئەو پێش نیازەی پێش‌کەشمان کرد کە نەچووبوین بەلای بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاشتیش‌دا وونمان ئەمە لە بیروڕاوە هاتوە واتە ئێمە نامانەوی گیروگرفت دروست‌کەین •

پاش ئەوە چاوم بە عەقید قەذافی کەوت بە دوو قۆڵی دەزبارەی ڕەئی خۆمان لەگەڵی دوام بۆ ماوەی دوو کات ژمێر ، هیچ جۆرە لاریەکی نەبوو لەسەر ئەوشتانەی وەفدەکەمان خستبویانە ڕوو ئەو وتەی لێرەدا ئەوترێ کە ئێمە ڕێگای کونگرە وێڵ‌ئەکەین ، پێمانوت ئێمە وا حەزئەکەین کە ئەنها حەزکردنێکی زۆریش نیە کە وەك سەرکردایەتیەکی پێکەوە گونجاوی ڕاستەقینە کاربکەین ، بەڵام ئارەزومان ئەوەیە کونگرەی طرابلس بکوڕێت بۆ کونگرەی ریاض ئەو کونگرەیەی کە قەساب‌خانەکانی لوبنانی خستە ژێر ناوی کۆبونەوەی عەرەبی کە دڵشکاویەکی زۆرە بۆچی ڕیبازی خۆبەدەستەوەدان بەناوی کۆبونەوەی پێشکەوتنخوازانەی گیراو لە طرابلس کە کارێکی گەورە ئەکاتە سەر دەرونی هەموو هاونیشتمانیەکی عەرەبی لە کونگرەی ریاض ناخۆشترە •

ئێمە ونمان ئەوەی ئەبنوسن لەسەری ڕێك‌ئەکەوین ، ئەوان خۆیان خاوەنی کۆنگرەی ریاض‌و قاهرەن ئەوانەی دەرچون بۆ سەربڕینی بزوتنەوەی نیشتمانی‌و ڕێکخراوی ڕزگاری‌خوازی فەلەستینی • لە لوبنان هەرخۆیان ئەمڕۆش هاتن بۆ طرابلس بۆ ئەوەی مۆری‌کەین لەسەرچی ڕێك‌ئەکەون ئەمە ئەو ئەنجامەیە کە گەیشتیوین بێ •

عەقید قەذافی وتی پێش‌نیازێکم هەیە بۆ ئامادەکردنی ئەوبەیان‌نامە یەکی‌تر بەناوی وڵاتی لیبیی‌و ئەیخاتە پێش‌چاو وە داوای لە ئێمە کرد کە لە هەڵوێستی بگەین وا بڕیاری‌دا کە ناتوانێ لەسەر ڕەنی ئێمە بکۆڵێتەوە پێم‌ووت بێ‌گومان تێگەیشتوین کە لە ڕەنی ئێمە نەکۆڵنەوە کە چوار ڕۆژە بەسەرماندا تێ‌ئەپەڕێ لە طرابلس هەموو شوێنی بڕە لە دورشمی کە ئەڵێ •• نا بۆ ڕێکەوتن نا بۆ مفاوەزات •• نا بۆ جنێف •• ئێوەش ئەنانەوەی لەسەر شتێ مۆربکەن لەگەڵ ئەو بڕوایەدا دژوارە کە گەل هەیەنی •

وتی ڕاستە ئێمە ئەوە ڕەنمانە ، ئێمە لەگەڵ ڕەنی ئێوەداین بەڵام ئێوە ئەمانەوی بگەینە بنەکەی پێموت بەرێز عەقید بنی ئەمە سنوری نیە •• بنکەی ئەمە بە ڕێچکەی کارکردن نەك لە بیروباوەڕدا •• فیتنامیەکان لەکاتێکا کە شەڕیان کرد لەیەکەم جاردا ووتیان چارەکی فیتناممان ئەوێ لەدوایدا ووتیان نیوەیمان ئەوێ پاشان ووتیان سێ‌بەشیمان ئەوێ ئەمشتە نیە ، کێشەی ناوەندی ناخرێتە بەردەم دەنگ‌دانەوە وە کێشەی مەبدەئی دەنگ ناوێ •

ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئامانەوی کە دەنگ بدەین بۆ سۆشیالیستی لە حزبی‌بەعسدا وە ئەڵێن بەڵێ دەنگ‌ئەدەین ئەگەر زۆربەی دەنگ ویستیان سۆشیالیستی لائەبەین • ئەم شتە نیەو هیچ برلمانێك نیە لە جیهاندا کە دەنگ بدا بۆ دابەزین لە دوبست لە خاك ئەم ناچێتە بەردەم دەنگ‌دان واتە ئەم کێشانە مەبدەئین یان ئەڵێن ئا یەیان ئەڵێن نە • وتمان ئێمە ئامادەین بۆ هەموو وەلامدانەوەیەك بەڵام بەبێ ئەوەی لە بیروباوەڕمان بێنە خوارەوە • هەموو ڕاستەو خۆیمان ئەبینێ لەسەر ئەم ڕێگایە ئێمە بۆ ئەم ئامانجە هەفتەیەك نامەیەکت نارد بۆ بەرێز سەرۆك پێت وت ئێمە ئامادەین بۆ نەهێشتنی ناکۆکیکانمان لەوکاتەی کە ئەتەوەی لەگەڵ عێراق بەرە بەستێ پێتان ناخۆشە سەربدەن لەبەغداد ، کە ئەنوەر سادات بەبێ بەرە چوو بۆ قدسی داگیر کراو ئایا ئەتوانی پێمان بڵێیت بۆچی نایەیت بۆ بەغداد ، بەغایە کە لە خاکی سوریاو جولاندا شەڕ ئەکا •

وتی ئەمە ڕای خۆمە ئەگەر ئامادە ئەبن من ئامادە نابم پاش لێدوانێکی زۆر دورو درێژ چەند کاتژمێرێکی خایاند ، پێش‌نیازی ئەوەمان کرد کاتو شوێنی دیاری لە دوایدا لەسەری ڕێکەوین •

ئەمان‌ویست دەری‌برین ، هەموو بڕیاریان لەسەردا ، جگە لەوەی حافظ ئەسەد جارێکی‌تر دڵنیایی کردەوە ئەگەر هاتوو ئامادەبوون لە بەغداد بێت ئەو ئامادە نابێت پیان‌وت ئەمە لەکاتی خۆیدا • لیژنەکە کە لە وزیرەکانی دەرەوە پێك هاتبوون ڕۆیشتن ، ئێمەش چاوەڕوانمان کردن بۆ ماوەی کات ژمێرێك‌و پاشان لە کات ژمێری سێ‌دا بڕیارمانداو بەگەڕانەوەو ڕویشتن لە دانشتنی ئیوارێدا بۆ ئەوەی کۆتایی بزانین •

وەزیری دەرەوەمان گەڕایەوە لەگەڵ لێ‌پرسراومان لەلیژنەکەدا دکتۆر سعدون حمادی هات‌و وتی یەکەم لیژنەکە وادەرئەکەوی لەلایەنی ترەوە ڕاسپێراون ، شێوەی ئێمەش ئەوانەی کۆبونەتەوە بڕیاریان وایە بە پیویستی دروست‌کردنی بەرەو لیژنەیەك بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی بەرەو بنچینەکانی دامەزراندنی • ئەو بڕگەی وەفدی عیراقی پێش نیازی کرد ـ کۆبونەوە ڕێکەوتون لەسەر پێویستی دامەزراندنی بەرەی پێشکەوتنخواز لەو وڵاتانەی کۆبونەتەوە کە پێنجن لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاری‌خوازی وبڕیاری پێکهێنان لیژنەیەك لەولایەنانەی پەیوەندیان هەیە وەهەڵسێ بەئامادەکردنی بنچینەو مبادئەکانی‌و بەرنامەی بەرەی نەتەوەیی کە ئەخرێتە پێش‌چاوی کۆنگرەی بەرزی داهاتوو کە ماوەیەکدا ئەگیری درێژترینی سێ‌مانگەو لیژنە کۆئەبێتەوە بۆ دیاری کردنی جێگا ، پێش بەستنی کۆنگرەی ناوبراو بە هەفتەیەك لەوەو پێش بەلای کەمەوە ، ئەم بڕگانە هیچی دانەنرابوو کە بنەڕەتین ، لە لیژنەکەدا ووتیان ئەم ڕێکەوتنە ڕێکەوتنێکە بەدەم لەنێوان سەرۆکی وەفدەکاندا ڕوی‌داوە پێویست ناکات ئەم بڕگەیە کە لە بەیان‌نامەکەدا دارێژرێ ، وتمان لەم کاتەدا پێویستی‌و دامەزراندنی بەرە کوا • بۆ جارێکی ترو کۆتایی هات بەرە بوبە بەرەیەکی بێ بیروباوەر بەبێ پێکهێنانی لیژنەو بەبێ کۆنگرەی داهاتوو بەبێ لێکۆڵینەوەی بەرنامە ، واتە ئەم بەیان‌نامەیە کاتی دەرئەچێ بەرە لە دایك‌ئەبێ لە کاتێکا لەدایك ئەبێ هەموو یەکێ لەئێمە ئەچێتەوە مالی خۆی چی‌دەست‌ئەکەوێ کێشە لەجێگای خۆی ئەمێنێتەوە بۆ دواکەوتن • ئێمە کاتی ئەڕوین کێ لەجێگامان ئەمێنێتەوە ، کی کاروبار ئەبات بەڕێوەوە چی‌ڕوئەدا کوا ئەلتێزام کە لەسەر منو لەسەر فیسارە •• نیە •• بەیان‌نامە دوو وەرقەیە •• هیچیش نیە ••

سێ‌چارەکی قسەکان لەسەر سادات‌ە چونکە ئەو گیروگرفتەکەیە •• هەرچ بڕگەیەکیش کەدانراوە ، ئێمە لەبری ئەو شتیکان دانا‌وە بڕگانەیە کە ڕەفزیان کردوە هاوبەش مۆرئەکەین بەیان‌نامەی سیاسی لەگەڵ یەکێتی سوڤیتدا کە زۆر بەهێزترە لەم بەیان‌نامەیەی کەوا خۆی پیشان ئەدا لە بەرەیەکی پێشکەوتنخوازەوە دەرچوە داوای ڕزگاری فەلەستین ئەکات • بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە ووتمان مادام ڕێگامان لەبەردەم نەگیراوە لەپێناوی لێکۆڵینەوەی بیروباوەڕانە لەمەودوا دانانی بنچینەی بەرە هیچ جۆرە لاریەکمان نیە بۆ ڕەفزکردنی ئەم‌شتە لەپاشان هەموو براکان گەڕانەوە سەر ئەو شێوازەی ڕێکخراوی ڕزگاری‌و سوریا لەسەری ڕێکەوتبوون مۆری ئەکەین‌و گەڕانەوە سەر بەیان‌نامەی ڕۆژی شەممەو گەڕانیانەوە •

لەپاش لێدوانێکی درێژ لەڕاستیدا •

نامانەوێ بچینە ناو قسەوباسی شەخسیەوە ، خۆکشانەوەمان لە کۆنفرانسەکە ڕاگەیاند ، بەیانی ڕۆژی دووەم بەناشکرا ئەیڵێم لەگەڵ ئەو تەنگ پی‌هەڵچنینەی بەرامبەرمان کرا کۆنفرانسیکی ڕۆژنامە نووسیمان بەستو بەڵام توانیان کۆنفرانسەکە ببەستین‌و ڕاستیمان تیا ڕوون کردوە بۆ ئەوەی ڕێگا لەو کەسانە ببڕین کە ئەیانەوێ شت بە پێچەوانەی ڕاستی خۆیەوە دەربخەن •

لەکوتایی لێدوانەکەدا هاوڕی طه یاسین دەستی بۆ ئەو تەقەللایە کێشا کە وەفدی عیراق داویەتی بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی بزوتنەوەی بەرگری‌و ئەوەی دوبات کردەوە کە دەوری حزب لەم ڕووەوە لەمێژەوە ئاشکرایە کە ڕێ‌ڕەوی یەکگرتنەوەی هێزەکانی بزوتنەوەی بەرگری گرتوە •

لە دوایشدا هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی دەستی بۆ ئەوەش کێشا کە هەندێ ئاژانسی بێگانەو کۆنەپەرست ڕاستی کشانەوەی عیراقیان لە کۆنفرانسەکەی طرابلس ناوەژو کردۆتەوە ئەوەی دووبات‌کردەوە کە بەلای عیراقەوە مەسەلەی ئەتەوەیی لەهەموو شتێك گەورەترە •

---

### هوزانفانی ڕەسەن « پاشماوە »

نرگزین شەنگ وشەپاپاڵ زەبەر هندێ نرگز ژشەرمادا
سەرێ خو شوڕدکەن و دئینینە خارێ !! چتۆف وێنەگرە هۆزانفانێمە ؟!

مینا « بێ‌کەس »ێ گوتی ، براینی‌یا کوردو عەرەبان یاژمێژەیە دیفەلانك وکەفنە پەرست بلاقۆجا لکەفرا بەمن :

**دۆستێی کوردو عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە**
**تا حەزی ڕووڕەش لەداخا بایەخەی خۆی دادڕێ**

« بریفکانی » ژی عالایێ براینی‌یا کوردو عەرەبان یێ بلندکرێ ، چوەچەوا خوین مێژان بێ فایدەیە :

**عەرەبو کورد بونە یەك دل بونە هەمراهو برا**
**براستی هێلا یا بەراهیێ نویکرن وان مالو تشت**
**عەرەبو کورد پێگفە هاتن ئەو بونە دۆستو هەقال**
**جە بو خوین مێژان نەهێلا ، ڕاکرن ئەو دانە پشت**

تو چ دبێژی هەکە هۆزانفانێ مە ، مەلەفانێ گەڕێت فەلسەفی ژی بیست ؟! پەندو عیبرەتا ژدارا زەمانی بچنیت‌و کۆمکەتن وەکی :

**من دەما نێرا دنێ ، من دی هەچی هاتی دچوو**
**هەر وەکی ئافا بهارێ هشك دبوێ دەنگێو دوو**
**هەر کەسەك چەند ڕۆژەکا لفی وارگەهی ڕونشتیا**
**هادری بارێ خۆ بارکر ، گوتی کاروانێ مە چوو**
**ژی هەمی هەرگافەکە یاکو توێندا فێ دەمێ**
**یا دهێت هێش تو نزانی ، یا دوهی بوخەون و چوو !**

لدیماهیێ هیڤیدارم لدەلیڤەکا دی بشێم بتر ڕوناهیێ بدەمە قۆلاچێت ناری‌ێت ژیان و هۆزانفانی‌یا قی شاعرێ ڕەسەن‌و بێقەهانی •

---

### داری منداڵی « پاشماوە »

(١) داری منداڵی ( داری لاندکێ ) سترانەکا فولکلۆری‌یا بناڤودەنگە دناف هەمی کوردانداا ، ئەوژی لسەر زمانێ مێرکەکی دهێتەگوتن ژنا وی خاترخازتنا دویماهیێ ل وی‌و ژینێو جیهانێ دکەت‌و بجوێکەگێ ساڤایێ ناف لاندکێ بۆ دهێلیت •• ئێجا ئەف جامێرە بخۆ چاڤێ خۆ ل بجوێکێ خۆ دکەت‌و سەخبێردکەت •

ب شەفێ لاندکا بجوێکێ خۆ دهژینیت‌و دبەرڕا فێ لایێلایێ دبێژیت •

(٢) گولیلکەك یا ل کوردستانێ هەی ، گەلکو ئەف سترانە لدەف هاتەگوتن دێ بەلگێت خۆ ئێك‌ئێکە وەزینیت •• دبێژنە فێ گولیلکێژی کولیلکا داری منداڵی ( کولیلکا داری لاندکێ ) • ئێجا چ زبەر گوتن‌و نافەڕۆکێ وێ‌بیت ، چ زبەر ئاوازێ وێ‌بیت هندی هندێ دلسۆزە •

(٣) هەرچەندە ئەف سترانە یا ل ئێزگێ هاتیە تۆمارکرن‌و ب دەنگێ چەند سترانبێژەکان یاهاتی ، بەلێ چێدبیت هێشتا هەر کێساتی تێداهەبن‌و گوهوڕین بسەرداهاتبن ، لەوا هیڤیا مە ژ خوینەدەفانێت هێژا ئەوە : هەرکەسەکێ دروستیا فێ پارچا زێڕینا فولکلۆری‌و نافو نافونیشانێت وێ کولیلکێ بزانیت بلا بۆ مە فرێکەت‌و ئەم گەلەك سوپاس گوزارێت وی‌نە •

(٤) ئەف تێکستە یا ژ دەفێ‌خودێ پێهێلای ( زێندین فتح‌الله ) ل گوندێ ( سەرگەلێ ) ل قەزا ( ئامێدیێ ) هاتیە وەرگرتن •

---

### بۆ زانین
#### فرۆشتنی خانوێك

دائرەی ڕاپەڕاندنی سلیمانی ئەیەوێ بارچە زەوی ژمارە ٤٤ـ٨٣٩ لەناوچەی ژمارەیەکی مەلکەندی دەباشان بفروشێ کە هینی قەرزار محمد صالح علی‌یە ئەوەیش لەسەرداوای خاوەن‌قەرز هەڵالە رشید ئادەمە کە مەبلەغی ١٣١٩٫٠٨٠ دیناری لایەتی • ئیتر ئەو کەسەی ئەیەوێ بیکرێ لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بەیانەوە سەر لە سەرۆکایەتی ڕاپەڕاندنی سلیمانی بدات‌و متمانەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێ •

خانوەکە بریتیەلە ٣ ژورو هەیوانێك‌و حەوشە‌و مشتملات‌و ڕوبەرەکەی ٢٠٠م٢ بەنرخی ٢٢٥٠ دینار دانراوە •

**حسین احمد صالح**
**مامۆری ڕاپەڕاندنی سلیمانی**

---

### سەرهك وەزیرانی زایۆنی « پاشماوە »

بەڵام چاودێری کەران تێبینی ئەوەیان‌کردووە کە ئەو کار بەرەسەندنە ڕۆژێك لە دوای ئەو گفتوگۆیانەوە هاتووە کە پێرێکە لە نێوان کاربەدەستانێکدا کە نوێنەرایەتی سادات ئەکەن‌و کاربەدەستانێکیش کە نوێنەرایەتی زایۆنی‌یەکان ئەکەن ، لە قاهیرە بۆ ڕێ خۆش‌کردن بۆ کۆبونەوەکەی قاهیرە کە دوێنێ کرایەوە ، کراون •

ئاژانسی یونایتد پرێس ئەڵێ ، بڵاوکردنەوەی سەردانی سەرەك وەزیرانی زایۆنی بۆ واشنتۆن ، گوت‌و پڕ پاس‌و خواستێکی وای خستە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکاوە کە لەوانەیە بیگن ڕوونووسی پەیمانێکی ئاشتی لە گەڵ خۆیدا هێنابێ‌و ڕژێمی سادات ئەو پەیمانە لە گەڵ قەوارەی زایۆنیدا مۆر ئەکا •

سەرچاوەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش لەسەر ئەو هەواڵانەیان هەڵ نەدایە ، بەڵام هەندێ کاربەدەستی ئەمەریکایی وتیان ، پێویستە سەردانی کوتوپڕی بیگن بۆ واشنتۆن وا سەیرنەکرێ کە تەنها هەنگاوێکە لە مەیانی ڕەنج‌و تەقەلای سادات‌و زایۆنیەکانەوە •

---

### بۆ زانین

**لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی**
**بەرنامەی ڕەنیوهێنان ـ ئەمینداریتی گشتی**
**بەرێوەبردنی کارو خانەسازی ناوچەی کوردستان**
**قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ( ٧٧/٦٩ ) بۆ دروست‌کردنی سەرای زیبار •**

**ڕای ئەگەیەنین کە ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوە بەمەرجانەی لای خوارەوە هەیە :**

١ـ کۆمەڵی ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەڵبەندی ئەم بەرێوەبەرێتیە یاخود لە بەرێوەبەرێتی کاری هەولێر ئەتوانرێ بە ( ١٥ ) دینار دەست‌بکەوێ کە نادرێتەوە ، بەرمەجێك کاتێك قۆنتەراتچیەکەی کە قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ مەرجە گشتی‌و مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت •

٢ ـ دوا ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٩ـ١٢ـ١٩٧٧ ە و ئەدرێت بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەمەڵبەندی ئەم ئەمینداریتیە •

٣ ـ ئەمانەی لای خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندا بن :

أ ـ بارمتەی پێشەکی ( ـ/٢٥٠٠ ) دوو هەزارو پێنج سەد دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق بۆ ماوەی شەش مانگ لەڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت •

ب ـ پێناسی ژوری بازرگانی لەگەڵ بەلگەنامەیەکدا لە بەرێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچوبێت‌و بۆ ئەمسال تازە کرابێتەوە •

ج ـ بەرنامەی ئەوکارانەی لەمە ئەچن •

د ـ پێناسی بلەی قۆنتەراتچیەکان •

٤ ـ هەرتەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش ئەکرێت یان هەمو مەرجەکانی تیا نەبێت پشت گوێ ئەخرێت •

٥ ـ ئەم بەرێوەبەرێتیە لەسەری نیە نزمترین تەندەر لەروی نرخەوە یان هەرتەندەرێکی‌تر قبوڵ بکات •

٦ ـ ڕۆژێکی دواکەوتنی کار ( ـ/٢٠ ) بیست دینار سزا ئەدرێت‌و پێویستیشە ئەوقۆنتەراتچیەی قۆنتەراتەکەی ئەدرێتێ ئەندازیارێکی سەربەرشتی‌کەر دابنێت •

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەر شەش مانگە لەڕۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە •

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا بەوقۆنتەراتچیە ئەدرێ کە قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ •

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکە یولێکی ( ٢٥٠ ) فلسی بەتەندەرەکەوە بلکێنێت •

١٠ ـ هەرتەندەرێك لەناو زەرفێکی داخراودا نەبێت پشت گوێ ئەخرێ •

١١ ـ لەبەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا بگەت بە مەرجە گشتیەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردو بەشی یەکەمو دوەمیەوە ئەبەسترێت •

١٢ ـ هەرسل کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لە ناو تەندەرەکاندا بنوسرێ بەهیچ ئەژمێردرێ‌و پەسەند ناکرێ •

**شیروان علی امین ئەمینداری گشتی**
**بەرێوەبردنی کارو خانەسازی**

# پیشانگای تایبەتی هونەرمەند (ڕەهبەر جەلال)

□ پ٠ هاوکاری لە هەولێر □

**ڕۆژی (٢٨ـ١١) کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر یەکەم پیشانگای تایبەتی هونەرمەند ( ڕەهبەر جەلال ) ی کردەوە ٠**

هونەرمەندی لاو ڕەهبەر جەلال پەیمانگای جوانەکانی تەواو کردوە ، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە چاوی بە سروشتی جوانی کۆیە کردۆتەوە کە هاندەری بووە لە هونەری نەخشەکێشاندا ٠

تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە لاوە پلەی پێشکەوتنی پێوە دیارەو لە کارێکی بەردەوامدایە بۆ زیاتر پێشکەوتنی لە مەیدانی هونەرەکەیدا ٠

لە تابلۆکانیدا بە گشتی سەرکەوتوو بوو لە دابەشکردنی ڕووناکی و تاریکیدا ، هەروەها ( ڕەنگی وەرزی ـ ألوان فصلية ) کە باسی گۆرانی و مۆسیقا ئەکەین لە هەلەبجەدا ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی بەر لەئێستا ٠٠٠ ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتەی کە کوڕوکاڵو پیاو وژن لە ڕۆژانی بەهاراندا هەموو بەرەو گوڵانو چەمی گوڵەبۆزو باخی میرو کانیماران و کانی شێخو باسی شمشاڵەکەی مینەو دەنگی خولەی شێلاری بکەینو ڕەشبەڵەکو کۆڕی شاعیرانی وەك ئەحمەد موختار جافو تایەر بەگئو گۆران ع٠ ع٠ شەونمو عەلی بابیر ئاغا ٠٠ بەڵێ ئەم سروشتە جوانە تێکەڵاو بەهەستو نەستو جۆشو خرۆشی خەڵکی ئەم شارە بووەو هەستی بزواندنو چی لە دڵیاندا بووە بە هەڵبەستو گۆرانی دەریان بڕیوە ٠

ئەوە بوو لە ساڵانی ٥٨ ـ ٦١ تیپێکی نواندن دروست بوو وە چەند شانۆگەرییەکیان پێشکەش کرد یەکێك لەوانە مەمۆزین بوو کە دەرهێنەرەکەی مامۆستا ع٠ ع٠ شەونم بوو ٠ پاشان باری نا هەمواری کوردستان ئەوجۆشو خروۆشەی لەناو بردو شاردیەوە تا ساڵانی حەفتا ئەوەبوو چەند تیپێکی نواندن پێك هاتوە لە گەڵیاندا تیپی مۆسیقای هەڵەبجە دروست بوو بە هاوکاری چەند لاوێك هەر چەندە هیچ کەس نەبوو یارمەتی بدات وە لە ٢٦ـ٤ـ١٩٧٣ دا ئەم تیپە پێك هات ٠٠ وە چەند ئاهەنگێکی سازکرد لە هەڵەبجەو دەوروپشتی (تەوێڵەو خورماڵو پنجوێنو) وە چەند گۆرانی بێژێك بەشداری لەگەڵدا کرد وەك عومەری خەزانو سیروان عەلیو ئازاد مەحمود وە لە یادە نەتەوایەتیەکاندا بەشداریان ئەکرد وەچەند سروودو گۆرانیەکی تازەیان پێشکەشکرد ٠٠ چەند ئافرەتێکیش بەشداریان کرد بەشێوەی کورسیو گۆرانی بێژ ٠

باشان ئەم تیپە لە کارکردن ودستاو ئەندامەکانی پەرەوازە بوونو ئەندامەکانی هەندێکیان ئێستا لەتیپەکانی سلێمانیدا هاوبەشی ئەکەنو ئەوانی تر بەهۆی باری تایبەتیەوە دوورن لەشارەکە ٠

ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٦دا پەیشانگاکانی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێردا بەشداریم کردووە ، هەروەها لە زۆربەی پێشانگاکانی پەیمانگاشدا بەشداریم کردوە ٠

هەروەها من هونەرمەندێکی دیاریکراو کاری لێ نەکردووەو لاسایی هونەرمەندێکی بەناوبانگ ناکەمەوە ، بەڵکو هەوڵ دەدەم شێوازێکی تایبەتی خۆم هەبێت ، هۆی ئەوەش ئەوەیە من لە ناوچەیەکدا پەروەردە کراوم کە هونەری هیچ هونەرمەندێکی ناسراو دەرنەکەوتوە لەو ناوچەیەدا بەڵکو تەنیا جوانی سروشت نەبێ لە تابلۆکانمدا دیارەو هەوڵیش دەدەم لە سەر شێوازی واقیعی بڕۆمو باسی مرۆڤایەتی بنەخشێنم ٠ هەمو هەوڵو تەقەللام ئەوەیە لە باسی مرۆڤایەتی نزیك ببمەوە ٠

پ٠ هاوکاری لەهەولێر

## بیروڕای خەڵکی

### داخوازیەك لەپێناوی نوێ کردنەوەی سینەماکانی سلێمانی

ئاشکرایە کە سلێمانی شارێکی گەورەیەو دانیشتوانێکی زۆری تێدایە وەکاتی بێ ئیشی زۆربەی خەڵکی ڕوئەکەنە سینەماکان چونکە ئەمڕۆ سینەما بۆتە یەکێك لە پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانە جانەگەر یەکێك نیازی بێت بچێت بۆ یەکی لە سینەماکان توشی چەندەها ناخۆشی ئەبێت ٠ وەك لەش داهێزرانو بێ تاقەتی کە یە هۆی نەگۆڕانی هەوای بیسی هۆڵەکەوە توشی دێت٠ هەروەها سەغڵەتیو تەنکەبەری هاتوچۆو شکاوی وکۆنی کورسیەکانیش هەندێ جار ئەبنە هۆی دڕاندی جلو بەرگ هەرکەسێك لەم ماوەیەدا ئەگەر چوبێت بۆ سینەمای دلشاد دەرگای ئاودەسەکەی بە داخراوی دیوە کە ( مکسورێکی ) پێدا هەڵواسراوە ئەوەش بۆتە پەیدا بونی بۆنێکی ناخۆش کە لەژێر کورسیەکانەوە دێت٠ وەهێچکار سینەماکەی پیس کردوە ٠

وە لەلایەکی ترەوە پەڕبوتیو گوێنەدان بە کاتی فیلمو هەروەها زۆر جار لەگەڵ وێنەکانی دەرەوەدا ( لاول مرة ) یەك ئەنوسن لەگەڵ ئەوشدا دەجار کەمتریش ئیشی نەکردوە ، ئەو فیلمانەش کە خاوەن سینەماکان ئەیانهێنیو چەند جارێك پیشانی ئەدەنەوە ولەژیانی خەڵکی زیاترو بەرژەوەندی خاوەن سینەماکان زیاتر هیچی تر نیە ٠

وە لە ڕوبەکی تریشەوە دەنگ بەرزی گۆرانیەکانی پێشی فیلم لە ئارەزوی کەسدانیەو تاریکیو ڕوناکی هۆڵەکەش لەکاتی پێویستو نا پێویستا بەئارەزوی کاکەی شاگردە ٠ لێردا داوا کاریەك ڕو ئەکاتە لێپرسراوانی بەرێز ٠ ئایا تاکەی خەڵکی ئەم جورە نا خۆشیانە بچێژێت لە شارێکی وەك سلیمانی کە زانکۆی تیدا بێتو لەچەندها ڕوەوە پێشکەوتو بێت ؟ ئەگەر ماویەکی تر سینەمای سیروانو دلشاد بەم شێوەیە بێت ئئوا هەزار خۆزگە بەئیستاش ئەخوازین ٠

جا دوبارە داواکارین لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بەزوترین کات هەوڵ بدەن بۆ گۆڕانێکی نوێو باشترین شیوەی گونجاو چاو پۆشی نەکەن لەو کەموکوڕیانە کە لە سینەماکاندا هەن ئیتر سوپاس بۆ هەمولایەك ٠

**بورهان محمد امین**

## تیپی مۆسیقای هەڵەبجەو چەند سەرنجێك !

**جا لەبەر ئەم هۆیە یارمەتی دانی هونەرمەندان بۆ دروستکردنی ئەم تیپە هەنگاوێکە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی چونکە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە بەکەلەپوری نەتەوایەتی کوردیەوە ٠**

**ئازاد حمە صالح**
**ئەندامی تیپی مۆسیقای هەڵەبجە**

## ڕێ ڕەو

جیاوازی کردنی لەنێوان هاونیشتمانیەکاندا سیاسەتێکە ئەو حوکمڕانانە ئەیکەن کەبەویژدانی کۆمەڵایەتی گەلەوە نەبەستراونەتەوە ، بەڵام ئەوانەی چاویان لەسەرکردایەتی کردنی گەلەکەیانەوەیە نابێت هەڵەی وایان لێبوەشێتەوە ٠

**هاوڕی صدام حسین**

## □ زستانی کوردستان □

**بەهارو هاوینی کوردستان رازاوەی چەندەها بەرگی جوانو دڵگیرن ئاوو هەوای فێنك لەو کەژانەدا چیاو دۆڵو چەمەکانی گرتۆتەوە سەرانسەری کوردستان ، بەگەلێ دەرختی بەردارو بێبەرو هەزاران گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی هەمە جۆر ، ئەبنە پێشوازی کەری سەیران گەڕانی کە لە گشت لایەکی کوردستانو هاندەرانەوە روی تێ ئەکەن ٠**

رازاوەیو دڵگیری کوردستان تەنها لە بەهارو هاوینداو نیە بەڵکو پایزو زستانی کوردستان جۆرە نیگایەکی جوانتر ئەکەن بە خەندەو لە سەر لێوی شاخەکان بە باڵ بەفری سپی بێ گەردەوە ئەبیزوێنن ٠ ئەو بێ گەردیەی کە لە دەرونی سپێتیو کولمی منالی دێ نشینەکان ئەچێ ٠ بەفری زستان ئەبێتە هۆی زۆر بونی ئاو تەقینی کانیاوی ڕونو ساردو دڵخۆ شکەری چەمو ڕوبارەکانی ، کە سەرچاوەیەکی سروشتو ژیانی کامەرانی ئەرەخسێنێ ٠

لەو یاریە خۆشانەی لە زستانداو لە کاتی بەفر کەوتندا ئەکرێ شەڕە بەفر ، خش خشۆکی ، سەر بەفرۆ ، هەر وەها دروست کردنی بەیکەری گیاندارو مرۆڤ لە بەفر ٠ منالانی کورد زۆرتر خولیای ئەم جۆرەیاریانەنو بە بەرۆشەوەن بۆی ، کچانی لادێ زۆر جار لە شوێنێکا کە کەسیان لێوە دیار نەبێ لە ناو بەفرا زۆران بازی ئەکەن لەگەڵ شەڕە تۆپەڵ ٠

لێرەدا ئەمەوێت شتێ بڵێم کە جێگای داخە زۆر جارو لە کاتی بەفر باریندا هەندێ پەلەوەرو گیان لەبەر لە پەلوبۆ ئەکەونو ڕێگا ون ئەکەن وەك کەو کەروێشکك شورو کارەمامز ، بێ هێز ئەمێنەوە لە کوچەیەکدا بەهەچ جۆرێ بێ خۆیان ئەژێنن ، بەڵام ڕاوکەری خۆیان بۆ پەیدا ئەبێتو ئەیان کوژن ٠٠ لەبەر ئەوە زۆر پێویستە کوشتنو ڕاوکردنی ئەم جۆرە گیان لەبەرانە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان قەدەغە بکرێت ، کە ئەبێتە هۆی پاراستنو مانەوەی ڕەنگینی وئاوەدانی کوردستان ٠

**مەغدید حاجی**

## هیواو سوتان !

□

لە نێو شەپۆلەکانی ئەندێشەو ڕاچڵەکانی بیرو خەونەکانما ، بەدواتا ئەگەڕێم ٠٠٠ لە ناخو ڕێ ڕەوی لێکدانەوەو ڕۆژمێرەکەما لەتۆ ئەپرسم ٠٠

لە هەموو شوێنێ ، لە کوچەو کۆڵان و ڕوخساری وێڵو دڵە غەمگینەکانا ، بیرت ئەکەم ولێت ئەپرسم و بە دواتا ئەگەڕێم ٠٠٠

تۆی تەمەنو نوێژگاو خەونەکانم ، کە خۆم ئەپرسم ٠٠٠ تۆ دێیتە وەڵام ٠٠٠!

تۆ مایەی ئازارو سەرگەردانیو غەمە ترسناکەکانی منی ، تۆ مایەی سوتانی منی ٠٠٠

بەڵام من هۆگری تۆم ٠٠ فرچکدراوی پڕ لە میهری دڵداریتم ٠٠ دڵداری ، ئای ! چەند حەزم ئەکرد وازت لەو وشە دیارانەی نێو فەرهەنگەکە پیرۆزەکەت: ( سەرگەردانی نیگەرانی ، بێزاری ، ڕاکردن ، کۆچکردن ، خۆکوشتن ٠٠ ) ئەهێنا !

ئینجا ئەتزانی ڕێگاکە ، ڕێگاکەی منو تۆ چۆن بە ماچ گوڵبژێن ئەکرێو کۆرپەی هیوامان دەم ئەکاتەوەو پێئەکەنێ ٠٠!!

**فؤاد حسین احمد**

## هەرچارەی نووسینێك

### مەسەلەی داهێنان

ئەوانەی کە تەنها هەر بە وشەی ڕووتو قسەکانیان ئەخشەی ئێستاو دوا ڕۆژیان ئەکێشنو لە دالدەی چاوەڕوانیو دوورە پەرێزیدا ئاواتەکانیان خانەساز دەکەنو ئەمانە ژمارەیان یەکجار زۆرەو دیاردەیەکی باوی ئەم سەردەمەیە ٠ بەڵام ئەوانەی کە بە ووشەی پاکو ڕەفتارەکانیان لە بۆتەی ژیانا قال ئەبنەوە ئەمانەش ئەتوانین بڵێین ژمارەیان کەمەو ڕووکارێکی دەگمەنیشن ، بەڵام ئەمەش هیچ گرنگیەك نابەخشێتە ناوەڕۆکی مەسەلەی داهێنان ، چونکە لەوەتەی شارستانیەت هەنگاوی ناوە ، داهێنانو بەرهەمی پوختی هەوڵدان هەر لەلایەن ئەو مرۆڤانەوە بووە کە ناوەکانیان بە تەنها لە لیستەی جۆری دووەما ئەدۆزرێتەوە ، بەرکولی ئەم دوو سێ دێڕەش ئەوەیە کە ڕەفتاری پیرۆزو کارەکانی مرۆڤ بەتەنها سەنگی مەحەکی هەموو داهێنانێکە ، هەر ئەم ڕاستیەشە کە ئەنجامەکەی پاشکۆیەکی سەوزی بەختەوەریە ، بایەخیش لەمەدا ژمارە زۆری کەسەکە نیە ، بەڵکو لە چۆنیەتی بێهەڵسانی بەکارەکە دایە ، جا هەر ئامانجێکی مرۆڤ ئەگەر لە لایەنی بەستنەوەی کاری چاکو بێ هەڵسانیەوە سەیر نەکرێ ، هەموو هەوڵدانێك بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە لە بۆشاییدا ئەڕژێو وردوخاش ئەبێو نایەتەدی ، کە مەسەلەی هەموو داهێنانێکیش هەر لەم خاڵەدا سەر هەڵدەداو بەل ئەهاوێ ، مرۆڤیش کە گەورەترین کەلچەری ئەم سەر زەمینەی هێناوەتە دی ، گومان لەوەدا نیە کە هەر ئەم بیۆرە حەساسەی بەکارهێناوە بۆیە ئەبێ ئێمەیش بە درێژایی تەمەنمان کردارو ڕەفتارەکانمان شوێن پێی قسەو ووشەکانمان بکەوێت ، قسەو ووشەکانیشمان ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی بێ بشووبنو ڕەمەکی هەڵنەقوڵێن ، جا هاوسەنگ کردنی ئەم هاوکێشەیەش نەخشەو بناغەی هەموو شیرینو شیرینکاریەکی ئەم ژیانەیەو ، زەمینەی سەرهەڵدانی هەموو داهێنانێکی مرۆڤە ٠

**عبدالکریم دەشتی**

## چیرۆك بۆ منالان

### زستان

کاتێك کە زستان هاتسێ سواری لەگەڵ بوون :
باران ، بەفرو با بوون ٠مشتو مڕیان بوو ، هەر کەسە خۆی بەخاوەنی ئەوفەڕو پیتە دەزانی کە دەستگیری زەوی دەبێ ،زستان بە نەرمێکەوە گوتی :

ـ با تاقیتان بکەمەوە ، بە(با) ی گوت :

ـ ئازایەتی خۆتمان پیشان بدە ئەی (با) ٠

(با) لاقی لێ هەڵکردو دابەزییە مەیان ٠٠ هاژو هوژو ناڵە ناڵێکی خستە سەر زەوی ، کەوتە گەڕان بەناو دۆڵو شیوو دەشتەکاندا داری هەڵکەند ٠٠ کوخی ڕماند ٠٠ هەتا هێزی تێدابوو فووی کرد ٠٠ تا بەکی کەوتو شەکەت بوو وهیچی پێ نەما ٠٠٠

خەڵکی سەریان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە !:

ـ سەیرە ! زستان جگە لە (با) هیچی تری نیە ! کەی ئەمە زستانە ؟ زستان بە (با) ی وت : هیچی ترت پێیە ؟ ، وتی : ئەم بە بەفری گوت :

ـ بەفر ئەنجا سەرەی تۆیە !

بەفریش گورج بێژنگێکی گەورەی گرت بەدەستەوە و گێژیدا ٠٠ کۆڵوە بەفرێکی سپیو ئەرمی وەك پەڕی باراند ، تا دارو دەرختو زەوی هەمووی سپی بوو ، منالەکان لووتیان نابوو بە پەنجەرەکانەوە :

ـ ئای کە دیمەنی بەفر جوانە ؟!

بەڵام گەورەکان وتیان :

ـ بەفر کرمی زیان بەخشی زەوی دەکوژێ ، خۆ هەمووشتێك نیە !

زستان بە بەفری وت : هیچی ترت پێیە ؟ وتی : ئەء

زستان وتی : باشە ئەمجارە سەرەی بارانە !

باران ، هەر زستان فەرمانی پێدا ٠٠ دایکردە بارانو ڕەهێڵە ، بەشەستە وەباری یە سەر کێڵگەو باخچەکان ، چۆگەو سەر چاوەکان پڕ بوون لە ئاو ، بەڵام باران هەر لایەکی زەوی گرتەوە ، چونکە (با) وەستابوو ، بۆیە باران نەیتوانی لە جێگەی خۆی ببزوێ !

خەڵکی ئەو جێگایانەی بارانی لێ نەباری بوو وتیان :

ـ زەوی یەکانمان وشك بوونو قڵیشیان بردووە ، کشتو کاڵەکانمان زەردبوون٠

باران شەرمەزار بوو ، هەتاکو زستان بەئاشکرا وتی:

ـ ئەگەر (با) نەبێت (باران) نا توانیت (زەوی) هەموو پاراو بکەیتەوە ! (با) ش بەبێ باران وەکو دەهۆڵێ دڕاو وایە !

باو باران وتیان : ئەی بەفر ؟؟

زستان وتی : بەفر ئیشی ئێوە تەواو دەکاتو ئەو ساڵەی بەفر زۆر ببارێت دانەوێڵە زۆر دەبێت ٠ (با)و (باران)و (بەفر) ٠٠٠ هەرسێکیان لە باپیرە گەورەیان زستان نزیك بوونەوەوڕیشە سپیەکەیان ماچ کرد بۆ دانایی و زانایی ٠٠ هەموو پێکەوە کۆچیان کردوو گۆرانی :

خۆشەویستیو یەکێتیو یارمەتیان دەگوت ٠

**ابراهیم قادر کردویەتی بە کوردی**

## جیهانی منال

## ○ بەفرە خلیسکێ ○

**مناڵە خۆشەویستەکان :**

« بەفرە خلیسکی » ژمارە (٨) ی لەو زنجیرە چیرۆکە منالانایەی وەزارەتی پەروەردە لە بەرێوەبەریتی گشتی خوێندنی کوردیەوە بەشی هۆی فێرکردن ، بۆ منالانی بلاوکردۆتەوە ٠ چیرۆکی « بەفرە خلیسکی » بەشێوەیەکی رازاوەو ڕەنگاو ڕەنگ ڕۆژیکی بەفر بارین بۆمناڵە ئازیزەکانمان ئەگێڕێتەوە ٠

## ● دیاری ●

هاوڕێی گۆشەی جیهانی منالان ( سۆران فەتاح ئەمین ) ئەم گۆرانیە فولکلۆریەی بۆ ناردوین ئەڵێ :

هە چەرمە ، چەرمە چەرمە
چەرمە مەزادی گەرمە
حەز لە بووکی خۆ شەرمە
بوکم دی ، دیلانم دی
لە ماڵ ئەسمەر لانم دی
ئەسمەر لانی دوو گردی
هەر هێناوو هەر بردی
لە خۆی مارە ئەکردی
مارە مارە هەڵبەزی
بە سنجاقو بە دەرزی
سنجاقەکەم زێڕینە
لە خاڵانم گێرینە

## ژمارە سەیرەکان

نمرەی (٥) لە جیهانی ماتماتیکدا زۆر باوە بە سەیرو سەر سوورێنەر ٠

سەیر ئەوەیە نمرە شەشمان زەربی دووبارە کراوەکانی نمرە (٥) کرد ، تەماشا دەکەین کە نمرە (٣) دووبارە دەبێتەوە بەپێی ژمارەی نمرە پێنجەکان ٠٠ واتە بەم شێوەیە دەردەچێت :

٥ × ٦ = ٣٠
٥٥ × ٦ = ٣٣٠
٥٥٥ × ٦ = ٣٣٣٠
٥٥٥٥ × ٦ = ٣٣٣٣٠
٥٥٥٥٥ × ٦ = ٣٣٣٣٣٠

تا دوایی ٠٠

**مناڵە خۆشەویستەکان :**

ژمارەی پێنجەکان کە زەربی شەش دەکرێت چەند بێت ژمارەی نمرە (٣) یەکانیش وەك ئەو دەر دەچێت ٠

**ـ چیناز بەکر خان ـ**

نیان هیوا — سعاد صابر — شنرۆی رۆوف — تافگە رۆوف — تریفە رۆوف

نجلا غریب — گوڵان فرج — رضوان حسن — هانا رشید — کەژاڵ عبدالکریم — ئەشاو محمد — سامان فەتاح — عادل عبدالکریم

طبعت بمطبعة دار العراق للطبع والنشر

بڵاوکراوەی رۆشنبیری و بازرگانی کوردی
مەیدان، قشلاق، قەڵای، الجمهوریة،
بەغدا ص.پ ١٤١٨ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١
سەرنووسەر: محمد امین محمد

# هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

• دوو شەممە ١٩ی کانوونی یەکەم ١٩٧٧ ژمارە ٤٠٣ •
• الاثنین ١٩ کانون الاول ١٩٧٧ العدد ٤٠٣ •


بڕیستە دووچەندانە تەقەلابدەین بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی شورش لەناوچەی نۆتۆنۆمی و، بۆ هێنانەدی ئاوانەکانی گەلی کوردمان، و بۆ گەشەپێدانێکی سەرتاپایی لەم بەشە خۆشەویستەی نیشتماندا.

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

له بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرمانده و هاوڕێ صدام حسین

# بەناوی ملیۆنەها کرێکارانی نەوت پشتگیری خەباتی دادپەروەرانەتان ئەکەین

بەشداران کۆنگرەی بەغدا

## سەرەڵکۆمارنامەیەکی لەمەلیکی مەغریبەوە پێگەیشتوە

بەغدا ـ کانوونی یەکەم ـ ئا. د. ع .. دوێنێ سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکر نامەیەك لە خاوەن شکۆمەلیك (حسن)ی دووەمەلیکی مەملەکەتی مەغریبی کە پەیوەندی بەبارو دۆخی ئێستای ناوچەی عەرەبیەوەهەیە پێگەیشتووە. نامەکە لەلایەن بەڕێز عبدالرحیم بوعبید کاتبی یەکەمی یەکێتی سۆشیالیستی هێزە میللیەکانی مەغریب کە لەلایەن سەرۆکی بەڕێزەوەدوێنێ نیوەڕۆ لە کۆشکی کۆماری پێشوازی کردبووبێ‌دراو. لە چاوپێکەوتنەکەدادوکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەی عیراق‌وبەڕێز بالیۆزی مەغریب لەکۆماری عیراقدا ئامادەبوون.

بەغدا ـ کانوونی یەکەم ـ ئا. د. ع .. وەفدە بەشدارەکانی کۆنگرەی بەغدای نیقابەکانی کرێکارانی نەوتی جیهانی لە وڵاتە بەرهەمهێنەرو سووتێنەری نەوت ستایشی هەڵوێستە مەبدەئیەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشو رەوتە پێشکەوتنخوازەکەی کرد کە بەرانبەر کێشە ئاسایشو مرۆڤایەتیەکان ئەنوێنن لە جیهاندا.

ئەمەش لە بروسکەیەکدا هاتووە کە لەکۆتایی کۆنگرەکەدا وەفدەکان بۆ سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان ناردووە ئەمەش دەقی بروسکەکەیە..

بەڕێز سەرەك کۆماری عیراق احمد حسن البکری خەباتگێڕ بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (صدام حسین)ی خەباتگێڕ.

بەناوی نوێنەرانی نیقابەکانی کرێکاران لە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرو سووتێنەرەکانی نەوت کە لە کۆبوونەوەی خوسرەوی بە بەشداری جیهانیدا ئامادەبوون کە نیقابەی کرێکارانی پیشەسازی نەوتو کانەکانو کیمیا لە کۆماری عیراقدا شەرەفی بەستنی گرتۆتە ئەستۆی خۆیو لەژێر دروشمی لە پێناوی قولکردنی تێکۆشانی هاوکێبیانەی کرێکارانی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرو سووتێنەرانی نەوت بۆ بنیاتنانی رژێمێکی ئابوریو کۆمەڵایەتی دادگەرانە، ستایشی هەڵوێستە مەبدەئیەکانو رێرەوی پێشکەوتنخوازەکەتان ئەکەین.. ئەو رێرەوەکە عیراقی شۆڕش پەبرەوی ئەکات لەژێر چاودێری سەرکردە ژیریەکەتان بەرانبەر کێشە ئاسایشو مرۆڤایەتیەکانی جیهان.. کۆنگرەکەمان کە بەشێوەیەکی زۆر ورد لە کێشە گرنگەکانو بە تایبەتی مەسەلەی میللیکردنی نەوتی عیراقو سەرکەوتنە بەرزەکانتان لە بواری دەسەڵاتی بەسەراگرتنێکی تەواو بەسەرسامانە سروشتیەکانو ئەو هەنگاوە پتەوانەی کە لە بواری سەربەخۆیی ئابووری تەواودا بەرەوپێشەوە ئەنێن ئەکۆڵێتەوە کە لەوڵاتە مەزنە کەتان دێتەکایەوە.. کۆنگرەکەمان بایەخێکی گەورە ئەدات بەرەنگدانەوەی ئەو جۆرە هەنگاوانە کە کار ئەکاتە سەرخۆشی و شادی و

بڕوانە: ل ٧

## هاوڕێ منیف الرزاز دەربارەی مێژوی شارستانیەتی عەرەب ئەدوێ

بەغداد ـ ئا. د. ع:

دوێنێ نیوەڕۆ هاوڕێ دکتۆر منیف الرزاز یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی بەغدا موحازەرەیەکی دەربارەی رەگەمێژوویی یەکانی نەتەوەی عەرەبدا.

هاوڕێ الرزاز لەسەرەتایی موحازەرەکەیدا کە لە وەرزی رۆشنبیری کۆلیجەکەدا درا ئەو قۆناغە مێژوویی‌یانەی خستەڕوو کە عەرەب پێدا تیپەڕیوە هەر لە شارستانیەی جیا جیایانەوە کە لە نیمچە دووورگەی عەرەبستانەوە هەڵقولاونو بڵاوبوونەوەو پەلیان هاویشتووە تا سەرهەڵدانی تیشکێکی رەسەن کە کۆی‌کردنەوەو تاواندنیەوە لە شارستانیەکی نوێدا کە ئەویش شارستانیەتی عەرەبی‌یە.

هەروەها روونی‌کردەوە کە راستی ئەو شارستانیەتی‌یە عەرەبیەی دوای ئیسلام لە نیشتمانی عەرەبیدا بڵاوبۆوە، شارستانیەتی‌یەکە لەسەر بنەڕەتێك دامەزراوە کە ئەوەیە قورئان زمانو ئایینو بڕواو شەرع و مێژووە.

هاوڕێ الرزاز پەنجەی بۆ ئەوەش کێشا کە مێژووی عەرەب لەسەرهەڵدانی شارستانیەتی کۆنی مرۆڤایەتی‌یەوە دەستی‌پێ‌کردووەو رووناکی‌کردەوە کە ئەو سروشتەی تەنها نیشتمانی عەرەب بێ لە باقی‌تری جیهان هەیەتی، سروشتێکی بیابانانەیەو شارستانیەتی‌و دانیشتوانی بەمۆرکێکی بنچینەیی تایبەتی رەنگ‌کردووەو وای لە شارستانیەتی‌یە دامەزراوەکانی ئەو نیشتمانە کردووە کە بە هۆی پەیوەندی بەردەوامی دیالیکتیکیانەی نێوان خۆی‌و ئەو سروشتەی تیایا پەروەردەبووە، شارستانیەتێکی دەرکەوتووبن.

هاوڕێ دکتۆر عبدالمجید الرافعی‌و هاوڕێ بدر الدین مدثر ئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو دکتۆر محمد صادق المشاط وەزیری خوێندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی‌و عەمیدی کۆلیجی ئادابو کۆمەڵێکی زۆر لە مامۆستایانو قوتابیان کۆی‌یان لەو موحازەرەیە گرت.

## دوو بزوتنەوەی دژبەسادات لەرێزەکانی سوپای میسردا

دوێنێ رۆژنامەی رۆژانەی‌النداء کە لە بێروت دەرئەچێ رای‌گەیاند کە پێش ئەوەی‌سادات سەر لەفەلەستینی داگیرکراو بداو لەکاتی سەرئەم لێدانەشیدا دوو بزوتنەوە لەناو سوپای میسردارووی‌داوە.

رۆژنامەکە روونی‌کردەوە کەبزوتنەوەی یەکەمیان فەریق محمد علی فهمی یارمەتی‌دەری‌سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی میسر پێشەوایەتی کردووەو چەند رۆژێك پێش سەردانەکەی‌ساداتی خیانەتکار رووی‌داوە، رۆژنامەکەوتی ئەو بزوتنەوەیەیاداشتێکی داوە بە سەرۆکی میسرو تیا داوای کردووە کەئەو هێزە چەکدارە میسری‌یەی لەسەر سنووری لیبیا راگیراون بکشێنەوەو بەرەی میسر دژی زایۆنی دوژمن بەمێژبەری‌و هەمو کاروبارێکی یاسایی دژی ئەو ئەفسەرە میسری‌یانە بوەستێنرێ کە فرمانی هێرش بردنە سەر لیبیایان رەفزکردووە.

رۆژنامەکە وتی نزیکەی ١٦٨ ئەفسەر کە ئەو یاداشتەیان ئیمزا کردوە خراونەتە بەندیخانەوە. وە روونی کردەوە کە بزوتنەوەیەکی تریش لەکاتی سەردانەکەی سادات، لە ئەسکەندەریە لەناو هێزەکانی دەزیادا رووی‌داوەو هەمان داخوازی‌یان پێشکەش‌کردووە

رۆژنامەکە وتی بەهۆی ئەو رووداوەوە کەشتی گەلی شەشەمی ئەمەریکا بەرەو بەندەری ئەسکەندەریە جووڵاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر چی‌کارێك کە لەوانەیە رووبدا.

### سادات بەپێشنیارەکانی دوژمن قایلە

کوێت ـ کانونی یەکەم ـ ئا. د. ع .. دوێنێ انور ساداتی خاین رێکەوتنی مەبدەئیانەی خۆی راگەیاند بەرانبەر ئەو پێشنیارانەی کە سەرەك وەزیرانی دوژمن مناحیم بیگن پێشکەشی سەرۆکی ئەمەریکی جیمی کارتەر کردبوو. رۆژنامەی القبسی کوێتی ووتویەتی انور سادات بەکارتەری راگەیاندوە کە پێشنیارەکانی دوژمن لە لای ئەو قبووڵە.. پێشنیارەکان تا ئێستا شتێك دەربارەی ناوەڕوکیان ئاشکرا نەبووە لە لایەکی‌ترەوە دوێنێ انور سادات بریارێکی دەرکردووە بۆ هەڵوەشاندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی میسری.. بریارەکە لە گۆڤاری ئۆکتۆبەری میسری کە دوێنێ دەرچووە بڵاوکراوەتەوە.

## بیگن سەرلەقاهیرە ئەدات

قاهێرە ـ کانوونی یەکەم ـ ئا. د. ع: مناحیم بیگنی سەرەك وەزیرانی زایۆنی‌دوژمنی پیاو کوژ لەسەر بانگهێشتنی انور ساداتی‌خاین سەر لە میسر ئەدات ئەمەش یەکەمین سەردانە بۆوڵاتێکی عەرەبی لەرۆژی دامەزراندنی قەوارەی زایۆنی‌رەگەز پەرست لەسەر خاکی فەلەستینی عەرەبیدا تاکوئێستا. رۆژنامەی کۆماری لەقاهیرە دوێنی راگەیاند کەبیگن لە دورگەی فرسان لەنزیك شاری ئەسکەندەریە لە سەر کەنداوی سوێس لەگەڵ انور سادات خاین کۆئەبێتەوە. رۆژنامەکە روونی کردەوە کە کۆبوونەوەکە تەنیا چەند سەعاتێك ئەخایەنێت.. انور ساداتی خاین‌و بیگن لە کۆبوونەوەکەدا لەسەر ئەوشتانە رێك ئەکەون کە کاروباروباری کۆبوونەوەی قاهێرە بەرەوپێشەوە ئەبات. هەروەها رۆژنامەکە ووتی لەوانەیە کە مناحیم بیگنی پیاو کوژو انور سادات سەرشۆر لەسەر ئەوە رێك بکەون کە کۆبوونەوەی قاهێرە لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵاتبێت.

لەلایەکی ترەوە زمارەیەکی زۆر لە هێزە دەمکوتکەرەکانی سادات بران بۆ ئەوشارەو دەستی کرد بە قەدەغەکردنی هاتن‌و دەرچوون لەشاری ئیسماعیلیە. لەهەمان‌کاتدا سێ فرۆکەی زایۆنی‌و ئەمەریکی کە بڕیوون لە پۆرو شارەزایانی سازمانی زایۆنی‌و ئەمەریکی بۆ باراستنی انور ساداتی خاین‌و بیگنی هاوڕێی گەیشتنە ئەوشارە.

ئەوەی شایانی باسە سەرەك وەزیرانی دوژمن ئەخشەی پلانێکی خۆبەدەستەوەدەرانی لەگەڵدایە کە دوژمن تەنیا بەشێك لەسینا

بڕوانە: ل ٧

## ئەهرام: سەردانەکەی سادات هیچ دەسکەوتێکی دەسگیر نەکردوە

رۆژنامەی (الاهرام) دوێنێ دانی بەوەدا نا کە انور السادات، سەرباری ئەوەهموو دەست لەمافی هەڵگرتنەی کە لە سەردانەکەی‌مانگی پێشوی فەلەستینی داگیرکراودا بۆ زایۆنی دوژمن‌نواندی هیچ شتێکی لەم دوژمنە نەهێناوە‌ئەدەست.

(الاهرام) لە لێدوانێکداله‌بارەی ئەو پێشنیارانەوە کە مناحیم بیگینی سەرۆك‌وەزیرانی دوژمن لەگەڵ خۆیدا بۆ واشنتەن بردی ووتویەکەوا لایەنی ئیسرائیل بەهەمان گەرمیەوە بەرەوپیری دەسەپێشخەریەکەی ساداتەوە نەچووە.

(الاهرام) لەبارەی‌ئەوپێشنیارانەوە ووتویە کەوا نموونەی کورت هێنانێکی‌بنەڕەتیە لە چارەسەرکردنی زایۆنیانە بۆ ئەو مەسەلەیەی‌کە بۆی دەوترێ ئاشتی تێکڕایی.

## خۆپیشاندانێکی گەورە لەرۆما بۆ پشتگیری‌کردنی ئافرەتان

پێرێ هەزارەها لایەنگری بزوتنەوەکانی مافی ئافرەت لەرۆمای پایتەختی ئیتالیادا خۆپیشاندانێکی گەورەیان‌کرد بۆ دەربڕینی نارەزایی لەسەر رەفتاری پۆلیس لەگەڵ خۆپیشاندەران‌دا، بەتایبەتی لەگەڵ خۆپیشاندەرانی ئافرەتدا.

بەگوێرەی هەواڵەکان، ئەم بەدرەفتاریەی پۆلیس لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بۆتە هۆی ئەوەی ئافرەتێك مندالی لەبارچێ.

## کۆژرانی دووکەس لەهێزەکانی سازمانی ئەمنیەتی رەگەزپەرستی رۆدیسیا

کاربەدەستانی رژێمی رەگەزپەرستی رۆدیسیا دانیان بەوەدانا کەوا پێرێ دوو کەس لە هێزەکانی ئاسایشی سەربەو رژێمە لە پێکدا هەلبرژانێك لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی زیمبابویدا کوژراون، بەڵام ئەم کاربەدەستانە هیچ شتێکی تریان لەبارەی جێگەی ئەم پێکدا هەلبرژانەوە ئاشکرانەکرد.

## بریندار بونی خاتونە سەرەت بۆتۆ

ئیسلام ئاباد ـ کانوونی‌یەکەم ـ ئا. د. ع .. پێرێ دەسەڵاتدارێتی پاکستان (٢٠ـکەسی لە پشتیوانەکانی ذو الفقار علی بۆتۆ سەرەك‌وەزیرانی پێشووی پاکستان بەتاوانی رێکخستنی‌خۆپیشاندانێك لە کاتی‌یەکێ لەپێشبرکیەکانی وەرزشی‌کە لە شاری لاهور کرابوو لە بەندیخانە توندی‌کردون. سەرچاوە ئاگادارەکان وتوویانە ئەم بیست کەسە دوای چەند رۆژێکی‌تر بەتاوانی سەرپێچی کردن لەیاساکانی دەوڵەت ئەدرێنە دادگاوە.

لەلایەکی ترەوە هێزەکانی پۆلیسی پاکستان لەگەڵ خۆپیشاندەران تێکپڕژاونو گازیان بەکارهێناوە بۆ تەفروتوناکردنی خۆپیشاندەران.. لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا خاتو نەسرەت بۆتۆ ژنی ذو الفقار علی بۆتۆ بریندار بووە.. خۆپیشاندەرەکان داوای بەرەڵاکردنی بۆتۆیان ئەکرد کە لە هەفدەی ئەیلولی رابردوودا گیراوە.

## دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان سەرۆك کاوەنداو سەرۆکی ئەنگۆلی

کنیث کاوەندای سەرکۆماری زامبیا پێرێشەو لە لۆساکا دەستی بە گفتوگۆکردن لەگەڵ اوگستینۆ نیتۆی سەرۆکی ئەنگولاداکرد، وقسەکەرێکی رەسمی لەم بارەیەوە ووتی کەوا گفتوگۆکردنەکە بەبەلەبوەوتێیدا لەبارەی‌شەڕی رزگاریخوازانەی خواروی ئەفریقا قسەکراوە.

بەگوێرەی قسەی قسەکەرەکە، دەبێ کاوەنداو نیتۆ دوێنێ چووبن بۆ مابۆتۆ بۆ چاوپێکەوتنی سامورا ماشێلی سەرکۆماری موزەمبیق.

## ئەندێرا غاندی لە لیژنەی بالای حزبەکەیدا دەرچووە

نیودەلهی ـ کانوونی‌یەکەم ـ ئا. د. ع .. دوێنێ لە نیودەلهی راگەیەندرا کەئەندێرە غاندی سەرەك وەزیرانی پێشووی هیندواژی‌هێناوە لە لیژنەی کارکردن لە حزبی موئتەمەری‌هیندیا کە بەرزترین دەسەڵاتی نەخشەکێشانی سیاسەتی‌حزبەکەیە.

دوێنێ ئاژانسی دەنگوباسی ساماشار دەقی نامەکەی وازهێنانی خاتو ئەندێرە غاندی کە مێژووی نۆی کانوونی یەکەمی ئێستای لەسەر نووسرابوو بڵاوی کردەوە.. خاتو غاندی لە نامەی وازهێنانیدا وتوویەتی مانەکەی وەکو ئەندامێك لەبنکەی حزبدا زیاتر ماوەی پێئەدات کە بەشێوەیەکی رێکوپێك خزمەتی حزبو وڵاتەکەی بکات.

## بەرەڵاکردنی کوڕی سەرەك کۆماری قوبرس

پێرێ بەیانی رادیۆی لەندەن‌رایگەیاند کەوا ئەوانەی کوڕی سەرکۆماری قوبروسیان‌فراندبوو بەرەبەیانی ئەو رۆژە بەریان‌داوە.

ئەوەی شایانی باسە، ئێوارەی چوارشەممەی رابردوو اشیلوس کپریانۆ کە تەمەنی٢١ ساڵە لەلایەن دوو چەکدارەوە رفێنرابو لەکاتێکدا کە بەرەو ئەو سەربازگەیە دەچوو کە تێیدا ئەفسەرەو دەکەوێتە دەرەوەی نیقوسیاوە.

هەندێ سەرچاوەی‌رەسمیش لە نیقۆسیا ئەمڕۆ ئەم هەواڵەیان بەراست دانا

بڕوانە: ل ٧

## دکتۆر روود ریگیز سەری لەموسل داوە

دوێنێ بەیانی بەفڕۆکەیەکی تایبەتی دکتۆر کارلوس روفائیل رورد ریگیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتو وەزیرانی کۆماری کوبای سۆشیالیستی لەگەڵ وەفدەکەی تەکی بۆسەردانێك گەیشتە پارێزگای نەینەوا، لەوسەردانەیدا میوانی بەڕێز سەیری روی شارستانیو شوێنەوارە مێژوویەکانی ئەو پارێزگایە دەکات. بەڕێز خالد عبد عثمان پارێزگاری نەینەواو کاربەدەستە گەورەکانی پارێزگاکەو سەرۆکی یەکێتی‌یو رێکخراوە پیشەیی‌و میللی‌یەکان چونەتە پێشوازی میوانەکان.

## سێ کاربەدەستی گەورەی سوریا کراون بە بالیۆز لەدەرەوەی وڵاتدا

سێ کاربەدەستی گەورەی رژێمی سوریا گوێزرانەوە بۆ فرمانی دیبلۆماسی لەدەرەوەی سوریا بێ‌ئەوەی هۆی ئەم گوێزرانەوەیە ئاشکرابکرێ.

سەرچاوەیەکی حکوومەت لە دمشق ئاشکرای‌کرد کەوا لیواء یوسف شکوری جێگری وەزیری بەرگری کراوە بە بالیۆز لەپاریس‌و احمد اسماعیل پارێزگاری حەلەب کراوە بەبالیۆز لەئەندونیزیاو عبدالسلام عقیلی سەرۆکی دیوانی وەزارەتی دەرەوە کراوە بە بالیۆز لە ئەرژەنتین..

سەرچاوەکە لەبەیاننامەیەکی کورتدا پێرێ شەو وتی کەوا ئەم کردارە بەشێکە لە بزوتنەوەیەکی دیبلۆماسی.

لیکولینەوەی سیاسی

## سادات پەردەی لەرووی کۆنەپەرستی عەرەب هەڵمالی

لە رۆژی بەڵێنە شوومەکەی( بلغور )ەوە ، کۆنەپەرستی عەرەب ، واتا چینە دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان و بیروکراتیەکان ، بەهەموو تاقمە سیاسی یەکانیانەوە ، جا تاجی پاشایەتی یان لەسەردابێ ، یا سەرمایەو بازرگانی ناوخۆو دەرەوەیان لەژێر دەستابێت ، وای نیشان داوە کە مەسەلەی فەلەستین« کراسەکەی عوسمان » و « خوێنی حسین » ی شەهیدەبۆ ئەو ،وهیچ هێزێك نیە بتوانی لەم رێگایە لای بدات ٠٠

بەڵام مەنتیقی مێژووو رووداوەکانی هەموو ناوچەکە شورشەکانی عەرەب لەفەلەستین و شوێنەکانی تر ، وردە وردە دەری خست کە ئەم هەموو پروپاگاندەو هەراو هوریایانەی بۆری ژەنەکانی کۆنەپەرستی عەرەب بۆ شاردنەوەی حەقیقەتی بەرژەوەندیەکانی خۆیەتی کە یەکدگیربوە لەگەڵ مەسلەحەتی ئیمپریالزم و زایۆنزمدا ٠٠

ئەوەبو لەپێش سادات ،مەلیك عبداللەو عبدالالەو فاروق ٠٠ هتد ٠٠ لەژێرەوەدەیان ویست لەگەڵ زایۆنیەکان رێك بکەون دژی مەسلەحەتی هەموو جەماوەری عەرەب ٠٠

ئەمرۆش سادات ،بەپشتیوانی ئاشکرای چەند « پاشا » و « سەرۆکێك » ویارمەتی « نهێنی » چەند « پاشا » و « سەرۆکێکی » تردەیەوێ دوا پەردەی ئەو شانۆگەریە پێشکەش بکات کەهەموو نەتەوەی عەرەبو گەلانی جیهان ، قێزیان لێدێتەوە چونکە بە عالەمی ئاشکرا بۆنی سەرشۆڕکردن و تەسلیم بوونی لێدێت ، لەسەر حسابی بزوتنەوەی شۆڕشی رزگاری هەموو عەرەب لەچەرخی شۆڕشی جیهانیدادژی ئیمپریالزم و سەرمایەداری و زایۆنیزم ٠٠

هەر چەندە هەنگاوەکانی سادات ،زنجیرە کردەوەیەکی، یەك لەدوای یەکی مەنتیقی یە ٠٠

لیدانی دەسکەوتەکانی شۆڕشی یولیو ،دامالینی چەکی سوپای میسر ، دوژمنایەتی یەکیتی سوفیات و بەرەی سۆشیالزم ، تەسلیم کردنی ٩٩٪ی مەسەلەی فەلەستین بە ئەمەریکا ٠٠ هتد ٠٠ ئەمانەدەبوو هەر بەوە دوای بێت کە ئالای زایۆنی لە قاهیرەبشەکێتەوە ، و ئالای فەلەستین ، بە فرمانی زایۆنی بهێنرێتە خوارەوە ٠٠ هەردەکو چۆن ئەمرۆ بە چاوی خۆمان دەیبینین لە کۆنفرانسی قاهیرەدا ٠٠ کە سادات هەموو ریگایەکی بۆ خۆش کردوە ٠٠ دوا هەنگاوی خیانەت کارانەی بریتی یە یەوەندی دیبلوماسی لەگەڵ پێنج دەولەتەتەشۆڕشگێڕەکەی عەرەبو داخستنی چەند مەلبەندی رۆشنبیری وولاتە سۆشیالستەکان بوو ٠٠

کۆنەپەرستی عەرەبو ساداتی ئەکتەری سەرلێشێواوی ، لەگەڵ ئەوەی تەنها بە ئاشکرا پێنج دەولەتی عەرەب دژی هەنگاوەکانیەتی و زوربەی « کاربەدەستانی » باقی وولاتەکانی عەرەب بە ئاشکراو « نهێنی » لەگەڵ ئەودان ، بەڵام لەترسی ئەو پەشمو غەزەبەی کە هەموو جەماوەری نەتەوەی عەرەبی گرتۆتەوە ، هیچی بۆ ئەماوە تەوە ئەوە نەبێ کە خێراتر خۆی فرێ بداتە باوەش زایۆنی و ئیمپریالزمەوە وە بەهەر شێوەیەك بێت« سولح » لەگەڵ زایۆنی بکات و « ناش بە تالی »لێ بکات و دەست بکات بە جێ بەجێ کردنی فرمانەکانیان ،بۆ لێدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلی میسری پالەوان و گەلانی عەرەبو ئەفریقا ٠٠

ئەمەش چەند بازی رۆژنامەکان نیە ، بەڵکو هەنگاوەکانی سادات ودۆستەکۆن و تازەکانی دەری ئەخات وەکو بونەوەکانی ( دایان )و نوینەرەکانی میسر لە مەغریب، نامەو تەلەفونە بەردەوامەکانی کارتەرو سادات و بیگن ٠٠ راگرتنی کۆنفرانسی قاهیرە بۆ سێ رۆژ تا موافقەتی کارتەروەرنەگیرێ بو ئەو پرۆژەی پەیمانی سولحەی کەبیگن ئامادەی کردوە ٠ بۆ سادات ، ساداتیش شادمانی خۆی نیشاندا لە سەردانە « ناکاوە پەلەکەی » بیگن و گوتی ئەمەش هەر بۆ خزمەتی « ئاشتی »یە ٠

لەم رووداوە خێرایانەی ئەم ناوچەیەدا سەیرترین شت ئەوەیە ، کە کۆنەپەرستی عەرەب ، لەگەڵ ئەوەی خۆی ئەم دەورەی بۆ « سادات »هەڵبژاردوە کەچی لەترس نارەزایی و غەزەبی جەماوەری عەرەب ناوێرن نزیك ئەو « ئاگرە » ببنەوە ، چونکە هەنگاوە ئاشکراو بێ شەرمەکانی سادات ، بەجارێك ئەو « گەلا هەنجیرانەی » لابرد کە عەورەتی هەموو کۆنەپەرستی داپۆشی بوو ٠

حەمە فەرەج

# گیروگرفتی برسیەتی لە جیهاندا

● شیروان ●

لەکاتیکا پەرەگرتنی سەنعەتو پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستو هونەروتیکنیک گەیوەتە ئەوپەری خۆی و مروف خەریکە دەست بەسەر ئاسماندا بگری ، کەمی خواردەمەنی سەلامەتی سەدی هەشتاو پێنجی خەلکی خستوتە مەترسیەوە ٠ ئەگەر بەوردی لێکی بدەینەوەو سەرنجێکی لیکولینەوەو ئەژمارەی پسپورو ئابووری زانەکانی جیهان بکەین تابیست ساڵی دیکە برسیەتی مروفایەتی نابووت دەکا ٠

کارناسەکانی مەسەلەی خواردەمەنی و بژیو ، هەروەها زاناکانی کومەڵ ناسی لەسەر ئەو باوەڕەن کەهەموو رۆژێ لەجیهاندا هەزاران کەس لەبرسان دەمرن نیزیکەی میلیاردو نیوێك ئینسان بەنەمرو نەژی دەژین و خواردەمەنی تەواویان وەگیر ناکەوێ و تێر ناخۆن ٠

ئەم وەزعە پتر لەهیندوستان و خوارووی روژ هەلاتی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین بەرچاوەو بەگوێرەی راپۆرتی مودیری رێکخراوی خواردەمەنی جیهانی لە هیندوستان ساڵی پینج میلیۆن منداڵ لەبرسان دەمرن ٠ بەگوێرەی لیکۆلینەوەی ئەم رێکخراوەیە ئەگەر داهاتی تایبەتی سەرانە لەهیندوستان لەساڵدا سەدی سێ زیادکا ، تاساڵی دووهەزار یانی پاش ٣٣ ساڵی تر تەنیا سێ یەکی خەلکی هیند بەشی تێرە خۆرە داهاتیان دەبێ ٠

بەگوێرەی لیکۆلینەوەی بنیاتی « فۆرد » لەسەدا ٤٠٪ی خەلکی دیهاتو لەسەدا ٥٠٪ی دانیشتوانی شار لە هیندوستان ، یانی پتر لە ٣٠٠ میلیۆن کەس لەم وڵاتە هێشتا خواردەمەنی تەواویان نیە ٠

لە « گینەی تازە » لەهەر دە منداڵی کە لەدایك دەبن ، بەرلەوەی تەمەنیان بگاتە ١٦ ساڵی و بالغ بن ، هەشتیان دەمرن ٠ لە لیکۆلینەوەیەکی پزشکی دا دەرکەوتوە ، کە ئەو منداڵانە کاتی لەدایکی بوون لە بەر نەبوونی خواردەمەنی هەڵنا دەنو لەبەین دەچێ ٠

لەکوبوونەوەیەك دا کە رێکخراوی جیهانی منداڵی بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی دامەزرانی خۆیەوە پێکی هێنا بوو ئەو هەسەلەیە روون کرابوەوە کە ٥٠٫٠ی منداڵانی وڵاتانی پەرە ئەستێنی لەبەر نەبوونی خواردەمەنی لەپەژارەدا دەژین و نەخوشن ٠ کارناسەکانی رێکخراوی جیهانی خواردەمەنی پێش بینی دەکەن کە ئیستا ٣٠ تا ٥٠ لەسەدی خەلکی جیهان تووشی کەم و کوڕی خواردەمەنی بوون ٠

بەگوێرەی ژمارەی رێکخراوی جیهانی خواردەمەنی ، رادەی نیونجی سەرانەی پروتینی حەیوانی لە ئەمریکای شیمالی دا رۆژی ٦٦ گرامە ٠ لەکاتیکا لە رۆژهەلاتی دووردا ئەم رادەیە تەنیا ٨ گرامە ٠ لەهەموو وڵاتانی ئەفریقاو نیوێك لەوڵاتانی ئاسیایی دا نیسبەتی مردنی منداڵان پینج ئەوەندەی وڵاتانی پێشکەوتوە٠

کارناسەکان لەسەر ئەوباوەڕەن کە لەم وڵاتانەدا هەموو روژی ١٥ هەزار منداڵ لە برسان دەمرن ٠

**برسیەتی مەسەلەیەکی تازەنیە**

هەرلەوەڕا کۆنی ئەو مەسەلەیە دەردەکەوێ کە گوتراوە « برسیەتی و ئەوین ناوەرۆکی ئەسڵی ئەوەی مێژووی مرۆڤ پێك دێنن » ٠ تەواوی کارناسەکان لەسەر ئەوباوەڕەن کە لەمێژووی هاوچەرخدا برسیەتی لەگەڵ ئیستعمار ئاوال دوانەبوە ٠ ساڵی ١٧٧١ لە بنگالو بەهار برسیەتی و قات وقری دەمیلیۆن کەسی کوشت لە ماوەی سەدەیەك دا ١٧٧١ ـ ١٨٧١ بێتو یەك جار لەهیندوستان قاتی بوەو میلیۆنها کەس لەبرسان مردوون ٠ ساڵی ١٨٧٧ تەنیا لەقاتیەكدا جوار میلیۆن کەس لەبرسان مرد ٠ لە سێ ساڵی دوایی سەدەی ١٩ دا پتر لە ٣٠ میلیۆن کەس لە هیندوستان لەبرسان مردوون ٠ لە سەدەی ١٩ دا لە چین پتر لە سەد میلیۆن کەس لەبرسان مردوە ٠ لە ئەفریقای رەش و ئەمریکای لاتین دا ژمارەی ئەوکەسانەی لەبرسان مردوون نەگراوە تومار بکرێ ، پێوانەیەکی تەمەنی نیونجی دەری دەخا کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تائیستا رادەی نیونجی تەمەن لەهێلای ولاتی ئەفریقایی دا نەگوراوەو هەر وەك خۆیەتی ٠ هۆیەکەش تەنیا برسیەتی نەبوونی خواردەمەنی تەواوە ٠

رادەی نیونجی تەمەن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە هیندی وڵاتی ئەفریقادا ٣٠ ساڵی بوە ئیستاش هەر ٣٠ ساڵە٠ لەوڵاتانی پێشکەوتوودا رادەی تەمەنی نیونجی ٧٠ ساڵی و لەوڵاتانی ئەسکاندیناویدا ٧٦ ساڵە تەمەنی نیونجی کەسێکی ئەفریقایی لەنیوەی تەمەنی نیونجی ئەمریکایی یەك کەمترە ٠

پێوانەیەکی رادەی مردنی منداڵان لە وڵاتانی جۆر بەجۆردا :

مردن لە وڵاتانی پیشکەوتو ٣ لە سەد ٠

مردن لە وڵاتانی پەرەئەستێن ١٤ لەسەد ٠

مردن لەهیندی وڵاتی ئەفریقایی ٢٠ لەسەد

سەیر ئەوەیە ئەگەك هەر بۆ چارە سەرکردنی ئەو بەڵایە لەلایەن وڵاتەکانی پێشکەوتووەوە راوێژێکی جیدی ناکرێ و هەنگاو ناوێژرێ ، بەلکو کەمتر باسیشی دەکەن و دەیانەوێ خۆی لێ ببوێرن ٠ لەوەش سەیرتر وڵاتەکانی بەرە ئەستێن و برسیش ئەومەسەلەیە بە هەند ناگرن وتەنانەت لەوەش تووڕە دەبن کە وڵاتەکەیان بەبرسی ناو بەرن٠

« خوزوئە دوکاستروی نووسەری کتێبی « جوغرافیای برسیەتی » دەنووسی : « کاتێکی بووم بە سەروکی رێکخراوی خواردەمەنی و کشتو کال بۆ خەبات دژی برسیەتی هێندێ پێشیارم هێنا نەگۆڕێ و ویستم خەباتێکی توند لەوبارەوە دەست پێبکەم ٠ لەوکاتەدا هەزاران نامەی رەخنەو ئیعترازم بۆدەهات و تەنانەت وڵاتە فەقیرو دواکەوتوەکان لەو نارازی بوون و بەلاماریان دەدام کە ناوی وڵاتەکەیانم لە لەریزی وڵاتانی برسی دا نوسیبوو » ٠

لەم دواییانەدا هەرچوێنێك بێ لەو بارەوە قسەدەکری و گۆڕی نەتەوە یەك گرتوەکانیش هەستی بەم مەترسی یەکردوە ٠ لە کۆنگرەی کۆمەلی ناسانی دا کە ماوەیەك لەمەوبەر لە بیلگراد پێك هاتبوو ، راگەیەندرا کە ئەگەر وەزعی بەر هەمی دابەشبینی گەلوپەلی خواردەمەنی نەتوانی لانی کەمی پیداویستی مروف دابین بکا لە داهاتوودا بەلایەکی گەورەی کومەلایەتی بەیدا دەبێ یەکێك لە کومەلی ناسانی فەرانسەیی رایگەیاندوە کەمرۆڤ ناتوانێ بەسەر برسیەتی سەرکەوێ و زوربەی نەتەوەکان بۆ درێژە پێدانی ژیانی لانی کەمی خواردەمەنیان وەگیر ناکەوێ ٠ کەمبونی پروتێن و دابەش کردنی نابەرامبەر لەوڵاتەکانی بەرە ئەستێن و پێشکەوتوو لابەرێکی دیکەی ئەم چیروکە تاڵی و درێژەیە ٠

بەڵای ترسناکی برسیەتی لەگەڵ زۆر بونی خەلك لەجیهاندا ، لەکاتیك دا سەریان هەڵداوە کەزەوی وزاری کێلگەو کشتو کال زۆر تەنگەبەرە ٠٠ لەتەواوی وشکیەکانی کورەی زەوی دا کە نیزیکەی ١٣ میلیاردو نیو هەکتارە تەنیا دەیەکێك دەکێندرێ و کشتو کالی تێدا دەکرێ ٠ لەکاتیکا دەرەتانی ئەوە هەیە کە زەوی زۆرتر

بروانە : ل : ٧

## زیادکردنی نرخی نەوت مافێکی رەوای دەوڵەتەکانی «ئۆپێك»ە

**لە ٢٠ی ئەم مانگەدا (ئوبیك) کە بریتیە لە رێکخراوی وڵاتە نەوت فرۆشەکان کوبونەوەی ساڵانەی خۆی لە (کاراکاس) پایتەختی ڤەنزویلا دەکات بۆ چاککردنی نرخی نەوت ٠٠ بەڵام ئەمەریکاو کلکەکانی کەوتونەتە جموجوڵێکی شێتگیرانە بۆ راگرتنی نرخی نەوت لە ئاستی خۆیدا ، یانکەمێك زیاد بکرێ کە ٥٪دا زیاتر نەبێ ٠٠**

دەوڵەتە سەرمایەدارەکانو مونوپولی نەوتەکان هەموو دەزگاکانی راگەیاندنو رۆشنبیریان بەکارهیناوە بۆ چەواشەکردنو سەرتێکدانی خەلك لەم بارەیەوە ٠٠ کە گوایا بەرزکردنەوەی نرخی نەوت دەبێتە هۆی سەغت کردنی تەنگوچەلەمەی ئابوری لە وڵاتانی رۆژئاوا بەلکو مەسەلەکەیان گەیاندۆتە رادەیەك کە هۆی هەموو دەر دو نەخوشی یەکانی کومەلی سەرمایەداری گەندەلیان دەخەنە ئەستۆی عەرەب کە گوایا خاوەنی زوربەی نەوتی (ئوبیك)ن ٠

بەڵام میللەتان رۆژبەرۆژ بۆیان ئاشکرا ئەبێ کە مونوپولەکان مەبەسیان لەم کەلەکو کلۆکە چیە چونکە دەبینن کەوا وڵاتانی رۆژئاوا ، بە تارەزووی خۆیان نرخی شتومەکە پیشەسازی یەکانیان بەرزئەکەنەوە، تەنانە نرخی ئەو خواردەمەنی یانەی دەیفرۆشن بە وڵاتانی تازە پێگەیشتو لە بەرزبوونەوە دایە ٠٠

بەڵام کەس نیە بڵی ئەی ئەم نرخ زیادکردنانە بۆچی ؟ بانیکەو دووهەوا !!! ئەوان بۆیان هەیە شتومەکی خۆیان دووچەندانەو زیاتر بە ئێمە بفرۆشن ، بەڵام ئێمە سامانە سروشتیەکەمان (نەوت) دەبێ بەنیوە نرخ بەوان بدەین !

ئەمەریکا کە بەدۆلار نەوتەکەی (ئوبیك) ئەکرێ لەلایەکی ترەوە بەهۆی کەمبوونەوەی بەردەوامی نرخی دۆلار بەشێك لە مافی رەوای دەوڵەتانی ئوبێك ئەخاتە گیرفانی خۆی ئیتر بۆ چی ئەبێ مایەی گومانو بێزاری بێ ئەگەر دەوڵەتانی ئوبیك بۆ بەرژەوەندی رەوای خۆیان هەوڵبدەنو نرخی نەوت ، بەو رادەیەکە شتومەکی رۆژئاوا زیادی کردوە و بەورادەیە کە هەموو رۆژی نرخی دۆلار دێتەخوارەوە ، چاك بکەن ٠٠ تاکو مافی رەوای خۆیان بپارێزن بۆ چاکەی گەلەکانیان و نەوەی دوا رۆژیان ٠

( رەفیق )

## بەناوی نۆبل پاداشتی خیانەتکاری ئەدریت بەسادات

لەئەنجامی زنجیرەیەك لەکردەوەی ناپەسەند و خیانەتکاری کە سادات دەستی داوەتی لەوروژەوە کە کاروباری میسری گرتوتەدەست ، کەوتوتە باکودانی ئەو کەرسەپیشکەوتنخوازە کە خوالی خوشبو جمال عبدالناصر بەتەکوشانی بیست ساڵەی دژ بە امپریالیزمو نوکەرەکانی بەیەکەوەی نابو ٠ ئەوەبو لەسەرەتاوە هیرش بردەسەر دامودەزگا روشن بیرەکانو خامەئازادەکانی میسر بەدورخستنەوەیان لەئیشو لەکارخستنیانو هینانەوە سەرکاری ئەو دەستوخامە چەپەلانە کە بوخزمەتی امپریالیزم توانای میشکوخامەیان تەرخان کردبووەك مصطفی ئەمینو علی ئەمینو گەلیکی تریش ٠وەشان بەشانی ئەوەش گیرانەوەی دەسەلاتی سەرمایەدارەکان بو سەرکارخانە پیشەسازیەکانو هەروەها گیرانەوەی دەسەلاتی خاوەن زەویوزارەکان وە دەرگا خستنەسەرپشت بو مایەی دەوڵەتە سەرمایەدارە پیشکەوتوەکان بو دامەزراندنی کومپانیای پیشەسازی لەژیر ناوی هەوڵدان بو کزکردنو نەهیشتنی تەنگوچەلەمەی ئابوری ، بەڵام ئاشکرایە لە هەمو جیهاناوە تاقی کردنەوەی گەلانی ئازادیش سەلماندویەتی کە گەلان تا لەچەوساندنەوە رزێمی سەرمایەداری رزگارنەبن چینی چەوساوە کە زوربەی گەلە تەنگوچەلەمەی ئابوری رزگار نابێتو بەروبومی خۆی بوخۆی نابێت ٠ وە دەرکردنی سپوڕە سوفیەتیەکان وە داخستنی دەزگا روشنبیریو ئابوریەکانی دەوڵەتە سوشیالیستەکانو پچراندنی پەیوەندی رامیاری لەگەڵ دەوڵەتە پیشکەوتنخوازەکانی عەرەب مەبەستی بنەڕەتی قرتاندنی بالی هێزی سەربازی گەلی میسری نەبەز تاقمانەی بەخوی نەمینیو بگەڕێتەوە بۆ چاوەڕوانی دەستی دوژمن تا وای لی دیت لەمەترسی بەرانکار وەستانی پیلانە خویەدەستەوەدانەکەی تاراده یەك دلنیابیت ٠

لەباش جی بەجی کردنی ئەم رستە کردەوانەی کەدژ پەرژەوەندی گەلی میسرو جولانەوەی شورش گیرانی فەلەستینو تیکڕ دژ بە ئاراستەی پیشکەوتن خوازیە لەناوچەی عەرەبیدا بەتایبەتیو لەپاش ئەوەی چەکی لیخوش بو نورەزامەندی لەکارتەر وەرگرت ، بەسەرشوڕییەوە ڕوی کردە خاکی داگیرکراو تا بیغنی زایونزمیش بڕوانامەکەی بو سور بکا ئەوسا ڕەوایە پاداشی نوبل لە امپریالیزمو سایونزمەوە وەربگریت ٠

ئەگینا بەدرێژایی میژو نەبوە نە ئەشبیت امپریالیزمو زایونیزم لایەنگری ئاشتی بن ، بەپیچەوانەوە هەمیشە ئەوان لەئاژی لیلا ڕاو ئەکەنو وەلە داگیرکردنو چەوساندنەوەی گەلانو ورگی سەرمایەداری ئەستور لەکەنو بەهەزارەها ملیار دولار ئەخەنە بانقەکانەوە امپریالیزم ئەگەر پاداشتی بەناشتی خواز بدایە ئەبوایە گەلی ڤیتنامی قارەمان کە چوکی بە گەورەترین هێزی امپریالیزمدا دا کە بەهەزاران سەربازی ڕاکردو لەئوردوگای امپریالیزمی ئەمەریکا لەترسی کوشتنو لەناوچون پەنای برد بوە وولاتان وە لەئەنجامە سامناکیە رزگاری کردنو ئاشتی سەپان بەسەر امپریالیزما لەخاکی ڤیتنام دەری کردنو سەربازی ئەمریکاش لەرو بە روی مردن دورخستەوە ، ئەگەر پاداشی نوبل بەراستی بو ئاشتی بوایە ئەم گەلەشایانی زور لەوپاداشە بەرزتری بی ڕەوایە ٠

● بی گومان هیزی پیشکەوتنخوازی عەرەبو شورش گیرانی فەلەستین ریگا پیروزەکەی گەلی وە گۆڕەپانی تیکوشانی فراوانتر ئەکات تا دوا چزمەی جەندرمەی زایونیزم لەخاکی پاکی فەلەستین دەرئەکات وە دەسگای پیلانەکەی امپریالیزمو ساداتی نوکەری ئەروخینن بەسەرهەڵگریا ٠

حسن برزنجی

## ژاپۆنو کێشەی ئیو دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی

**فوکودا سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن لەم ماوەی دوابیدا لە ٢١ وەزیر هەژدەیانی گۆڕی ، بە مەبەسی چاکردنی پەیوەندی ئابوری لە گەڵ ئەمەریکاو ئەوروپای رۆژئاوادا ، بە تایبەتی چارەسەرکردنی زیادە فروشتنی شتومەکی ژاپونی لە بازرگانی دەرەوە بۆ ئەو ناوچانە ٠٠**

ئەوەی شایانی باسە کە سەرمایەدارە گەورەکان وکومپانیاو بانقەکان ئەم گۆڕینەیان پێخۆش بوو وە بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانی بورسە کە ئەمە بەڵگەی رەزامەندی یانە لەم حکومەتە تازەیە ٠٠

ئەم حکومەتە بەرەنگاری داواکردنی ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژئاوایە کە دەیانەوی ژاپون کرینی شتومەکی ئەوان زیاتر بکات تاکو شتێك لەو پەڵکەوتنە بازرگانیو بێبازاریەی هەیانە کەم بکەنەوە ٠٠ ئەمە گەیشتوتە رادەیەك کە دەوڵەتەکانی بازاری هاویەش هەرەشە لە ژاپون دەکەن کە کرینی شتومەکی ژاپون کەم بکەنەوە ئەگەر ئەویش دەست نەکات بە شت کرینیکی زۆر لەوان ، واتە تەرازوی بازرگانی نێوان ئەوانو ژاپون نابێ لاسەنگ بێ ٠٠

پەیوەندی ژاپۆن لەگەڵ ئەمەریکا ، گرفتی بەرزبوونەوەی نرخی ( یەن )ی ژاپونیو کەم بونەوەی نرخی دولارە ، کە ئەمە ئەبێتە هۆی لاسەنگیەکی تەواو لە تەرازوی بازرگانی ئەمەریکا چونکە مانای ئەوەیە کە شتومەکی ژاپون بۆ ئەمەریکا بە نرخی بەرز ئەفروشرێ وشتومەکی ئەمەریکا بۆ ژاپون بە نرخی نزمتر ئەفروشرێ ، کە ئەمە بوو بە هۆی نابووتبوونی گەلێ کومپانی ژاپون چونکە بەرهەمی ئەمەریکای هەرزان بەما جێگای بەرهەمی ئەو کومپانیا ژاپونیەی گرتۆتەوە کە بە نرخی ( یەن ) زیاتر ئەکەوێت لە سەریان ٠٠

هەروەها کۆرینی وەزارەت پەیوەندی هەیە بە کێشەی ناوخۆی چینی کار بەدەستی ژاپونو پەیوەندیان لە گەل چینو یەکێتی سوفیات کە ئەم حکومەتە دەیەوی لە چین نزیك ببێتەوە لە سەر حسابی یەکێتی سوفیات ٠٠

ئامانج

بۆ زیادکردنی قازانجە ئەوەواکانیان لەگەڵ ئەو گرانیو دەردەسەریە داوا لە کرێکارو هەزارەکان ئەکەن بەگیانی ( لەخۆبوردن )ەوە

بروانە : ل : ٧

## ئاڵۆزبوونی باری ئابوری لە ئیتالیادا

● ـ سەردار ـ ●

لەگەڵ داهاتنی وەرزی سەرماوسۆلە لە ئیتالیادا تەوژمی بێزاریو نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ناهەمواری باری ژیانو گوزەران توندترو بەهێزتر دەبێت ٠٠ بە هۆی تەشەنەکردنی بێکاریو بلاوبوونەوەی شەپۆلێکی ناوەختەی گرانبونی نرخ لە بازاردا ٠٠ ئەم نارەزایی دەربڕینە بەخۆپیشاندانێکی توندوتیژ دەستی پێکردووە کە چوار سەعاتی خایاندووەو سەد هەزار کرێکاری تیادا بەشدار بووە ، بێجگە لەوەی لەسەرەتای مانگی ئەیلولی رابردووەوە تا ئیستا دەیان خۆپیشاندانی تر پێکهێنراوەو زیاتر لە ملیونێك کرێکار بەشداریان تیادا کردووەو کارێکی راستەوخۆیان کردۆتە سەر حکومەتی ئیتالیا بەو بەلگەیەی هەر سێ نەقابە سەرەکیەکان رێکیان خستووەو سەربەرشتیان کردووە ٠ هەر بۆیەش چەند هەفتەیەك لەمەوبەر حکومەتی ئیتالیا باش ئەوەی هەستی بەم ئالۆزیە کردووە بانگەوازێکی بلاوکردۆتەوە تیادا داوای لە نەقابەکانو خاوەن کارگەکان کردووە بەتەبایی لەگەڵ یەکدا بژینو کۆتایی بەناکۆکیەکانیان بهێنن و هەوڵ بدەن سیاسەتی ( سلەهەلگوشین ) ( التقشف ) سەرکەوێت بۆ ئەوەی گیروگرفتە ئابوریەکان چارەسەربکرێت ٠

لەم بارەیەوە رۆژنامەکانو خاوەن کارگەکان زۆر بە گەرمی یەوە پێشوازیان لەم هەنگاوەکردووە ٠ چونکە بانگەوازەکە بەرژەوەندی خۆیانی تیدایەو پارچەیەکە لەنەخشەی سەرمایەدارەکانی وڵات ، بەڵام کرێکارانو نەقابەکانیان بەربەرچی ئەم بانگەوازەیان داوەتەوەو ئەو خۆپیشاندانانەی لەسەرەوە باسمانکردن بەشێکە لەم بەربەرج دانەوەیە ٠ بەو پێیە سەرچاوەی دامو دەزگا مۆنۆپۆلەکان بەئارەزووی بەرژەوەندی یەکانی خۆیان وازی بەگوزەرانو باری کۆمەلایەتی کرێکاران دەکەن حکومەتیش زیاتر لەوەی بیر لە چارەسەرێکی راستەقینە بکاتەوە کەوتۆتە ژێر زەبروزەنگی کارگەو کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانو هەمیشە هەوڵیش دەدات پەیوەندی خۆی لەگەڵیاندا قووڵتر و بەهێزتر بکات ٠٠

رۆژنامەی ( ئافانتی ) کە زمانی حاڵی پارتی سوشیالیستی ئیتالیایە نوسیویە : سەرمایەدارەکان

## چیرۆك

**هەردوو دەستی خستە پشتی ، پەنجەکانی تێك ئالاند •• لۆش‌لۆش بەشەقامەکەدا شۆڕ بوومەوە ، لەگەڵ خۆ خوارد نەوەدا ڕۆچوە خوارێ •• لەتاریکی شەقامەکەدا توایەوە•• لایتی ئۆتۆمبیلەکەی دوایەوە سێبەرێکی درێژی لە بەر دەمیا ڤووت کردەوە •• ئۆتۆمبیلەکە نزیك کەوتەوە ، سێبەرەکەی کەم بوومەوە ، ئۆتۆمبیلەکە ڕەت بوو ، سێبەرەکەی کەوتە دواوە •**

تابلۆ هەڵواسراوەکەی سینەماکەی بەرانبەری سەرنجی ڕاکێشا •• « فلیمێکی خۆشە ، دەچم ، دەڵێن وەخت وەکو زێڕە •• من هەموو ڕۆژانی ژیانم بەفێڕۆ چووە ، بازێڕی ئەمشەوەشم لەسەر ئەوانی دی بێت •• شەقام لێم نەبانە هەنگاو لێم دوو دڵە ، بیر لێم یاخی‌یە ، کات لێم بێزارە•• هەمووشیان پاسەوانی مل‌هوڕی بەردەم دەرگای بەندیخانەی شەوی منن •• خۆمیان لێ ئەدزمەوە •• »

سەری هەڵبڕی سەرنجی نیگا ئالایە بەژنو بالای شۆڕە ژنێکو کە بەپەلە دەڕۆیشت ، تەنیایی دابووە دەم چۆلی شەقامەکەوە •• ئەمڕۆ دەبوایە بهاتایە بۆ لام •• زوو دەرچووم •• هەر ئەبێ هاتبێ •• وادەی خۆی هەمیشە بەجێ‌هێناوە •• شنەیەك هەڵی کرد ، پارچە کاغەزێکی بەبەرزی نیو مەتر هەڵفراند •• بە مەرەکەب نووسرابوو ، ووشەکانی سەری تێکەڵو پێکەڵ بوون •• هەر لەکاغەزەکەی ئەو دەچوو •• ( بەندی دڵەکەم •• هاتم ، نەبوونت کسپەی داخی لەناخم هەستان بەتاسەوە بووم ، تینوی بزەیەکو بڕێ ووتەی فێنکت بووم •• خۆشەویستت •• بەدوعا ••

تکیتی بڕی •• جگەرەیەکی داگیرساند •• چووە ژوورەوە •• هۆڵ تاریك بوو •• کەوتە دوای تیشکی لایتی دەستی شاگردەکە ، شەکەتی خۆیدا بەکۆڵی یەکێك لە کورسی‌یەکاندا •• چاو چەقی‌یە سەر شاشە •• بەندێك بیلانی هەڵاتن دادەنێ •

هەستایە سەرێ « دەبێ لەبەندیخانەی ئەمشەومم ڕزگار بم » بە پەلە کوتێ •• باجی چەند ببورەیەکی لەقەبێلی کۆمەڵە بێ شێلانێکادا •• لەبواری خوڕی تەنیایی‌دا چۆلی شەقامەکەی بڕی •• لەپانەی فەرمان‌بەران‌دا گیرسایەوە •• دەرگا داخراوەکانی دیوی ئاوەوەی کەوتنە سەر گازی پشت •• چەند وورتە وورتێك لەقەفەزی ووشەکانەوە •• هەڵفرین •

« بیتە هەڵواسراوەکانم ، هەڕەشە لەووشە تاوانبارەکان دەکەن •• شەقام ، هەنگاو ، کات ، بیر ، شەو !!! کێڵگەی فرمێسك منالی ئاگر دێنێ •• ژان پرسیارێکی زیتەوو وێڵی دوای وەڵامێکی لەبیرکراوە •• ژنە دراوسێکەمان لەسەر ڕۆژو مانگی خۆیەتێ •• کوڕی ببێ دەڵێم ناوی بنێن وەڵام •• »

دیسانەوە وەڵام لەپەڕاسووی بێدەنگی‌دا خنکا •• دەرچوو ، دارتەلی ڕۆخی شەقامە کە مەزاقیان پێدەکرد•

« سەریان دای لەبەرد ، با هەڵم واسن ، باکم بە هیچ نی‌یە •• » شنەبای خەندەیك ڕووی تێنك کردەوە ••

ئەمجارەیان دەبێ چی بۆ نووسیبم •• بەندی دڵەکەم خۆی هەمیشە بەجێ‌هێناوە •• شنەیەك هەڵی کرد ، پارچە کاغەزێکی بەبەرزی نیو مەتر هەڵفراند •• بە مەرەکەب نووسرابوو ، ووشەکانی سەری تێکەڵو پێکەڵ بوون •• هەر لەکاغەزەکەی ئەو دەچوو •• ( بەندی دڵەکەم •• هاتم ، نەبوونت کسپەی داخی لەناخم هەستان بەتاسەوە بووم ، تینوی بزەیەکو بڕێ ووتەی فێنکت بووم •• خۆشەویستت •• بەدوعا ••

حمە کریم عارف
دهۆك

## دوو چاوپێکەوتن

دڵشاد محەمەد ئەمین

بەڕاکردن •• بەرەو ڕووم هات
منداڵێ بوو •• لەبەر بێ‌ی‌دا
بەرزو نزمێکان تەخت دەبوون
بەردەکان خۆیان لا دەدا
چڵێ شیعرو چڵێ عەتری لەمشت ئاپوو
تا لێم نزیك‌تر دەبۆوە •• گەورە دەبوو
گەورەتر بوو

گەورەتر بوو
کاتێ !
گەیشتە
ئاستی من
ببووە خاتوونێکی مەژن
باڵەکانم بۆ کردەوە •• خۆی فڕێ‌دایە باوەشم
لێ‌ی گەڕێن •• ئەم ئەوینە :
ڕاستی‌یەکە •• وەك ئۆقیانووس‌و دەریاکان
چاوی شینە

دەلێ‌ی گەڕێن
ئەفسانە نی‌یە ••• ئەوینە •
بەڕاکردن •• بەرەو ڕووم هات
خاتوونێ بوو •• لەتاو خرمەی بارانەکە
باڵەکانی دابووە دەست با •
مەمکەکانی دەلەرزین‌و بۆنی گیای تەڕ
تێ‌ی ئالا بوو •
تا لێم نزیك‌تر دەبۆوە •• منداڵ دەبوو
منداڵ بۆوە

منداڵ بۆوە
کاتێ
گەیشتە
ئاستی من
نەشمیلێ بوو
باڵەکانم وەك دەرگای باغچەی ساوایان بۆ کردەوە
لێ‌یانەوە هاتە ژوورێ
گەر سەربنێن بەسنگمەوە
گوێتان لە هەنسکە بڕکێ‌ی
ڕاکردنەکەی ئەو دەبێ •
لێ‌ی گەڕێن •• با لەسنگما تاوێ بنوێ
لێ‌ی گەڕێن •• هێشتا ماندووە
سەدان ساڵە نەخەوتووە

## ئاوبژی کردنێکی دۆستانەو ڕاستکردنەوەی دوو هەڵە لەچەند دێڕێکدا

پاش دەرچونی‌و بڵاو کردنەوەی دیوانە شیعرەکەی ( نالی ) کە کۆڕی زانیاری کورد چاپی کرد •• مامۆستا ناکام بە پێی بیروڕاو لێکدانەوەی خۆی چەند سەرنجو تێبینی‌و ڕەخنەیەکی لە پاشکوی ڕۆژنامەی عیراقدا خستە ڕوو لە بارەی لێکدانەوەی مانای هەندێك لە شیعرەکانەوە •• دیسان مامۆستا محەمەد مەلا کەریم هەر لە هەمان پاشکودا وەڵامی داوەتەوە ••

کارم بەسەرجەمی مانا و لێکدانەوەکانەوە نیە تەنیا ئەو دێڕە شیعرە نەبێ کە ئەڵێ :

**چ شەو ، چ ڕۆژ ؟ وەها کورتی لە هەموو لەعبو میزاح**
**کە هەردو وەك یەکە چوون بە نەغمەیی بەم وزیر**

چگە لەوەی کە ئەم دێڕە شیعرە بەم جۆرە لە جێگای خۆیدا لەنگەو لەگەڵ کێشێکی زەسەنی کلاسیکی وەکو شیعرەکانی ( نالی ) دا ناڕوات، بەهەرحال لێکدانەوەی ئەم دێڕە شیعرە چ لە لایەن مامۆستایان محمدی مەلا کەریمو یارمەتیدەرەکانیەوە ، وە چ لە لایەن مامۆستا ناکامەوە ئەوەندەی کە پێویستە بۆی نەچونو بە تەواوی مانای وشەی ( زیرو بەم یان بڵێن بەم و زیر ) یان لێك نەداوەتەوە ••

وشەی ( بەمو زیر ) یان ( زیرو بەم ) لە کوردیدا بووە بە ( زیلو بەم ) وەهەندێ کەس ( زیلو بەم ) بە ئاهەنگ و شادی تێنەگەن •• بەڵام لە ڕاستیدا وشەکە بەم جۆرەیە ( زیر ، بام ) واتا ( ژێر ، سەر ) ••

لە کاتی خۆیا کە ئالەتی ( عود ) دروستکرا (٣) تال داموسکی بۆ کرابو ، دەنگەکە لە ڕوی ئەو سێ تالەوە ئەهاتە دەر ، بەڵام لەسەردەمی ساسانیەکانا ( واتا بە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئاینی ئیسلام ) •• « ئاربد » مۆسیقا ژەنی دەربارى ساسانیەکان دو تال داموسکی بۆ ئالەتی عود زیاد کرد ، نالێکیان لە خواروی سێ تالە ئەسڵیەکەوە ئەوتیریان لە سەرویەوە ، کە ئەکاتە ( خوارو ژور )ی تالەکانەوە ، وە ناوی نا (زیرو بام) واتا خوارو سەر یان بڵێین ژێرو سەر •• هەرچۆن بێت ئەو دوو تالە داموسکە سەروەکەیان ( بام )و خوارەوەکەیان ( زیر )ی فارسی‌یە •• کە ئیستا لە کوردەواریدا بە ( زیلو بەم ) یان ( زیرو بەم ) باوە ••

ئەم ناوبژی کردنە مانای ڕەخنە گرتن نیە لە هەردو لایەنە مامۆستاکان چونکە من دەمێکە ئەوانم بە مامۆستای ئەدەبی‌و ڕێبازی زانستیانەی خۆم داناون •• تەنیا مەبەستم ڕونکردنەوەی وشەی ( زیر ، بەم )ە کە لەدلی زۆر کەسی تریشا بۆتە گرێ •• وە بۆ ئەوەی زۆر تر بە ناخی ڕونکردنەوەمە کەدا بچن ئەتوانن تەماشای کتێبی ( موسیقا در عصر ساسانیان ) چاپی فارسی بکەن گەلێك شتی تری لەم بارەو لە بارەی هونەری مۆسیقا ژەنیەوە ڕون ئەبێتەوە •• ئیتر داوای لێبوردن ئەکەم •

پرهان قانع

## میلودراما

فاضل جاف

**دراما لە چەند ڕەنگێکدا وەکو تراژیدیا ، کومیدیا وملیو دراما وفارس •• هتد ، خۆی دەنوینێ • ووشەی ملیو دراماش ، ڕەنگیکە لە ڕەنگەکانی دراما ، کە زۆر لە بواری، سینەماو شانۆدا بەکاردەهێنرێ ••زۆر جاریش وەکو سیفەتێك دەدرێتە پاڵێ ئەو بەرهەمە هونەرییانەوەکە مۆرکی بازرگانی پێوەیە •**

ملیو دراما ، لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا ، لە ئەوروپاو بە تایبەتی لە ئەمریکادا ، بۆیەکەم جار بەکار هێنرا • پاشان لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەموو ئەو شوێنانەی گرتەوە کە بزوتنەوەی شانۆیی تیدا گەشە داربوو تاکو لە ڕوسیای قەیسەریدا بایەخێکی چاك لە لایەن قەیسەرەوە بەملیودراما دەدرا ، چونکە ئەو بابەتانەی کە لە ملیو دراماداً ، باس دەکرا هیچ مەترسێکی لێ نەدەکرا ئەمەش زیاتر خزمەتی باری ڕامیاری ئەو سەردەمەی دەکرد •

ملیودراما ، لە دوو ووشە پێك هاتووە • ووشەی ملیو ـ موسیقا ـ ووشەی دراما ، واتە ئەو درامایەی کە شان بە شانی موسیقاپیشان دەدری • بەکار هێنانی موسیقا ( موسیقا التصویریة ) لە شانۆ وسینەماو تلفزیۆندا ، هەر بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە • وەهەر لەبەر ئەم هۆیە سینەما زۆر بەنا دەباتە بەر ملیودراما ، ئەگەر چی ئیستا موسیقا لە ملیودرامادا کشاوەتەوە ومەرج نیە ملیودراما موسیقای لەگەڵ دا بێ •

ئەو بابەتانەی کە لە ملیۆدرامادا باس دەکرێ ناسراو ودیاری کراون ، باڵەوانەکانیشی هەموو نموونە ( نمط )ن ولە هەموو ملیودراما یەکدا دوو بارە دەبنەوە• وەکو باڵەوانی یەکەم ، کەهەمیشە لاوێکی قۆزو ئازاو نەترسەو بەرامبەر بە دولبەرەکەی زۆر وە فادارو ڕاست گۆیە ، دولبەرەکەی ئافرەتێکی‌جوان‌و ئازایەو لە بێناوی خۆشە ویستەکەی‌دا هەموو قوربانیەك‌دەدا • ئەو باڵەوانانەی کە لایەنی شەڕ دەنوێنن ، جۆرەکەسێکن زۆر چەپەڵو دڕندەن •• بەجۆرێك هەموو مەرجێکی‌دڕندانەیان لە خۆیان کۆ کردۆتەوە زۆر جاریشی ئەونەکتەرانەی ئەم شەخسیانە تەمسیل دەکەن ، بەم تایبەتەوەدەناسرێن ، خوێشیان حەز بەم دووبارە بوونەوەیە دەکەن •

واتە باڵەوانە ملیودرامیەکان‌لەیەك سنووردا دەجولێنەوە و ڕەواڵەتێکی تایبەتیان هەیەوهیچ ناگۆڕێن ، ئەوی سەر بەلایەنی خێر بێ ، هەمووسیفەتێکی چاکەی تێدایە ، ئەویشی سەر بەشەڕ بەجارێ‌هەموو سیفەتێکی دڕندانەی تێدا کۆ دەبێتەوە • لە کێشەی‌نیوان هەردوو لاشدا دەبێ خێر بەسەر شەڕدا زاڵ بێ ، هەردوودڵدارەکەش بە یەك بگەن •

لە شانۆگەریەکەی شیللردابەنساوی ( جەردەکان ) ، باڵەوانەکان بەم جۆرەن لاوێکی ئازاو لە وەچەیەکی بەرزو ڕەسەن وبەخوڕا تاونبارکراو • کیژێکی جوان کە لە مێژەوە دەردی دیلی‌چێشتووە • پیرەژنێکیش کەتووشی ئەشکەنجەو سزاهاتووە • بەرامبەر بەمانەش هەموو کابرایەکی خوێن‌ڕێژی‌ستەمکار کە باڵی ڕەشی بەسەر قەڵایەکدا کیشاوە •

ئەم شانۆ گەرییە زۆر کاری‌کردبوە سەر نووسەرانی ئەو سەردە مەوە ، بەتایبەتی‌مسز ( راد کلیف ) ، کە جیهانێکی شاخاوی‌و سەختوپڕ لە دزو جەردەو ڕێ‌گری دروست کردبوو • پاشان‌جیهانی قەلاو زیندان وزۆر دارو جەردە سووتاندن هەموو ئەدەبی ملیوردرامای داگیر کرد • تاکو دەڵین باستیل‌دوای چەندەها ساڵ هەموو ئارامگای کۆڵۆمبس سۆزو هەستم یارمەتیم بدە •• »

هەرکە دەگەشتە ژێر دارتەلەکان سێبەرەکەی درێژ ئەبووەوە ••

« خۆزگە بەگەورەیی ئەو هەنگاوانە جادەکەم دەبڕی » •

ڕووی کردە سێبەرەکەی : چۆنی ؟ وەڵام لەقەسابخانەی بێ‌دەنگی‌دا لە تەناف درا ، تۆڕەیی هێڵنجێکی دا ، تفێکی بڕ بەدەم سەروگوێلاکی سێبەرەکەی سواغدا ، سێبەر ڕیش دەمی کردەوە ، بەڵام ئەم هەستی بە لینجی تفەکە نەکرد •• کە بەسەرو ڕوویا شۆڕ ببێتەوە ••

دەرگاکانی بڕی ، لە بێ دەنگی ژوورەکەیدا سەرەنگون بوو ، چاوی هەڵێنا ، دیمەنو وێنە هەڵواسراوەکان دایانە قاقای پێکەنین •• ڕق هەستا ، بەلامار چەند دیمەنو وێنەیەکی لەپێکەنین خست •• ڕۆژنامەیەکی کۆن ، بەسەر مێزەکەدا شۆڕ بووبووەوە ، بەسەریا نووشتایەوە ، لە دەستی خزا ، پارچە کاغەزێك خۆی دا بەدەستەوە •• زەردەخەنەی چاو لووش کرد •• بە پەلە سەروچاوی شت ، لەمال دورکەوتەوە ، بەدەم ڕێگاوە ••

« بزەی چاو تابلۆی پرسیارێکی ئالۆزە ، پیشانگای وەڵام نایەوێ بیگرێتە خۆی » ••

## لەفەرهەنگی شانۆوە

شەوێ لە سەر شانۆکانی فەرەنسادا سەر لەنوێ ئاگری تێبەر دەدرا •

ملتون مارکس ، دەلێ ملیودراما پەرە پێدانی لایەنە دراماتیکیکانی چیرۆکە کەیە • تا دەگەیتە کوتاییە ( منطق ) یکانی خۆی • ئەگەر شانۆ کە سەربنەرەتی وامە ( ایهام ) بنیات نرابێ ، ئیتر بۆچی کۆتاییەکەی دڵ تەزێنو غەمناك‌بی دەساباسەرکەوتنو بەختەوەری هەمیشە نیبی پاڵەوانەکان بێو کۆتاییکی ڕەوای هەمووشا نۆگەریی بێ•

لەم ووتەیەدا مانای ملیودراما سەبارەت بەپاڵەوانەکانی ملیودراما پێوەندییان بەرووداوو بە ( حبکە )ی شانۆگەریەکەوە ، ڕوون ئاشکرا دەبێ • ئەوەی زۆر گرنگە ، نووسەری ملیودراما بەدوا کارتێ‌کردن‌دا دەگڕێ‌و بەنا دەباتە بەر ئەو هەڵوێستانەوە کە زۆر کاردەکەنە سەر سۆزی مرۆڤەوە شەخسیەتی پاڵەوانەکان‌و لایەنەکانیان ، پشت‌گوێ دەخات • بۆ ئەو شتانە دەگەڕی کە جاوەڕوان نەکراوبێ • وەك ئەوەی کە کچێکی جوان ساڵەهای ساڵ ، بە ئەشکەنجەو ئازارەوە دەباتە سەرو چاونواری خۆشەویستەکەیەتی بەڵام کە خۆشەویستەکەی دەگەڕێتەوە ، تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە بووەو کەس نا ناسێتەوە ، دیارە نووسەری ملیودراما ، دەیەوێ ئەو هەڵوێستە دروستکا کە خزمەتی ( حبکە )ی شانۆ گەریەکە بکا دوور لەوەی پاڵەوانەکەی لە لایەنی سایکولۆژی‌و تەبیعی‌و کومەڵایەتیەوە ، بەرەو چی ئەنجامێ دەڕوا •

## ئاینی شیعرێك

تۆ شەوانە ، سەرنجی خونچەی ئینجانەی
بەر پەنجەرەی ژوری نوستنەکەت داوە ••
چێشتەنگاوان چۆن ئەپشکوێ ؟
وردبوبیتەوە ؟ پەپولە نمەی شەونمی ،
سەرگۆنای پەڕەی ئاڵەکان بەعەزرەتەوە ئەمژێ !
سەرنج ئەدەی ؟ هەنگێکی وێڵ ، بە گیزە گیز
لەسەر تۆو ئەنیشێتەوە ••
دەم ئەخاتە ناو دەمی‌یەوە وەك دڵدارێکی زۆر ئازیز
« قژزەرد » خانم !
هەموو ئاواتی پەپولە لە مژینی شەونمی پەڕەی‌گوڵایە
زریکەی هەنگ ، لەبێناوی ماچی تۆوی دیلێکی ئینجانەدایە
من هیچیان نیم ••
بولبولێکم ، تا بەیانی بە دیار خونچەی نەپشکوتوی تۆوە
ئەگریم
شەکەت ئەبم •• هەر بۆ تاوێ چاولێك ئەنێم
کاتێ بێدار ئەبمەوە ، بوی بە گوڵێك
تا خەم حەزکا دور ئەبێ لێم •

عثمان شەیدا

## دوو پاڵەو شەو وئێوارە

هەر تۆ نەبووی پێت ئەووتم
چۆلەکەیکی نەمەییوو ، بێ پەڕو باڵ بووی
لەبن مێچی ، شۆڕە دارێکی ژیانا ••
سێوێکی ووشکەلەی کاڵ بووی
هێشتا نەتئەزانی باڵە فڕە چیە •••؟
بەربویتەوە
بەر لەوەی چنگی پشیلە ، داتپەلۆسێ ، ـ
تۆم گرتەوە
لەناو گوڵمی دەستەکانم ،
فووی گەرمم بەسەر وەرکردی‌و
نەمهێشت دەنووکە سپیەکانی سەرە مەرگ پێك دادەی ؟!
بۆ کوێ دەڕۆی ؟
وادەزانی گەورە بوویمەو ••
لەناو لەپی دەستی تۆم جێم نابێتەوە •••؟
ـــ بێ هەڵمو بۆنی هەناسەت
خوێن دەجمێ‌و ناجولێمەوە
× × ×
بۆ کوێ دەڕۆی •••؟
نەمامێکی ،
پێت لە ئینجانەی دڵمایە
لاشە شت ڕوو بەڕووی بایە
ـــ گەر بزانی زریان‌و کسپەی جێ‌هێشتن
چۆن دڵ لەشڵپو شڵێوەی
دووڕیانی ئەم شەوە سارده
نزیك •• نزیك دەکاتەوە
چۆن کۆندڕە برسیەکانی ژێر بەفر
بۆ ڕێبواری شەیدا دەمیان دەکەنەوە
بەنجەکانت ، لەسەر پەنجەکانم دەنوشتێنیەوەو
لێ ناگەڕێ‌ی ،
بەفری دووری ، دەستەکانم بتەزێنێ •••!!
ـــ ئەگەر دەتەوێ لە گژو ،
ناسۆڕی جێ‌هێشتن بگەی ؟
بپرسە : کەڵەبابی سەرباره داری ، خاڵوی ڕێبوار
کاتێ لەدێ •• ئاوا دەبێ ••
تا دەکاتە لێواری شار
چەند خرپەو هەنسکی تاڵی
لەچڵو بۆی ڕێ گیر دەبێ •••؟
تا نازانێ •• بۆ بەیانی ، لەسەر بانی ، چ ماڵێکا ،
بانگ هەڵئەدا •••؟
کێ دەیکرێ ؟
یاخود ملی لە کامە کێرد مارە دەکرێ •••؟
ـــ بۆ کوێ دەڕۆی •••
هەر ئەو بێچوە چۆلەکەیەم ،
لەناو لەپی دەستی تۆ جێم دەبێتەوە
بێ هەڵمو بۆنی هەناسەت
خوێن دەجمێ‌و ناجولێمەوە !!

(محسن ئاوارە)
هەولێر

## بەڕێز سەرۆکی مەدرەسانە چەند بڕوسکەیەکی پیرۆزبایی پێ ئەگا

بەڕێز سەرۆك احمد حسن‌البكر بەبۆنەی هاتنی سالی تازەی کۆچییەوە دووبڕوسکەی پیرۆزبایی لەلایەن سەرۆك هواری بومەدینەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕشی‌کۆماری جەزائیری دیموکراتی میللی‌و سەرۆك غەدافی‌کۆزوتۆرك سەرۆکی کۆماری تورکیاوە پێ‌گەیشتووە ٠

هەردوو سەرۆك لەبڕوسکەکەیاندا بەردەوامی تەندروستی‌و بەختیاری بۆسەرۆکی بەڕێزو زیاتر بەختیاری‌و گەشەکردنیشیان‌بۆ گەلی عیراق داواکردووە ، لەگەل پێشخستنی پەیوەندی‌نێوان عیراق‌و هەردوو وڵاتەکەشدا کە خزمەتی‌بەرژەوەندی هەموولایەکیانی تێدابێت ٠

## پاریزگاری سلێمانی سوێندی یاسایی ئەخوات

دوێنێ نیوەڕۆ بەڕێز ارشداحمد محمد پارێزگاری سلێمانی لەبەردەم سەرۆکی‌بەڕێز احمد حسن البکر لە کۆشکی کۆماری سوێندی‌یاسایی خوارد ٠ لەکاتی سوێندخواردندا بەڕێز هیشام‌ابراهیم سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار ئامادەبوو ٠

## کۆنگرەی تەندروستی

رۆژی شەممەی داهاتو بەڕێز دکتۆر ریاض ابراهیم حسین وەزیری تەندروستی لە مۆلی مانگی سوور سەرۆکایەتی کۆنگرەیەکی فراوانی سەرۆکی تەندروستی پارێزگاکان‌ر لێبرسراوانی زامنی تەندروستی‌و عیادە میللیکان‌و نیقابەی کرێکارانی خزمەتگوزاری‌و ئەوانەی لەمەیدانی تەندروستیدا کاردەکەن دەکات ٠

کۆنگرەکە لەنەخشەی تەندروستی سالی تازەو هەلسەنگاندنی باری تەندروستی سالی بارو دەکۆلێنەوە لەگەل لێکۆلینەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ زیادکردنی بەرهەمەو بەرەیدانی زامن‌کردنی تەندروستی‌و عیادە میللی‌بەکار ٠

## هەلبژاردنی گشتی‌ی کرێکاران

بەڕێز محەمەد عایش سەرۆکی یەکێتی‌ی گشتی‌ی نیقابەی کرێکاران لەوڵاتدا رایگەیاندوە کە دەرگا بۆ هەلبژاردنێکی نوێ خراوەتە سەربشت ، ئەمە پێنجەم هەلبژاردنی گشتی‌یەو لە سێهەم رۆژی مانگی داهاتوەوە دەست پێدەکات ٠

لە گفتوگۆیەکدا بەڕێز محەمەد عایش کە لەگەل ئاژانسی دەنگوباسی عیراقدا کردوە وتویەتی ٠٠ مەکتەبی رابەراندنی یەکێتی‌ی گشتی‌ی نیقابەی کرێکاران سێهەم رۆژی مانگی داهاتوی بۆ ئەو هەلبژاردنە دیاری‌کردوە ئەویش بەپێی دەسەلاتی یاسای کارکردن کە پەیرەو دەکرێت ژمارە ١٥١ی سالی ١٩٧٠ جاڵاکراو ٠٠ ئەویش لە چوارچێوەی رژێمی ناوخۆی یەکێتی‌یەکەدا ٠ داوای لە لیستە جیاوازەکان کردوە کە داخوازێکانی خۆیان پێشکەشی ئەو لیژنانە بکات کە سەرپەرشتی هەلبژاردنە کە دەکەن لە یەکێتی‌ی گشتی‌و یەکێتی‌یە ناوخۆیەکانی پارێزگاکان‌دا ٠ لەگەل نیقابە گشتی‌یەکان ئەوەش تاوەکو رۆژی ٣١ی ئەم مانگە ٠

بەڕێز سەرۆکی یەکێتی‌ی ئەوەی دوپات‌کردۆتەوە کە ئەم هەلبژاردنە بۆیە دەکرێت تا وەکو ماوەیەکی ئەواو بە چینی‌کرێکارانی بدرێت بۆ ئەوەی نوێنەرانی خۆی هەلبژێرێت‌و بۆ ئەوەی مافی دەربڕینی خۆی مسۆگەر کات لەوەدا کە بە ئارەزوی خۆی نوێنەری خۆی لە بزوتنەوەی نیقابەکەریدا هەلبژێرێت ٠

ئەوەی شایانی باسە بەڕێز سەرۆکی یەکێتی‌ی رۆژی هەینی رابوردو چەند ئامۆژگاریەکی سەبارەت

بروانە ـ ل ٧

## کۆبونەوەی لیژنەی بەرە لە دهۆك

لیژنەی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەپارێزگای دهۆك ستایش بانگەوازەکەی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی کردوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی بەمەبەستی بەربەستکردنی نەخشەوپیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنەپەرستان کە دەیەوێت زایونیزمی رەگەزپەرست لە خاکی فەلەستینیدا بسەپێنی ٠

وە لە کۆبونەوەیەکی رۆژی شەممەی رابوردویدا کە هاوری مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لقی دهۆك سەرۆکایەتی کردبو نارەزایی بەرامبەر سەردانە تاوانکارێکەی سادات نیشان‌داوە کە لەخاکی زەوت‌کراوی فەلەستینی داگیرکراوی ئەویش نیازانە جێگای تەواوی خۆیان گرت ٠

لە کۆنگرەکەدا ئەندامی مەکتەبی رابەراندنی یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق‌و سەرۆکی لقەکانی یەکێتی‌ی لە پارێزگاکاندا سەرەزای رێکخراوە لاوێکان بەشداری دەکەن ٠

## کەرتێکی نوێی یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق لە هەولێردا

لە گەرەکی ئازادی پارێزگای هەولێر یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق لقی هەولێر کەرتێکی نوێی کردۆتەوە بەم پێیە ژمارەی کەرتەکانی یەکێتی‌ی گشتی لاوانی عیراقی لقی هەولێر لە پارێزگاکەدا بوە پێنج کەرەت کە بەسەر گەرەکو ناوچەکانی ئەو پارێزگایەدا دابەشکراوە ٠

## ئەنجومەنی یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق لە حەوتەم دەورەیدا کۆدەبێتەوە

**لەدووهەم رۆژی مانگی داهاتودا ئەنجومەنی کۆمیتەی یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق لەحەوتەم دەورەیدا کۆدەبێتەوە ٠**

**کۆنگرەکە بۆماوەی سێ رۆژ لە راپورتی مەکتەبەکانی کۆمیتەو ئەنجامی کۆنگرەکانی لیژنەکانی لقی یەکێتی‌ی کە راپورتی مەکتەبی رێکخستن تیدابوە دەکۆلێنەوە ٠**

لەمەمان کات‌دا لەویشنیارە پێویستانە دەکۆلێتەوە وەك ئامادەکردنێك بۆ ئەوەی ببخاتە پێش‌چاوی کۆنگرەی گشتی‌ی یەکێتی‌ی کاتی ئەویش نیازانە جێگای تەواوی خۆیان گرت ٠

لە کۆنگرەکەدا ئەندامی مەکتەبی رابەراندنی یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق‌و سەرۆکی لقەکانی یەکێتی‌ی لە پارێزگاکاندا سەرەزای رێکخراوە لاوێکان بەشداری دەکەن ٠

## کۆبونەوەیەکی لەناکاوی یەکێتی‌ی کرێکارانی پیشەسازی ئەندازیاری‌و میکانیکی‌و کارەبایی عەرەب

**دوێنێ بەیانی لەبارەگای یەکێتی‌ی گشتی‌ی نیقابەی کرێکاران کاروباری کۆبوونەوە لەناکاومکەی یەکێتی‌ی کرێکارانی پیشەسازی ئەندازیاری‌و میکانیکی‌و کارەبایی عەرەب بۆ لێکۆلینەوەی دواوەرسەندنی رودا‌ومکانی مەیدانی عەرەبی دەستی پێکردوە ٠ کۆبونەوەمکە ماوەی سێ رۆژ دەخایەنێت ٠**

بەڕێز فکری مهدی محمد یاریدەدەری ئەمینداری گشتی‌ی کاروباری یەکێتی‌ی کرێکارانی پیشەسازی ئەندازیاری‌و میکانیکی‌و کارەبایی عەرەب لە کۆبونەوەکەدا وتاریکی خوێندوتەوە لەوتارەکەیدا داوای‌کردوە کە هەوڵو کوششێکی تەواو بۆ یەکێتی‌ی کرێکاران بدرێت دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم ٠

هەروەها وتویەتی ٠٠ ئەو سەردانە تاوانکاریەی سادات بۆ خاکی داگیرکراوی فەلەستینی کردوەو ئەو پشتەی کردیە مەسەلەی گرنگی عەرەب کە مەسەلەی فەلەستینە ، مەترسی‌یەکی گەورە بۆ کە لەپورو یەکێتی‌ی نەتەوە نەمرەکەمان دروستدەکات ٠

## میری مەتەرلە دۆحە پێشوازی وەزیری بازرگانی کردوە

دوێنێ پایەبڵند ( الشیخ‌خلیفه بن حمد آل ثانی ) میری دەولەتی قەتەر لەدۆحە پێشوازی بەڕێز حسن علی ئەندامی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بازرگانی کردوە ٠

بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەکەدا سلاوی بەڕێز احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بە ( شێخ خلیفه بن حمد آل ثانی ) گەیاندوە ٠٠ هەروەها باسی بەیوەندی دوستانای هەردوو وڵاتی برایان کردوە لە مەیدانی ئابوری‌و بازرگانی‌و هونەریدا ٠

هەروەها بەڕێز حسن علی رافەیەکی تەواوی هەلوێستی عیراقی بۆ پایەبڵند شێخ آل ثانی کردوە بەرامبەر قۆناغی ئەمرۆکەو لەگەل ئەو نامەیەی کە بەڕێز سەرۆك بۆ کۆنگرەی بەرزی تەرابلوسی ناردبو ٠

پایەبڵند شێخ خلیفه آل ثانی میری دەولەتی قەتەر بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی راسپاردوە کە سلاوی بگەیەنێت بە بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ٠

ئەوەی شایانی باسە بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەتەك وەفدێکا بۆ سەردانێکی چەند رۆژی گەیشتۆتە دۆحە ٠

## کۆڕێکی فراوان بۆ یادی بێکەس

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٩سال بەسەر کۆچی دوایی شاعیری گەورەمان فایق‌بێکەس ، رۆژی یەکشەممە ١٨ـ١٢ـ١٩٧٧ لە سەعات ٣٫٣٠ ئێوارەدا بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەران لە پارێزگای سلێمانی کۆڕێکی فراوانیان بۆ یادی شاعیری گەورە بێکەس سازکردو گەلێ لەرۆشنبیران‌و جەماوەری شاری سلێمانی ئامادەبوون ٠ مامۆستا محمد امین محمد بەرێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر وتاری پێشوازی‌و بەخێرهاتنی خوێندەوەو تێیدا دووپاتی‌کردەوە کە دەبوایە زیاترو زووتر ئەم‌پایەخانە بەوچەشنە شاعیرانە بدرایە هەروەها ئەوەی دووپات کردەوە کە شاعیری ئەمر هەمیشە بەکردەوەش شیعرەکانی چەسپاندووە هەر بەم بۆنەیەوە مژدەی دروست‌کردنی بەیکەرێك بۆ شاعیری کۆچ کردوو بێکەس بەجەماوەردا پاشان وتاری مامۆستا عبدالغفار الصائغ ئەمینداری گشتی رۆشنبیری‌و لاوان لەناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەلایەن مامۆستا فوءاد محمد امین خوێنرایەوەو تێدا دەوری هونەرو ئەدەب لەمەیدانی رۆشنبیریدا بۆ خزمەت‌کردنی گەل‌و نیشتمان روون‌کردەوەو ٠ هەروەها لەلایەن مامۆستا ئەژی گۆران سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی وتارێك بەم بۆنەیەوە خوێنرایەوە ٠

پاشان لەلایەن کاکەی فەلاحەوە پارچە هەلبەستەکەی مامۆستا گۆران لەشیوەنی بێکەسدا خوێنرایەوە ٠٠ لە دوای ئەمە لە نووسینی

پ٠ هاوکاری
فریا عبدالله
بروانە : ل : ٧

## بەڕێز سەرۆکی مەدرەسانە چەند بڕوسکەیەکی پیرۆزبایی پێ ئەگا

بەڕێز سەرۆك احمد حسن‌البكر بەبۆنەی هاتنی سالی تازەی کۆچییەوە دووبڕوسکەی پیرۆزبایی لەلایەن سەرۆك هواری بومەدینەوە سەرۆك کۆماری جەزائیری دیموکراتی میللی‌و سەرۆك غەدافی‌کۆزوتۆرك سەرۆکی کۆماری تورکیاوە پێ‌گەیشتووە ٠

هەردوو سەرۆك لەبڕوسکەکەیاندا بەردەوامی تەندروستی‌و بەختیاری بۆسەرۆکی بەڕێزو زیاتر بەختیاری‌و گەشەکردنیشیان‌بۆ گەلی عیراق داواکردووە ، لەگەل پێشخستنی پەیوەندی‌نێوان عیراق‌و هەردوو وڵاتەکەشدا کە خزمەتی‌بەرژەوەندی هەموولایەکیانی تێدابێت ٠

## میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی بەڕێز ولید محمود یالوزی‌ی عیراق لەدیمەشق بۆ دوخاخوازی‌و گەرانەوە بۆ سەرنیشەکەی چۆتە کۆشکی کۆماری‌و ناوی خۆی لەدەفتەری میواندازیدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها دکتۆر صلاح‌الدین عبدالحمید یارمەتی دەری ئەمینداری گشتی‌و سەرۆکی دایەرەی عەرەبی لەپرۆگرامی بەرەیدانی نەتەوەیەکگرتۆکاندا بۆ دوخاخوازی‌و گەرانەوەی بۆ سەر ئیشەکەی خۆی چۆتە کۆشکی کۆماری‌و ناوی خۆی لەدەفتەری میواندازیدا تۆمارکردوە ٠

لەبڕوسکەیەکدا بۆ بەڕێزسەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین

## پیاوە ئایینەکانی نەجەف نارەزایان بەرامبەر سەردانەکەی سادات نیشان‌داوە

پیاوە ئایینی‌و خەتیب‌و پیاوەناسراوەکانی پارێزگای نەجەف نارەزایی تەواوی خۆیانیان‌بەرامبەر ئەو سەردانە تاوانباریە نیشان‌داوە کەسادات خایەن لە مانگی رابوردودا لەخاکی زەوت‌کراوی فەلەستینی‌داوە ٠٠ لەو بڕوسکەیەدا کە دوێنێ بۆبەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین‌جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان‌ناردوە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە هەرگیز پشتی‌سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش بەرنادەن لە هێنانەدی‌ئامانجی نەتەوەکەماندا لە یەکێتی‌ی‌و سەربەستی‌وسۆشیالیستی‌دا ٠

ئەمەش تەواوی بڕوسکەکەیە ٠٠

بەڕێز سەرەك کۆماری‌فەرمانده موهیب احمد حسن البکر بەڕێز صدام حسین‌جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ٠

ئێمە پیاوانی ئایینی‌وخەتیب‌و پیاوە ناسراوەکانی نەجەفین لە دیوانی‌پارێزگاکەدا کۆبوینەتەوە ، بە توندی نارەزایی خۆمان‌بەرامبەر هەلوێستەکانی سادات خاین سەردانەکەی لەزایونیزمی دوژمنان دەردەبڕین لە هەمان‌کات‌دا نارەزایی خۆمان بەرامبەر هەلوێستەکانی حافظ اسدەدرئەبرین کە لە کۆنگرەی تەرابولسدا ئیشانی‌دا بەرەفزکردنی بەرەی نەتەوەیی‌و سوربونی لەرجارەسەرکردنی خۆ بەدەستەوەدەرانە ، بەردەوام‌بن‌لەرنبازتانداو ئێمەش لەدواتانین خوا سەرکەوتوتان‌کات بۆ کارێك کە سەرفرازیی نەتەوەی عەرەبی‌نەمری تیدابێت‌و بۆ هێنانەدی ئامانجە گەورەکەمان‌لە یەکێتی‌ی‌و سەربەستی‌و سۆشیالیستی‌دا لەژێر ئالای‌حزبە سەرکردەکەماندا حزبی بەعثی سۆشیالیستی‌عەرەب ٠ سلاوی خواتان لێبێت ٠

## جەماوەری سلێمانی ستایشی هەلوێستە نەترسەکانی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش دەکات

لە قوتابخانە ناوەندی‌و ئامادەیەکانی پارێزگای سلیمانی‌دا کادیرەکانی‌قوتابیان ستایشی ئەو هەلوێستە ئازاو نەترسانەیەی‌کردوە کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بەرامبەر ئەویلانانە دینوێنێت کە بەمەبەستی چەوت‌کردنی‌بزوتنەوەی شۆڕشی‌ی عەرەبی‌و سەباندنی زایونیزم‌ساز دەکرێن ٠

لە نەدوەیەکی فراواندا کەیەکێتی‌ی قوتابیانی کوردستان لە پارێزگاکەدا سازی‌کردوە ،جەماوەری قوتابیان رۆو نارەزایی تەواوی خۆیانیان بەرامبەر ئەو سەردانە ئایرویەرە نیشان داوە کە سادات لە خاکی داگیرکراوی فەلەستینی داوەو کۆبونەوەو گفتوگۆکردنی لەگەل کاربەدەستانی زایونیزمی دوژمندا ٠

وە لەلایەکی ترەوە کرێکارانی خزمەت گوزاریی گشتی‌ی پارێزگاکە نارەزاییان بەرامبەر ئەو رێگە خۆبەدەستەوەدەریە دەربڕیو کە سادات گرتویەتەبەر کە سەباندن‌و مانەوەی بونی زایونیزم لەخاکی فەلەستیندا دەسەپێنێت ٠

## هەلکەندنی چەند بیرێکی ئیرتیوازی لە سلێمانی

دەزگای بەرهەمهێنانی ئاوی ناوزەوی لەپارێزگای سلێمانی چەند بیرێکی ئیرتیوازی لە گوندی شانەدەری‌و کرجان‌و ناوچەی بەکرەجۆ هەلکەندوە وزەی هەریەکی لەو بیرانە ٢٠٠ ـ ٢٥٠ گالون ئاوە لە دەقیقەیەکدا ٠

لە هەمان‌کاتدا پاچوارتیپی کارکردن دەستیان کردوە بەهەلکەندی چوارپیری تر لە گوندی کرجان‌و شارستین‌و شانەدەری‌و بێستان‌سور لە قەزای رانیە ٠

## وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی سیمینارێکی کردۆتەوە

دوێنێ بەڕێز بکر محمودرسول وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی سیمینارێکی‌تایبەتی کردۆتەوە کە تایبەتی‌یە بەیاساکانی کارکردن لە وڵاتدا رێکخراوی کاری عەرەب داوای بێك‌هێنانی ئەو سیمینارەی‌کردوە ٠

لە ئاهەنگی کردنەوەی‌سیمینارەکەدا بەڕێز منذر الشاوی وەزیری دادو بەڕێزعبدالجبار عبدالمجید سلمان جێگری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی هەندێك لە کاربەدەستانی‌وەزارەتەکە بەشداربون لەو وتارەدا کە بەڕێز وەزیری‌کاروکاروباری کۆمەلایەتی لە سیمینارەکەدا خوێندبویەوەحەزو ئارەزو هیوای بەوە خواستوە کە گفتوگۆولێکۆلینەوەکانی سیمینارەکە ببێتە مایەی دەولەمەندکردنی‌یاساکانی کرێکاران لە سەرانسەری نیشتمانی‌عەرەبدا وە بەتایبەتی لە عیراقی خۆشەویستدا ٠

بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی ئەوەی دەست‌نیشان‌کردوە کە یاسای کارکردنی ژمارە (١٥١)ی سالی ١٩٧٠ کە شۆڕشی ١٧ی تەمموز هێناویەتە کایەوە ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە یەکێتی‌ی جێگی کرێکارانی عەرەب راستی‌یەکی مەوزوعی میژووی زەسەنە بەربەرەکانی لەگەل واقیعی دابەش‌بونی ئەمرۆدا دەکات ، کە بەرژەوەندی تەواو راستەقینەی جەماوەری کرێکارانی عەرەب لە یەکێتی‌ی شاتیلا نوێنەری رێکخراوی کاری عەرەب وتارێکی خوێندەوە ، بەناوی رێکخراوەکەوە سوپاسێکی گەرمی بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەلایەتی کردوە لەگەل بەشدارانی سیمینارەکەدا بۆ ئەو کوشش‌و هەوڵەی بۆ سەرخستنی سیمینارەکەیان داوە ٠٠

هەروەها وتویەتی : عیراقی شۆڕش کە ساغی کردۆتەوە بەقولی لەگەل ئامانجە نەتەوەیەکاندایەو لەبێناوی یەکێتی‌یەکی تەواوی نیشتمانی عەرەبدا تێدەکۆشێت‌و ئێستا کە گەورەترین کاری

بروانە ـ ل ٧

نەتەوەی عەرەبدا خۆی دەنوێنێت ٠

دوای ئەو خاتو سامیە بەچەند دەزگایەکی بیشەسازی‌و ناوچە گەشتوگوزاریکانی پارێزگاکەدا گەراون ، هەروەها پێرێ بەڕێز محەمەد عەلی ئەمین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەبارەگای

## ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە چەند پێویستی‌یەکی ناوچەکە دەکۆڵێتەوە

رۆژی شەممەی رابوردو بەسەرۆکایەتی بەڕێز محەمەد عەلی ئەمین سەرۆکی ئەنجومەن ئەنجومەنی یاسدانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆبۆتەوە ، لە کۆبونەوەکەدا لەچەند بنویستی‌یەکی ناوچەکەی کۆلیرەتەوە ، لە هەمان کۆبونەوەدا بڕیار دراوە کە ئەنجومەن لە رۆژی سێشەمی مانگی داهاتودا جارێکی‌تر کۆبێتەوە ٠

## بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانی ناوچەی کوردستان پێشوازی وەفدەکانی رۆمانیاوئوستراليا ئەکات

بەڕێز محەمەد علی ئەمین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دوێنێ لە بارەگای ئەنجومەنەکە لە هەولێر پێشوازی وەفدی‌کرێکارانی ئەوسترالیای کردوە کە بە سەرۆکایەتی بەڕێزبیل ریگاردسن سکرتێری نیشتمانی ئەنجومەنی‌سۆشیالیستی کۆمەلە پیشەیەکان لە ئەوسترالیاداهاتونە سەردانی وڵات ٠ وەفدەکە بەم چاوبێکەوتنە لەبێك‌هاتن‌و کارو دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی یاسادانانی‌ومەودای‌یاسای ئۆتۆنۆمی‌و ئەو دەستکەوتانەی لەژێر سایەیداهاتونەتەوی شارەزا دەبێت ٠

بەڕێز ئەمین ئەوکارە بەردەوام‌و راستەقینەیەی بۆ وەفدەکە رون کردۆتەوە کە سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش لەوڵاتدا دەیکات تاکو ناوچەی ئۆتۆنۆمی مەودای تەواوی خۆی وەرگرێت ٠

بەڕێز سەرۆکی وەفدەکە ستایشی ئەو هەوڵە تەقەللایەی کردوە کە بۆ پێش خستنی ناوچەکە دەدرێت لە چوارچێوەی بەرەیدانی سەرانسەری عیراقدا ٠

هەروەها وتویەتی ٠٠ شۆڕشی ١٧ی تەمموز عیراقی خستۆتە سەر رێگای سۆشیالیستی راستەقینە ٠

ئەوەی شایانی باسە وەفدەکە دوێنێ گەیشتبونە هەولێرو بە کۆبونەوەیان لەگەل سەرۆك‌و ئەندامانی یەکێتی‌یە ناوخۆیەکانی نیقابەی کرێکاران لەپارێزگاکەدا لە واقیعی بزوتنەوەی نیقابی گەیشتن لەگەل ئەو دەورەی لەهەمو مەیدانێکی کارکردندا دەیگێڕێت ، هەروەها وەفدەکە بەچەند دەزگایەکی بیشەسازی‌و ناوچە گەشتوگوزاریکانی پارێزگاکەدا گەراون ، هەروەها پێرێ بەڕێز محەمەد عەلی ئەمین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەبارەگای ئەنجومەن لە هەولێر پێشوازی وەفدی ئەنجومەنی نەخشەکێشانی رۆمانیای کردوە کە بەسەرۆکایەتی بەڕێز کۆنستانیت کالینولا بەریوەبەری راپەراندنی ئەنجومەنەکە هاتونەتە سێردانی وڵات ٠

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن شێوەی پێك‌هاتن‌و جۆری ئیش‌وکاری دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و ئەو پێشکەوتنەی لە هەموو رویەکەوە ناوچەکە بەخۆوەی دیوە بۆ وەفدی باس‌کردوە ٠

سەرۆکی وەفدەکە ستایشی ئەو هەنگاوانەی کردوە کە شۆڕشی عیراق بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ناوێتی ، وە خۆش حالی خۆی بەرامبەر ئەو چالاکی پێشکەوتنە دەربڕیوە کە لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێت ٠ لە هەمان‌کات‌دا وەفدەکە ئەو هەوڵەیان بەچاوی بایەخ‌و رێزەوە هەلسەنگاندوە کە حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لەعیراقدا مەوزوعیانە‌و کارامانە بەرامبەر زۆر مەسەلە نیشانیان ئەدات ٠

دوای ئەوەش وەفدەکە بەشاری هەولێردا گەران‌و سەریان لەزۆر پرۆژەی بیشەسازی‌و ناوچە گەشتوگوزاریکانی پارێزگاکەدا ٠

## کۆبونەوەی لیژنەی بەرە لە دهۆك

لیژنەی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەپارێزگای دهۆك ستایش بانگەوازەکەی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی کردوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی بەمەبەستی بەربەستکردنی نەخشەوپیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنەپەرستان کە دەیەوێت زایونیزمی رەگەزپەرست لە خاکی فەلەستیندا بسەپێنی ٠

وە لە کۆبونەوەیەکی رۆژی شەممەی رابوردویدا کە هاوری مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لقی دهۆك سەرۆکایەتی کردبو نارەزایی بەرامبەر سەردانە تاوانکارێکەی سادات نیشان‌داوە کە لەخاکی زەوت‌کراوی فەلەستینی داوە، بێ‌گومان ئەو کارە پێشیل‌کردن‌و لادانە لە هەمو قیمەت‌و نرخو پیرۆزیەکی بیروباوەڕ نەتەوەیەکان ٠

ئا٠ د٠ ع٠

## چەند پرۆژەیەك لە دهۆك

دوێنێ پارێزگای دهۆك مونافەسەی چەند پرۆژەیەکی خستۆتەرو ، ئەو پرۆژانە بایی ٥٥٢ هەزارو ٢٥٧ دیناره ، ئەم ئیشانە برێنین لە دروست کردنی خەستەخانەیەکی نەخۆشی سنگ لە سندورو عیادەیەکی مەرکەزی ددان لە دهۆك‌و مەلبەندێکی فەلاحۆکردنی خۆباراستن‌و عەمارێکی گەورە بۆ بەریوەبەرایەتی بەروەردەی پارێزگاکە ٠

## میری مەتەرلە دۆحە پێشوازی وەزیری بازرگانی کردوە

دوێنێ پایەبڵند ( الشیخ‌خلیفه بن حمد آل ثانی ) میری دەولەتی قەتەر لەدۆحە پێشوازی بەڕێز حسن علی ئەندامی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بازرگانی کردوە ٠

بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەکەدا سلاوی بەڕێز احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بە ( شێخ خلیفه بن حمد آل ثانی ) گەیاندوە ٠٠ هەروەها باسی بەیوەندی دوستانای هەردوو وڵاتی برایان کردوە لە مەیدانی ئابوری‌و بازرگانی‌و هونەریدا ٠

هەروەها بەڕێز حسن علی رافەیەکی تەواوی هەلوێستی عیراقی بۆ پایەبڵند شێخ آل ثانی کردوە بەرامبەر قۆناغی ئەمرۆکەو لەگەل ئەو نامەیەی کە بەڕێز سەرۆك بۆ کۆنگرەی بەرزی تەرابلوسی ناردبو ٠

پایەبڵند شێخ خلیفه آل ثانی میری دەولەتی قەتەر بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی راسپاردوە کە سلاوی بگەیەنێت بە بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ٠

ئەوەی شایانی باسە بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەتەك وەفدێکا بۆ سەردانێکی چەند رۆژی گەیشتۆتە دۆحە ٠

# لـەپێـناوی پـاراسـتـنی شـوێنەوارە مـێـژوویـیەکـاندا

ئەمە بەشێکە لەشـاری رەواندوز شاری پاشـای گـەورە خاوەنی دەستگایەمێژوویەکانی دیاری کـراو ئەمە دیوێکی شارەکـەیەکۆشکی سـەرگردی تۆبی میوانخانەیەکی تازە دروستکراوە ئەو کێـوەی دواوە کێوەکەی کۆرەکە ٠

**ئەوەی جێنگای داخـەشوێنەوارە مێژوویەکان لـە کوردستاندا بێ رێـزنوناپارێزرێن ٠**

**شوێنەوارە دێرینـەکانیشانەی شانازی ئێمەنو ئەو راستیە دەردەخەن کـەپاشماوەی دیـاری رابوردوی گەلەکەمانن ٠**

ئەو شوێنانەی لـە سەردەمی پاشـای رەواندوزدا لەژێر دەسەلاتی فەرمانرەوایی پاشای رەواندوزدا بـوو گەلێ وێنەی ئاشکرای جوانی تێدا بەرچاو دەکەوێت لـە کردارەکانی ئەو سەردەمەدا ٠ بەلام ئەوەی جێـگای دل نیگەرانیو پەرۆشە ئەوەیـە ئەو شوێنەوارە پەرەو نەمـان دەچێ چونکە زۆر بیـاوی ساویلکەو بێ بیرو هەسـت ودەرۆن ئـەو شوێنەوارە مێژوویانە هەلدەکـەنو هەلیئەوەشێننەوەو ئەلێـن پێویستمان بە بـەردی خانووکردن هەیەو ، بیر لەوە ناکەنەوە ئەوان مالێك ئاوەدان دەکەنەوە بەلام مێژووی گەلێك تالان دەکەن ٠

ئەگەر چاوێك بـە مێژووی گەلانی تردا بگێڕین بۆمـان دەردەکەوێت کە چـۆن شوێنەوارەکانیان دەپارێـزنو دەیان بووژێننەوە ، چـونکە ئەوان هەولی ئاوەدانکردنەوەی دەدەن ئەویش نیشـانەی ئەوەیە کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە پاشماوەی دێرینیان بپارێزن ٠

**ئەو شوێنەوارانەی ئێمە لە ناوچەی رەواندوزو لـە زۆر جێگای‌تری کوردسـتاندا دەیانبینین ئەگەر دەسـتی پاراستنیان پێ بگات ئـەوە گومانی تێدا نیە ئەو پاشماوانە دەبنە جێـگای رەزامەندیو دیدەنی جەماوەر ٠**

با بڕوانینە ئەو کۆشـکە جوانەی پاشای گەورە کەوا لە سـەر گردێك دروستکراوە بەرانبەر شـاری رەواندوز ، کانیاوێکی تێدایەو وشـکی نەکردوە ، جێگای داخە ئـەو شوێنەوارە بەنرخە بەرەو نەمان دەڕوات بەشـی زۆری دیوارەکانی بەدەسـت خراپکراونو رووخێنراون ، هەرگیز ئەو خەلکە بیر لـەوە ناکەنەوە کە ئەمە پاشماوەیەکی مێژوویی‌و دیاری گەلەکەمانە ٠

لە گردە بەرزەکەی پشـت ( کاولۆك ) سەنگەرێکی لـێ دروستکراوە کە پێی ئەلێن قـەلاتی ( لـۆکان ) ، وە سەنگەرێکی تریش لە هەمان چەشن نە گـردە بەرزەکەی نزیك گونـدی ( ئاکۆیان ) دروست کراوە ، ئەمانە دیارن کـە شوێنی پاسەوانەکانی شاری رەواندوزبووە ٠

ئەمە بەکێکە لەو بردانـەی سەردەمی پاشـای گەورەی رەواندوز وێنەیەکی پێیزەکانی بردی بەرسیرینە کـەوا لەسەردەمی پاشا دروسـت کراوە وائێستاش خـەلك هاتووچۆی بەسـەردا دەکات پێیزەکانی وەك خـۆی ماونەتەوە چونکە دەسـتی لێ نەدراوە ٠

ئەو ڕێگایەی لـە رەواندوزەوە بەرەو بالـەك دەروات لە نێوان گونـدی ( بیشـووك‌و خەلـەکان ) پاشماوەی پردێك لـە شوێنی خۆی ماوە لـە شوێنێکی یەکجار سەختدا ، جێگای سەرسوڕمانە ئـەو شارەزایەی لـەو سەردەمە کۆنەدا توانیوێتی ئـەو دیوارە لەو شوێنە سەختەدا دروست بکات !

وە لە نزیك گونـدی بەرسرین لە سەردەمی پاشادا جۆگایەك هەلبەستراوە بـە شوێنێکی زۆر سـەختدا تێبەڕبووەو دیوارێکیان بـۆ هەلبەستوە لە سەر هەنـدێ داری داتاشراوی تـوودا دانراوە ، ئـەو دیوارە هەرماوەو دارەکانیش هەروەك خۆیان ماونەتەوە ، وا بـەدەر دەکەوێت داری توو لە جیاتی ئاسن بەکار هێنراوە ٠

وەکو ئاشکرایە پاشـای رەواندووز ناوچەیەکی فراوانی لەژێر فەرمانڕەواییدا بـووەو وویـستویەتی پارێزگاری لێ بکات بۆ ئەو مەبەستە بیری لـە چەکی زێدەگران کردۆتەوە ، ئەویش بـەوە دەردەکەوێت کە ـ وەسـتا رەجەب ـ ی شارەزا لە چـەك سازیدا چەند تۆپێکی دروست کردوەو ئێستاش لـە مۆزەخانەی بەغدا پارێزراونو بە زمانی کوردی لە سـەریان نوسراوە ٠

ئەو هـەوڵو تەقەلایەی پاشـای رەواندوز وادەگەیەنێ کە ئەو بیاوە هەلکەوتوە هەولی داوەو هەنگاوی بـەرزی هاویشتوە لە مێژوی گەلـەکەماندا ٠ ئێمە بە پێویسـتی دەزانین کە شوێنەوارەکانمان بپارێزین وەك دروشمێکی ئەو سەردەمەی ژیانی گەلەکەمان ٠

**زرار سلیمان**

ئەمە وێنەی ئەو کۆشـکە کۆنەی پاشایە کە لەبەرامبەر شاری رەواندوز لەسـەر گردێکی بلند دروست کـراوە ئەگەر بەدەست هەلنەوشایەوە ئەوەندەی ماوە ئەوەنـدەی تریش ئەمایەوە ٠

---

کتێبی هاوکاری

## صـدام حسـین

# خەباتمانو سیاسەتی نێودەوڵەتان

پێویستە سیاسەت لەمجێگایـەدا ( عیـراق ) ، لەوبەری جـۆری توندوتۆڵی‌و وریـایی‌و سڵ‌کردنەوەدا بێـت دژی هێـزە گۆمراکانو بەرژەوەندیانو دژی ئـەو تەوژمو ( عنصر ) انەی کـە سەربەخۆیی‌و رێڕەوی شۆرشـگێڕانەمان لەگۆڕینی کۆمەڵـدا ، گۆڕینێکی شۆرشگێڕانە ، الاواز ئەکەن ٠ ئـەم جۆرە موازەنەیە واناکات کە ناکۆکی هەبێ لەنێوان ئەو ئەرەو نیانیەی لە سیاسەتی دەرەوەدا بەکارئەهێنرێ‌و لەنێوان بەردەوام‌بوون لەسەر ئەوەی نموونەکەمان لەبنیاتنانی نوێدا بێ بە شۆرشگێڕو تیشك پژێنو قایم ٠٠ ئێمە لـە بۆچونەکانماندا وائەبینین کە شێوازی کۆن لەبەکارهێنانی دەزگاکانی راگەیاندن لەسـەر شێوەی ئەورێگایەی ( احمـد سـعید )(١) ئەیگرتەبەر لەبەلامارداندا و بریندارکردنو ناوو ناتۆرە لێنانداً ، ئەبێ کۆتـایی بێت ، ئەوانەی ئێستاکە هێرشـیان ئەبەینە سەر ، یان هێرشمان ئەهێننـە سەر رێژیمنو ئێمەیش هەر رێژیمین ، ئەوقسەیەی ئەلێ : بیرو باوەڕەکانمـان لەبیـرو باوەڕی ئەوان باشترن ، ئەورێگایە نییە کە لەهەموویان سـوود بەخش‌ترە ٠ پێویستە لەسەرمان ئەمـە لەسیاسەتی رێژیمدا جێگیر بکەین ، وە بە هەموو رێگایەك کە لە توانادا هەیـە بایـەخ بە بتەوکـردنی دەزگاکانی پەیوەندی‌کردن بدەین لەنیشـتمانی عەرەبدا ، هەروەها چـونە ناویەکی ( تشابك ) ئابوری عەرەب بەتین‌و بەهێز بکەین ٠ جا ئەبینین کـە ئیتر لەمەولا لەتوانادا نەماوە هیچ تاقی‌کردنەوەیەك لەنیشـتمانی عەرەبدا حەبس بکرێتو لە « تیشك دانەوەی » دا یاخود لـە « خۆ کێشانە ناوەوەدا » رێگای نەدرێ ، ئیتر ئەم تاقیکردنەوەیە سەرنەکەوتو بێ یاخود سەرکەوتوو بێـت ، هاووڵاتی‌ی عەرەبیش لیوەی دوور نابێت ، جا لـە جەزایر بێ یان لە مەراکیش یاخود لـە عیراق ، خۆ ئەگەر تاقیکردنەوەکە توانای تیشك بژاندنی بۆ مەودایەکی دوور هەبوو ئەوا روناکیەکەی ئەگاتە ئەو مەودایەی ئەیەوێت ٠٠ ئەوسـا هاووڵاتی عەرەب توانـای بەراوردکردنو هەڵبژاردنی ئەبێت بەپێی ئەوەی قەناعەتی پێ ئەکات ٠٠ بەمپێیـە نموونەکەمان لەدەرەوەی سنوری قوتردا کارتێکەر ئەبێ سەرەڕای ئەو دەورە هوشیارکەرەوەو رونـاك‌بینی‌یەی حـزبە ئەتەوە پەروەرەکەمان ئەیگێڕێ ٠٠ بەلام ئەگەر ئەو نموونەیەی لـە یەمەنی زووروودا پێك‌دێت لـە نموونەکەی ئێمە چاکتـر بوو ، ئەوا تیشـك بەسەر عیراقدا ئەپژێنـێ تەنانەت ئەگەر یەمەنی ژووروش بێ‌دەنگ بووبێو بەپێی رێگا کۆنەکـە هێرش ئەباتـە سەرعیراق ٠ قسەکـردن بەمشێوەیە بایەخی پروپاگەندەو جالاکی راگەیاندنی ئامانجەکی‌و هێمن لەحیساب وەدەرنانێ ، بەلام ئێمە لەم قسانەماندا ویستمان سەردێج بۆ لای هەلەو مەترسی راگەیاندنی ـ صاخب ـ و پروپاگەندەی گەڕەلاوژەیی رابکێشین ٠٠

● دەربارەی شـوێنەواری تێکشـکانی ئەمەریکا لەخواروی رۆژهەلاتی ئاسیادا ●

ئەمەریکا چەندە تەقەللا بدات بـۆ کەم‌کردنەوەی شـوێنەوارو تەئسیری کاردانەوەی دەروونی‌ی تێکشکانەکـەی لەخواروی رۆژهەلاتی ئاسیادا ئـەوا بەشێکی زۆری ئەو تەئسیرە نالەبارەی ئەنجامی بەچۆکدا هاتنەکـەی هەر دەمێنێتەوەو هەر کاری خۆی لەسیاسەتی نێودەوڵەتاندا دەکات ، لەمانـەش سیاسەتی دەوڵەتانی رۆژئاوای ئەوروپاو ژاپۆن ٠٠ بەلام پێویسـتە چـەند راستەقینەیەك بزانین ، لەمانە ئەمەریکا بـە ـ صـیغە ـ کلاسیکی‌یەکان دەرنەپەڕێنرا ، وە ئەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژتر لەخواروی رۆژهەلاتی ئاسـیادا بمێننێتەوەو ئەگەر ئەمەی بیویسـتبایە ، لەگەڵ ئەوەدا کە بەردەوام ئەوزیانانەی بگرتبایەتە ئەستۆ کە لەو شوێنەو لەسەر ئاستی جیهاندا لێی ئەکەوتن ٠ بەلام کە بۆی دەرکەوت هەر دەرئەگرێ ، با ماوەی مانەوەشی درێژتر بێت ، ئـەو کاتە زەمەنی کـورت کردەوە ، وە خواسـتەکەشی لەپرۆسێـسی دەرپەڕاندنەکەدا ، کـە ئەو کاتە لەخواروی رۆژهەلاتی ئاسیا بەسـەری هات ، دەورێکی تایبـەتی هەبوو ٠ ئەم کارەشی لەپێناو ئەوەدا بوو کـە دەرفەتی پێداگرتنی لەدەست نەچێ بـە ـ صیغە ـی ناتاسایی لەناوچەی‌تردا کە بەحیسابە ستراتیجی‌یە گەردونی‌یەکەی گرنگترن ٠ وە لەپێش ئەو ناوچانە کە پیویستی‌یان بە تەقەللایەکی ناتاسـایی پێداگرتن هەبوو ، ناوچەکـەمانە ٠٠ ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراسـت ٠٠٠ ناوچەی عەرەب قورساییەکی ناتاسایی تایبەتی پێ‌براوە لەچوارچیوەی ئـەم ناوچەیەدا ٠٠

وە کارکـردەکەی تری ئـەو کارکردانەی ئەمەریکایان لەخـواروی رۆژهەلاتی ئاسیادا دەرپەڕاند وە کـە ـ عنصر ـ ێکی بەلایەکا خەرانـەبوو ، خواستی گەلی فیتنام بوو ٠ هەروەهـا زێدە کارکردەی تر هەیە لەمانە چیـنو یەکێتی سۆڤییەت کە هەریەکە لەشوێنی خۆیـەوەو بەپێی تواناکانی یارمەتی‌و پشتگیری‌یەکی گەورەیان پێشکەش بـە شۆرشگێڕان کرد ٠

سەرەڕای ئەمانـە هەمووی ، ئەمەریکا ، بەپێی بۆچوونی خۆی ، لەو ماوەیەدا بوو کـە جونە دەرەوەی ، لەوکاتەدا ، لەوانەیە یارمەتی پتربوونی گیروگرفتی نێوان چیـنو یەکێتی سۆڤیەتو نێوان ڤێتنامو ئـەم دوو دەوڵەتە بدات ٠

ئەوەی بیویست ئەکات لەحیسابی سیاسی‌ماندا بایەخێکی تایبـەتی پێ‌بدەین ، مەسەلەی ئاسایشی ئەوروپایە لەگەڵ ترسانی رۆژئاوای ئەوروپا لـە هەڕەشەی سۆڤێتی‌و دەوری ئەمە لـە هاوبەیمانێتی ئەمەریکاو ئەوروپاداو ئەو کارەی ئەیکاتە سەر هێزی تەئسـیری ئەمەریکا لەسیاسەتی نێو دەوڵەتاندا ٠

کۆبونەوەی میلیتاریی بەیمـانی وارشۆ هەمیشە ئەوروپا ئەپەشۆکێنی ، هەروەها بەدوور نەزانینی بەکارهێنانی تایبەتی چەکی کلاسیکی پەیمانی وارشۆ پتر ئەیپەشۆکێنی لەوەی کە لەم کاتەدا چـەکی ئەتۆم نارەحەتی ئەکات ٠٠ پەیمانی وارشۆش لەوحیسابانەدا کـە ئەوروپای رۆژئاوا نەیـانکات ، ئەتوانێ بەچەکی کلاسیکی کـە لەوێ لەبەرەکـە گردکراوەتەوە رایان‌مالێ یاخـود بەشێکیان رامالێ ، ئـەو چەکـەش بە قەوازە هەندێ جـار بەجۆریش ، دەست بالاترە ، لەو چەکە کلاسیکی‌یەی ئەوروپا لەبەرەنگاربوونداً هەیەتی ٠ دوو خواست دەست ئەخەنە ناو مەسەلەی ئاسایشی ئەوروپاوە ٠٠ هەریەکێکیش لەم دووانە بەلکەی خۆی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بەپێی رێختـە تایبەتی‌یەکانی وەدی بهێنێ ، ئـەم دوو خواستەش ئەمانەن :

خواستی ئەوروپای رۆژئاوا لەپێناو سەرفرازبوون لـە خێوی هەڕەشەی پەیمانی وارشۆ ، وە بۆ وەدەستهێنانی برێـك رزگاریی بەرەو دروستبوون دوور لـە چنگی ئەمەریکاو برێکی‌تر ئاسودەیی ٠

وە ئارەزووی سۆڤیەتی ، لەپێناو رزگاربوونی هێـزەکانی بۆ رووبەرووبوونی چیـنو ئیلتیزامەکانی تری نێو دەوڵەتان ٠

● ماویەتی ●

(١) احمد سـعید ، لەگۆماری عەرەبی میسر مذیع‌بوو ، لەسـالانی بەنجاکانو شەستەکاندا لەئیـستگەی رادیۆی ـ صوت العرب ـ کاری ئەکرد ، لیکۆڵینـەوەو تەعلیمی نامەوزوعی‌و هەڕەمەکی‌و گەڕەلاوژەیی ئەنووسـی‌و بلاو ئەکردەوە ٠

---

لەگەڵ ئافرەتی ناوچەی نۆتۆنۆمی‌دا

# خوشـکەشەرمین جودت لێ‌پرسراوی کاروباری ئـافرەتـانی کوردسـتانت بـۆ هـاوکـاری ئـەدوێـت

● ئافرەتی کورد بەشداری بەرزترین پلـەی دەسەلاتداریتی ئەکا لە ئەنجومەنی یاسادانانداً

● هەرچەند نەرێتی کۆن زۆر جار ئەبێتە بـار بەسەر شانی ئافرەتەوە لەگـەڵ ئەوەشدا ئافرەتانی کورد کۆمەلایەتین ٠

● ئەو ناخۆشیانەی دێتە رێگای ئافرەتانی کـورد هەمان تەنگ‌وچەڵەمەو ناخۆشیە کە دوو چاری ئافرەتانی جیهانی سێهەم ئەبێ ٠

هاله بدری نامادەی کردوە

لە سەر دانێکما بـۆ مەلبەندی ئافرەتانی عێراق لە ناوچەی نۆتۆنۆمی ، چام کەوت بە خوشکە شیرمین جودت تا وەکو بەشێوەیەکی گشـتی دەربارەی ئافرەتی کـوردو کاروبارەکانی مەکتـەبی ئافرەتان بدوێین ٠

جێگای سەرنجە کە ئـەم مەلبەندە کۆمەڵی سـندوقە خوزمای گەورەی لـێ هەڵچنراوە ، کە ئامادەکراوە وەکو دیاری دابەش کـرێ بەسەر لقەکانی یەکێتی‌دا کە لە ناوچەکەدان لە پاداشتی ئـەو چالاکیانەی بە ئەنجـامی‌ـ ئەگەیەنن ٠

لـە وەلامی پرسیارێکا دەربارەی گرنگی مەلبەنـدی ئافرەتانی ناوچەی نۆتۆنۆمی ٠

وتی : ئەم مەلبەندە لـە سەر بڕیاری ژمارە ٨٥ی ساڵی ١٩٧٦ بە یاسای ئەنجومەنی سەرکردایەتی شـۆڕش دامەزراوە ، کە پاش بەندە بـە یاسای چاکراوی ژمارە ١٣٩ی ساڵی ١٩٧٢ی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق ٠

ئەوەش لە پێناوی یـەك خستنی بزوتنەوەی ئافرەتانی عێراقدایە ، کە یـەك هێواو یەك ئاواتی هاوبەشیان هەیە ، یەك لایەنی گیروگرفتی ئابوری‌و پاشماوەی دواکەوتن ئەیان گرێتەوە ٠

ئەو بەرەپندانەی ئەمـرۆ سەرانسەری وڵاتی گرتۆتەوە یەکێکە ، کەواتـە بۆچی رێکخراوی ئافرەتانیشمان یەك نەبێ ؟

بەپێی یاسای مەکتـەبی ئافرەتان لە (٧) حەوت ئەندام پێك هاتوە ، لەمانە سـیانیان سەرۆکی لقەکانی یەکێتین لـە پارێزگاکانی هەولێـرو سلێمانی‌و دهۆك ٠

مەکتەبی سەر بە خـۆی کارگێرایەتی‌و دارایی وەرگرتوە لە نەخشەکیشان‌و رایەڕاندنا ٠ بەلام بەشێوەی گشـتی کارکردن هەموی ئەگرێتەوە بۆ مەکتەبی رایەڕاندنی یەکێتی ٠

دەربارەی کارکـردنی مەکتەبەکە :

وتی : مەکتەب خەریکی جێ بەجێ کردنی بەرنامەکانـی کارکردنی خۆیەتی جگە بەرنامە گشتیەکانی یەکێتی ٠ لـە هەمان کاتـدا خـەریکی دواکەوتنی ئەو کارانەیە کـە جێ بەجێ ئەکرێن ، سەرۆکی مەکتەب ئەندامە لە مەکتەبـی رایەڕاندن‌و لێ‌پرسـراوی رێکخستنی کاروباری مەکتەب‌و هەر سێ لقەکانی‌و مەکتەبی رایەڕاندی یەکێتی گشـتی ئافرەتانی عێراقە ٠

هەموو لقێ لـە لقەکانی یەکێتی رایۆرتی خـۆی پێش‌کەش ئەکا پاشان بـەرز ئەکرێتەوە بۆ مەکتـەبی رایەڕاندن ٠

مەکتەب لە رێـگای لقەکانیەوە گەلێ کاروباری جێ بەجێ کردە لەوانە جێ‌بـەجێ کردنی بڕیـاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی نەهێشتنی بێ کار لـە کوردستاندا ٠ بە هـۆی پێش‌خستنی کاروبارو بـە کار هێنانی رێگای چارە سەرکردنی گیروگرفتەکانی ئافرەتـان ، ئێستا هیچ پێویست ناکات ، ئافرەت بێتە یەکێتی ، بەلکو ئێمە خۆمان ئەچین بـۆ لایانو کارگوزاریان پێش‌کەش ئەکەین ٠ ئەم راستیەش ئەو کارانە ئەیسەلمێنی کە کچانی یەکێتی گەیشتونەتە دورترین ناوچەو دێهاتی کوردستان بـۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانیان ٠

ئەم کارانەی یەکێتـی خەریکێتی زۆر جار فراوانـە بە بەشداری کردنی لایەنی تر ئەنجـام ئـەدرێ ، وەك سەرۆکایەتی ناوچـەی کشتوکاڵی لـە پارێزگاکان ، هەروەها سـەرۆکایەتی تەندروسـتی‌و دەزگای روشنبیری جەماوەری ٠

لەگەڵ ئـەم لایەنانەدا خشتەیەکی نەگۆڕ دانەنێن ، بە پێی ئـەو خشتەیە ڕو ئەکەینە مەلبەنـدی کارکردن بۆ ئەو جێگا دیاری کراوانەی کار گوزاری خۆمان پێش‌کەش ئەکەین ٠ لە ڕوی چـارە سەرکردنی نەخۆشی‌و کوتانی

خۆیانو منالەکانیانو گێڕانی نەدەوە بۆ هوشیار کردنەوەی جەماوەری ئـەو ناوچانە ، هەروەها دیـاری ئاسانیش پێش‌کەش ئەکەین ، کـە دروشمی یەکێتی لەسەرە ٠

دەربارەی ئەو کۆڕانانەی بە سەر ژیانی ئافرەتدا هاتـوە دوای شۆڕش‌و جێ‌بەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی :

خوشکە شیرمین ئـەلێ : ئەوەی باشترین بەلگەمان ئەدا بەدەستەوە دەربارەی ئـەو پێشکەوتنەی ئافرەتی کورد بە بەخۆیەوە دیوێتی سەیرت ئەکرد لە ڕۆژانی پێش شۆڕشـدا ئافرەتێکت نە ئەدێ لـە دەرەوە ٠ کەچی ئێستاو بـۆ یەکەم جـار دوای جێ بەجێ کردنی یاسـای ئۆتۆنۆمی ئافرەتان ڕو ئەکـەنە زۆر کارو ، ئەوە تا فەرمان بـەرو موچەخۆرو کرێکارن لـە زۆربەی دائیرەکانی میریدا ٠

ئافرەت هەموو ئـەو باشیانەی لە بڕیارو یاساکانی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا هەیە ئەیان گرێتەوە ، ئەویش لە پێناوی پێش‌خستنی عێراقماندا ٠ کە لە هەمـوو لایەکەوە دەروازەی کارکـردن کراوەیە ، ئافرەت ئێسـتا کرێکارە لە کارگە ، کەلـك لە بڕیاری بەخۆڕایی کردنـی خوێندن وەرئەگرێ لە پلـەی بەرزی خوێنـدنا ئەخوێنێ ٠ گەورەترین دەست‌کەوت کـە ئافـرەت وەری‌گرتوە لێ‌پرسراوی ئافرەتان سەرۆکی لقی هەولێر خوشکە نافعـە عثمان ئەندامی ئەنجومەنە لە رێگای کارکردنیەوە خـەریکی جێ بەجێ کردن‌و رێك‌خستنی کاروباری یەکێتی‌و ئەنجومەنی یاسادانانە ، لە هەموو ئـەو بارانەی کە ئافرەتان پێـکەوە ئەبەستێتەوە ٠

چاکترین دەست نیشان‌کەری سەرکـەوتنی کاروبارەکانمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا ، زۆر کـردن‌و فراوان‌کردنـی کەرتەکانی یەکێتی‌یە کـە ئافرەتان بۆ یەکەم جـار کاروباری خۆیان ئەبەن بەرێوە لـە ڕوی پرسیارێکا دەربارەی سروشتی ئافـرەتی کورد ٠ کە خوشکە شـیرمین ماوەیەکی درێژە خەریکی کاری ئافرەتانەو قالبوی ئـەو کارانەیە :

وتی : ئافرەتی کـورد مرۆڤێکی واقعی‌و نەژاد بەرزو دەرون کراوەیە لەگەڵ ئـەو نەریتو بارە قورسانەی هەلی گرتوە کۆمەلایەتیەو میـوان بەرێ‌کـەرە ، زرنـگ‌و هۆشمەندن‌و ، هەست بە زۆر کار ئەکەن‌و خەریکی ئەبن کـە لەگـەڵ ڕادەی ڕۆشنبیریان بەرزترە ٠

زوو هەست بەشت ئەکەن ، لەگەڵ ئەمـانەشدا ئازان‌و

بروانە ـ ل ٧

# وشەی ڕۆشنان لە زمانی کوردیدا

## دەربارەی چاپکراوی نوێ

فیصل مصطفی حاجی

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف کتێبێکی ( ١٠٤ ) لاپەڕەیی بەناوی « وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا » چاپکردوەو بەم زووانە کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران ٠

مامۆستای دانەر ئەرکێکی پیرۆزی بەجێهێناوەو ، لە کتێبەکەی خۆیدا باسی هەموو ئەو کتێب و نامیلکەو گوتارانە کردوە کە لەسەر پاشگرو پێشگر نووسراون یاخود باسیکیانیان تێدا هاتوە ٠ هەروەها کەموکوڕی هەندێك لەو کتێبانەی دەرخستوە ، وەکو : کتێبی « دیالێکتی کوردی موکری »ی کەریمی ئەیوبی و ، ئی٠ ئاسمیرنۆفا ( ١٩٦٨ )و ، کتێبی « ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا نوری علی امین ( ١٩٦٠ )و ، « سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی »ی محەمەد ئەمین هەورامانی ( ١٩٧٣ ) ٠ جگە لە نامیلکەی « گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا نوری علی امین ( ١٩٥٨ )و ، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد بڵاویکردوونەتەوەو ، ئەو گوتارەی کە مامۆستا فاروق عومەر صدیق بە ناونیشانی ( وشەسازی لە زمانی کوردیدا ) لە گۆڤاری کۆڕی ازنیاری کورد (١٩٧٥)دا بڵاویکردۆتەوەو هەندێکی تر ٠

هەروەها دانەر باسی زۆر شت دەربارەی ڕێزمانی کوردی دەکات ، وەکو :

مۆرفێمو جۆرەکانی ، شێوەی مۆرفێمو ، پێشگرو پاشگرو نیشانەو ، ئینتەرفیکس و ، کۆنفیکسو ، ناوگرو ، ووشە لە رووی ڕۆناتەوە ٠

لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەرنجێکی بجوکم هەن حەزدەکەم بڵاویان بکەمەوە بۆ مەبەستی خزمەتکردن ، لەگەڵ سوپاس ڕێزمدا بۆ مامۆستای دانەرو گشت خوێنەرە ئازیزەکان ٠

١ ـ زاراوەی ( مۆرفێم ) لە شوێنێکدا هاتوە کە ( بچووکترین دانەی واتاداری زمانە ـ دوادێری لاپەڕە (٢٣)و ژمارە ( ٣ )ی پەراوێزی هەمان لاپەڕە )و ، لە شوێنێکی تردا هاتوە ( ئینتەرفیکس : ئەو مۆرفێمە یاریدەرانەن کە ماناى خودیان نیە ـ سەرەتای لاپەڕە (٤١) ) ٠

٢ ـ لە لاپەڕە ( ٨٩ ) لە باسی ( ٣ ـ کرداری لێکدراو )دا : باسی کۆمەڵێك ووشەی ئەوتۆ کراوە کە لە پێکهێنانی کرداری لێکدراودا بەشداردەبن ، وەکو : ( ناوو ئاوەڵناو ٠٠ کرداری بوونو کردنو دانو نانو بردن ٠٠ تد ) ، کەچی باسی بەشداری کردنی ئاوەڵکردار لەم پێکهێنانەدا نەکراوە ٠

پێش + کەوتن = پێشکەوتن

ژێر + خستن = ژێرخستن

جگە لەوەی کە گشت نموونەکانی ئەم بابەتە (کردار) نین ! بەڵکو ( چاوگ ) ن ـ هەرچەندە کردار لە چاوگەوە وەردەگیرێت ـ بەڵام لەوایە دەبوایە بگوترێت ( چاوگی لێکدراو ) ٠

٣ ـ لە ( ل ٨٥ ـ ٨٦ )دا هاتوە :

( ٨ ـ لە دوو ڕەگی کردار ، بەیارمەتی ئینتەرفیکسی ( و ) وەك : هات‌وچۆ ، مشت‌ومال ، گفتوگۆ ) ٠

لەوایە (هات) ڕەگی کردار نیە ٠ جا نازانم ئەگەر لە شێوەیەك لە شێوەکانی کوردیدا بەکاربهێنرێتو من نەمبیستبێت ، ئەو کاتەش دەبوایە ڕوون بکرێتەوە ٠

٤ ـ دوکتۆر نەسرین فەخری گوتارێکی لەژێر ناوی « پاشگرو پێشگری : ( فە ـ یان ـ وە ) لە زمانی کوردیدا » لە لاپەڕە ( ٢٣٤ـ٢٧٣ )ی بەشی (١)ی ژمارە (١)ی گۆڤاری کۆڕی ازنیاری کورددا بڵاوکردۆتەوەو ٠٠ بە بیروڕای خۆی پاشکری ( وە ) راستەو ( ەوە ) راستنیە ٠ بەڵگەشی ئەوەیە کە لە شێوەی کرمانجی ژووروودا کاتێك دەبێتە پێشگر ( فە ) بەکاردێتو بزوێنی ( ٥ )ش بە پێتێکی پەیوەندی دادەنێت ٠

کەچی مامۆستا دانەری ئەم کتێبە لە لاپەڕە ( ١٥ )دا دەڵێت : ( بەڕای من ئەو تەنیا بەڵگەیەی د٠ نەسرین فخری زۆر کەمە بۆ ئەوەی ، ئەو پاشگرە بە ( وە ) دابنرێ ، بەتایبەتی چونکە بەڵگەی بەهێز هەن ٠٠ ئەوە بسەلێنن کە ئەو پاشگرە دەبێ ( ەوە ) بێ ، نەك ( وە )و بەو پێیە بزوێنی ( ٥ ) دەبێ ڕەسەن بێ نەك بۆ پەیوەندی )و ، لە پەراوێزی لاپەڕە ( ٧٩ )دا سەرنجێکی مامۆستا مەسعوود محەمەد(١) دێنێتەوە کە دەڵێت : ( ٠٠٠ تەنانەت واش دەبێت کە پیتە بزوێن دەبێتە کۆتایی کار ، پێتێکی کۆنسۆنانت دێتو ئەم بزوێنە دەپارێزێت ، وەك ( هاتوومەتەوە ـ کە لێرەدا ـ ت ) ـ هاتو بزوێنەکەی پاراست ) ٠٠٠ ( لە گەڵێك شێوە ئاخاوتندا دەگوترێ ( گەڕایەوە ، کوڕایەوە ) کە ئەو شوێنانەدا پێتێکی ( ی ) پەیوەندی وەك ( نون الوقایە ) دێتو بزوێنەکەی سەرەتای ( ەوە ) دەپارێزێت ) ٠٠٠ ( بێ گومان لەو شێوانەدا کە دەبێتە پێشگر ئیمکان‌نیە بزوێنەکەی پێشەوە ( ٥ ) خۆ بەدەربخات ، کە ئەمە بەدیهییەکەو کوتانەوەی لزوم‌نییە ) ٠

● من ـ لەم بابەتەدا ـ لەگەڵ بیروڕای دوکتۆر نەسرین فەخری دامو دەڵێم : پێشگرەکە ( وە ) یەو ( ەوە ) نیەو ، جگە لە بەڵگەکەی د٠ نەسرین دەڵێم :

( وە )ی پاشگر لە شێوەی خوارووودا ، ئەگەر بۆ گۆڕینی واتای ووشەو دروستکردنی ووشەی تازە بەکاربێت ، لە شێوەی ژووروودا دەبێتە ( فە )ی پێشگر ٠

خواردنەوە ـ فەخوارن ـ فەخارن

کردنەوە ـ فەکرن

گەڕانەوە ـ فەگەڕان ـ فەگەڕیان

ئەگەریش بۆ دووبارە ـ کردنەوە بێت ، لە شێوەی ژووروودا دەبێتە ( فە )ی پاشگر ٠

خواردیەوە ـ خوارەفە ـ خارەفە

هاتمەوە ـ هاتمەفە

ئەمجا ئەگەر ( فە ) بەرامبەر بە ( وە ) بێتو ( ە ) کە ڕەسەن بێت ٠٠ دەبوایە ( ەوە ) ببێت بە ( ەفە ) ٠ ئەوکاتە :

آ ـ لە نموونەکانی یەکەمدا ( خواردنەوە ) ، دەبوایە بەرامبەرەکەی ببێت بە ( ەفەخوارن ) ، بەڵام مەروەکو م٠ مەسعوود دەفەرموێت : ( پیتی بزوێن لە سەرەتای ووشەوە نایەت ) بۆیە ئەم شێوە نووسینە ( ئیمکان‌نییە ) ٠٠ بەڵام ، ئەگەر ( ە ) کە ڕەسەن‌بێت پێویستە ( خۆ بەدەربخات ) وەنو چۆن ڕۆر ووشە هەیە بزوێنیان لەپێشەو دەش‌نووسرێتەوە ، بەڵام چارەیەکیان بۆ کراوەو نیشانەی ( ئـ ) یان خراوەتە پێش ، وەکو :

اوا ٠٠٠ ڕۆژاوا ـ ( ڕۆژ ئاوا ) ـ ( ئاوا )

ئاوابی ، ئاوەدان ، ئاوارە ٠٠٠ تد ٠

او ٠٠٠ گوڵاو ( گوڵ ئاو ) ـ ( ئاو )

خوناو ، دۆشاو ، ماستاو ، گەرماو ٠٠٠ تد ٠

مو ٠٠٠ بەو ـ ( بە ئەو ) ـ ( ئەو ) ٠

مم ٠٠٠ لەم ـ ( لە ئەم ) ـ ( ئەم ) ٠

کەواتە ئەگەر ( ە )کە ڕەسەن بوایە دەمانتوانی بڵێین :

ئەفەخوارن ، ئەفەکرن ، ئەفەکەڕان ٠٠ تد بۆ ئەوەی بزوێنەکە بپارێزرێت هەروەکو ( هاتوومەتەوە )ی م٠ مەسعوود ـ کە ئەم نموونانە نین ٠

جگەلەوەش کە لە یەکێك لە ناوچەکان‌دا (وە) بە پێشگریش هاتوە ـ بۆ گۆڕینی واتا ، وەکو : ( وەخۆ )ی ناوچەی خۆشناوەتی ٠

ب ـ لە نموونەکانی دووەمدا ٠٠ کەسانێکی گەلەك زۆری شێوەی ژووروو یەکەر پاشگری ( فە ) لە پال کردار بەکاردێنن‌و دەڵێن :

( خوارفە ، هاتنفە ، ڕابوومفە ٠٠ تد )

٥ ـ لە هەمان پەراوێزی لاپەڕە ( ٨٠ )دا هاتوە :

( ٠٠ ٠لە زمانی کوردی‌دا وشە هەن لە پێکهاتنیان‌دا ( و )ی کۆنسۆنانت بە ڕەوانی لە دوای دەنگی کۆنسۆنانتەوە هاتوەو پێویستی بە بزوێنی ( ە )ی پەیوەندی نەکردوە پێکیانەوە بلکێنێ ، وەك لە ( سروە )دا ) ٠

بێگومان ( وە )ی نموونەکانی ( هاتوومەتەوە ، گەڕایەوە ، کوڕایەوە ) جودایە لە هی ( سروە ) چونکە ئەمیان

بروانە ـ ل ٧

## وێنەیەك لەژیانی ڕۆشنبیرە مەزنەکان

# ئەو شاعیرەی بەبریتی سەری نایەوە

پێشینان وتویانە « سێ شت قەدریان نازانرێت تا لە کیس دەچن ٠٠ ئەو سێ شتەش « تەندروستی‌و خەوو سامان »ە مرۆڤ کاتێك قەدری تەندروستی ئەزانێ کە نەخۆش دەکەوێ ، کاتێك هەست بەوە دەکات کە خەو لێکەوتن چەند شتێکی خۆشە، کە خەوی دەزڕێو تووشی خەو لێنەکەوتن دەبێت ، هەروەها پارەو سامانیش کاتێك بایەخی زیاتری پێدەدرێت ، کە خاوەنەکەی لەکیسی دەچێت ، کە بۆی دەردەکەوێ مەسلەی ( پارە چلکی‌دەستە ) هەر لە فەرهەنگی لاتەکانا هەیە ، چونکە ئاشکرایە مرۆڤ کە یەکێ لەم سێ شتەی لە کیس دەچێ ئەوسا پەشێمان دەبێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بەبێ ئەرك ئەو شتە لەبەردەستیابوو ،

اولیڤەر گولدسمیث ( ١٧٢٨ ـ ١٧٧٤ ) شاعیرو نووسەرێکی شانۆگەری بەناوبانگی ئیرلاندەبوو ، هەر کە گیروگرفتێکی تایبەتی بیوایە رازی دڵی خۆی لای هاوڕێیەکی دڵسۆزی دەردەبڕی کە ( دکتور ساموئیل جونسون ) بوو ئەوەی شیاوی باسە دکتور ساموئیل یەکەمین کەسە لەرهەنگی داناوە بۆ زمانی انگلیزی ، ڕۆژیکیان شاعیری لاو ( اولیڤەر ) بەکسۆزی‌و خەمباریەوە بە دکتور ساموئیلی هاوڕێی وت : هەر چەند ئەکەم خەو تۆراوە لێم ، ئاواتەخوازم بۆ ساتێك نوستن ، بەڵام بێسوودە ، خەوم زڕاوە ، چی‌بکەم ؟

دکتور پێی‌وت : پێش نووستن هەوڵبدە زۆر نەخۆیت ، بەڵا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئەو شاعیرە ناسکە دەتوایەوە ، تادەهات زیاتر دەبوکایەوەو ڕەنگی بەروەوە نەدەما ، هاتەوەلای هاوڕێکەی بەمەناسەیەکی ساردەوە وتی « هیچیش ناخۆم ، کە چی خەو ناچێتە چاوم » ٠

پیش ئەوەی تەمەنی شاعیر بگاتە ٤٦ ساڵ گیانی سپارد ، داخێکی زۆری خستە دڵی خۆشەویستەکانیەوە بەتایبەتی دکتور ساموئیل ، چونکە دوای چەند مانگێك بۆی دەرکەوت ، هاوڕێکەی بۆیە خەوی لێنەدەکەوت چونکە بێشێو سەری دەنایەوە ، نەیبوو بیفەوات برسێتی‌و هەژاری نەخۆشیشیان‌بوو بەمیوانو بە هەرسێکیان دەوەی گیانی شاعیریان‌کرد لە هەڕەتی ژیانی‌دا ، دکتور ساموئیل بەدرێژایی ژیانی ئەوەی لەبیر نەدەچوەوە کە هاوڕێکەی برسی‌بوو ، ئەمیش پێی‌ی دەگوت « پێش نوستن هەوڵ بدە زۆر نە خۆیت » ٠

ئاخۆ (اولیڤەر گولدسمیث) یەکەم کەس بێت لە جیهانی ئەدەبا کە برسێتی بەودەردەی بردبێ ، بێ‌گومان نەە ٠

مصطفی صالح کریم

# شاعیرە لاوەکانمان بەم چەشنە لە شیعری نوێی کوردی دەگەن

نوزاد رفعت

مستەفا پەژار

● لە ژمارەی پێشوودارای کاك سعد الله پەرۆشمان دەربارەی شیعری هاوچاخی‌کوردی‌و نوێ بونەوە بڵاوکردەوە ٠٠ لەم ژمارەیەدا ، هەندێ بیروڕای تر بڵاو دەکەینەوە بۆ ئەوەی چەند لایەنێکی تری وێنەکە ڕوونتر بکرێتەوە ٠٠

### تەکنیك لە شیعری نوێی کوردی‌دا

● کاك نوزاد رفعت ـ کە ئەمیش یەکێکە لە شاعیرە لاوەکانمان بەم چەشنە دەربارەی « تەکنیك لە شیعری نوێی کوردی‌دا » دوا ووتی :

ـ مەسەلەی تەکنیك لە شیعری نوێی کوردی‌دا ، مەسەلەیەکی گەورەو گرنگەو لێکۆڵینەوەیەکی درێژو قووڵ هەڵئەگرێ ٠٠ بۆیە دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم :

ئەو قوتابخانە ئەدەبی‌و هونەری‌و ئەو تەکنیکە جۆر بە جۆرانەی پەیتا پەیتا لە هەندەرانرا دێنو لەو پایتەختانەوە سەر هەڵدەدەن کە تا ئێستایش دەستیان بە سەر بزووتنەوەی زانستی‌و ڕۆشنبیری‌ی هەموو دنیادا گرتووە ٠٠٠ درەنگو زۆر درەنگیش بە ئێمە دەگەن ، کە پێشمان دەگەن ٠٠ جارێ تا ماوەیەکی زۆر گێرەو کێشەیان لە سەر دەبێ‌و بەئەنقەستو نا ئەنقەست هەوڵی بەر بەستکردنیان دەدرێ !٠٠ ئەوا جیمس جویس لە ساڵی ١٩١٦دا ڕۆمانی ( وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی‌دا )ی بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش نووسیوە کەچی تازە ئێمە هەوڵ دەدەین تێی بگەین‌و بیهێنینە ناو ئەدەبەکەمانەوە ٠٠٠ هەر وەها قوتابخانەی ( ڕۆمانی نوێ ) لە سی‌یەکاندا ، لە فەرەنسا هاتۆتە کایەوە و (نا تالی ساروت ) ساڵی ١٩٣٨ ـ انفعالات ـ ی پێ نووسیوە ٠٠

● لەمەش زیاتر کاك نوزاد دەڵێ :

ـ من ئەو دوو نموونەم بۆ بەراورد کردن‌و دەرخستنی بارودۆخی ئەدەبیمان هێنایەوە ، بەڵام شاعیری کورد خەریکە شان بە شانی ئاوڕدانەوە لە شیعری کۆن‌و نوێی کوردی ، لە تاقی‌کردنەوە ئەدەبیە جیهانیەکان دەخواتەوە ، بۆ ئەوەی نهێنی نەمریان بدۆزێتەوەو لەلقەکانی تری ئەدەبو سینەمایش نزیك دەبێتەوە ٠٠٠ بۆ ئەوەی لە شانۆگەری‌یەوە فێری گفتوگۆو دەنگو دراما بێ‌و لەڕۆمانەوە فێری تەداعی‌و دارشتنی ڕوداوەکان‌و زەمانی نووسین بێ و لە سینەماوە فێری ( بڕین )و هەڵبژاردنی ( لقطة ) ٠ ئەو شیعرانەیش جار جار لە میهرەجانێکدا دەخوێنرێنەوە یا لە دانیشتنێکدا هەڵدەڕێژرێن یا دەستو دەست دەگەن ، نیشان دەدەن کە کۆمەڵێ شاعیری پاك‌و ڕاستەقینە هەن دەسووتێن‌و ئەو گوڵانە دەر دەکەن لە گوڵەکانی تر دەچن‌و ناچن !!!

**ڕەمزو شیعر**

● ئینجا پرسیارێکمان ئاراستەی کاك ( مصطفی پەژار ) کرد کە نزیکەی دە ساڵە دەستی داوە تەقەڵەمو تا ئێستاش کۆمەڵێك شیعری بڵاو کردۆتەوە ٠٠ پرسیارەکە دەربارەی ڕەمز لە شیعری نوێ کوردی‌دا بوو ٠٠٠ کاك پەژار ووتی :

ـ ڕەمز لە ئەدەبی کوردی‌دا ، نەك وەك ڕێبازێکی ئەدەبی‌ی کاتێکی تایبەتی‌و چەند نووسەرو شاعیرێکی دیاری‌کراو ، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ، وەك شێوازێك لە شێوازەکانی دەربڕیت شوێنێکی بایەخدارو پڕ واتاو ئامانجی پێ بەپێستی خۆی هەیە ٠٠ زۆربەی شاعیرو نووسەرەکانمان ، هەر نەبێ لە یەکی لە بەرهەمەکانیان‌دا بەدەربخات ) وەنو چۆن ڕۆر ووشە هەیە بزوێنیان لەپێشەو دەش‌نووسرێتەوە ، بەڵام چارەیەکیان بۆ کراوەو نیشانەی ( ئـ ) یان خراوەتە پێش ، وەکو :

اوا ٠٠٠ ڕۆژاوا ـ ( ڕۆژ ئاوا ) ـ ( ئاوا )

ئاوابی ، ئاوەدان ، ئاوارە ٠٠٠ تد ٠

او ٠٠٠ گوڵاو ( گوڵ ئاو ) ـ ( ئاو )

خوناو ، دۆشاو ، ماستاو ، گەرماو ٠٠٠ تد ٠

مو ٠٠٠ بەو ـ ( بە ئەو ) ـ ( ئەو ) ٠

مم ٠٠٠ لەم ـ ( لە ئەم ) ـ ( ئەم ) ٠

کەواتە ئەگەر ( ە )کە ڕەسەن بوایە دەمانتوانی بڵێین :

ئەفەخوارن ، ئەفەکرن ، ئەفەکەڕان ٠٠ تد بۆ ئەوەی بزوێنەکە بپارێزرێت هەروەکو ( هاتوومەتەوە )ی م٠ مەسعوود ـ کە ئەم نموونانە نین ٠

جگەلەوەش کە لە یەکێك لە ناوچەکان‌دا (وە) بە پێشگریش هاتوە ـ بۆ گۆڕینی واتا ، وەکو : ( وەخۆ )ی ناوچەی خۆشناوەتی ٠

ب ـ لە نموونەکانی دووەم‌دا ٠٠ کەسانێکی گەلەك زۆری شێوەی ژووروو یەکەر پاشگری ( فە ) لە پال کردار بەکاردێنن‌و دەڵێن :

( خوارفە ، هاتنفە ، ڕابوومفە ٠٠ تد )

٥ ـ لە هەمان پەراوێزی لاپەڕە ( ٨٠ )دا هاتوە :

( ٠٠ ٠لە زمانی کوردی‌دا وشە هەن لە پێکهاتنیان‌دا ( و )ی کۆنسۆنانت بە ڕەوانی لە دوای دەنگی کۆنسۆنانتەوە هاتوەو پێویستی بە بزوێنی ( ە )ی پەیوەندی نەکردوە پێکیانەوە بلکێنێ ، وەك لە ( سروە )دا ) ٠

بێگومان ( وە )ی نموونەکانی ( هاتوومەتەوە ، گەڕایەوە ، کوڕایەوە ) جودایە لە هی ( سروە ) چونکە ئەمیان

بروانە ـ ل ٧

**ئامادە کردنی**
**عبدالله محمد**

# شیعر وفەلسەفە

**فؤاد مەجید میسری**

قۆناغی سێهەمیش لای هیگل ، لە هونەری‌ی ڕۆمانسیزم‌دا دەر ئەکەوێت کە بریتی‌یە لە ـ وێنە کێشان ، مۆسیقا ، شیعر ، ـ بەتایبەتی شیعر ، چونکە شیعر لای ئەو ، لەپلەی یەکەمی‌ی جوانی‌ی ئایدیایی‌دایەو بەشێوەیەکی ڕێك‌و پێك وێنە کێشان‌و مۆسیقا ، یەك ئەخات‌و بە باشترین شێوە دەری ئەبڕێت ٠

« ٠٠٠ شیعر یاخود هونەری ئاخاوتن ، لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی‌ی‌دا لەوە بەولاوە کە بریتی‌یە لە ڕەمزێکی بێ نرخ شتێکی دیکەنی‌یە ٠ بەڵام شتی بنچینەیی لە وێنەگرتنی شیعردا خەیاڵی شیعرە ٠٠٠ چونکە شیعر لە توانای‌دا هەیەوێنەی هەمووشتێك بکێشێ ، وە لە بەرئەوەی ماددەکەی دەنگی ڕووت‌نی‌یە ، بەڵکو دەنگە وەك واتا ، وەك نیشانەیەك بۆ وێنەکێشان ، دیارە ئەم مادەی شیعرەیش هەروا بە ئاسانی‌و لە خۆوە دروست نابێ بەڵکو مل‌کەچی یاساکانی کێش‌و مۆسیقایە ٠٠ لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە شیعر زیاتر لە هونەرە تەشکیلی‌یەکانەوە نزیکە وەك لەبەیت کە گێڕانەوەیەکی لە سەرەخۆی مێژووی گەلانەو پڕیەتی لەوێنەو تابلۆی قەشەنگ‌و ناباب ٠٠٠ لەلایەکی تریشەوە شیعر ئەچێتەوە سەر مۆسیقاو سیایەکی گۆرانی ئامێزی هەیە ، لەوڕووەوە کە وێنەی باری ناوەوەی دەروون ئەنەخشێنێ‌و دواجاریش ئەبینین شیعر بریتی‌یە لەیەکێتی ئەم دوو هونەرەو وێنەگرێکی بەتواناو لێ هاتووی ئەو زۆران‌بازی‌و مل ملانێ‌یەیە کە لەنێوان بەرزەوەندی‌یە دژ بەیەك‌و جیاوازەکانی دەروونی مرۆڤ‌دا هەیە ٠٠ » ٠

جا هەرچەندە ـ هیگل ـ زیاد لە پێویست خۆی بەم دابەش‌کردنە ناواقیعی‌یەی هونەرەوە ماندووکردووە بەڵام لە ناوەرۆکی بیروڕا ئایدیالیزمی یەکەی‌دا زۆر بۆ چوونی زیرەکانە بەدی ئەکەین ٠٠ بەتایبەتی کاتێك دیراسەی هەموو بابەتە هونەری‌یەکانی کردو بەباشی‌ی لە داهێنان‌و شێوەی درایەتی‌و گیانی دانەرو خودی داهێنەرتێ‌گەیشت ٠٠٠ »(٧٤) ٠

ـ هیگل ـ بەپێچەوانەی ڕوانینی ڕۆمانسی‌یەکانەوە « سەبارەت بەئەخلاقی‌یەتی هونەر » بیروڕاکانی خۆی داڕشت ، لە بەرئەوە گۆڕانێکی چۆنایەتی هێنایە گۆڕێ لە بواری هونەردا ٠

لای ـ هیگل ـ دروست‌کردن‌و داهێنان ئەبێ پتەوو کامڵ‌و دیاری کراوبێت ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی‌تریش ئەبێ جۆربەجۆرو چڕو پڕبێت بەتایبەتی بۆنیشان‌دانی سیفەتە جیاوازو چەسپاوەکانی مرۆڤایەتی‌ی ٠ ـ ئەخیل ـ لای هۆمیرۆس ، مرۆڤێکی تەواو کامڵ‌و بێ‌کەیشتووە ، ـ ڕۆمیۆ ـش‌لای شکسپیر هەمان شتە ٠ ـ هیگل ـ زۆر بەتوندی‌ی بەربەرەکانێ‌ی ئەو کورت بینی‌یە ئەکات کە لە کاری هونەری‌دا دەرئەکەوێت ، وەك نیشان‌دانی تاکە سیفەتێك لە بابەتی ، چرووکی‌ی ، مەرایی ٠٠٠ تاد ، وەك ئەوەی « مۆلێر » نیشانی‌دا هەروەها بەربەرەکانێ‌ی بۆ چوونی ڕۆمانتیکی‌یەکان ئەکات سەبارەت بەداهێنان‌و دروست‌کردن ، چونکە ڕۆمانسی‌یەکان لەکارە هونەری‌یەکان یان‌دا لایەنی مرۆڤایەتی‌ی جزئەکەن‌و مۆرکی کامڵی‌و قووڵبوونەوە بە بەرهەمەکەوە ناهێڵن‌و ئەیکەنە شتێکی پواوو بێ‌ناوونیشان !! ٠ بەو جۆرە بۆ چوونەکەی ـ هیگل ـ بە تەواوی‌ی لەبیروڕا نیستاتیکی‌یەکانی ڕیالیزم نزیك ئەبێتەوە ، ئەمەیش زیاتر لەو لێکدانەوەیەی‌دا دەرئەکەوێت کە دەربارەی ـ ئایدیا ـ نوسی‌ی وتیایا بڕیاری لە سەرئەوەدا کە ئەبێت شیعر لەوێنەگرتن‌دا هەمیشە شتی جەوهەری‌ی‌و زیندوو جۆر بەجۆر بگرێت ، ئەم شتە جەوهەری‌یەش ، تەواوی شتە ئایدیالیزمی‌یەکەیە ، نەك ئەو شتەی کە هەیەو گەر لە دیمەنێك یان لە کارە ساتێك‌دا نیشان‌درا ، بە وێنەیەکی لاوازو ماندوو بێ زەوق دەربخرێت ٠٠ »

دوابەدوای ئەمەیش ، برناسیزم بەرەنگاری شیعری ڕۆمانسیزم‌بووەوە ، ئەو ڕۆمانسیزمەی کە مۆرکی ڕەش بینی‌و بەرگی کڕوزانەوەی لە خۆی ئاڵاندبوو ، وە بایەخی بە تاکەکەس‌و ئازارو لاوازی‌ی خودی مرۆڤ‌ئەدا ٠ برناسیزم ، ڕووناکی‌ی خستە سەرشیعری ڕومانسی‌ی‌و بەشێوەی گاڵتە جاڕی‌ی ڕەخنەی ئاڕاستە ئەکات بەتایبەتی‌ی کە داوای وەسفی مەوزوعی‌ی ئەکات‌و زیاتر گرنگی ئەدات بە وێنەی شیعری‌ی‌و چۆنیەتی دارشتنی بەمەرجێك لایەنە مەوزوعی‌یەکەی وون نەکات ٠٠ ئەمانە ـ واتە برناسی‌یەکان ـ بابەتەکانیان لە دەرەوەی خودی مرۆڤ هەڵئەبژێرن ، وەك سروشت ، کارەساتە مێژوویی‌یەکان ،شارستانێتی کۆن وبەیکەرو وێنەو ڕوداوەکان دواجاریش ئەم وێنانەیان بەجۆرێك پێش‌کەش ئەکرد هیچ جۆرە ئاوێنە کردنێکی تیانەبوو لەگەڵ خودی شاعیردا ، ئەمە جگە لەوەی بەپەرۆشەوە هەوڵیان ئەدا جوانی‌ی هونەری‌ی لە دەربڕینی شیعری‌ی‌و وێنە هونەری یەکان‌دا ببرن ، بەوجۆرە « ٠٠ داستانە کۆنەکانی گەلانیان ئەکردە کەرەستەی شیعرەکانیان ٠٠٠ » ٠

ئەگەرچی ئەم ڕێبازە لەسەربنچینەی‌دا تاشینی وێنەی زمانەوانی‌و دەرخستنی شتە هەست پێ‌کراوەکان‌و بەمەبەستی داهێنانی چەند یاسایەکی جوانی‌ی دامەزراو هاتە ناو ناوانەوە ، بەڵام نەیتوانی پێویستی‌یەکانی گیان بەجێ بهێنێت ، چونکە بەتەنها هەست کردن بەجوانی‌ی ئەتوانێ ئەم جۆرە شیعرە ببزوێنێ‌و بیخاتە سووڕوسەما ، بەڵام پێویستی‌یە عاتیفی‌یەکانی مرۆڤ‌و هەڵچوونی دەروونی ، وەك خۆیان بەتینوێتی ئەمێننەوەو سەرگەردان وێل ئەبن بە دوای شتێك‌دا تینوێتی‌یان بشکێنی ، بۆیە سەرەنجام لە ڕێبازی ڕەمزی زیاتر شتێکی دیکەیان بۆ ئەدۆزرایەوە کولۆکۆیان دابمرکێنێتەوە ٠٠

بروانە ـ ل ٧

# لـــەســـەرێ

## ئارەزوو

هەندێک جار مرۆڤ هەست دەکات کە هێزێك پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەوەی هەنگاو بنێت

تا بگاتە ئامانجێکی تایبەتی جا دەگونجێت ئەو هەنگاوە کە دەینێت دووچاری هەڵەی بکات هەر چەندە کاتی دانانی ئەو هەنگاوە کە دەنرێت بە یادیا نایەت کە بە هەڵەداچووە بەڵام کە بەسەرهاتی خۆی دێنێتەوە پێش چاوو ئەو هەڵەیەی بۆ دەردەکەوێت زۆر بێزار دەبێت لە هەنگاوەکەی وە تەنانەت ئەو ئامانجەی کە بوی لەپێش چاووی دەکەوێت • جا با بێنەوە سەر مرۆڤو مرۆڤایەتی ئایا مرۆڤ لە سەرەتای هاتنە ژیانیەوە تا هەست‌کردنی بە چاکەو خراپە دەماری چاکەی بەهێزتر بوەیان خراپەی بێ‌گومان بەدەگمەن روو دەدات مرۆڤ ئارەزووی خراپە کردنی بەهێزترێت لە چاکەکردنی • کە دێنە سەر ئەو نمونە جانەوەرانە لە جیهانداو کردارە بێ‌شەرمەکانیان دەهێنینە پێش چاوو وەکو هیتلرو مۆسولینیو تشۆمبی مناحتم بیگن نمونەکانی تری جا ئەوەرانی جیهان • ئارەزووە رەشەکانیان دەهێنینەوەیاد بۆمان دەردەکەوێت کە گۆش بونیان لەسەر بناغەی دژی مرۆڤایەتی بوە هەمو کاتێک پر بەدل ئارەزووی ئازاردانی مرۆڤو مرۆڤایەتی دروشمیان بوە • ئەگینا بوچ پر بەئارەزوو هەر گوشتنو برینو زیندە بەچاڵو خوێن مژین وسووتاندنو گولەباران دروشیان بوە • نمونەی تاوانەکانیان لە هەمو گۆشەیەکی جیهاندا ماوە تا ئێستاکە •

بەڵام ئەم تاوان بارانەو هەتیوەکانی دوای ئەوان ناتوانن رووناکی رێبازی مرۆڤایەتی خامۆش بکەن • ئەو مەشخەڵەی پێش‌کەوتنخوازانی جیهان هەڵیان گرتوەو سورن لە سەر کلپە روناکەکەی هیچ هێزێک لە جیهانی سەرمایەداری‌دا ناتوانێت ئەو گرو بلێسەیە خامۆش بکات هەتیوەکانی هیتلر توانای نزیک بونەوەیان نی‌یە لە مەشخەڵی گەلان • وە هیچ توانایەکیان نی‌یە ئەو کلپەیە خامۆش بکەن چونکە ئەو کلپەیە سوتێنەرە ئارەزووی زوربەی گەلانە • ئارەزووی پێچەوانەی ئارەزووە گلاوەکەی فاشیەکانە جا لەبەر ئەو هۆیە هەمیشە خواستی ئەم جینە سەرکەوتوەو هەوری ڕەش چلکنی شەر ناتوانێت کنە لە رێبازەکەی بکات •

رۆژانی جەنگی قارەمانەکانی فێتنام براوورد دەکەم لەگەڵ ئەو قارەمانانەی کە لە ( تل الزعتر ) بەرگریان دەکرد لەو بروایەی هەیانە ئایا ئەو هێزە لە فێتنام بەزی یان توانرا مل‌کەچ بکەن بە هێزە قارەمانەکانی گەلی فەلەستین ناو لە توانای هێزی‌رەشی شەردا نی‌یە کە مل بە ئارەزووی گەلان بنەوێنێ • ئەمرۆ سەرکەوتن بۆ ئارەزووی گەلانە • ئەو ئارەزووەیش بریتی یە لەئاشتی لە کامەرانی لە نانو بەرگ لە خوێندن بۆ هەمو گەل لە ژیان بەهەمو مانایەکەوە جا ئەو گەلەی ئەو دەستکەوتانەی هەبێت بەگیانو بە هەمو هێزێکەوە بەرگری لێ‌دەکات • وە قوربانی گەورە لە رێگەیدا دەدات • ئەمرۆ هێز بەدەست چینی رەنجبەرو چەوساوەی گەلانەوەیە هەر ئەو چینەیشە مسئلەی پارێزگاری ئاشتیو خۆشو سوشیالیستی مەبەستیەتی وە بەدڵو بەگیان پارێزگاری لێ‌دەکات ئارەزوو هەتیوەکانی هیتلر ناتوانێت سەریان پێشۆڕ بکاتو ملیان بێ کەچ بکات ئارەزوو ئارەزووی گەلانە •

**عبدالقادر خلیل**

### ( هاوکاری )تان چۆن ئەوێ ؟

○

**خوێنەری بەڕێز :**

لە ٩-١-١٩٧٨دا ، **وەزارەتی ( هاوکاری ) مۆمی ژمارە نۆی ئەمەی لە دنیای رۆژنامەگەری کوردیدا دانەگیرسێنن ، وەك هەموو کات بۆ هەنگاوانان بەرەو پێشەوەو بەرەو پەرەپێدانی زیاتر پشتمان بە هاوکاری دۆستانەو پیشنیاری خوێنەرانی بەڕێز بەستووە ئەمجارەش ، وەلە جوارچێوەی ئەخشەیەکدا بۆ پەرەپێدانی چاکتری ( هاوکاری ) تکامان وایە وەلامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە :**

**- پێشنیارتان ( تێکرا ) بۆ پێشخستنی رۆژنامەکە چی‌یە ؟!**

**- بیروڕات بەرامبەر چۆنیەتی دابەش کردنی لاپەڕەکان بەپێی باس‌و نووسراوەکان چیەو بەلای تۆوە چۆن بێ چاکترە ؟**

**- پێشنیارت چیە بۆ کردنەوەی گۆشەی نوێ یان لاپەڕەی تایبەت بۆ ئەو کاروبارانەی بەلای تۆوە زیاتر شایانی بایەخ پێدانە ؟**

هیوادارین لە ئیستاوە هەتا کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم ـواتە ئەم مانگەـ وەلامەکانمان بێ‌بکاتو بەم ناونیشانە :

**بەغـدا - مەیدانی خەلانی - دەزگای رۆژنـــیری‌و بڵاوکردنەوەی کـــوردی - رۆژنامەی ( هاوکاری )**

**بغداد - شارع الجمهوریة - ساحة الخلانی - دار الثقافة والنشر الکـــردیة - جریدة ( هاوکاری )**

## وەزارەتی کارو کـاروباری « پاشماوە »

پەرەپیدانی ئابـــوری‌و کۆمەڵایەتی بەجێ دەگەیەنێت ئەمە مەســەلەی پەرەپیدانی یاساکانی کرێکاران دەکاتە ئامانجێکی جەوهـــەری بەشێوەیەکی وا لەگەڵ ئەوەدا بگونجێت کە رێکخراوی کاری عەرەب هەوڵی وەدی‌هێنانی بۆ ئەدات •

دوای ئەوە بەڕێز دکتـــۆر اکـــرم نشأت بەریوەبەری گشتی‌ی مەڵبەندی نەتـەوەیی لێکۆڵینەوەی کۆمـــەڵایەتی‌و جینائی لەلایەنی حکومەتەوە سەرۆکایەتی ســـیناریەکەی کردوە وبەڕێزان فؤاد العسکری ســـکرتێری رۆشنبیری‌و راگەیاندن لە یەکێتی گشتی‌ی نیقـــابەی کرێکارانـــدا نوینەرایەتی کرێکاران‌و بەڕێز هیثم الشیخ قادر نوینەرایەتی خاوەن کارەکانی کردوە •

دوای ئەوە لەو باســەیان کۆڵیوە کە لەلایەن بەڕێز جبار معن بەریوەبەری یەیمانگای لێکۆڵینەوەی یاسای کرێکاران لـــە دەزگای رۆشنبیریی کرێکارانەوە پێشکەش‌کرا بـو باسەکە بڕێتی‌یە لە بیـــرورا بنچینەیەکانی یاسای کارکردن لێکۆڵینەوەکە باسی تێگەیشتنی کارکردن‌و بنچینەی پەیوەندی کارکردنی‌شی کردۆتـــەوە لەکـــەرتی سۆشیالیستی‌و هەرەوەزکاری‌و تایبەتیـــدا لەگەڵ بناغەی مافی کارکردن‌و هەڵویستی یاسا بەرامبـــەر رێکخستنی نیقابی لەگـــەڵ هەڵویستی دانەری یاســـا بەرامبەر چینـــی کرێکارانی عەرەب •

## بیگن « پاشماوە »

چۆڵئـــەکاتو لـــەهەمان کاتیشدا زایۆنی دوژمـــن شەریتێکی ئەبێت لەعرێش لە باکورەوە دەستپێ ئەکـــات تاوەکو شرم الشـــیخ لەباشووری ســـیناداو ئەوشوێنانەی کە لە کەنـــاری رۆژئاوا زایۆنیەکان تیـــا نیشتەجێکراون هەرئەمێننەوەو زایۆنی دوژمن ئەیانپارێزێت• پێشنیارەکان بەهیچ شیوەیەك باسی کشانی دوژمـــن لەبەرزاییە داگیرکراوەکانـــی سوریا نەکردووە •

سەرچاوە ئەمەریـــکی‌و زایۆنیەکان رەفزیان کرد باسی چۆنیەتی ئەو وتوێژانە بکەن بەڵام مناحیم بیگن پێـــش دەستپێکردنی وتوێژەکـــان ئاشکرای کرد کە هەمـــوو شتێك بەشێوەیەکی رێکوپێك بەرێوە ئەڕوات • هەروەهـــا بیگن رایگەیاند کـــــە کاربەدەستانی رژێمە خۆبەدەستەوەدەرەکانی ناوچـــەی عەرەبی بەتەواوەتی باوەڕیان بەدەوری ئەمەریکا هێناوەو • پێخۆشحاڵی خۆی دەربـــری بۆ بەشداربوونی رژێمـــی سوریاو ئەردەن بەزووترین کات لە وتووێـــــژی خیانەتکارانەی نێوان رژێمـــی سادات‌و زایۆنی دوژمن‌دا •

لەلایەکی ترەوە لیژنـــەی یاسایی کە لە کۆبوونـــەوەی مینا هاوس - هاتۆتە کایەوە پێرێ شەو کۆبوونەوەیەکـــی سازکرد • سەرچـــاوە نزیکەکانی کۆبوونەوەکـــە شتێکی ئەوتۆیان دەربـــارەی باسەکانی کۆبوونەوەکـــە روونیان نەکردەوە ، تەنیـــا ووتیان کۆبوونەوەکە باســـی کێشە رۆتینیەکانی کـــردووەو لیژنەکە تا دوێنێ لەســـەر کۆبوونەوەکانی خۆی بەردەوام ئەبێت •

شایانی باسە لیژنەکـــە بریتیە لە مائیرروزیـــــن راوێژکاری یاســـــایی لەوەزارەتی دەرەوەی دوژمن‌و ئەندامی وەفدی زایۆنی لـــە کۆنگرەکەداو نبیل عەرەبـــی راوێژکار لە وەزارەتـــــی دەرەوەی رژێمی ســـادات‌و عبدالرۆوف ربیی بالیۆز لـــە وەزارەتـــــی دەرەوەی سادات‌دا •

## بەرەڵا کردنی « پاشماوە »

فرێنەرەکان ، کەوا دەزانرێ لە ئەنـــدامانی رێکخراوی نەپتی‌ی ( ئەیوکا - ب )ن ، هەڕەشەیان‌کردبوو کە ئەگەر حکوومەت داخوازیەکانیـــان نەهێنێتە جێ کە بریتیە لـــە بەخشینی گشتی‌ی هەمـــوو گیراوە سیاسیەکان کە سەربەم رێکخراوەن ، ئەوان اشیلوس کیریانۆ دەکوژن بـــەڵام حکوومەتی قوبروس گـــوێی نەدابوو بەم هەڕەشەیە •

جـــۆن کریستوفیدسی وەزیری دەرەوەی قـــوبروس ئاشکرای‌کرد کـــەوا اشیلوس بێ هیچ مـــەرجو شەرتێك بەردراوە ، پاش هەنـــدێ گفتوگۆی نەپتی لەگـــەڵ فرێنەرەکاندا لە جێگەیەك لـــە شاری لیماسۆل لە خواروی قوبروسدا •• هەروەهـــا بیگن رایگەیاند کـــــە کاربەدەستانی رژێمە خۆبەدەستەوەدەرەکانی ناوچـــەی عەرەبی بەتەواوەتی باوەڕیان بەدەوری ئەمەریکا هێناوەو • پێخۆشحاڵی خۆی دەربـــری بۆ بەشداربوونی رژێمـــی

## کۆرێکی فراوان « پاشماوە »

مامۆستا محمد صالح دیـــلان لێکۆڵینەوەیەك لەژێر ناوی « لەبیرەوەری بێکەســـدا » لەلایەن دڵشاد محمد ئەمینەوە خوێنرایەوە •• پاشـــان لێکۆڵینەوەیەکی تر دەربارەی بێکەس‌و ئەدەبی منداڵان لەلایەن محمد رشید فەتاحـــــەوە پێشکەش‌کرا • لەکۆتاییـــدا لەلایەن بنەماڵەی شـــاعیری ئەمرەوە خوشکە گەزیـــزە بارچەیەك شیعری شـــاعیرمان لەگەڵ چەند سوپاسنامە بـــۆ بەرێوەبەرێتی رۆشـــنبیری جەماوەران‌و یەکێتـــــی نووسەرانی کورد پێشکەش‌کرا مەروەها لە کۆڕەکەدا چـــەند سرودو شیعری بێکەسی ئەمر خوێندرایەوە •

## بەناوی ملیونەها « پاشماوە »

گەشەکردنی کۆمەڵگای عیراق‌و عەرەب بەگشتی •

کۆنگرەکەمان باســـی بارودۆخی ناوچەی عەرەبی‌و جیهانی‌کردووەو ستایشـــی هەڵوێستە نەگۆڕاوەکـــەی عیراقی کردووە بەرانبەر ئـــەو خەباتە کە ئەیـــکات دژی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزمـــی رەگەزپەرستدا

مەروەها هەڵوێســـتە بەشەرەفەکەی بەرانبـــەر مەسەلەی فەلەستین • ئێمـــە ئەوە بە هەل ئەزانین کـــە بەناوی ملیۆنەها کرێـــکار لەدەوڵەتە بەرهەم هێنـــەرو سوتێنەری نەوت لەگەڵتان ببین بۆ خەباتکردن لە پێنـــاوی خەباتی داد پەروەرانەی گەلی فەلەستین دژی زایۆنیزمـــی رەگەزپەرستو پشـــتگیری تەواومان لەگەڵ هەمـــوو جوولانە ئازادیخوازەکـــانی جیهان دژی ئیمپریالیـــزم‌و رەگەزپەرستی‌و دووبەرەکیەتی لەجیهاندا •

لە کۆتاییدا خۆمان بـــە بەختیار ئەزانین کـــــە گەرمترین پیروزبـــایی ئاراستەتان بکەین بۆ ئـــەو خزمەتو میوانداریە کـــە وڵاتەکەتان بۆ ئێمەی نواندو داوای خۆشی‌و شادی بـــۆ گەلە تێکۆشەرەکەتـــانو پێشکەوتن‌و گەشەسەندنـــی ئەکەین بۆ بەرەو پێشـــەوە چوون •

## ئاڵۆزبونی باری « پاشماوە »

کاربکەن واتە لەپێنـــاوی بەرژەوەندی‌و ســـوودی سەرمایەدارەکان چاو لـــە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیـــان بپۆش •

رۆژنامەکە زیاتر ئەڵـــێ سەرژمێریە میری‌یەکـــان پیشانیان داوە لە مـــاوەی نیوەی یەکەمی ئەمســـاڵدا ١ر٦ ملیون بێکار لـــــە زیادبوونەدایەو کۆمپانیاکـــان ماوەی کارکردنی ٣ ملیـــون کرێکاریان کەم کردۆتـــەوە بەم رەفتارە نابەســـندەش نیوەی رۆژانەکانیـــــان لێ‌بڕیون • بێجگە لەوەی کـــە نرخی شتومەك لەئەیلـــولی ئەمساڵدا بـــەرادەی ٢٠٪ بەرزبۆتەوە لەچاو ســـاڵانـــی پێشوەوە •

بێجگە لە رۆژنامەی ناوبراو « جورجیـــو لامالنـــا » بەرپرسیاری دەزگای ئابووری بارتی کۆماری ئیتالیـــا ئاشکرای کردووە هیـــچ • روناکیـــەك بەدی ناکات ئومێدی چاکبوونەوەی ئـــەم وەزعە ئاڵۆزەی لێـــــزە دیاربێت • بەو بەڵگەیەی گشت ئەو هەوڵانەی بۆ چارەســەرکردنی باری ئابووری دراون نەیانتوانیوە رێگایەك بـــۆ چارکردنی مەسەلەی گرانـــی‌و پاشکەوتکردن بدۆزنەوە •

لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت هەتا حاڵ وابڕوات کرێکاران ونەقابەکانیان بەردەوام دەبن لە رێکخستنی خۆپێشاندانی فراوان ئەوە بو ٨ ملیـــون کرێکاری میکانیکی و چنیـــن‌و خواردەمـــەنی بـــو ٢٤ سەعاتمانیـــان گرت دژی سیاسەتی ئابوری حکومـــەت هەتا ئەو رۆژەی حکوومـــەتو کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان ناچـــار دەبن داخوازی‌یەکانیـــان جێ‌بەجێ بکەن •

## ئافرەتی کورد « پاشماوە »

دڵسۆزو دڵنەواشن ، زۆر جار لە پیاو زیاتر کار ئەکـــەن • ئافرەتی کورد بەجـــوانی‌و ڕوکراوەییەوە ناسراون ، ئەو ڕەنگانەیان خۆش ئەوێت کـــە لەگەڵ جوانی ناوچـــــەو شاخەکاندا ئەگونجێن •

سروشتی کوردستان لـــە سەر ژیانی خەڵکی ناوچەکـــەو خۆشەویستان بۆ ئـــــەو رەنگ‌و رۆخسارە شیرینەیە ، کە بە خۆشی‌و گۆرانی ئەیبەنە سەر ، ئافرەتی کورد شان بە شانی پیاو هەموو جـــۆرە هەڵپەرکی‌یەك ئەکا ، لـــــە زوربەی ئـــــەو خۆشی‌و ئاهەنگانەدا بەشداری ئەکات ، ئەمەش ئـــەو ڕوە کـــراوە کۆمەڵایەتیە ئەخاتە ڕو کـــە لە سەدان ساڵەوە ماوەتە •

ئێنجا لە وەڵامیکا دەربارەی ئەنگ‌وچەڵەمەو گیروگرفتـــی ئافرەتانی کورد :

وتی : ناخۆشـــــی‌و گیروگرفت‌و ئەنگ‌وچەڵەمـــەی ئافرەتانی کورد هیچی لـــە گیروگرفتی ئافرەتانی جیهانی سێیەم کەمترنیە • هیچی لە ئاوەنـــدو خواروی عیراقیش جیاتر نیە کە ڕو بەڕوی هەمان ئەنگ‌و چەڵەمەی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و نەریت ئەبنـــەوە •

بەڵام گرنگترین گیروگرفتی ئافرەتی کورد ئێـــــستا ، ئەماشاکردنی پیاوە ، کە بـــە ڕویەکی ئەسکەوە ئەماشـــای ئافرەت ئـــەکەن ، ئەمـــەش یەکێکە لەو گۆڕانانەی کـــە یەکێتی ئەیـــەوێ بیکۆڕێ • شۆڕشی ١٧ی ئەموز ، گەلی ئاسۆی فراوانی لەبـــەر دەم کارکردنی ئافرەتا ئەخشانوە ، کە لە زۆر بواری نوێدا کـــار ئەکەن ئەمەش تا ڕادەیەك لەو روانینە ئەگۆڕێ کە پیاو پـــێ ئەڕوانێ ئەوەی ئەو راستیە زیاتر ئەسەلمێنی ئافرەت وەك سەرکردەیەکی لادێ بـــۆ یەکەم جار کار ئەکا ، بۆ ماوەی دوو هەفتە زیاتر لەکـــەس‌و کاری دور ئەکەوێتەوە • بـــۆ کاری پرۆڤانەو خزمـــەت گوزاری • ئەمەو زۆر کاری‌تر کە ئافـــرەت پێ‌وەی خەریکە کەوا لە پیاو ئەکا ڕێزی خۆی‌و ئەو کارکردنەی بگرێ •

## ئەرجنتین پاڵەوانی «پاشماوە»

ئورگوای بۆ جـــاری دووەم پلەی یەکەمی وەدەس هینا ، وە ئەڵمانیای ڕۆژئـــــاوا پاڵەوانیتی ســـاڵی (١٩٥٤) بۆ یەکەم جار وەدەس هێنـــا کە وڵاتی سویســـــرا ڕێکی‌خستبو ، وە پاڵەوانیتی ساڵی (١٩٥٨) کە وڵاتـــی سوید ڕێکی‌خستبو بەرازیـــل پلەی یەکەمی ئەو ســـاڵەی وەدەس هێنا •

وە پاڵەوانیتی ســـاڵی (١٩٦٢) کە شیلی ڕێکی‌خستبو دووبارە بەرازیل پلەی یەکەمی ئەو ساڵەشی‌وە دەس هینا • وە ساڵی (١٩٦٦) انگلترا بۆ یەکەم جار پلەی یەکەمـــی وە دەس هینا کە خـــۆی دەورەکەی ڕێك‌خســـتبو • وە ساڵی (١٩٧٠) بەرازیل بـــۆ جاری سێیەم پلەی یەکەمی وەرگرت لە پاڵەوانیتـــی یاریەکانی تۆپی‌پێی جیهانـــی وە کاسی ئاڵتونی وەرگرت کە مەکسیك ڕێکی خســـتبو ، وە دوا پاڵەوانیتی کە لـــــە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕێك خـــرا ئەڵمانیا پلەی یەکەمی تیـــدا وەدەس هینا • وە ئیستا لـــە هەمو جیهاندا (١٦) تیـــی وەرزشی ماونەتەوە بـــۆ بەشداربون لە پاڵەوانیتـــی ساڵی (١٩٧٨) و تیپەکانیش بریتین لەم وڵاتانە :

ئەرجەنتین - ئەڵمانیـــای ڕۆژئاوا - هۆڵەنـــدا - پولندا - بەرازیل - ئیتالیا - اسکتلندا - سوید - هنگاریا - فەرەنسا - اسپانیا - ئەمسا - مەکسیك - پیرۆ - ایـــران - و تونس •

## وشەی ڕۆژان « پاشماوە »

بەشێکی ڕەســـەنی بناغەی ووشەیەو ، ئەویان پاشـــگرەو بە ووشەوە لکاوە • بۆیە نابێت بەراوردیان لەنیواندا بکرێت•

٦ - لـــە بەراوێزی لاپەڕە ( ٧٨ )دا هاتوە :

( ( ەوە وە ) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووداا پاشـــگرە ، بەڵام بێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەم ( ەوە وە )یە لە کرمانجی ژوورووداا خـــۆی وەك پێشگر دەنوێنێ ) •

● بێگومان نەك تەنیـــا پێشگرە ، بەڵکو پاشگریشە - مەروەکو باسکرا •

٧ - لـــە لاپەڕە ( ٨٩ )دا هاتوە • کـــە ( بڵێ ) ڕەگی کرداڕە ، کەچی لامواید ( لێ ) ڕەگی کرداڕەو ( ب )ەکـــە نیشانەی فرمانی داخوازی‌یە •

بەرلەوەی ئـــەم نووسینە بەدوایی‌بێنم دەمەوەی بـــە خوێنەرە بەڕێزەکان بگەیـــەنم کە مامۆستای بەڕێز د• حاجی مارف سوودی لـــە ( ٥٠ ) سەرجاوەی کـــوردی‌و عەرەبی‌و ڕۆسی‌و ئینگلیزی وەرگرتوە کە نیشانەی ئەرك‌و ماندووبوونەوەیەتی‌و جێگای سوپاسە •

لە دوایی‌دا سوپاس‌و ڕێزم بۆ دانەری بەڕێزو گشـــت خوێنەران پێشکەش‌دەکەم •

## گیروگرفتی « پاشماوە »

بکێڵرین‌و بوکشـــت وکال کەلکیان لـــێ وەربگیری • ( ئیدوار ســـوما ) مودیری ریکخراوی خواردەمەنی جیهانی لەسەر ئەوباوە ڕەیە کە ئەگەر نیتوێکی ئەم خەلکەی لـــــە ئاسایش‌و تێـــرو تەسەلی‌دا دەژین دەست لە خۆبەرستی‌و لووت‌بـــەرزی هەڵبـــگرن بەهاسانی دەکرێ بەسەر دیوە زەی برســـــتیدا زاڵبن • بۆنمونە ئەگەر ئەمریکایی‌یەکان توزێك کەمتر خواردن بدەن بە ســـەگ‌و پشیلەکانیان ، دەتوانن میلیۆنها کەسی برسی تێر بکەن • ئەگەر وڵاتـــانی دەوڵەمەند هیندێ لەداهـــاتی زۆریان بـــۆ دابین کردنی خواردەمـــەنی بۆبرسیەکان وەکاربخەن ، دیسان میلیۆنها کەسی لەبرســـیەتی ڕزگار دەبن • ناوبراو لەســـەر ئەوباوەڕەیە باشترین ڕێـــگای خەبات دژی برسیەتی پێـــك هێنانی دەوڵەتێکی جیهانیە بۆ دابەش‌کردنی خواردەمـــەنی کەبتوانێ خواردەمەنی بـــۆ ناوچەکانی برسی لـــــە عەمبارەکاندا کـــۆبکاتەوە •• عەتا ئەوکاتەی کە ئـــەو دەوڵەتەش پێك دێ وڵاتەکانی دەوڵەمـــــەند ، یارمـــەتی خواردەمەنی بەوڵاتـــــانی فەقیر بکەن •

دیارە مرۆڤ ناتـــوانێ ببروباوەڕی « ئیدوار سوما » وەك جاری بنەڕەتی مەســەلەی برسیەتی بەتەواوی بەســـند بکا • مەسەلەی برســـیەتی‌و کەمبـــوونی خواردەمەنی بێویســـتە لـــــە باری ســـیاسی ئابـــووری - کومەڵایەتی وڵاتانی جیهانـــدا سەیر بکرێ • لەم وڵاتانەدا کە تـــازە لەچنگ ئیستعمار ڕزگاریان بوەو نەیانتوانیوەو یابۆیان نەکراوە لـــە شێوەی پیوەندیەکانی بەرهـــەمی سەرمایەداری خورزگارکـــەن وچەوسانەوەی مرۆڤ دریژەی هەیە ، برسیەتی بەردەوامـــەو لەم وڵاتانـــەدا لەچوارچێوەی ڕیژیـــی سەرمایەداری‌دا ناتوانن مەسەلەی برســـیەتی چارەکەن •

زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتانە واتە وڵاتـــانی خەریك بووژانەوە یابـــەرە ئەستێن • کەزوربەی دانیشـــتوانی وڵات پێك دێنن ، بەدوو قـــات دەچەوسێزێنەوە • جارێـــك وەك ئەتەوەو ووڵات لەلایـــەن دەوڵـــەتە ئیمپریالیستەکان‌و مۆنۆپۆلەکانی جیهانیـــــەوە دەچەوسێزێنەوەو جارێکیش بورژوازی خژوڵاتی دەیـــان چەوسێنێتەوە •

سەنعەت‌و کشت‌و کال لەم وڵاتانـــــەدا ئەوەنـــدەی بەرەنەگرتوە کە بتوانێ بەشی وڵاتەکەی خـــۆی خواردەمەنی بەرهەم‌بێنی • دەوڵەتـــــە ئیمپریالیستەکانیش بۆ ئەوەی بازاری خۆیان کەساد نەبی‌و زێدە بەرهـــەمی کشت‌و کال بفرۆشن ناهێڵین ئەم وڵاتانە بگەنە ئەم بڕەیە کە بژیـــوی خۆیان دابین بکەن •

تا قەریـــگای ڕزگاری لەبرسیەتی بۆوڵاتانی بـــەرە ئەستێن هەڵبژاردنی ڕێـــگای سۆشیالیزمە کـــە لەرێزیمی سۆشیالیستی راســـتەقینەدا نەچەوسانەوە هەیـــــەو نەبرسیەتی خەڵك •

## هەڵبژاردنی گشتی «پاشماوە»

خۆپاڵاوتن‌و هەڵبـــژاردن‌دەرکردوە کە بریتین لـــــە بنچینەو رێگای چۆنیـــــەتی‌خۆپاڵاوتن‌و هەڵبژاردن ، لـــە هەمان‌کات‌دا ئـــــەرکەکانی‌لیژنەی پاڵاوتنی دیاری‌کـــردوە لەگەڵ هەمو ئەو لیژنانەدا کەچاودێری‌و سەرپەرشـــتی هەڵبژاردنەکە دەکەن •

## بۆ زانـــین

### فرۆشتنی خانوێك

دائرەی راپەراندنی سلیمانی ئەیەوێ پارچـــە زەوی ژمارە ٤٤-٨٣٩ لەناوچەی ژمارەیەکی مەڵکەندی دەباشـــان بفرۆشێ کە هینی قەرزار محمـــــد صالح علی‌یە ئەوەیش لەسەرداوای خاوەن‌قەرز مەڵاڵە رشید ئادەمە کە مەبلەغی ١٤١٩ر٠٨٠ دیناری لایەتی • ئیتر ئەو کەسەی ئەیەوێ بیکرێ لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بەیانەوە سەر لە سەرۆکایەتی راپەراندنی سلیمانی بداتو متمانەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێ •

خانوەکە بریتیەلە ٣ ژورو هەیوانێك‌و حەوشـــەو مشتملات‌و ڕوبەرەکەی ٢٠٠م٢ بەنرخی ٢٢٥٠ دینـــار دانراوە •

**حسین احمد صالح**
**مامووری راپەراندنی سلیمانی**

## کوردستان دەربارەی:

# دیانی کۆچەری لە کوردستاندا

### گرفتی هەفتە

برادەر نوری مستەفا مەعروف نامەیەکی بۆ ناردوین تیایدا باسی نرخی ئۆتۆمبیلی نێوان ڕێگای سلیمانی وبەغداد ئەکات ، گوایە لە ڕۆژانی هەینیو پشوو پێش جەژنو دوای جەژن ئۆتۆمبیلەکان لە ترسی ئەوەی دەرگاو شوێنی نەشکێ نایەنە گۆڕەپانی نقلیاتی گشتیەوە تا وەکو نەفەر هەلکرن ٠٠ بەلام بە پێچەوانەوە ئەم خۆمە لاسدانەی ئۆتۆمبیلە ١٨ کەسیەکان ، بۆ ئەوەیە پارەی زیاد لە نەفەر وەرگرن کە نرخی دانراوی خۆیان (٧٠٠) حەوسەد فلسە ، بەلام ئەوان دیناری وەرئەگرن ، جگە لەوەش لە بری ١٨ کەس ٢٢ کەسی تێ ئەخانن ٠

جا ئێمەش داوا لە نقابەی کارگوزاری شوفێرەکانی سلیمانی ئەکەین کە چاوێک بەم لایەنەدا بخشێنێو چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن کە پەیوەندی هەیە بە هاوولاتیانەوە ٠

**وەك لە کۆنەوە زانراوە ،ناوچەکە کوردنشینەکان کراون بە چەند هۆزێکەوە کە فەرمان ڕەوایی بنەماڵەو خۆیانیان کردوە ، کە بارییدەسەلاتدارێتی بۆتە هۆی بێ بەشکردنی زۆر لەوهۆزانە لە زانیاریو کۆمەلایەتیو خوێندەواری ٠**

کۆچەرەکان لە کوردستانداشوێنێکیتری کوردستان ، دوو بەشن ، بەشی یەکەمیان ڕەوەندن کە بە خێوکردنی مەڕوماڵاتو ئاژەڵ لەوەڕاندنەوە خەریکن ، بە دوای ئەم کارەیاندا گەرمیانو کوێستان ئەکەن ٠

بەشی دووەمیان قەرەجەو دۆمن ، ئەمانیش خەریکی کۆچ بارین لە شوێنێکەوە بۆ قەرەجەکان زوربەیان دەرۆزەئەکەن ، بەلام دۆمەکان خەریکی کاسبیو ئاڵوگۆڕو شت دروست کردنن ٠

لێرەدا ئەتوانین دەربارەی ژیانی ڕەوەندەکان بڵێین کە لە هۆزەکانی هەرکی ، خەیلانی ، هەرووتی ، ئاکوو بیلباسو بۆریو بابۆری پێکهاتوون تا ڕادەیەك جیاوازە لەگەل ژیانی کۆچەرەکان کە پڕە لە ئازارو ئەندێشە کە بە هۆی باو بارانی بەهاران‌و کوێستانگەریو سەرمای زستانو ژیانی ژێر ڕەشماڵەکانیانەوە دوچاری ئەبن ٠ هەر ماڵێك ڕەشماڵی تایبەتی خۆی هەیە ، کە لە موی بزن دروستی ئەکەن ، شەوان تیا ئەخەونو ئاگری تیا ئەگەنەوە ، هەرچی پیاوی ڕەوەندەیەکانە خەریکی کۆچو باربارکردنو پاسەوانی ئاژەڵو مەڕوماڵانن ٠ بەلام ئافرەتەکانیان بە زۆربەی کارەکانیتری ناوماڵەوە خەریکنو زۆر جاریش کاری بیاو ئەکەن ٠ بەرهەمی مەڕوبزنەکانیشیان ئامادە ئەکەن بۆ فرۆشتن وەك ژاژیو پەنیرو شیرو ماست جلوبەرگی هەندێ لەو هۆزانە وەك یەك وان وەك هەرکیو خەیلانیو هەر ووتی کە پیاوکانیان ڕانکو چۆغەلی دەلینگ لەبەر ئەکەن ، پشتێنی توند ئەبەستن ٠ ئافرەتەکانیشیان وەك یەك لەبەر ئەکەن ، کە بریتیە لە کراسی بەرینو درێژ ، چارۆگەی نەخشاو چنراو بە ئاورشم ، سەریان ئەبەستن ، گەل پۆشیەکەی گوولینگەی ڕەنگاو ڕەنگ ٠ ئافرەتی ڕەوەندە بە دەم ڕێیشتنەوە خەریکی گۆرەوی چنین ، کە نیشانەی چوستیو لێهاتویانە وەك باوە لە ناویاندا ئافرەتیان هەر بە منالی ئەدەن بەشو ، یان بەپارە ئەیفرۆشن بە پێریکی لەکەلك کەوتوو ٠

جلوبەرگی کۆچەرەکانی ئاکۆوبۆریو بابۆریو بلباسی ، لەجلو بەرگی ناوچەی قەلادزیو ڕانیە ئەچێ ، بەلام بەرگی ئافرەتیان جیایە کە کراسێکی درێژ لەبەر ئەکەن لەدواوە داوێنەکانی ئەخەنە بەسەر پشتێنەکانیان ٠

ڕەوەندەکان زۆر جار لە سەر هەندێ شتی بێ بایەخ شەڕیان ئەبێت وەك شەڕە سەگو شەڕی منال ، کە ئەگاتە ڕادەی لە یەکتری کوشتن ئەگەر بەوردی سەیری ژیانی قەرەجو دۆمە کوردەکان بکەین وەك لەسەرەتاوە باسمان کرد ، دۆمەکان بە ڕەنجی شانی خۆیان خۆیان ئەژێنن ، لەبەر ئەوە لە کوێ کاریان ڕەوابێ لەو شوێنە ئەمێنەوە بە پێی پێویستی ئەو دێهاتانەش کەلوپەل دروست ئەکەن ، لە داسو گاسنو چەقۆو شتی تریش وەك دارتاشی ، کە ئافرەتەکانیان بە کول ئەیبەن بۆ گوندەکانو ئەیفرۆشن ٠ سەرەڕای ئەو بارە ناڵە بارەی تیایدا ئەژین پیاوی وایان هەیە چوار ژنی هەیە ، کچ بە منداڵی ئەدەن بەشو زۆر جار لە سەر شتی سەیر شەڕ ئەکەن ، کە نیشانەی نەزانیو نەخوێندەواری ودواکەوتویی کۆمەلایەتیانە ٠

قەرەجەکانیش هەر وەها گەرمیانو کوێستان ئەکەن ، ئەو کارانەی پێوەی خەریکن دەرۆزەیە ، بەلام بە زۆری ئافرەتەکانیان ، پیاوەکانیشیان خەریکی ئاڵوگۆڕ کردنی گوێ درێژن ، منداڵەکانیان بەلاو ئەکەنەوە دەست لە خەڵکی پان ئەکەنەوە ٠٠ ڕەوشتو ژیانی کۆمەلایەتی قەرەج هیچی لە ژیانی کۆچەرییەکانیتر کەمتر نییە لە ڕوی نەخوێندەواریو نەزانینو دواکەوتنەوە ٠

### ڕێ‌ڕەو

کارووبارەکانمان لەمشوێنەداو لەهەموو عیراقدا لەبنەڕەتی ئەو باریسەرنجەوەیە کە دەربارەی مەسەلەی برایەتیەك ئەمانەوێ هەتاهەتایی‌بێ نەك برایەتیەك شایانی جیابوونەوەبێ برایەتیەك لەیەك نیشتماندا هەتاهەتایە ٠

**هاوری صدام حسین**

### تیپی هونەرە نوێکانی کورد

لە وەرزی ڕۆشنبیری خۆیدا ، تیپی هونەرە نوێکانی کورد کۆڕێك لەژێر سەرناوی ( ڕێبازە فیکریەکانی نێو ڕۆشنبیریو هونەری کوردی ) ڕۆژی سێ شەممەی ٢٠-١٢-١٩٧٧ و لە هۆلی نەقابەی کرێکارانی هەولێرو لەلایەن سەدون یونسی هونەرمەندەوە پێشکەش ئەکات ٠ هەموو کەسێ ئەتوانێ ئامادەبێت ٠

## ئەرجەنتین وپاڵەوانیەتی یاریەکانی تۆپی پێی جیهانی

یاریە کۆتایەکانی کاسی تۆپی‌پێی جیهانی کە بە هەر چوار ساڵ جارێك ئەکرێ ، ئەم جارە لە تەموزی ساڵی ١٩٧٨دا لە ئەرجەنتین ڕێکئەخرێ بە بەشداری ١٦ وڵات ٠ وە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر سەرۆکی یەکێتی تۆپی‌پێی جیهان ( خواها فلانجە ) بەسەردان چوە بۆ پایتەختی ئەرجەنتین وە گرنگی لە سەردانەکەیدا ئەوە بو کە چوە ، بۆ چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفت کە پەیوەندی بەڕێکخستنی یاریەکانەوە هەیە ٠ وە پێخۆشحالی خۆی پیشان ئەدات کە وڵاتی ئەرجەنتینی ئەرکی پاڵەوانیتی دەورەکەیان گرتۆتە ئەستۆ ٠

وە خواها فلانجە رای گەیاندوە دەستکەوتی یاریەکانی ساڵی ( ١٩٧٤ ) کە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕێکیخستبو گەیشتە (٢٣) ملیون دولار ٠

وە لەو بڕوایەشدایە دەستکەوتی یاریەکانی ئەمجارە کە لە ئەرجەنتین دەس پێئەکات ئەگاتە ٣٢ ملیون دولار ٠

وە پاڵەوانیتی ئەمجارە یانزەهەمین دەورە ئەبێت لە جیهاندااوە سەرەتای دەستپێکردنی یاریەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٠) کە لە ئورگوای ڕێکخرا وهەر ئورگوایش بوپلەی یەکەمی تیدا وەدەس هینا ٠

وە پاڵەوانیتی ساڵی (١٩٣٤) ئیتالیا پلەی یەکەمی تیدا وەدەس هینا کە لە ئیتالیا ڕێکخرا بو ٠

وە پاڵەدانیتی ساڵی ١٩٣٨ کە فەرەنساڕێکی خستبو دووبارە ئیتالیا پلەی یەکەمی تیدا وەرگرت ٠ وە پاڵەوانیتی ساڵانی (١٩٤٢ و١٩٤٦) ڕێك ئەخرا بەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕی جیهانی دووەمەوە ٠

وە لە ساڵی (١٩٥٠) دا پاڵەوانیەتیەکە بەرازیل ڕێکیخست وە وڵاتی

**شیروان محمد رشید**

بروانە - ل ٧

### هەرجارەی نووسینێك

ئەمن وای بۆ دەچم ، کەچۆن شیعرو چیرۆك نووسین هونەرە ، خوێندنەوەشیان هەربەو جۆرە هونەرێکە بۆ خۆی ! کە دەشڵێین ( هونەری‌دەربڕین ) مەبەستمان لە خوێندنەوەی ڕەوانو دەنگبەرزکردنەوە نیە ، بەڵکو لە توانەوەی ( شاعیر ، یاخودچیرۆك نووس )ە لە ناو وشەو وێنەکانی بەرهەمەکەی ، کەبەڕای من لە بەرهەمەکە خۆیدا کەمتر نیە ٠

هەڵبەتە ( توانەوە )ش پڕبە مانای وشەوە ! نەك دەست ڕاوەشاندنو خۆشیلوکردنێکی بێهودە !!

کە گۆرانیبێژێ دەگاتەترۆپکی سەرکەوتن ئایا بە هۆی هۆنراوەی گۆرانیەکەیەتی‌یا ئاوازەکەی ؟

وا دەزانم ئەمە شتێك نیەشاراوە بێت کە لە پلەی بەرایێدا چۆنیەتی دەربڕینوتوانەوەی زیرەکانەی گۆرانیبێژەکە لە گەردوونەی‌وشەکاندا دێت ، ئینجا شیعرو ئاواز ٠

کە قوتابێ ،یا مامۆستایێ ،یاخود نووسەرێ ، فەرمانبەرێ یەك دوو سەعات لە کاتی :خۆیدا دەچوێنێ بۆ دیدەنی کۆڕێکی شیعری یاخود چیرۆکخوێندنەوە ، تەنها بۆ ئەوە نییە کە بەرهەمەکە وەکو ئەوەی کە نووسراوە ، بە هەمان فاڵبو شێوە جارێکی‌تریبیسینتەوە بەڵکو زیاتر لەبەر هەڵسوکەوتی شاعیرەکەخۆیدایە دەبەرابەر وشەو وێنە شیعرییەکانیدا ، کە ئەمەش‌لە کارامەیی دەربڕیندا دەردەکەوێتو سەرنجی گوێگر ڕادەکێشێت ٠

با ئێستا بەچەشنێکی دیکەبیر لە مەسەلەکە بکەینەوە ، داخۆ ئێوەش ئەوە بە نارەوانازانن کە وشەی ( ژان ) بە وێنەی وشەی ( زەردەخەنە )مامەڵەی دەگەل بکرێت ؟ ئەمن وای دەبینم کە شاعیروشەیەکی وەکو وشەی ( ژان ) دەخوێنێتەوە دەبێ بزانێت کەچۆن هاتوەو دەقەبەری چ جوولەو هیمایەکی بکات کەبتوانێ دەستی گوێگریان پێبگرێتو هێمن ، هێمن ڕوەوناسۆی شیعرەکەیدا بیانبات ، هەر بەو جۆرەش کاتێك‌ڕووبەڕووی وشەی ( زەردەخەنە ) دەبێتەوە( لەخوێندنەوەدا ) دەبێت ئەوە بزانێ کە بە چ ( تەبەقەیەکی‌دەنگی ) ، دەچێتە جیهانی ئەم وشە ئەفسوناویە ٠

گۆرانبێژیش بەمەمان‌پێودانگ ، لە سەریەتی کە بەتەواوی بچێتە دونیای‌شیعری گۆرانیەکەی ، نەك وەکو بەرد لەبەردەم میکرۆفۆنو کامیرادا بوەستێتو ئارەقەی ڕەش‌و شین بکات‌وسەرەتاو کۆتایی شیعرەکەیشی لێون بێت !! بەداخەوەشم کەدەڵێم هەندێك ( یا بۆچی وەلا زۆربەی ) گۆرانبێژەکانمان‌بەو جۆرەن ، کاتێکیش لێیان دەپرسی بیانو بەوە دەگرن کەگوایە گۆرانیەکە دۆبلاج کراوە ٠٠ بەلام بەرای من ئەوەمەنجەت نیە ، چونکە ئەوەی نەتوانێ دەگەل گۆرانیەکەی‌خۆیدا ، دەڵێم ئەوەی نەتوانێ دەگەل جگەر گۆشەکەی خۆیدابژی ، ناشتوانێ جێژو سوود لە گۆرانی‌تر وەربگرێت ، ئاخردەربڕینیش هونەرە ، هەموو مان بەش بەحالی خۆمان ( جاچ لە تەلەفیزیۆندا بێت یاخود سینما یا بەچاو) هونەرمەندانی‌بەتواناو لێهاتووی وڵاتانمان دیوە کە بە چ جۆرێك تێکەڵی‌گۆرانیەکانیان دەبێو دەگەل هەر وشەیەکیدا دەمرنودەژێینەوە ٠ بەم جۆرە لە ( گۆڕو ئاهەنگ )دا ( شیعر )یاخود ( چیرۆك ) یا ( گۆرانی ) چیان پێوە دەمێنێو چ هەستێك‌دەبزوێنن ئەگەر بەجۆرێك دەرنەبڕێنو نەخوێندرێنەوە کەپڕ بەپێستی جیهانەکانیان بێت ٠

**● نەژاد عزیز سورمێ ●**

## وێنەودەنگ

سەرەتای بڕانەوەی زستان ٠٠ لەو ڕۆژانەی خۆر بە دەرەوە دەبێ ، مامۆستای دێ قوتابیەکانی لە چوار دیواری پۆلدا ئاهێڵێتەوە ٠٠ دەیانباتە بەر هەتاوو لەم دەشتەدا بەریز دایاندەنێ ٠٠ بەتایبەتیش لە دەرزی خوێندەوەو دارشتندا ٠

لە قوتابیە بچکۆلانەکەم پرسی کە ئەم وێنەیەی بۆ هێنام ناوت چیە ؟

وتی : ئازاد ٠

وتی : ئەی ئەمە چیە بەدەستەوە ؟

وتی : ئەمە وێنەی قوتابیەکانی پۆلی خۆمانە کە ئەو ڕۆژە مامۆستاکەمان بۆی گرتینو ئێستاکە هێناومە لە ڕۆژنامەدا بڵاوی بکەمەوە ٠

وتم : باشە ئازاد گیان ، ئەتۆ دەتوانی ڕۆژنامە بخوێنیتەوە ؟

وتی : ئەی چۆن ، هەموو جارێ سمایلی کاکم کە دەگەڕێتەوە دێ کۆمەڵێك ڕۆژنامەو گۆڤارم بۆ دەهێنێ ، منیش کە لە خوێندنەوەی دەرزمکانمدا دەبمەوە هەمویان دەخوێنمە ٠٠

وتم : بۆ چی سمایلی کاکت چ کارەیە ؟

وتی : کریکاری کارگەیە ، لە شار ئیش دەکات ٠

وتم : باشە کاکە ئازاد تۆ لەباشە ڕۆژدا دەتەوێ بیی بەچی ؟

وتی : دەمەوێ بیم بە مامۆستا ، ئەو ڕۆژە کە مامۆستاکەشمان لێی‌پرسین ، هەر وام پێ‌گوت ٠

دیار بوو تا دەهات گفتوگۆیەکەمان خۆشترو درێژ خایەنتر دەبوو ، ئاگام لێ بوو ( ئازاد ) یش درەنگی بوو بۆیە منیش لە کورتی بڕیمەوەو خوداحافیزیمان لە یەکتری کرد بەهیوای ئەوەی کە لە گۆندەکەیاندا سەردانێکی بکەمو ئەو ژمارەیەی ـ هاوکاری ـ یشی لەگەل خۆمدا بۆ بەرم کە ئەم وێنەیەی تێدا بڵاو دەبێتەوە ٠

## ئەم کاتەت باش

- ناوم برهان صالح ڕەباتیە ساڵی ١٩٤٧دا هاتومەتە دنیاوە ٠ تا پۆلی یەکەمی ناوەندیم لەشاری کەرکوك خوێندوە ، لەبەر بێدەرامەتی وازم لەخوێندن هێنا ، ئێستا لە سەیدصادق دائەنیشم لەبری بێئیشی خەریکی پاڵ نانم بەم عەرەبانە بچکۆلەیەوە لوقمەقازی ئەفرۆشم ٠

**● خولیاو ئارەزوی هونەریت لەگەل کەماندا چۆن پەیداکرد ٠٠**

- ئەوەی ڕاستبێت لەمنالیەوە تامەزرۆی موسیقابووم ، بەتایبەتی ساڵانی ٩٥٤ ڕادیۆی بەغدا گۆشەیەکی گاڵتەوگەپی هەبوو ، کە بەناڵەتی موسیقا لاسایی زۆر شتیان ئەکردوە ، ئەو گۆشەیە زیاتر سەرنجی ڕاکێشام بۆ موسیقا ٠

**● حەز لەچ ئاڵەتی ئەکەیتو لەکەیەوە ٠**

- کەمان ٠٠ زۆریش ٠٠ وەك ووتم لەمنالیەوە بەلام ساڵی ٩٧٦ گرتمبەدەستەوە ٠

**● هیچی لێ‌ئەزانی**

- سەروگوێی ئەشکێنم ٠

**● کێ مەشقی پێکردویت**

- مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی ٠٠ هەندێ نوتەش فێربووم ٠

**● موسیقا ٠٠ هیچ لە کاسبیت دواناخات ٠**

- نەخێر کە لەئیش بومەوە بۆ خۆم خەریکی موسیقا ئەبم ٠٠

**● باشە موسیقا چیئەگەیەنێ ؟**

- بەرای‌من لەژیانی خۆمدا زۆر گرنگە ، موسیقازمانی گەلانە ، تەنانەت لەبواری ئابوریشدا موسیقا کەلکی هەیە ، وەك تاقیکراوەتەوە هەندێ مانگا لەکاتی دۆشینا ئەگەر گوێیان لەئاوازێك نەبێ بەتەواوی شیرنادەن٠ موسیقا سارێژکەری نەخۆشی دەرونە ٠

**● ئاواتت بە دوارۆژی موسیقا چیە ؟**

- وەك خۆم ئاواتە کتێبی ڕۆڵاند تەواو بکەم ، بتوانم بیمە ئاوازدانەرێکی کورد ، موسیقاش فێری منالانی کوردبکەم ، بەبێ کەمتەرخەمی ٠٠ موسیقای‌تر فێریم وەك « ئۆرگونی ئەلکترونی » ، ئاواتە خوازیشم کە موسیقای ڕەسەنی کوردی دواڕۆژێکی ڕوناکی بێتو ئێمەش بەپێی توانا لەم ڕووەوە کەمتەرخەمی نەکەین ٠

### ڕشتەی هەڵبژاردە

**هێشتا منداڵەو ٠٠٠**

ئەلفیرا سبرنج کە تەمەنی چلو یەك ساڵەو ژنێکی ئورووپاویە ، پیش چەند ڕۆژێك هەشتەمین منداڵی بوبو ٠٠ ڕۆژنامە نووسەکان داوایان لێکرد هەیڤی ئەنووسینی تکانامەکەی لەباوکی ئەم هەشت منداڵە ڕوون بکاتەوە ٠٠ لە وەڵامدا ووتی :

جیرالد هێشتا منداڵەو هی ئەوە نییە کە شوی پێبکەم !

### مرواریەك لەشێعری کلاسیکیماندا

خاسە ئەورۆژان ئەپای‌هەردەوە
تك‌تك بەرئامان ئەرووی‌بەردەوە
هیشتای زمستان تەشریف‌ئەبەردەن
پەناش ئەئوردووی ئەوبەهاربەردەن
فرگانی مەدق زمستانو یەرد
تەختو تەخت بەندیش‌هەوادا بەگەرد
« سید »یش چون مەلول‌هیجرانی یارەن
فیشتەر خەمناکیش فەسلی‌وەهارەن ٠

**سەیدی هەورامی**

OOOOOOOOOOOOO

### چی‌نووسراوە دەربارەی کورد ؟

● سروودو گورانی کۆنی‌جەنگو خۆشەویستی کوردی عەباس حیلمی ، میونیخساڵی ١٩٦٤ ، بەزمانی ئەڵمانی ٠٠

● کلێمو مزگەوتو لەئەرمەنستانو کوردوستان ، دانیشگای ئوکسفورد ، لەندەنساڵی ١٩٦٦ ٠

● چەند شتێکی سەیرلە کوردستاندا ، فابلسان ، سویسرا ، ساڵی ١٩٤٦ ،بەزمانی فەرەنسی ٠٠

### لەسەرە ڕێدا

● گۆڤاری خۆرنشین : گۆڤارێکی هەفتانەبوو ، بەکوردیو فارسی دەرئەچوو لەشاری ساوجبلاق لەساڵی ١٩٥١ هەتا ١٩٥٢ ٠

● گۆڤاری ئاوات : گۆڤارێکی زانستیو کۆمەلایەتی بوو ، ماڵکی جارێك دەرئەچوو لەشاری مهاباد ساڵی ١٩٤٥ ، تەنیا سێ ژمارەی لێدەرکرا ٠

**مەتەڵ ٠٠٠٠**

● لولەی گۆشتینی دێوار ئەبڕێ ٠

● هەڕاو هەڕاو قنگ لەقوڕاو کەپەنك لەشان نوقلە لەناو ٠

### پاییز

**مناڵە ئازیزەکان :**

لەکەژی پایزدا ڕەنگی‌درەخت ئەگۆڕێو گەڵاکانی ئەوەرێ ، ئاوی سەر زەوی‌بەرەو ساردی ئەڕوا ، ئاوی ژێر زەوی بەرەو گەرمی‌ئەڕوا ، ورشە ورشی باو ، هاژەی درەخت ، گەردەلوول‌لەئاسمان هەتازەوی گرتوە ، تۆزە ، گەردە غوبارە ،ڕەشەبایە ، گەردەلوول نیشانەی پایزە ، مێرولەومارودوپشك ، بەرەو ژێر زەوی ئەڕۆن زۆر جۆرەباڵندە باردەکەن بۆوڵاتی گەرمەسێر ، وەك لەق‌لەق‌وپەرەسێلکە ٠ مێشو مەگەز بەرەو مردن دەچن ٠

کەژی پایز بۆ لەشو‌گیانی ئادەمیزاد ئەوپەڕی خۆشیە ، توغیانی میوەجاتە ،هەوای پایز خۆشەو ناخۆش نیە ٠

### کورد دەڵێت

● کردیان بەو ڕۆژەی‌قەڕەویسی تیادا کۆژرا ٠٠
● باوکیل چۆ...گۆوەقازی زاروەیل چۆگن وەبازی ٠
● خوا لەسولتان‌مەحمود گەورەترە ٠

طبعت بمطبعة دار العراق للطبع والنشر